# کۆمەڵەی ژ.ک و کۆماری کوردستان

لە کتێبی کاروانی خە یاڵی خالیداغای حیسامی دا

تاهیر عەلیار

هاوینی ساڵی ۱۳۲۰ ی هە تاوی واتە لە پشووی مەکتەب دا بوو کە فرۆکە کانی رووسیا مهابادیان بۆمباران کرد و دوای ئە وە ش هێزە کانی رووسیا هاتنە ئێرانە وە ئیتر وڵاتی ئێمە کە دە سەڵاتی میری تێدا نە مابوو ، بوو بە خان خانی و کەس بە کە س نە بوو هە ر کە س دە سە ڵاتی زۆر با حوکمی دە کرد و خۆی بە سەر دەروجیران دا دە سە پاند لەو پشێوێنیە دا کار و باری وڵات هەر لە هەموو روویە کە وە لە گرێژەنە چووبوو لە گەڵ ئەوانیش دەرس خوێندن و خوێندکاری لە بەر ئەوە ئیتر منیان نە ناردەوە شار بۆ خوێندن و هەر ئە وە ش ئاواتی خۆم بوو . هێزە کانی حکوومە ت ئەو کاتە لە وڵاتی ئێمە زۆرشپرزە کران و ئەو چە کانەی پێیان بوو لێیان وەرگرتن و لە زۆر شوێن هەر بەوەندە شیان لێ نە گەڕان لەو سەروبەندە دا ناردیان تفە نگێکی بڕ نەوی درێژیان بۆ من کڕی بە سێ سەد و چل تمە ن کە لە بیرمە لە جیاتی قایش بە نێکی تێ خرابوو ئیتر لەو رۆژەوە باسی خوێندن و مەدرەسە هەر نەما جا چ لە وە خۆشترە گەنج بی و تفە نگ و ئەسپ و تاجیت هە بێ و راوە کەروێشک هە بێ و کەس بەرگریت نە کا و وڵاتیش کە س بە کە س نەبێ.

ئەو کاتە ی مهاباد بۆمباران کرا ژمارە یەک لە دانیشتوانی شارە کە چوونە دەرەوە و ماوە یەک لە دەرەوەی شار دا مانەوە بۆ ئەوە کە بزانن وەزع بە کوێ دە گا و دوای ئە وە کە هێمنی پەیدا بۆوە گە ڕانەوە بۆ سەر شوێن و کار و کاسبی خۆیان بێ ئە وە کە دە سەڵاتێک بۆ بەڕێوە بردنی یا سا و پاراستنی شارە کە هە بێ لە دە سە ڵاتی سەرۆک عەشیرە تە کان زیاتر کە بە نوێنە رایەتی حکوومەت دە هاتن حوکمی شارەکانیان دەکرد وەک عەلیاغای ئەمیر ئە سعەد لە مهاباد و کاعەلی پیرۆتاغای قەرەقشڵاغ فەرمانداری میاندواو کە هەردووکیان لە هۆزی دێبوکری و لە تیرەی مارفاغابوون.

نزیکە ی چوار سال لەو مەڵبە ندە نە میری دە سە ڵاتی هە بوو نە هێزی رووسە کان کە لە وڵاتا بوون دە ستیان لە کاروباری خەڵک وەردەدا لە بە ر ئەوە دەرفەتێک بۆ هە موو کە س هاتە پێش بۆ دەربڕینی بیر و را ئە گەر ئەو بیرو رایە نە تە وە ییش بایە چونکە پێش ئەو کاتە چ سە ردە می رەزاخان و چ سەردە می پاشایە تی کوڕەکەی خەڵک بە تایبەتی گەلی کورد لە بەر زۆر و ستەم و دەست بە سەری بە هیچ جۆر ماوەی دەربڕینی هە ستی نە تە وایە تی یان بیر کردنەوە لە و جۆرە شتانە یان نەبوو. هاتووچۆ و تێکەڵاوبی خەڵک و ئازادی بە یان و سە ر بە ستی و بێ

ترسی لە گفتووگۆدا هە مووجۆرە باسێکی دە هێنا گۆڕێ رۆشن بیر و گەورە پیاو و شارەزاکان وا ئە بوو لە میرەکوردە کانی وەک : شێخ سە عیدی پیران ، سمایل خانی سمکۆ ، شێخ مە حموودی نە مرئە دوان کە دە توانم بڵێم هە تا ئەو کاتە ئەو گە نجانەی لە تە مەنی من یان باوخۆشتریش بوون ئەو شتانەیان بە گوێ نە گە یبوو لە بە ر ئەوە بۆیان تازە و سەرنج راکێش بوو بە تایبەتی شەڕەکانی سمکۆ لە گەڵ میری کە ئەو کاتە هێشتە کۆن نە ببوو زۆر کە سی وا هە بوو خۆی بە چاو دیبووی. ئەم چە شنە چیرۆک و بە سەر هاتانە بۆ گە نجە کان زۆر هە ست بزوێنە ر بوون و تێیان دە گە یاندن کە بەڵێ شتێکیش بە ناوی کوردایە تی هەیە و باپیرانی ئێمە لە سەر ئەو رێگە رۆیشتوون. کێ هە بوو شەڕی سمکۆی لە مەحموودکانی مهاباد بۆ بگێڕنەوە و مچوڕکی پێدا نە یە و دڵی گە رم نە بێ ؟ کێ هە بوو پارچە هە ڵبە ستێکی کوردی وە دەس کە وێ و بە گریانەوە نەی خوێنێتەوە و دە ست بە دەست نەڕوا هەر چی کوڵ و کۆی سە ردەمە کانی پێشووش هە بوو ئە و کاتە دە یان رشت بە ڵام چاپە مەنی کوردی نەبوو، مە کۆیەک ، بنکە یەک، شوێنێک بۆ یەک گرتن هەروا. ئەو کەمووکووڕیانە بە ئاشکرا هە موو کەس لەو کاتە دا هە ستی پێ دەکرد کە سیش بۆ لا بردنیان هە نگاوی نە دەنا یان ئەو هەنگاوە هاوێژرابوو ئاشکرا نە ببوو نازانم بەڵام ئە وە ندەی دەزانم لە زۆر شوێن سرتە سرت و کەین و بە ینە یەک هەبوو زۆربەی خەڵکیش نە یاندەزانی چیە و تەنیا ئەوانەی ئە یان زانی لە یەک ئاگادار بوون و ئیشی خۆیان بە نهێنی و بە دڵسۆزی بە ڕێوە دەبرد. لە و

بارەوە زۆرشت هەبوو نە دەگوترا و زۆر شت نە بوو دروست دەکرا لێک کردەوەشیان زۆر هاسان نە بوو ئە گەر کە سانێکی وا بووبن کە ئەو رێکخراوە یانی کۆمە ڵەی ژ،ک بۆ پە رە پێدان و بە هێز بوونی خۆی پێوەندی پێیانەوە بووبێ زۆر کە سی واش هە بوو کە خۆی بە دوای دۆزینە وەی کلیل و چاوساغێکەوە بوو کە سەرێک لەو هە ودایە هەڵکا و خۆیان بگەیە نێتێ کە من لە و دەستە بووم و ئاخری ئە و گرێ یە بە دەستی برایەکی خۆم کراوە کە هە موو ئێواران پێکە وە بۆ گەڕان و پیاسە وەدەر دە کەوتین و بە کە یفی خۆمان لە و شتانە دەدواین دوای بە ینێک دەرکەوت کە ئەو خۆی ئە ندامی کۆ مە ڵەیە و نەیهێشتووە ئێمە بزانین و پێی دەکرێ رێگە بۆ منیش پاک کاتەوە هێند لە سەر ئەو باس و خواستە رۆیشتین هە تا خۆی پێشنیاری ئەوەی کرد بەو کارە هەستێ  ئەو رۆژە کە لە سەر ئەوە پێک هاتین منیش بۆ وەرگرتنی ئەندامەتی لە گەڵی بچم بۆ ئەو ناوەندە کە بە نهێنی بەو کارە هەڵدە ستێ گوتی: سبەی هیچ دووسبەی ئێوارێ هەردووکمان دەچین. ئەو دووررۆژەش وەختیان دەگەڵ دیاری دەکەم هەرواش بوو دوای دووڕۆژ ئێوارێ وەپێشم کەوت بۆ خانوویەک لە سەر شەقامی شێروخورشید کە ئەو شەقامە لایەکی رووبارە و لایەکەی تری شارە ئەو خانووە کە زۆریش بچووک نەبوو دەرگایەکی بە دیوی شەقام داو دەرگایەکی تری لە پشتەوە لە ناو کۆڵان دا هەبوو کە ئێمە لێ هاڵاینەوە بۆ ئەو دەرگایە لەو مەیدانەوە کە پێی دەڵێن چوارچرا گەیشتینە ئەو خانووە بە ترس و ئاوڕدانەوە و چاوەچاو چووین نەوەک کەسێک بمان بینێ کە وەژوور کەوتین دیار بوو ئەویان دەناسی لەو خانووە بێ هەست و خوستە یەکێک هات و بە ئەسپایی دەرگایەکی تری بۆ من کردەوە و گوتی: فەرموو ، لەو ژوورە بچووکە دا کە پەنجەرەیەکی بە دیوی حەوشەدا هەبوو قازی محەمەد نەبێ کەسی تری لێ نەبوو کە لە پشت مێزێک دانیشتبوو هێندێک کاغەز و کەرەستەی تری نووسین و قورعانێکی لە پێش بوو لە پشت سەریشی پشتە ماڵێک بە دیوارەوە هەڵاوەسرابوو بە گەرمی بە خێری هێنام و ئەحواڵی پرسیم رەنگە ئەو روونکردنەوە پێویست بێ کە بنەماڵەی ئێمە لە بەر ئەوە کە خزمایەتی سەبەبی مان لەگەڵ ماڵی قازیان هەبوو کیژێکی سەیفولقوزات یانی خوشکی حەمەحوسێن خان وەزیری جەنگی کۆمار لە ماڵی ئیمەدابوو پێش ئەو دەمیش ناسیاویمان هەبوو . قازی محەمەد کە دەزانین ئەودەم هێشتا عینوانی پێشەوای نەبوو لە بارودۆخی ئەو کاتە و رابردووی کورد و پێویستیەکانی چالاکی و هەڵسووڕانی ئەو کاتە بەینێک قسەی کرد کە ئەگەر هەموویان بنووسم پێم وایە ئەو پیشەکیە زۆر قورس دەکا دوای ئەوە هەستا سەرپێ و ئەو پشتە ماڵەی لە پشت سەری بە دیوارەوە هەڵاوەسرابوو هەڵیداوە و لێی پرسیم دەزانی ئەو تابلۆیە چیە عەرزم کرد بەڵێ دەزانم نەخشەی کوردستانە ئەوجار لە سەر وەزعی جوگرافیای کوردستانی گەورە کە لە خەریتەکەی ئەو دا دەگەیشتەوە سەر دەریای رەش بە هەموو بەشەکانییەوە بە دوور و درێژی بۆی باس کردم لە تەواوی ئەو ماوە دا ئەوەندە بە شارەزایی لەو مەسەلانە قسەی دەکرد کە شوێنی دەکردە سەرم و وەک قوتابیەک بە هەموو هۆشی خۆمەوە گوێم دەدایە. دوای ئەوە فەرمووی هیچ پرسیارێکت نییە عەرزم کرد نەخێر ئەوجار فەرمووی ئەوە بوو باری ئەورۆی کوردو رابردووی کوردو جوغرافیای کورد کە بۆم باس کردی جا دوای ئەو گۆڕانەی بە سەر وڵات دا هاتووە ئەگەر ئێمەش بە پێی توانا هەوڵی ئەوە نەدەین بە رێگەی باپیرانی خۆمان دا برۆین رەنگە نەتەوەکەمان لە داهاتوودا لێمان نەبوورێ ئەو هەوڵەش دەبێ بە کۆمەڵ و لە رێگەی رێکخراووسازمانەوە بێ چونکە دەستێک بە تەنێ تەقەی نایە دیارە هیچ رێکخراو و سازمانێک بە بێ پشتیوانی کۆمەڵ خۆی ناگرێ هەر کەس مەبەستی خزمەتی گەل بێ دەبێ پاڵ وە رێکخراوێکی نەتەوەیی بدا ئەگەر لە خۆی رابینێ جا ئێستا کە لە هەموو شتێک روون بوویەوە من لە ئیختیاری تۆدام عەرزم کرد من هاتووم ئەندامەتی وەرگرم. فەرمووی جا ئامادەگیت هەیە ؟ هەموو شتێک لێک بدەوە ئەو پەیمانە راگرتنی زۆر هاسان نییە عەرزم کرد ئەو کەسانەی بوونە ئەندام و پێیان راگیراوەچیان لە من زیاترە ؟ ئەگەر ئەوەم گوت دەستی برد قورعانەکەی هێنا لە بەینی من و خۆیدا دایناو فەرمووی ئەگەر حازری هەرچی من گوتم تۆش بیڵێ و بە دوای ئەوەدا فەرمووی بڵێ :

بە هەق ئەو قورعانە هەتا من هەم خەیانەت بە کوردستان ناکەم.

منیش ئەو سوێندەم دووپات کردەوە و دەستم بە قورعانەکە دادا بە دوای ئەوەشدا بە سوێندەکانی تردا هات :

بڵێ بە هەقی ئەو قورعانە نهێنیەکانی حیزب لە هیچ هەل و مەرجێک دا نادرکێنم . بڵێ بەرژەوەندی حیزب وەپێش بەرژەوەندیی خۆم دەخەم بڵێ بە بێ ئاگادریی حیزب ئەندامەتی حیزبی تر وەرناگرم بڵێ دەست و زمان و قەڵەمم بۆ خزمەتی کورد بە کار دێنم بڵێ خەیانەت بە هەواڵی خۆم ناکەم بڵێ فەرمانی حیزب لە هەموو مەرجێک دا رادەپەڕێنم من تەواوی ئەو سوێندانەم دووپات کردەوە و دەستم بە قورعانەکەدادا دیسان هەستا دەستی لە دەستی نام و یەکترمان ماچ کرد و لە دوای

ئەوەی هێندێ ئامۆژگاری لە مەڕ کاری حیزبەوە کرد لە لای هاتمە دەر ئەو جاریش هەر بە چاوەچاو و ئاوڕدانەو. زۆری پێ نەچوو مەلا ئەحمەدی وەتەمیش کە گوندێک بوو لە جیرانی خۆمان بۆ کاروباری حیزب پێوەندی پێوە کردم و باوکم ئاگای لەو ئیشەی من نەبوو .

پێویستە خوێنەری خۆشەویست بزانێ کە دامەزرێنەانی کۆمەڵەی ژ،ک ژمارەیەکی تر رۆشنبیر و دڵسۆزی مهاباد بوون نەک قازی محەمەد کە ناوی ئەو بەرێزانە ئەوانەن ئەگەر چی لە هێندێک جێ داو لە زاری هێندێ کەسەوە وێک نەچوونێک لە ناوەکانیان دا هەیە بەڵام ناوی دامەزرێنەرەکان : حسێن فروهەر ، عەبدولڕەحمان زەبیحی ، عەبدولڕەحمان ئیمامی ، عەبدولقادرمودەریسی ، نەجمەدین تەوحیدی ، محەمەد نانەوازادە ، عەلی مەحموودی کە ئەو بەرێزە مودیری مەکتەبی نووسەری ئەو دێڕانە بووکاتی خوێندنم لە مهاباد ، محەمەد ئەسحابی ، عەبدولرەحمان کەیانی، سەدیق حەیدەری، قاسم قادری . هەڵبەستێکی من بە ناوی (سرود) هی هاوینی ئەو ساڵەن کە ئەتوانم بڵێم ئەو پارچە شیعرە نیوەی وشەکانی هەر کوردیش نین بەڵام لە بەر ئەوە کە یەکەمین هۆنراوەی منن کە لە تەمەنی شازدە ساڵی دا گوتوومن و یەکەم هۆنراوەی منن کە ئەوکاتە بە دەس نووس بڵاو بوونەوە و هەروەها سەرەتای خۆ ڕاهێنانی کوردایەتیمن لە گەڵ هەمووکەم و کووڕی و ناتەواویەکەیان هەر لە لام خۆشەویستن و هەر لە بەر ئەوەش دەستم تێ نەدان و هەڵیشم ناواردن چونکە ئەگەر نرخی ئەدەبیشیان نەبێ لانی کەم هەستێکی گەرم و گوڕیان تێدا بوو لە لانی بیرەوەریشەوە ئەو رۆژگارەم بە تەواوی دێنێتەوە بەرچاو بیجگەلەوە کە هەر ئەوەندەشم لە دەست هاتووە ئەوکاتە چ کوردییەکی تری پەتی و باشم خوێندبۆوە کە شتێکی لێ فێر بم ؟ بەڕاستی ئەورۆش کە ئەو دێڕانە دەنووسم و دەبینم کوردستانی خۆشەویست لە مەیدانی ئەدەب و زانست و هونەر دا گەورە نووسەر و بلیمەتی وەک : دوکتور ئەورەحمان حاجی مارف ، دوکتور شێرکۆ بابان ، مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی ، مامۆستا محەمەدی مەلاکەریم ، دوکتور مارف خەزنەدار ، دوکتور کەماڵ مەزهەر و دەیان گەورە نووسەری هەڵکەوتووی تری وای پێگەیاندووە کە بە جارێک بە سەر هەموو لایەنەکانی ئەدەبیاتی کوردی دا زاڵن بۆم هەیە لە نووسینی خۆم دوودڵ بم هەرچەند زەمانێکی دوورودرێژیش بە سەر ئەو دەم دا تێپەریوە کە دەستم بە هیچ نووسراوێکی کوردی را نەدەگەیشت ، ئای ئەگەر وتەی ئەم بەرێزانە لە دەروونی پڕ و ئاخندراو دیتە دەر ئای ئەگەر شیرن دەنووسن یاخوا کەس نووسراوی من و کەسانی تری وەک من لەگەڵ چەکامەی بەرزی ئەو گەورە نووسەرانە نەخاتە تای تەرازوو تا ئەو سەنگ و سووکییە هەر خۆم بیزانم خوای گەورە بیان هێڵێ بۆ خزمەتی زمانی کوردی و بۆ شانازیی من. ئەرێ تۆ بڵێی من کە لە ژیانم دا لە نەهاتی و چەرمە سەرێ بەولاوە چی ترم نەدی بە مردوویی شانس رووم تێ بکاتەوە و ئەو دیوانە بێ سەرو بەرەم رۆژێک لە رۆژان بکەوێتە بەر دەستی لێ وەکۆڵ و زانای پایە بەرزی هاوچەرخ مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس کە بە بیری بەرز و خامەی زێڕینی خۆی دەستی تێ بگێڕێ و گیانێک وەبەر دێڕە سیس و مردۆڵەکانی بێنێ؟ خوایە ئەو تەمەنە درێژە بەو زانا مەزنە و ئەو بەختەوەرییە گەورە بە هێدی رەوا ببینی.

قسەمان لە کۆمەڵەی ژ،ک و ئەو سەردەمە بووکە دوایی بە بۆنەی دروست بوونی کۆمارەوە لە ناو خەڵک دا بوو بە خۆشی و شایی و هەر رۆژە لە لایەن چینێکەوە جێژن بەرپا دەکرا و لەوەدا ئەو دەرفەتە بۆ منیش دەهاتە پێس هەڵبەستەکانم لەو جێژنانەدا بخوێنمەوە رۆژنامەی کوردستان کە بە بەڕێوەبەرایەتی (سیدمحمدحمیدی) لە مەهاباد دەردەچوو لە گەڵ چلۆنایەتی جێژنەکان ئەو هەڵبەستانەشی جاپ دەکرد کە بە داخەوە ئێستە ئەوهەڵبەستانە هیچیانم لە دەستدا نین بێجگە لە یەک دووپارچە کە لەم لاو ئەولا وەگیرم کەوتوونەوە ئەگەر هێزەکانی میری دوای تێکچوونی کۆمار وڵاتیان داگرتەوە لە ترسان ئەو هەڵبەستانەم کفن و دفن کرد کە ئێستە نزیکەی چل ساڵ و زیاتریش لەوکاتە تێ دەپەرێ و دیارە هەموو لە بن عەرزی دا رزیون و هەر چەند هەوڵیشم دا رۆژنامەکەم لە هیچ کوێ وەدەست نەکەوتەوە کە هەڵبەستەکانی لێ بێنمەوە دەر هومێدم زۆر بە کتێبخانەی مامۆستا گیو بوو کە هەر بۆ ئەو مەبەستەش لە شۆڕشی ئەیلوول داچوومە ماڵی و ئەویش بە داخەوە دز لە کتیبخانەکەی دابوو دەگەڵ کۆنە قاقەزی تر ئەو رۆژنامانەشیان بردبوو لە بەر ئەوە ئەو هەڵبەستانەی لێرەدا بە دەست ئێوەی بەرێز دەگەن نیوەی هەلبەستەکانی منن کە لە دوای پەریوە بوونم بۆ کوردستانی خواروو گوتومن ئەگەر لە دوارۆژیش دا وا هەڵکەوت لەولاولەولا ئەوانی ترم وەگیر کەوتنەوە بە یاریی خواله چاپیان دەدەم هەر ئەوەندە کاک ئیزرائیل جارێ دەست راگرێ.

(ولام) کە پارچە هەڵبەستێکی ئەو کاتەن و لەو دەفتەرەدا دەی بینن چیرۆکێکی هەیە : لە دوای پێک هاتنی کۆماری مهاباد کە لە ناوچە ئازادکراوەکان دا سەربەستی و دەسەڵات هەبوو کابرایەکی سنەیی کە لە ژێر دەسەڵاتی میری دابوون پارچە هەڵبەستێکی بەرزی نووسیبوو ناردبووی بۆ حیزب کە ئێوە خۆتان رزگار کردووە بەڵام لە خەمی ئیمە دا نین نازانن حاڵی ئێمە بە دەست ئەو رژێمەوە چیە رۆژنامەی کوردستانیش ئەو هەڵبەستانەی چاپ کردبوو لە جێژنێک دا پێشەوا قازی محەمەد ئەو رۆژنامەی پێدام و فەرمووی ئەگەر دەتوانی تۆش شتێک لە وڵامی ئەو دا بنووسەوە خوا پشتیوان بێ ئێمە لە هەموو دەرفەتێک بۆ داخوازییەکەی ئەو کەڵک وەردەگرین ئەو هەڵبەستەم ئەو کاتە گوت کە وام لە بیرە هەر دێڕێک لە وڵامی دێڕێکی ئەو دایە لە ئاهەنگی جێژنی چینی خەرازیان دا کە پێشەوا خۆی حازر بوو خوێندمەوە زۆر سەرنجی راکێشا و لێی وەرگرتم و رۆژی دوایی رۆژنامە چاپی کرد .

دروست بوون و ماوەی حوکم و رووخانی کۆمار و باری رامیاری ئەو کاتەی وڵات و هەڵوێستی هێزە لاوەییەکان وبە دوای ئەو دا کوشتن و لە داردانی ژمارەیەکی زۆر لە نیشتمان پەروەران بە دەستی جەلادەکانی حەمەرەزاشا و چلۆنایەتی داگیر کردنەوەی کوردستان بە هۆی رژیم هەرچەند کارەساتێکە زۆر نووسراوە و بەشێک لە بیوگرافی گەلی زۆر لێکراوی کوردە نەک تەنیا هی من بەڵام لێرەش دا کورتە ئاوڕ دانەوەیەکی پێویستە بە تایبەتی ئەو بەشانەی پیوەندی یان بە بەسەرهاتی خۆمەوە هەیە. هەر پێش دروست بوون و کاتی دروست بوونیشی کۆماری مهاباد دۆستایەتی بەرەی سۆسیالیستیی گرتە پیش و ئەوەش شتێکی سروشتی بوو هەر دەبوو وابوایە چونکە هێزی داگیر کەری رووسیا لە ئازەربایجان دا نەک هەر مەوجوود بوون بەڵکوو خۆشیان باش دامەزراندبوو بە سوودی خۆیان بە تەواوی دەستیان لە کاروباری ئەو ناوچە وەردەدا حکومەتی ناوەندی کە لە لای خوارووش بە دەست هێزە رۆژاواییەکانەوە پێوە ببوو دەسەڵاتی ئەوەی نەبوو پێشگیری لە کاروباریان بکا رووسەکان چاویان لە نەفتی ئێران بوو کە ئەو کاتە بە دەست ئنگلیزەوە بوو جا بۆ ئەوە کە حکوومەتی ناوەندی وا لێ بکەن بۆ داوخوازییەکانیان مل راکێشێ یان باشتر بڵێم ویستی خۆیانی بە سەردا بسەپێنن دەستیان کرد بە قەڵسە گێڕان لە رژیمی ئەو کاتە و لە تەوریز و مهاباد کۆماری تورک و کوردیان دامەزراند و پشتیان گرتن و یارمەتیان دان کە خۆیان راگرن هەتا کاتی خۆی لە بەر ئەوە کوردەکان بە تەواوی پشتیان بە بەرەی رۆژهەڵات بەستبوو هەر سەردەمی کەس بە کەسیش لە وڵات دا (ئۆف) و (ئیزم) ئاشی پێ دەگەڕا. بەرەی رۆژاوایان وا فرێ دابوو کە چاویان بە سینەما ئازادەکەشی هەڵ نەدەهات کە لە ناوەڕاستی شەقام دا لە مە هاباد بۆ خەڵک پانیان دەکردەوە و تێلی کارەباکەیان لێ هەڵ دەبڕین کە کەس لێی نەڕوانێ نەوەک شتێکی سەرنج راکێش یان روون کەرەوەی تێدابێ و وەک دەڵێن بۆ بارە لۆکە زەرەر بێ کە کۆماری مەهابادیش دامەزرا ئەو پەیوەندیانە هەتا ماوەیەک دەگەڵ بەرەی رۆژهەڵات هەر بە هێزتر کرا و لەگەڵ پشتگیریی تر و نیشان دانی یەکیەتی هێندی لاوی خوێندەواریشیان لە وڵاتی ئیمەوە بردە ئەو دیوی دیواری (ئاسن) رووسیا بۆ ئەوە کە زانستێک دەگەڵ خۆیان بێننەوە ئەم وڵاتە سەرمایەدارە دواکەوتووە و خزمەتی گەلەکەی خۆیانی پێ بکەن کە یەکێک لەو لاوانە برایەکی من بوو بە ناوی حەسەن کە دەتوانم بڵێم رۆیشتنی ئەو لەو رۆژەوە راستەوخۆ شوێنی لە سەر ژیانی من دانا و ئەویش شتێکی خستە سەر چەرمە سەرییەکانی ترم . تارانی ئەو کاتە لە تاووتوێی باکوور و باشووری وڵات کە هەر یەکە لە دەست بەرەیەک دابوون دەسووتا و پەیتا پەیتا سەرۆک وەزیری دەهێنا و لای دەبرد و ئاڵوگۆڕی پێ دەکردن هەتا دوایی (حکیم الملک) جێگای خۆی دا بە (قوام السلطنە) و ئەویش هەر دەس بەجێ لەگەڵ رووسەکان کەوتە وتووێژ کە بە چەشنێکی ئاشتی خوازانە لەگەڵیان پێک بێ و ئێرانیان پێ بە جێ بێڵێ ئەوە بوو کە بەڵێنی پێدان نەفتەکە بدا بەوان بەو مورجە هێزەکانی خۆیان لە ئێران بەرنە دەر بۆ ئەوە کە دەرفەتی ئەوە هەبێ لە هەموو جێ یەک و لەگەڵ ئەوان لە ئازەربایجان و کوردستانیش هەڵبژاردنی پارلمان بەڕێوە بچێ و نوێنەری هەموو جێ یەک بچێتە پارلمان جا ئەو کاتە لایحەیەک بدەن بەو پارلمانە کە قۆڵ لە سەر ئەوە بکیشێ نەفت بدەن بەوان لە جیاتی ئنگلیز کە بە قسەی خۆی هەردووک لا هەر لاوەیین و بۆ ئێران هەر دەکا یەک.

تەواریشەکانی لایەنگری گەلانی ژێر دەست و چەوساوە و بێ بەش بەو بەڵێنە هیچ و پووچە کە ئەوان نەبێ هەمووکەس دەیزانی درۆ و دۆلابە وا وەپەلە کەوتن کە کابرا گوتەنی لە جیاتی سەری وڵاغ کلکیان لغاو دەکرد ئیتر دۆستە دڵسۆزەکانی کورد و تورک و یارمەتی دەری چەند ساڵە نە دۆستیان لە بیرما نە دوژمن ئەگەر قاچێکیان هەبوو کردیان بە دو تێ یان تەقاند بۆ ناو بەهەشتەکەی خۆیان و ئێستەش کە ئیستێ یە ئاوڕیان لە کەس نەداوە. حکوومەتی ناوەندیش دوای رۆیشتنی وان هێزەکانی خۆی هێناوە بۆ ئازەربایجان و کوردستان کە سەرکردەی هێزەکانی کوردستان ئەفسەرێک بوو بە ناوی سەرتیپ هومایونی کە دەتوانم بڵێم ئەو هێزانە لە هیچ کوێ پێشگیرییەکی وایان لێ نەکرا بە تایبەتی لە کوردستان کە خەلکێکی زۆر و

لەگەڵ ئەوانیش پێشەوا هەتا شاری میاندواو بە پێشوازیانەوە چوون و میری لە جاری هەوەڵێ خراپتر دەستی بە سەر وڵات دا گرتەوە کەلێن و قوژبن نەما ژاندارمە خۆی تێڕانەکا .

که وڵاتیان بۆ سەقامگیر بۆوە کار بەدەستان و بەڕێوەبەرانی کۆمار و لەپێش هەموانەوە پیشەوا و سەدری قازی و سەیفی قازی لەگەل ژمارەیەکی تر گیران و دوایی لە دار دران کە نامەوێ زۆر لێی وردببمەوە کە ئەو هەویرە ئاوێ زۆر دەبا و بێ گومان خوێنەریش هەست بەوە دەکا و دەشزانم بازدان و تێ پەڕین لەو مەسەلە گرینگە لێرە کەم و کوورییەکی گەورەیە بەڵام با هەڵم گرن بۆ جێیەکی تر ئەگەر خوا حەزکا. میری زۆری پێ نەچوو دەستی کرد بە چەک وەرگرتنەوەی خەڵک و لەوەش دا تووشی هیچ گیروگرفتێک نەهات و بێجگە لە هێزەکانی بارزان کە ئەوکاتە بە سەرکردایەتی شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا لە کوردستانا و لە رووی سپاییەوە پشتیوانێکی گەورە و هێزی کۆمار بوون عەشایری تر بە بێ خۆ گرتن چەکەکانیان تەسلیم کردەوە و هەر لە ماڵی ئێمە سی و یەک تفەنگیان بردە دەر کە یەکێک لەوان برنوە درێژەکەی من بووکە ئەو جار لە جیاتی بەن قایشی تێ خرابوو بە دوای ئەویش دا هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی پارلمان دەستی پێ کرا کاتێک مەجلیس کرایەوە هەموو نوێنەرەکانیان تێ گەیاند کە هەر کاتێک سەرەک وەزیر لایحەی نەفتی هێنایە مەجلیس لێی لە هەرادەن و بیکەنە دەرو هەرواشیان کرد بەو جۆرە رووسەکان خەڵەتان و کڵاوێکی گەورەیان لە سەر نرا قەوامیش کە ئەو بەڵێنەی پیدابوون تاوانەکەی خستە ئەستۆی نوێنەرەکانی پارلمان کە بڕیارەکەی ئەویان داوەتە دواوە و وەک کەڵاشی مام ئاشەوان لە سەر زگی خۆی هەڵگرت و لە سەر زگی ئەوانی دانا بەوجۆرە هێزی سوور پێی لە ئێران بڕا بێ ئەوەی تنۆکێکی نەفت وەگیر بکەوێ ئەگەر هەتا ئەوسەردەم نە تورکی هەبوو نە کورد ئەو جار نە تورکی هەبوو نە کورد و نە نەفت.

ئیتر تەنیا کۆسپێک لەو ناوە کە لە بەرامبەر حکوومەت دا مابوو بارزانیەکان بوون کە بە ماڵ و منداڵەوە لە هەموو شوێنی کوردەواری دا بڵاو بوون و لە هەموو گوندەکان دابەش کرابوون . پێش تێک چوونی کۆمار ئەوانەی چەکیان پێ هەلدەگیرا زۆربەیان لە جەبهە بوون کە ئەوکاتە بەشی زۆری ئەو جەبهانەی کەوتبوونە لای سەقز بە هۆی وان ئیدارە دەکرا و زەخت و زۆری سپای میریش هەر لەولا بوو. مەلا مستەفا بە دەرەجەی ژنراڵیەوە سەرکردایەتی ئەو هێزانەی دەکرد حکوومەتی شا کە پێش داگیرکردنەوەی وڵات و ناردنەوەی ئەرتەش بۆ کوردەواری زەبری وانی لە جەبهەکان چێشتبوو کاتێک هیزەکانیان هاتنەوە نەیان دەویست یان نەیان دەتوانی بە زۆری و ملهوڕی داوای چەک دانان لە بارزانی بکەن لە بەر ئەوە داوایان لێ کرد بچێتە تاران بەلکوو لە رێگەی وتووێژەوە لەو بارەوە بگەنە نە تیجەی دڵخوازی خۆیان . بارزانی لە سەفەرەکەی دا بۆ تاران نەیگوت ئێمە جەک دانانێین هەتا خۆی لە چەنگ رزگار کردن و گەیشتەوە کوردستان کە هاتەوە بە کاربە دەستانی حکوومەتی کوت : من هەر دەسەڵاتی ئەو تەنیا تفەنگەم هەیە کە بە دەست خۆمەوە ئەگەر ئەتانەوێ پێتانی ئەدەم و کەسی تریش بە قسەی من چەک دانانێ دوای ئەوە حکوومەت زانی لەوگیر و گرفتە بێ ئارەقە رزگاری نابێ و لە بەر ئەوە، هێزەکانی خۆی و عەشایری ئەو ناوەی دەنگ دا وەخۆیان کەون و بە تێگرایی بەرەنگاری بن کە ئەو بەرەنگار بوونەش لە شنۆ و لاجانەوە هەتا سەر رۆباری ئاراز بە شێوەی هەرە توند ئیدامەی هەبوو لە هەوەڵ رۆژی ئەو بڕیارەی میری دا شەڕە پارتیزانییە مێژوویەکەی بارزانی دەستی پێکرد کە لە وتارێک دا بە هەواڵانی چەکداری خۆی کوت : من دەچم بۆ مردن هەر کەس ژیانی خۆی و ماڵ و منداڵی خۆی دەوێ لەگەڵم نەیە بڕوا وەدوای ژیانی خۆی بکەوێ و لە گەڵ ئەوەش پێنسەد و سی جەکدار مردنیان لەگەڵ ئەو هەڵبژارد و ژیانیان فڕێ دا ئەولاو لەگەڵی وەری کوتن.

زنجیرە وتار: کۆماری کوردستان (٢)


ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار

---

**چەند ڕووداوێکی سەردەمی کۆمەڵەی ژ.ک و کۆماری کوردستان**

**لە کتێبی کوردبوون، بەشێک لە بیرەوەرییەکانی کاپیتان حەمەدی مەولوودی**

(ساخکردنەوە و بەڵگەمەندکردنی وریا مامڵێ)




**کۆمەڵەی دەوڵەمەندان و کۆمەڵەی کاسب و زەحمەتکێشان**

کۆمەڵە منی کردۆتە داردەست ئەوەی بۆخۆیان پێیان ناکرێ بە منی دەکەن سوێندیشم بۆ خواردون هەر ئەمرێکم پێ دەسپێرن بە دڵ و بە گیان بۆیان دەکەم. هەرچەندی ژن و منداڵم هەیە بەڵام نە لە مردن دەترسێم و نە باکم ژن و منداڵمە ئاخر من سوێندم بە کوردستان و بە ئاڵای کوردستان خواردووە چۆن دەتوانم لە ئەمریان لابدەم کە چی تەماشای کۆمەڵە دەکەم لە سەید و ئاغا و توجارِ بەولاوە کەس داخیلی ئەو حیزبە ناکەن زۆر کەسم نێو کوتووە کە ئەوانە پیاوی چاکن کوڕی ئازا و گیان لە سەر دەستن بەڵام بە گوێم ناکەن و ڕازی نابن ڕۆژێک دەگەڵ چەند نەفەر لە هاواڵەکانم لە ماڵی ڕەحیمی عەبدی ڕەزای کۆبووینەوە و زۆر لەو حیزبە دواین ئاخری هاتینە سەر ئەوەی کە لەو جەماعەتە بکشێینەوە و خۆمان هەر ئەو حیزبە ئیدارە بکەین عالەم داخیل بکەین و گەورەی کەینەوە هەر ئەو ڕۆژە لە هەموو گەڕەکان شوعبەمان دانا هەر گەڕەکەی سەرۆک و نووسەری خۆی بۆ دیاری کرا .

سەید محەمەدی ئیسحاقی سەرۆکی گەڕەکی هەرمەنیان

سەید محەمەدی حاجی سەیدرەحمانی ، گەڕەکی حاجی حەسەنیان

حاجی حەسەنە شەلە گەڕەکی قووڵە قەبران

مستەفای وسوو قەساب گەڕەکی ڕەزگەیان

ڕەحیمی گەرمێنیان گەڕەکی بازاڕی

لەو پێنج گەڕەکانە شوعبەمان کردەوە و من و میرزا برایمی گەورک شەوانە بەو گەڕەکانەدا دەگەڕاین و بە سەرمان دەکردنەوە . کە خەڵکەکە ئەوەیان دەزانی دەستە دەستە داخیل دەبوون و دەهاتنە ناو کۆمەڵە هەر بەو مەرامنامەیەی کۆمەڵە سوێند دەخورا و کاریان پێ دەسپێردرا و خەڵکەکەش بە دڵ و بە گیان ئامادەی گیانفیدایی بوون ئەو خەڵکە هەمووی خەڵکی زەحمەتکێش و کاسب و فەقیرەکە بوون و هیچیان نەبوو کە دڵیان پێخۆش کەن بەڵام کابرای دەوڵەمەند کەم وا هەیە دڵی بە کوردستان بسووتێ ئەوان هۆشێکیان هەر لە سەر سامانەکەیانە کە چۆن زیادی بکەن و لێی کەم نەبێتەوە بۆیە کە دەوڵەمەندەکان ئەوەیان دیت کە پیر و جوان بە کۆمەڵ داخیلی کۆمەڵە دەبن کێچیان دەکەوێ کەوت

ئێمە بە بێ پرسی ئەوان ئەو گۆنگەلەمان گێڕا و زۆریان پێ ناخۆش بوو. چەند کەڕەت پێیان کوتم ئەوە کارێکی باش نییە ئێوە کردووتانە من جوابم ئەوە بوو و گوتم:

بۆ خەم نابێ هەر یەک کۆمەڵەیە و یەک مەرامە و یەک شتی تێدا هەیە ئەوەی ئێوە دەوڵەمەند و ئاغای تێدایە و ئەوەی ئێمەش کاسب و زەحمەتکێشن لای ئێوە ئەو نوقسانەی هەیە .

ئێسستا کۆمەڵە بۆتە دوودەستەی تێر و برسی ئێمە برسی و نەدار یەکجار لەوان زۆرترین لەوان دڵسۆزترین لەوان بێ دەعێترین لەوان زیاتر زگمان بە کوردستان دەسووتێ وەک ئەوان نین کە بۆ پاراستنی ماڵ و خۆ رانانێ لە کۆمەڵە نزیک بینەوە پاشان قسەی زەلام زەلام بکەن و خۆ هەڵکێشن و لە رۆژی تەنگانەش دا پشتی کۆمەڵە بەردەین و کوردستانمان لە بیر بچێتەوە و بە سمێڵی ئەو سوێندە پێ پکەنین کە خواردوومانە. پێم وایە ساڵی ۱۹٤۲ یا ۱۹٤۳ بوو کە ئەو شتانە روویدا ئێمە کۆمەڵەی برسیان هەمووی مانگێک نییە هەین بەڵام ئەوان لای کەم دوو سێ ساڵە هەن کە چی ئێمە چەند بەرابەری ئەوانین کە ئەوەیان دیت کێچیان دەکەوێ کەوت و ئارانم و قەراریان لێ هەڵگیرا خەبەریان نارد کە دەمانەوێ قسەتان دەگەڵ بکەین و داوای کۆبوونەوەیان لێ کردین بۆ شەوێ دە دوازدە نەفەریان هاتن وەکوو عەلی ریحانی ، مستەفا سوڵتانی ، دوو سەیدی ماڵە چل سەیدان.....باقی ترم لە بیر نەماوە و کۆبوونەوەمان دەست پێکرد پاش زۆر هەڵسووڕاندن و بێنە و بەرە هەردووک کۆمەڵەمان کردەوە بە یەک حیزب و دەستی بە کار کرد لە لایەکی دیکەوە دەوڵەمەندەکان شەوانە عالەم بانگ دەکەن بۆ سوێند خواردن کە هەموو بەیەکەوە بۆ برایەتی تێکۆشن و عەشیرت زوڵم و زۆریان لێ نەکات .

کوشتنی رەئیسی ئاژان و رەئیسی سجیلی

شەوێک میرزا برایم هاتە ماڵم و کوتی : لە ماڵی حوسێنی زێرینگەران تۆیان دەوێ کە چووم حوسێن و سەعیدی یوسفی و حەمەدەمینی خاتەمی و چەند نەفەری دیکە لەوێ بوون لام وایە زەبیحی بوو کوتی :

بەیانی دەستێک مەعمووری ئێران دێنە شار رەئیسی ئاژان و رەئیسی سجیلیان دەگەڵە دەبێ هەردوو رەئیسی سجیل و ئاژانی لە بەین بچن ئەوانە بۆیە دێن تا بنەی حکومەتی داکوتنەوە و جێ خۆش کەنەوە ئێمە نابێ ئێزنی ئەو کارەیان پێ بدەین. رەئیسی سجیلی لە گەڕەکی جوولەکان دەبێ و رەئیسی ئاژانیش لە گەڕەکی حاجی حەسنیان . هەردوو گەڕەکیش سەید محەمەدی سەید رەحمانی بە سەریان رادەگا کە دە کۆمەڵەی دا نەبوو شەوانە خۆی و پیاوەکانی نۆبە چین مامەغەنیش لە سەرکارە و رەئیسی شارەوانییە وچەند نەفەر قۆڵ سووریش لە ئیدارەن و بە کاروباری شار رادەگەن و قازی هەر ئەمرێک بکات ئەوان بە جێی دەگەیەنن جا منیش نە نێوانم دەگەڵ مامەغەنی هەیە نە دەگەڵ سەید محەمەدی ئەو ئەمرەشم پێ سپێردراوە دەبێ بە جێی بگەیەنم عیلاج نییە هەواڵەکانم کۆ کردەوە و لە ناو خۆمان دا راو مەسڵەحەتمان کرد چی بکەین چۆن ئەو کارە قورسە راپەڕێنین هاتینە سەر ئەوەی دوونەفەر بچنە سەربازخانە لەوێ نەفەرێک لە پیاوەکانی مامەغەنی شەوانە نۆبەچی سەربازخانەیە ئەو شەوە نۆبەی هاشمی خەلیل تالانییە لەوێ ژوورێکی لێیە داروبارێکی زۆری تێدایە ئەو دوو نەفەرە دەبێ بچن ئەو ژوورە ئاور تێبەردەن تا مامە غەنی بە هاواری سوتمانەوە بچێ و شار چۆڵ ببێت و ئێمەش بتوانین کاری خۆمان بکەین بەڵام پێشتر دەبوایە بچم دەگەڵ سەید محەمەدی ئاشت ببمەوە و رازی بکەم کە هاوکارمان بێت دەوکارەدا تا بە ئاسوودەیی بچینە لای رەئیسەکان جا ئەو دەم یا گاڵ دێ یا پەمۆ . ئەو مانگەش مانگی رەمەزانە و دەبێ تا کاتی پارشێو لە هەموو کار ببینەوە . هەموو رێ و شوێنێکمان دانا و هەر کەسەو کاری خۆی دەزانی . شەوێ دوو نەفەر چوون بۆ سەربازخانە و من و میرزا برایم و وەستا برایمی بەننا چووینە ئیدارەکەی سەید محەمەدی چەند پیاو لەوێ بوون بەڵام خۆی لەوێ نەبوو چووبوو بۆ ئارەق خواردنەوە کوتیان خۆی و دوو کەسی دی لە ماڵی ئەستیری جوولەکەن منیش یەکسەر چووم ئەوە دەمێکە یەکتر نادوێنین و شیر و تیر لێک دەسوێین و وەک کێرد و پەنیر واین کەچی هەمووشی ئاغا و دەولەمەندەکان ئاژاوەیان لە نێوان ناوینەوە و ئێمەیان واکردووە بە دوژمن کە سەری یەکتر بخۆین تا ئەوان ئاسوودە بن. لە ماڵە ئەستێرێ وەژوور کەوتین و دەگەڵ سڵاومان کرد سەید محەمەد یەک پێ لە بەرمان راست بۆوە بە روخساری را دیاربوو زۆری پێخۆش بوو کە ئێمە چووینە لای دانیشتین و تا درەنگێکی لە کاتی خواردنەوە دا گلەییەکانمان هەڵڕشت. ئەو گلەیی خۆی دەکا و منیش گازندەی خۆم جا بۆمان دەرکەوت هەموو بە قسەی دوژمنەکانمان

کە دەوڵەمەند و ئاغاکان بوون لێمان بۆتە نەدواندن و دوژمنایەتی پاشی رازوگلەییان پیلیم گرت و کوتم هەستە با برۆینە دەرێ لە رێگا تێمگەیاند کە کارم بە تۆیە و ئەو دوو کەسەی دەگەڵتن بەرێیان بکەوە بۆ شوێنەکەی خۆیان. ئەوانی بەرێ کرد و سەری قسەوباسەکەی خۆمانم دەگەڵ کردەوە پێم کوت کە دەبێ ئەو رەئیسانە بەوجۆرە بن . رازی نەدەبوو بەڵام هەرچۆنێک بێ دەڵیم نەرم کرد ئەوە کات تا دێت نزیک دەبێتەوە بە دوو نەفەرەکەی کە ناردوومن بۆ سەربازخانە کوتوومە کە سەعات ئەوەندە ئاورەکە بکەنەوە کە چی چاولێدەکەم دەودەم و دەستەی دا سەید محەمەد لێم پەژیوان بۆتەوە و دەڵێ من بەیانی چ جوابی قازی و مامەغەنی بدەمەوە . کوتم تازە درەنگە بیر لەوەی بکەیەوە سە عات ئەوەندە ئاور لە سەربازخانە بەردەدەن و خۆت و پیاوەکانت بە هاواری سوتمانەکەوە برۆن مامە غەنیش خۆی و قۆڵسوورەکانی هەموو لەوێ دەبن ئەودەم تۆ تاوانبار نابی و کەس لێت بە شک نابێ بە هەزار قیر و ناری عەلی هێنامەوە سەر رێگا و دڵی نەرم بۆوە برێک سووراینەوە تا عالەم لە چایخانە و کۆڵانان بڵاوەیان کرد رێک لەو کاتەی کە دامانابوو بۆ سووتاندنی سەربازخانە گڕی ئاوری بڵیند بوو ئەوەی نۆبەچی بوو بە هاواری سەربازخانەیەوە چوون ئیتر ئێمەش وەخۆ کەوتین و چووینە ماڵە رەئیسی سجیلی کە نێوی قازیزادە بوو زۆر سووراینەوە بە دەوری ماڵەکەیدا تا رێگایەک بدۆزینەوە و بچینە نێو ماڵەکەیەوە بەڵام زۆر چەتوون بوو ناردم لە ماڵە جوولەکان نێردیوانیان دزی و هێنایان و بە پەنجەرەمانەوە نا خۆم وەسەر کەوتم وڵات گەرمە و دیتم پەنجەرەیان ئاواڵەیە و چراکەیان خەفە کراوە قازیزادە خۆی و ژنە چووکەکەی بە یەکەوە لە خەوی شیرن دان و باقی منداڵەکانی دەگەڵ ژنە گەورەکەی لە مەرتەبەی خوارێن چەند دەقیقەیەک خەریک بووم بۆم نەکرا بیکووژم تەقەم لێکردبا ژنەکەشی دەگرتەوە . میرزا برایمی گەورک لە پێشدا ئاژان بوو ئێستا ئاژانکوژە لێم وەسەر کەوت و لێم هاتە پێش و کوتی ئەوە بۆ راوەستاوی؟

تەماشاکە گەر تەقەبکەم ژنەکەشی وەبەردێ

بە جەحەندەم رێگام کە ئێستا خۆم ئەو سەگانە دەتۆپێنم. رازی نەبووم و نەمهێشت لە نەردیوان هاتمە خوارێ و کوتم نەردیوانەکەتان لە کوێ هێناوە بەرنەوە جێگای خۆی و جا وەرن بە دووومدا لە پشت ماڵە قادراغاوە وەسەربانی کەوتم و سێ نەفەریشم بە دواوە بانەو بان چوومە ئاستی ماڵە رەئیسی لەوێ نەوی بوو چوومە خوار و هەردوو برایم گەورک و بەنناش لە دوومن چوومە حەسار و لە داڵان دیوێکی چووکە هەبوو دەرکەم کردەوە تەماشام کرد ئاژانێک دە شیرن خەودایە چون رۆژەکەی بە رێگاوە بووە و ئەوەندە شەکەت و ماندوویە ئاگای لەو هەموو تەپەتەپ و چوونی ئێمە نەبوو و وشیار نەبۆوە چوومە سەری راستم کردەوە و دەمانچەکەم لە ژێر سەری دەرهێنا و وەپێش خۆم دا تا دەرکەی دیوی رەئیسیم پێشان بدا پرسیم ئەو دیوەی چرای خەفەکراوە کێی لێیە کوتی منداڵەکانی دەگەڵ ژنە گەورەکەی لێرە خەوتوون و خۆشی لەسەرەوە دەگەڵ ژنە جحێڵەکەی نوستوون ژوورەکەی پێشان دام لە سەر پلیکانان بوو لەو عانەشدا دەرکەی ماڵە رەئیسی کراوەتەوە و هەموو هاواڵەکانم هاتوونە ژوور و لە داڵانەکەی دان لە پلیکانان وەسەر کەوتم و دەستم بە دەرکەی ژووری رەئیسەوە نا بەڵام لەو دیو گاڵە درابوو کەرەتی دواوە دەرکەم توند کێشا، کراوە رەئیس کە منی دیت راست بۆوە سەر قوون و دەستی بۆ ژێر سەری برد دەست بردن بۆ دەمانچەکەی و تەقاندنی یەک بوو زوو خۆم لانەدابا کوشتبوومی ئەو جار هەستاوەتە سەر پێ و تەقەمان لێدەکا و ژنەکەشی لێفەی لە خۆی وەرپێچاوە و دەزریکێنێ چۆن . لە پەنادەرکەی را دەمانچەیەکم لە رەئیسی دا دەمانجەکەی لە دەست بەربۆوە دوو دەمانچەی تریشم تێهەڵکرد بەڵام نەکەوت لەولای ڕا وەستا برایم تفەنگێکی لێدا و لە سەر عەرزی درێژی کرد ئێستا ژنەکەی دەپارێتەوە و دەڵێ بیکە بۆ خاتری خودای دەستم لێ مەدە کوتم مەیکە هەرا کەس کاری بە تۆ نییە ئەدی ژنەتیو نەیدەزانی بۆ ئەوەی ئەوی وەبەر نەدەین زۆر وەدرەنگی کەوتووین و دەبێ بە پەلە برۆینە گیانی رەئیسی ئاژان ، ئەوە زۆری نەماوە بۆ پارشێو بە پەلەین دەبێ برۆین تەماشام کرد سەید محەمەد خۆی و دوو نەفەر لە حەسار بوون دەگەڵ هەواڵەکانی من کە تەقە کرا وەسەر کەوتن و هاتنە ژوورەکەی رەئیسی لای ئێمە لەو نێوەدا دەمانچەی رەئیسی ون بوو لام وایە سەید محەمەد هەڵیگرتبوو چونکە هەواڵەکانم هیچ کات دەگەڵ من درۆیان نەدەکرد لێیان ئەرخەیان بووم ئێستاشی دەگەڵ بێ سەید محەمەد نەچووە ژێری زۆر بە تاڵووکە کوتی ئەمن دەبێ برۆمەوە بۆ سەربازخانە ئێمەش بۆ لای ماڵە رەئیسی ئاژانێ چووین تا کاری ئەویش تەواوکەین . ئەوە هات و ڕابرد هەر نەمزانی رەئیسی ئاژان چۆنی زانیبوو و کێ ئاگاداری کردبۆوە و بە لیباسی شەخسی رای کردبوو و چووبووە نێو باغان دوایی بیستمانەوە کە عەلی رەحمەتی ماشێنی بۆ بردبوو هەر ئەو شەوە تا میناواوێی بەند نەکردبوو ئەو دوو رەئیسە دەگەڵ سێ نەفەر ئاژان هاتبوونە شارەکەمان تا جێگای خۆیان خۆش کەن و ئەو قۆڵسوورانەی

مامەغەنیش تا کاتی خۆی لە جێی ئاژان بن دەنا لە سەر کۆمەڵە و خەڵکەکە ببنە سیخورِ و ئەوەندە ئازادییەمان لێ تێکدەنەوە و دیسان ئاژان و ئەمنییەی زاڵم لە سەرمان ببێتەوە کەڵەگا مامە غەنی لە پێشدا لە فەرمانداری کاری دەکرد و داژدار و لاگیری ئێرانییەکان بوو .

بوو بە پارشێو عالەم لە ماڵ هاتنە دەر بۆ مزگەوت و حەمام دەرۆن و ئێمەش رەئیسی ئاژانمان دەسگیر نەبوو هاواڵەکانم ناعیلاج هەرکەسە چوویەوە ماڵە خۆی منیش چوومەوە ماڵ و زۆر شەکەت بووم و یەکسەر بۆی نوستم تاوێکی پێچوو تەماشا دەکەم خێزانم هاتووە و خەبەرم دەکاتەوە و بە پەشۆکاوی دەڵێ : هەستە ئەو شۆ رەئیس کوژراوە عالەمێکی زۆر لە خەیابان کۆ بۆتەوە قازیش لە نێویانە راستیم پێ بڵێ ئەوە کاری تۆیە یانا؟ زۆری لێ تووڕە بووم و نەمهێشت جارێکی دی باسی بکاتەوە نان و چای بەیانیم خوارد و چوومە خەیابانێ تەماشام کرد بەردەرکی ماڵە قازیزادەی عالەمێکی زۆری لێکۆبۆتەوە قازیش کورسییان بۆ داناوە وە سەری کەوتووە و نوتقێ بۆ عالەمێ دەکا چوومە نێو خەڵکەکە تا گوێ بۆ قازی هەڵخەم کەچی دەبینم هەموو خێسەم لێدەکەن سوور دەزانن کاری منە ئاغاوەتی مەنگورِ و مامەش و هەموو عاشیرەتەکان هاتوونە تەماشایە و لە خەمی قازیزادەدان و خێسەش لە من دەکەن منیش گوێم داوە بە قازی و کەسیش بە پیاو نازانم قازی دەڵێ : ئەو قازیزادەیە لەوەپێش لە شاری ئێمە بووە رەئیسی ئەوە شارە بووە داخوا زوڵمی لە کێ کردووە کە ئێستا بەو دەردە چووە. زۆریتری لە سەر رۆیی و لە عەینی قسانیشدا جارجار چاوێک لە من دەکا منیش لە خۆرِا دڵم بەو چاوانەی قازی خۆش بوو ئەو زەمانیش دەور دەوری عەشایرە هەر کەس هەرکەسە سابڵاغ لە نێو ئاغاکاندا بەش کراوە بە نۆبە هەر رۆژەو ئاغایەک حکوماتی شارە هەموو ئاغاوەتی عەشایر دە شاری خزاون لە لایەک ئێران کۆپێن دەدات بە ئاغاوەتەکان و قەندو شەکری پێوەردەگرن و سەری عەشایر بەو قەندوشەکرە گەرم دەکەن تا بە قسەی ئەوان بکەن و پیاوی ئەوان بمێننەوە لەولاشەوە حۆسێنی زێرینگەران کە لە گومرک کار دەکا و خۆیشی هەمەکارەی کۆمەڵەیە بە کۆپین زۆر ئاغای داخیلی کۆمەلەی کردوون. (١)

ئەو رۆژەی مەیتی قازیزادەیان بردە نێو قەبران و شاردیانەوە ئەو سەردار عەشیرەتانە هەر دەتکوت بابیان کوژراوە ئەوەندە غەمبار بوون ئیتر هێندەی دی لە من بە رق داچوون. و ناشوێرن بە ئاشکرا لە نێوم بەرن. لە من ناترسێن لەو( کاغەزەی لە باغەڵم دایە دەترسێن)

گرتنی ئیدارەی پولیس و کوشتنی ئاژانەکان

ئەوە( قازی) گەرەکی بازاری بە من ئەسپاردووە و شەو تا بەیانی لەوێ کێشکێ دەکێشم بە شەو لە بازارِم و بە رۆژیش دەنووم رۆژێک کە هاتبوومەوە ماڵ و لە خەوێکی قورس دابووم خێزانم هات راپیەڕاندم و کوتی لە نێو شار تەقەیە راست بوومەوە و چوومە خەیابانێ لەوێ کوتیان عەزیزخانی کورِی گەنجاڵی بەگ لە خەیابان نوتقی کردووە و بە فەرمانداری کوتووە دەبێ لە شار برِۆی عالەم چووبوون بۆ ئیدارەی شارەوانی و ئەو ئاژانی دەنێو ئیدارەی دابوون هەموویان کوشتبوون. دەونێوەی دا عەبدوڵڵای کورِی مینە خاڵندی کوژراوە و بە کوژرانی عەبدوڵلا خەڵکەکە هەموو ئاژانەکان دەکووژن و رەئیسی ئاژانیش رادەکا . بۆ لای ئیدارەی چووم تا بزانم چ بە چییە تەماشام کرد ئیدارە داری لە سەر بەردی نەماوە لە ژووری ئیدارەی هەشت نۆ کەلاکە ئاژان لە گۆرِێ کەوتووە میز و ساندەڵی ئیدارەی تێک و پێک شکاوە و لە حەسارێ فرِیدراون پاشان چووم بۆ لای ماڵە عەبدوڵڵای دیتم عالەمێکی زۆر کۆبۆتەوە و هەمووشی کاسب و کوسوبە بۆ لای تاوپەرِان مەیتی عەبدوڵڵامان بە گڵ سپارد و گەرِاینەوە شار تەماشامان کرد ئەوە چەند ئەفسەری رووس لە بەر دەرکی ئیدارەی راوەستاون و لە کوشتاری ئەو ئیدارەیە دەپرسن برِێک لە دەوروبەری ئیدارە سوورِانەوە و سواری ماشێن بوون و رۆیشتن منیش بۆ لای ماڵێ گەرِامەوە . (٢)

درێژەی هەیە

(١) عومەراغای عەلیار لە کتێبی (مهاباد بر قله تاریخ) دا ئاوا باسی ئەو رووداوە دەکا:

دەوڵەتی شوورەوی لە سەرەتاکانی شەڕدا چونکە شکست و سەرکەوتنی ناروون بوو بە ئاشکرا و لێبڕاوانە خۆیان لە کاروبار هەڵنەدەقوتاند بەڵام دواتر کە سەرکەوتنیان وردەوردە ئاشکرا بوو و ساڵیش بوو بە تەمای نەفتی شیمالی ئێران دەگەڵ ئینگلیس لە بەربەرەکانی دابوون و پێیان وابوو نەفتی جنووبی ئێران بە دەست ئینگلیس بە تالان دەچێ دەبێ ئەوانیش ئیمتیازی نەفتی شیمال وەرگرن . بەو مەبەستە ئازەربایجانی ئێرانیان بە تەواوی خستە ژێر رکێفی خۆیان و بۆ کۆکردنەوەی لایەنگری زیاتر بۆخۆیان لە ئازەربایجان و کوردستان بە گەرمی دەستیان بە هەڵسووڕان کرد .

(چونکە تەورێز جێی باسی ئێمە نییە باسی ناکەین)

چونکە رووسەکان لە مەجلسی شووڕای میللی لە کاتی دەنگدان سەبارەت بە ئیمتیازی نەفتی شیمال ئیحتیاجیان بە نوێنەری زیاتر بوو کە بە قازانجی ئەوان دەنگ بدا. ساڵی ١٣٢٢ ی هەتاوی بە هۆی عامیلەکانی خۆیان ئاغای قازیزادە رەئیسی ئامار(ثبت احوال) ی مهابادیان تێرۆر کرد و سندووقی دەنگیان بە گوێرەی سجیلی خەڵک بە قازانجی سەدرولئیسلام برای قازی محەمەد دارماڵی دەنگ کرد و بە نێوی نوێنەری مهاباد رەوانەی تاران و مەجلیسی شووڕای میللی کرد.

(٢) میرزا رەحیم مەنگوڕی لە کتێبی بەسەرهاتی سیاسیی کورد لە ١٩١٤وە تا ١٩٥٨ لە سەر ئەو رووداوەی شارەبانی مهاباد ئاوا دەنووسێ:

لە ١٨ی مانگی تشرین الثانی ١٩٤٥ هەتا ٢٣ ی کانون الثانی ١٩٤٥ لە شارانی تەورێز ، رەزائیە ، زەنگان ، مياندواو ، ئاردەبێل ، خۆی ، ماکۆ ، میانە، رەشت ، گێلان لە هێزی دەولەتی پاک کرایەوە . بە کوشتارێکی زۆر ناشیرن تاڵانی دەوڵەتی ئێران کرا هەتا لە رەزائیە سەربازی رووسەکان جلی شۆڕشگێڕەکانی توودەیان لە بەر دەکرد ئەچوونە ناو کۆڕی جەنگ و پەلاماردان. لە عەینی وەختیشا لە سابڵاغ پەلاماری سەرای دەولەتی درا ٧ نەفەر پولیسی ناوشار کوژرا . شارانی نەغەدەی سندووس و بۆکان بە بێ خوێن رشتن خۆیان دا بە دەستەوە .

چاوەدێری بە شدەتی ئەمریکا و ئینگلیس رووسی لە پاشەڕۆژێکی خراپ ترساندبوو لە بەر ئەوە لەسەر نووسین و وثائق هیچ وێنە فەرمانێکیان نەئەکرد هەموو فەرمانێکیان لە سەر راسپاردە و فەرمانی دەم کاری بە ئەنجام ئەگەیاند جا لە بەر ئەوە ناتوانین بە وەثائقی رەسمی تەداخولی رووسەکان بە ئیسبات بگەیەنین بەڵام کردەوە و هەستان و جووڵانەوەیان بۆمان روون ئەکاتەوە کە هەموو بەسەرهاتێکی ئێران بە قسەی رووس پێک هاتبێ.

زنجیرە وتار: کۆماری کوردستان- دووی ڕێبەندان (٣)

ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار

---

**ڕووداوەکانی سەردەمی کۆمەڵەی ژ،ک و کۆماری کوردستان**

**لە بیرەوەرییەکانی محەمەدی نووریدا (شەوەێک و خەوێک ، بستووی ژیان)**

هەموو دەوری ژیانی من شەوێک بوو        شەوێکی پڕ لە مۆتە و دیمەنی دێو

ئەوەی دیتم بە هالۆزی خەوێک بوو        تراوکێک بوو خزی و نەتکایە سەر لێو

دووهەڵکەوتی ناحەز و نالەبار بوونە بەرهەڵستی وەدی نەهاتنی ئاواتەکانم ساڵی ١٣٢٠ شەڕی دووهەمی نێو نەتەوەیی بوو بە هۆی ئەوە کە ئێرانی ئێمە بە دەستی دەوڵەتانی هاوپەیمان ئەمریکا ، ئینگلیس و شووڕەوی داگیر کرا حکومەتی ناوندی شیرازەی پسا و نەزم و نیزام لێک هەڵوەشا شوێنەواری عەشیرەتگەری و خانخانی کە لە دەورانی حکوومەتی رەزاشادا لە گرێژەنە چووبوو بە رەوشتی کۆنی حەز و ناحەزی خۆی ژیایەوە و هاتەوە سەر تەوەرە و بستووی پێشووی و نائەمنی و هەرج و مەرج لە هەر ناوچەیەک سەری هەڵدا و کەس بە ربەی کەسی نەدەپێوا. هەر لەو سەردەمەدابوو ئاغای گۆلان خدراغای عەزیزی نامە وپیاوێکی نارد کە ئەگەر محەمەدی نووری وەکوو بابی کە میرزای من بووە نەیەتەوە گۆڵانێ ونەبێتە میرزای من و دەرس بە منداڵی بنەماڵەکەم نەڵێ ئەوا خەرج و پیتاکی ئەو چەند ساڵەی لە دایک و خێزانەکەی وەردەگرم و لە ملکی خۆشم دەریان دەکەم. دیارە ئەمنێکی دنیا نەدیتوو و لە کێشمە کێشمی دەوران نەکەوتوو کە هەموو ئاواتم ئاسوودەیی و حەسانەوەی دایکم و منداڵەکانی بوولە وەختێکی وادا دەست و پێم لێ ون دەبێ رایەل و پۆی ئاواتەکانم دەهاڵۆزێ و تێکەڵ دەبێ. لەوەی زیاتر چارەیەکم نەدەزانی کە دەست لە خوێندن هەڵگرم و رۆژ و حاڵی بنەماڵە فیدای دوارۆژ و داهاتووی خۆم نەکەم ناچار سیپارە و دەفتەری رووەورووناکیم پێچایەوە و بەرەو تاریکە بازاڕی ژیانی نالەبار وەرێکەوتم و بە سەرساردی هاتمە بەر پەت و سینگی داب و دەستووری باوی رۆژگارو لە لای خدراغای عەزیزی کە پیاوێکی مێر و شایی بە خۆ بوو بوومە میرزا و نووسەر و مامۆستای منداڵەکانی عێلی.

**هەڵکەوتێک بۆچوونە مهابادو دیتنی دنیای تازە**

خدراغا لە ساڵی ١٣٢١ دا نەخۆش کەوت دەبوو بۆ لای دوکتوران بچێتە مهاباد بارگەیان بۆ پێچاوە و دوو سێ پیاوی دەگەڵ خۆی خست و بۆ چاوەدێریی نوسخە و دەوا و دەرمانێکی کە دەیدەنێ ئەمنیشی بە پێویست زانی کە هاورێی بم. بۆ یەکەم جار بوو کە مهابادم دەدی لە پێشدا ناوی سابڵاغ بوو لە مهاباد چووینە مزڵی بایزاغای عەزیزی کە براگەورەی خدراغا و سەرۆکی عێلی گەورکان بوو سەرانی عەشیرەتەکانی مەنگورو مامەش و دێبۆکری و محاڵ و شارویران یان خانوویان لە مهاباد هەبوو یان مزڵیان بە کرێ دەگرت نۆکەر و دەست و پێوەندەکانیان لە کاروانسەرا و ماڵاندا دەمانەوە و کاروباری مهابادێ عەشایر هەڵیاندەسووڕاند و حکوومەتی ناوەندی هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی لە شارو دێدا نەمابوو پیاوەکانی عەشایر باج و پیتاکیان لە دەرەوەی شار لە خەڵکی وەردەگرت پیاوە بە ناو و سەرشناسەکانی مهابادی هەرکام بە پێی تێبینی پاشەرۆژ و داهاتووی خۆیان لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتێکی تێکەڵی و نزیکیان دەکرد. بۆ منی دنیا نەدیو کە هەر

له حوجرەی فەقێیاندا خەریکی خوێندن و موتاڵا بووم و نەهاتبوومە نێو گەل و کۆمەڵەوە هەموو ئەو دیمەنانە جێگای سەرنج و بیر لێکردنەوە بوو ئێستا کە جل و بەرگی کوردی ئازادە و کوردی نووسین و کوردی کوتن یاساغ نیە پێشینەی زەینم لە ژیان و گیانمدا سەریان هەڵدەدا و ئەمنیان دەبردەوە ئەوکات کە پەڕتووکە کوردیەکانیان لێ لە تەندوور هاویشتم و سووتاندیان کە ئەمنیە قوون شینەکانی حکوومەتی رژانە ژوورەکەمان و لە نووسراوە و پەرتووکی کوردی دەگەڕان و دەیانکوت کوردی نووسین و کوردی پۆشین یاساغە ئەوە ئێستا دەمدی بە کوردی دەدوێن ، دەنووسن ، دەپۆشن گەنج و لاوەکانی شاری شەوانە لە کووچە و کۆڵانان گۆرانیان دەڵێن و هۆنراوە و سروودی کوردی دەخوێننەوە دەمدی دیمەن و رووکاری تەواوی شاری مهاباد رەنگی کوردی و دەنگی کوردستانی لە خۆی هاڵاندووە. سەروبەندی پاییزێکی درەنگ بوو خدراغا نەخۆشییەکەی چاتر ببوو دوکتوران ئیستراحەتیان لە ماڵی خۆی بۆ نووسی و گەڕاینەوە گوندی گۆڵانێ بۆ ماڵی خۆمان ئەمن دیسان مامۆستایی و دەرسی منداڵانم دەسپێکردەوە و هەتا بە هاری ساڵی ١٣٢٢ لە گۆڵانێ مامەوە لە بەر ئەوەی داهات و جیرەم بە شی گوزەرانی خاوخێزان و ژیانی ئاسایی نەدەکردم ناچار بووم بنەماڵەی لە ناوچەی گەورکان بگوێزمەوە و بێمە موکریان .

**کۆچ و بار لە ناوچەی گەورکان بۆ نێو دێبۆکرییان**

لە بەهاری ساڵی ١٣٢٢ ماڵم باریکرد و لە دێ گۆلێ مەرزینگ لە لای برایماغای قارەمانی کە رەئیس و ردێن سپی عێلی خۆی بوو بە ناوی نووسەر و میرزا دامەزرام. برایماغا سەوادی نووسین و خوێندنەوەی نەبوو بەڵان کاروباری بنەماڵە و ئیداری و تایەفەی قارەمانی کە تیرەیەکی زۆر و خاوەن نفووسی دێبۆکریان بوون دەکەوتە ئەستۆی و ئەویش زیاتر لە سەفەر و هاتوچۆ دابوو هەمیشە و لە هەموو شارێکی دەبوو دەگەڵی هاورێ بم هەڵکەوتی باش ئەوە بوو برایماغا خانوویەکی لە مهاباد کریبوو بۆیە هەلی مانەوە و دیتنی هاواڵان و هاوڕازانم زۆر بۆ هەڵدەکەوت و راز و رەمزی رۆژگارم بەرجەوەند دەکرد. لەو چاخ و کاتەدا بە هۆی حوزووری هێزی شووڕەوی لە ئازەربایجان و بەشێکی زۆرلە مەڵبەندە کوردنشینەکانی ئازەربایجانی رۆژاوا و هەروەها بێ دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی  بۆ دابین کردنی باری هێمنی لە ناوچەدا تەنیا پەنا و پاڵپشتی حکوومەتی ناوەندی عێل و عەشیرە و ئاغاوەتی مەڵبەندەکە خۆیان دەنواند  لە حاڵێکی کە عێل و عەشایر و ئاغاوەت بە تەواوی چەکدار و لە شار و دێهاتاندا دەسرۆیشتوو و خاوەن دەسەڵات بوون بۆ نەبڕانەوەی پێوەندی دەگەڵ خەڵکی دێهات و عێل و عەشیرەتەکان دەسەڵاتی ناوەندی دەستووریدابوو بە پێی نفووس و سەرانەی شار و دێهات کۆپیێی قەند و شکر و کووتاڵ بدەن بە خەڵک و بەشی گوندنشینەکانیش بە دەستی مالیک و ئاغایان بڵاو بکرێتەوە. لە شاری مهاباد چەند ئیدارەیەک بە رواڵەت نوێنەری دەوڵەت بوون بەڵان ئیدارەی زۆر گرینگ و کاریگەر ئیدارەی ئامار و سەرژماری بوو کە ئاغاوەت و مالیکەکان بۆ وەرگرتنی قەند و شەکر و کووتاڵی زیاد هەموو کوێرەدێ و کۆنە ئاواییان کردبوو بە شارۆچکە و ئاوەدانیی گەورە هەزاران کچ و کوڕ و پیرەپیاو و پیرەژنی قەت لە دایک نەبوویان تێدەئاخنی و پێناسیان بۆ وەردەگرتن و ئیدارەی ئاماریش بە بێ نابێ و ناکرێ بۆی دەنووسین و دەیدانێ. ئەو پێناسە بێ جێیانە دوای چەندساڵان کە دەوڵەت و حکوومەت جێگیر بوو ، بوو بە هۆی دەردەسەر و گیروگرفتێکی زۆر بۆ دێهاتی و مالیکەکان . لەو کاتانەدا تەواوی سەران و گەورەپیاوانی عێلی و عەشیرەتی لە مهاباد خزابوون و پیاوە چەکدارەکانیان لە دەروازەکانی شاری خەرج و باجیان لە داهات و دەسکەوتی شار و دێهات وەردەگرت و بە رواڵەت نایب و نوێنەری حکوومەت بوون لە شاری دا . دەوڵەت بۆ پێڕاگەیشتن بە کاروباری شار و ئیدارات بۆ ماوەیەکی (عەلیاغای ئەمیرئەسعەد) کە سەرۆکی عەشیرەتی دێبۆکری بوو کردی بە فەرمانداری مهاباد بەڵان رقەبەریی عێل بەگی و دووبەرەکی شێوەی خانخانی و ناتەبایی و ناکۆکی نێو عەشیرەتی ، ماوەی مانەوەیەکی ئەوتۆی بە ئەمیرئەسعەد نەدا و هێندەی نەخایاند تا نەتیجەی کارەکانی وەدەرکەوێ کە لە فەرمانداری لایانبرد.

**فەرمانداریی عەلیاغای ئەمیرئەسعەد لە کتێبی (مهاباد بر قله تاریخ) نووسینی عومەراغای عەلیار**

رێکەوتی ١٣٢٠،١١،٢٠ی شەمسی عەلیاغای عەلیار لە لایەن دەوڵەتەوە بۆ تاران بانگ کرا وسەبارەت بە مەوزووعی نەزم و ئینتزاماتی مهاباد و میاندواو و دەوروبەری دەگەڵی کەوتنە وتووێژەوە و وەکوو فەرمانداری مهاباد و دەوروبەر بە ئیختیاراتی کامیلەوە کە لە ژێر ئەمری ئوستانداریی تەورێز و ورمێدا نەبێ و راستەوخۆ دەگەڵ تاران لە پێوەندی دابێ و لە وێڕا دەستوور وەرگرێ و نامە بگۆڕێتەوە ، دیاریکرا. وا بریار درابوو کە تەواوی بەرپرسان و کارمەندانی مهاباد خەڵکی ناوچە

و کوردبن هەروەها ئەفسەرانی دیاریکراو بۆ دەستەبەرکردنی هێمنی هەموویان کورد بن و ئیختیاراتی ناوچەی مهاباد و میاندواو و دەوروبەر لە دەست عەلیاغاداێ و کاربەدەستانی کورد ئیدارەی بکەن و مواجبیان لە تارانەوەحەواڵە بکرێ بۆفەرمانداری مهاباد و لەوێرا پەرداخت بکرێ. بەو شەرتانە ئەمیر ئەسعەد ئەو فەرمانداریيەی قوبووڵ کرد و نیشتەجێی مهاباد بوو دەستی بە کار کرد و بۆ هێمن راگرتنی میاندواویش مستەفاخانی شێخاغایی دێبۆکریی دیاریکرد قازی محەمەد کە ئومێدەکانی خۆی لە پشتیوانی شوورەییەکان گرێدابوو کە ئەو حاڵەی دی مهابادی بە جێهێشت و نیشتەجێی تەورێز بوو. نێوە نێوە دەچووە لای ئاغای فەهیمی ئوستانداری تەورێز و لە چۆنیەتیی ئیدارەکردنی مهاباد بەهۆی ئەمیرئەسعەدەوە ئیرادی دەگرت . دوای دوو سێ مانگێک وەزعییەتی ئاڵۆزی مهاباد هێور بووە و ژیانی رۆژانەی خەڵکی بەرەو ئاسایش رۆیشت و مەدرەسەکان وەک پێشوو کرانەوە و شاگرد مەدرەسە چوونەوە سەر دەرس خوێندنی خۆیان و بە هۆی ئەو خزمەتانەی فەرمانداری مهاباد بۆ هێمنی مهاباد و میاندواو و تەوابێع ئەنجامی دابوو لە لایەن محەمەدرەزاشاوە تەقدترنامەیەک و قەتعەیەک نیشانی دەرەجە یەکی لیاقەتی پێ بەخشرا. پێش شەڕی دووهەمی جیهانی مهاباد خاوەنی حەوت بەخش بوو :١،مەنگوڕ ٢،لاجان ٣،شاروێران ٤، میاندواو ٥، بۆکان ٦ ، سندووس ٧، سەردەشت وبۆ هەریەک لەو بەخشانە بە شێوەی خوارەوە بەخشداری بۆ دیاریکردن:،مەنگوڕ و نەڵێن و فەقێ عیسا عەوڵاغای بایەزیدی رەئیسی عێلی مەنگوڕ ٢، لاجان قەرەنیاغای مامەش ٣، شاروێران کەریماغای کەریمی ٤، میاندواو مستەفاخانی شێخاغایی ٥،بۆکان ئەحمەداغای ئێلخانیزادە بۆ سندووس و سەردەشتیش لە فکری دیاریکردنی کەسێکی لایق و بە کاردابوو . ئاغای فەهیمی ئوستانداری تەورێز لەو شەرت و شرووتەی عەلیاغا نارازی بوو هەروەها قازی محەمەد و سەیفی قازی کە نیشتەجێی تەورێز بوون لە دژی عەلیاغا لە مهاباد تەحریکاتیان دەکرد و ئاغای فەهیمی راپۆرتی ناراستی لە سەر مودیرییەتی عەلیاغا بۆ وەزارەتی کیشوەر دەنارد و هەموو ئەو گوزاریشاتە لە لایەن سپابود شابەختی فەرماندەی سپای غەربی کیشوەر دەگەیشتەوە عەلیاغا و قەولی دەدایە کە دەوڵەت گوێ ناداتە ئەو راپۆرتانە بەڵام لە نیهایەتدا وەزارەتی کیشوەر دوو بەخشی سندووس و میاندواوی لە فەرمانداریی مهاباد جوێکردەوە کە بووە هۆی نارەزایەتی عەلیاغا و ئەو نامەیەی بۆ شابەختی نووسی:

تیمسار سپابود شابەختی فەرماندەی موعەزەمی سپای غەربی کیشوەر دەگەل رێزی بێ نیهایەت عەرزتان دەکەم پارەکە بە گوێرەی مەسڵەحەتی ناوچە و پێشنیاری جەنابتان فەرمانداری و ئینتزاماتی حەوزەی مهاباد کەوتە سەرشانی من و لە رۆژی جێگیربوونی من لە مهاباد ئەمنیەت و ئاسایشی کامیل لە حەوزەی مهاباد بەرقەرار بووە و ماوەیەک لەوەپێش بە ئەمری جەنابتان چوومە سەقز و بە هاوکاری سەرتیپ ئەرفەع هەوڵی ئارام کردنەوەی ئەوناوچەیەم داوە و لەو ماوەیەدا کە لە مهاباد نەبووم و چوومە سەقز هیچ موشکلێک بۆ ئەمنییەتی مهاباد نەهاتۆتە پێشێ ئێستا بە گوێرەی ئیبلاغییەی شمارە ٦٩٨=١٣٦٢ =ط رێکەوتی ١٣٢١،٠٢،٢٠ی شەمسی وەزارەتی کێشوەر راجع بە تەقسیماتی شارستانی مهاباد پێش بینیان کردووە شارستانی مهاباد پێنج بەخش بێ بریتی لە بۆکان ، تیکاب ، سەردەشت ، خانێ و مەنگوڕ سەبارەت بە میاندواو و سندووسیش هەڵسەنگاندنی زیاتریان نەکردووە و کوتوویانە دوایە بڕیار دەدرێ بەوشێوەیە میاندواو و سندووس کە کامیلەن حەوزەی مهابادە دەیانەوێ لە مهابادی داببرن لە حاڵێکدا لە تاران ئاغای سەرۆک وەزیر بە منیان کوت لە باتی سایینقەڵا و تیکاب کە بوونە حەوزەی مەراغە میاندواو و سندووس دەخەنە سەر مهاباد . وەک سەرتیپ ئەرفەع بە منی کوتووە جەنابت لە ژێر نامەی ٤٠١ سەییار رێکەوتی ١٣٢١٠٣٠٢ی شەمسی فەرمووتانە کە مەبەست دابڕانی هیچ شوێنێک لە مهاباد نیە و هەروەها لە ئیختیار من دا دەبێ بەلام ئیستا سایین قەلا جوزوی مەراغەیە و ئەگەر میاندواویش دابڕن چۆنم تیکاب لە مهابادەوە پێ ئیدارە دەکرێ ئەوە بە دەهۆی کەسانێک کراوە کە لەلایەن ئاغای فەهیمی ئوستانداری تەورێزەوە تەحریک دەکرێن تا وەزعییەتی مهابادناتارام بکەن آغای فەهیمی ئوستاندار لەوە نارەحەتە کە ئەمن هیچ پێوەندییەکی پێوە ناگرم و کەسبی تەکلیف و پرس و مەسڵەحەتی پێناکەم و پێوەندیەکەم تەنیا دەگەل حەزرەتی عالیە بۆیە بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی دەوڵەت خزمەتەکانی من لە پێناو ئەمنیەت و ئاسایشی خەڵکی ناوچەی بە شۆفاری نەیارانی من لە بەرچاو نییە و ئەو دوو ناوچەیە لە بەر دەستی من دەردینن بۆ وەی لەوە زیاتر وەختی جەنابت زایە نەکەم ئیستعفای خۆم پێشکەشی وەزارەتی کێشوەر کردووە .       رێکەوتی ١٣٢١٠٣٠٩

وەزارەتی کیشوەر ئیستعفای عەلیاغای قوبووڵنەکرد و سپابود شابەختییان کردە واسیتە و ئەو دوو بەشە دابڕاوەشیان خستەوە سەر مهاباد لەو کاتەدا ناوچەی مهاباد بە هۆی لێزانیی ئەمیرئەسعەدەوە لە کەماڵی ئاسایش و ئارامیدا بوو بەڵام

کاربەدەستانی شوورەوی بوونی عەلیاغایان لە مهاباد پێخۆش نەبوو و کەسانێکیان دەویست کە بە سازی ئەوان هەڵسوورێن بۆیە لە حەوزەی مەسئوولییەتی ئەودا کەسانێکیان تەحریک دەکرد کە ببنە هۆی نائەمنی و گێچەڵ و ئاژاوە بنێنەوە رووسەکان قازانج و بەرژەوەندی کوردیان لە بەرچاو نەدەگرت و دەیانەویست لە ئاوی قوڕاو بە قازانجی خۆیان ماسی بگرن . لە سەرەتاوە ئەمیرئەسعەد دژبەری سیاسەتی رووسەکانی کرد بەڵام رووسەکان بەو پشتیوانیەی کە لە ئاژاوەگێڕانیان دەکرد قودرەتیان لە هەموو ناوچەکە بەدەستەوە گرتبوو عەلیاغاش مەجبوورەن ئیستعفایدا و هاتەوە ئاوایی وشتەپە لە ناوچەی بۆکان و خۆی لە کاری سیاسی دوور خستەوە.

**(میرزا خەلیلی فەتاحی قازی لە کتێبی، تاریخچە خانوادە قاضی در ولایت مکری، باسی بارودۆخی ئەوکاتی مهاباد و ئەو فەرمانداریيە دەکاو دەنووسێ) :**

شەڕی جهانیی دووهەم بە توندی درێژەی هەبوو هێزەکانی ئالمان لە خاکی رووسیەدا پێشرەوییان کردبوو گەیشتبوونە نزیک موسکو و تەکلیفی مهاباد و ئێران سەهلە تەکلیفی دنیا روون نەبوو بۆیە فەرماندار و ژمارەیەک لە بەرپرسانی ئیدارات کە بە ئینتزاری باشبوونەوەی بارودۆخ لە مهاباد مابوونەوە و میوانی مەرحوومی قازی محەمەد بوون لە باشبوونەوەی وەزعەکە نائومێد بوونوداوایان لە قازی محەمەد کرد یاریدەیان بدا و تا میاندواو بەرێیان بکا. قازی محەمەد داواکەی قوبووڵ کرد و چەند چەکداری دەگەڵ خستن و بەرێی میاندواوی کردن. یەک لەوان ئاغای کەیتاش رەئیسی بانکی میللی مهاباد بوو کە یازدە هەزارتمەن مەوجوودیی بانکی دەگەڵ خۆی برد . دوای رۆیشتنی ئەوانە ئاخرین تین و توانای دەوڵەت لە مهاباد تەواو بوو. بیجگەلە ئیدارەی ئابووری کە خەریکی فرۆشتنی قەند و شەکر و قوماش و تریاک و غەڵلە بوون ئیداراتی دیکە هەموویان داخران. لە جیاتی شارەوانی لە لایەن دانیشتوانی شار و قازی محەمەد دامەزراوەیەک بە نێوی ئینتزاماتی شاری دروست کرا و لە شوێنی شارەبانیی مهاباد دەستی بەکار کرد و بە کێشەی خەڵکی شار رادەگەیشت. رەئیسی ئینتزاماتی شارلە پێشدا ئاغای غەنی خوسرەوی و دوایە حاجی سەیدرەحیمی نیزامی و دوای ئەو میرزامەحموودی مەنسووری قازی و دوای ئەو سەید پیرە بوو. ئەگەر کێشەیەکی وابایە بە ئینتزاماتی شاری جێبەجێ نەبایە مەرحوومی قازی محەمەد و مەرحوومی سەدری قازی بە گوێرەی شەرع یا لە رێگای کەیخودایەتییەوە حەلیان دەکرد. لەو کاتەدا هەموو رەئیس عەشایری ناوچەی مهاباد وەکوو حاجی قەرەنیاغای ئەمیرعەشایر و حاج کاک هەمزەی قادری و باقی ردێن سپیانی مامەش و مەرحوومی عەلیاغا ئەمیر ئەسعەد و باقی ردێن سپیانی دێبوکری و عەوڵای بایزاغا و برایماغای سالاری رەئیسەکانی عێلی مەنگوڕ و بایزی عەیزاغا رەئیسی عێلی گەورک و قەرەنی بایزید ردێن سپی عێلی پیران لە مهاباد بوون و لە مەحکەمەی قازی کۆبوونەوەیان کرد و ئەمنیش لەو کۆبوونەوەیە بووم و ئاوا رێککەوتن: مادام کە دەوڵەت لە مەنتەقەی مهاباد هێزی نییە وئینتزاماتی بەرقەرار نەکردووە بۆخۆیان بە هاوکاریی یەکتر ئارامیی ناوچەکە بپارێزن و کەسانی ئاژاوەگێڕ لە دەرەوەی مهاباد سەرکوت بکەن و ناکۆکیەکان بە ئارامی و بە بێ بەکار هێنانی قودرەتی شەخسی بە گوێرەی شەرع خاتیمە پێ بدەن . داوایان لە من کرد ئەو قەول و قەرارە وەک سورەتجەلەسەیەک بنووسمەوە و هەموویان ئیمزای بکەن ئەمن نووسیم و دامە دەست قازی محەمەد و دوای ئیسلاح کردن هەموویان ئیمزایان کرد. دوای ماوەیەک هەموو رەئیس عەشیرەتەکان دەگەڵ قازی محەمەد بۆ تاران بانگ کران. و چاویان بە شا و باقی کاربەدەستانی دەوڵەت کەوت و بریاردرا ئینتزاماتی دەوروبەری مهاباد و میاندواو سوارەی عەشایر بیپارێزن بۆیە سوارەکانی کەریماغای قومقەڵا و سوارەکانی حەمەحوسێن خانی سەیفی قازی لە ژێر فەرمانی ژاندارمێریدا دەست بە کار بوون. لەو کاتەدا ئینتزاماتی نێو شاری مهاباد بە دەست قازی محەمەدەوە بوو و مەڕحوومی قەرەنیاغای مامەشیش ماڵی لە مهاباد بوو و لەگەڵ قازی محەمەد هاوکاری دەکرد هەر لەو سەردەمەدابوو کە عەلیاغای عەلیار سەفەرێکی تارانی کرد و دوای ماوەیەک حوکمی فەرمانداریی مهابادی بە دەسەڵاتی تەواوەوە بۆخۆی و دەرەجەی سەروانی بۆ کوڕەکەی خۆی سلێمان و بۆ برایمی شێخاغایی برای مستەفاخانی شێخاغایی وەرگرت و بە دوای ئەوەدا هاتە مهاباد و دەست بە کار بوو و بە هۆی توانایی شەخسی خۆی و دەسەڵاتێک کە رەسمەن دەوڵەت دابووێ لە ماوەیەکی کورتدا بە سەر مهاباد و دەوروبەریدا تەسەلوتی پەیدا کرد . ناوبراو هەرچەند بە نێو فەرماندار بوو بەڵام دەسەڵاتەکەی بێ سنوور بوو و تەواوی کاروباری مهاباد و دەوروبەری لە قەبزەی قودرەتی خۆیدا گرت وچونکە ئیداراتی ئینتزامی و قەزایی نەبوو کاروباری ئەو ئیدارانەی شەخسەن بە سەلیقەی خۆی ئەنجام دەدا و خولاسە دەسەڵاتێکی موقتەدیر و موتڵەقولعینانی بۆخۆی لە مهاباد دەستەبەر کرد و هەم بە هۆی لیاقەت و کەسایەتی زاتیی خۆی و دەسەڵاتی بنەماڵییەوە و بە هۆی ئەوەی فەرمانداریی رەسمی بوو عەشایر ئیحتڕامیان دەگرت و تا رادەیەک

به قسەیان دەکرد بۆیە کامیلەن بەسەر وەزعەکەدا موسەلەت بوو. و لە هەموو لایەکەوە قازی محەمەد و ئاغای سەدری خستبووە ژێر فشارەوە و مەجالی عەرزی ئەندامی نەدەدانێ و تەواوی کەس و کاری من کە ئەوکات کاری بچووکی وەک نیگابانیی عەمبار و سندووقی دەوایری دەوڵەتییان پێبوو دەیویست بێکاریان بکا . ئەوکات ئەمن کەفیلی دارایی و ئابووریی مهاباد بووم ڕۆژێک لە فەرمانداریەوە نامەیەکی ڕەسمیم بۆهات و فەرماندارەدەستووریدابوو چەند کەس لە خزمان و کەسوکار کە پێش هاتنی ئەو لە جێگای پاسەبان و سەرایداری ناخۆجێی و هەڵاتوو بە حقووقێکی کەمەوە کاریان درابوویە بە بێ هیچ هۆیەک بێکاریان بکەم ئەمن لە جوابدا بۆم نووسیەوە کە ئەو کەسانە جێگای متمانەی منن و تا ئێستا کارەکانی خۆیان بە باشی ڕاپەڕاندووە و لە سەرکار لابردنیان سەڵاح نییە و ئەگەر فەرمانداری بۆ لە سەرکار لابردنی ئەوانە پێداگریی هەیە پێویستە بەرپرسایەتی حیفازەتی ئەموالی دەوڵەتی کە بریتین لە عەمبارەکانی غەڵڵەی دەرەوەی شاریش وەستۆ بگرێ . عەلیاغا پیاوێکی یەگجار فامیدە و دوورئەندێش بوو بەرپرسایەتی حیفازەتی ئەموالی دەولەتیی وەستۆ نەگرت و هەوڵی لە سەر کار لابردنی خزمەکانی منیشی نەدا. ئەوکات لە مهاباد ماڵیاتێکیان دانابوو بە نێوی (تۆپانە) یانی هەر تۆپە پارجەیەکی لە عێراقەوە بە قاچاغی دەهات یا لە تەوریز و تارانەوە وارید دەکرا پوولێکیان لێ دەستاند . عەشایر پێیان وابوو دەبێ بەشیان لەو پووڵە داهەبێ و بەشیان نەدەدرا و نارازی بوون و دەستیان کرد بە موخالەفەتی فەرماندارو دەستیان کرد بە ڕاوورووت لە دەرەوەی شاری و نانەوەی ئاژاوە و ئینتزاماتی دەرەوەی شار تێکچوو. موخالەفەتی عەشایر دەگەڵ عەلیاغا توندتر و ئاشکراتر بوو تا ئەو جێگایەی هێندێک لە سەرانی ئەوان چوونە تاران و ئەوزاعی وڵاتیان بەو جۆرەی بۆخۆیان پێیان باش بوو بە مەیلی خۆیان بە گوێی بەرپرسان گەیاند و ئەمیر ئەسعەد قودرەتی جارانی نەما و ناچار دەستی لە کار کێشاوەو مهابادی بە جێهێشت. دوای ڕۆیشتنی ئەو بیلافاسیلە عیدەیەک لە سوارانی مەنگوڕ لە ژێر فەرمانی کاکەسواری ئەحمەدی گوڵاویاغادا هاتنە سابڵاغ و دەستیان بە وەرگرتنی تۆپانە کرد. دوای ڕۆیشتنی عەلیاغا بە گوێرەی نەزەری سەرۆک عەشیرەتەکان فەرمانداریکی دیکە بە نێوی (سریع القلم) هاتە مهاباد و ئیدارەی شارەبانی کە نەمابوو دووبارە دایمەزراندەوە.

**تێبینی:**

١، ئەو فەرمانداریە بەو جۆرەی لە کتێبی (مهاباد بر قله تاریخ) دا هاتووە جۆرێک خودگەردانییە کە شامیلی بەشێکی سنووردار لە کوردستان بووە و لە سابڵاغ و دەوروبەری بەرباڵوتربووە. حەمەرەشیدخان تا تێکچوونی حکوومەتی قازی محەمەدخاوەنی جۆرێک لەو خودگەردانیە بوو ، شار و ناوچەی بانە لە لایەن بەگزادەکانی بانەوە و خزمانی حەمەرەشیدخان ئیدارە دەکرا. لە ناوچە کوردنشینەکانی ورمێ ،سەڵماس، خۆی و ماکۆش تا هاتنەوە سەر دەسەڵاتی دەوڵەت ڕەئیس عەشیرتەکان هەرکامیان ناوچەی خۆیان ئیدارە دەکرد و تەقریبەن تا نزیک ٥ سال ئەو ناوچانە بە دەستی خودی کوردەکانەوە بوو و لە نوێنەرانی دەوڵەت و فەرمانەکانی دەوڵەت خەبەرێک نەبوو . مەرحوومی قازی محەمەد لە هێندێک وتاردا ئیشارە دەکا لەو ماوەدا بە ئیستقلال ژیاوین ئیشارەی بەو خودگەردانیانەیە.

٢، دەستپێکردنەوەی نائەمنی لە کتێبی (خاطرات زندگی پر ماجرای دکتر آسو) دا ئاوا هاتووە: هەوەڵین بریسکەی تێرور لە بەهاری ساڵی ١٣٢٢ لە کووچەیەک لە خەیابانی پەهلەوی گەڕەکی کەلیمیان بن بەستی میوانخانەی خوسرەوی لە سەری قازیزادە ڕەئیسی ئاماریدا . ناوبراو دووژنی بوو و شەوێ چەند کەس بەکرێگیراوی چەکدار لە دیواری ماڵەکەیەوە وەسەر کەوتن و لە باوەشی ژنەکەی داکوشتیان و نێوماڵ و فەرش و شتوومەکی نێو ماڵیان بە خەیاڵی ئاسوودە بە کۆڵدادا و بردیان . ڕۆژی دوایە کە منیش وەک خەڵکی دیکە چوومە ماڵی ئەو فەلەکزەدەیە دیتم لە خوێنی خۆیدا گەوزیوە و ژنەکانی هەرکامیان لە گۆشەیەکی ژوورەخاڵیەکەدا هەڵترووشکاون دەگرین خەڵک زۆر نارەحەت و غەمبار بوون (ازمابهتران)دەیانکوت ئەو کارە بۆ ترساندنی باقی کاربەدەستانی دەوڵەت بە دەستووری (نمازعلی اوف) ئەنجام دراوە بۆوەی مەنتەقەکە چۆڵ کەن دەیانکوت ئەو ڕەئیسی ئامارە مەعمووری خوفیەی حکوومەتی ئێرانە و بە هەموو شێوەیەک ڕاپۆرت دەنێرێ بۆ دەوڵەت لە ناوەند خولاسە تا ماوەیەک خەڵک لەو کارە ناپەسندەی بەکرێگیراوانی بێگانە لە ترس و خۆفدا بوون و هەموو تۆقیبوون پێیان وابوو دوای ڕۆیشتنی کاربەدەستانی ڕێژیمی پێشوو هێمنی و ئازادی دەستەبەر دەبێ بەڵام چ فایدە(شمشیر بدست عرب زنگی افتاده) و حەتمەن کێشە دەخوڵقێنێ.

نماز علی اوف سەروانی دەزگای چکا بە رەگەز ئازەربایجانی و خەڵکی باکۆ بوو مقەڕی لە میاندواو بوو (فعال مایشا) چ جنایەتێک مابوو کە نەیکا هەر ئیشارەی کردبا کەسێک لە ناوبەرن کردەوەی ناپەسندی جنایەتکارانە ئەنجام دەدرا ترس و خۆفی نمازعلی اوف هەموو کەسی داگرتبوو هەر کاتێک سەروان (تواریش) بە توورەیی و سیمای عەبووسیەوە چاوی لە کەسێک کردبا یا گفتوگۆی توندی دەگەڵ کەسێک با چارەنووسی ئەو کەسە دەکەوتە بەرپێ و تێدا دەچوو .


٣، حەمەدی مەولوودی لە کتێبی کوردبوون دا ئەنجامی ئەو تێرۆرەی بە وردەکارییەوە وەستۆ گرتووە و فەخری پێوە دەکا.

زنجیرە وتار: کۆماری کوردستان- دووی ڕێبەندان (٤)

ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار

---

دارمانی کۆماری کوردستان ١٩٤٦          دوکتور بورهان یاسین




مانگی ئوکتوبری ساڵی ١٩٤٦ دەوڵەتی ئێران بە سەرۆکایەتی (احمدقوام السلطنه) و مەقامی باڵاتر یانی شای ئێران بریاری داگیرکردنەوە و خستنە ژێرفەرمانی دووبارەی ناوچەی ئازەربایجان وکوردستانیان دا. (محمدرضاپهلوی) وەک فەرماندەی گشت هێزەنیزامیەکانی ئێران فەرمانی گەڕانەوەی سپا و دەست بەسەرداگرتنەوەی ئازەربایجان و کوردستان و تێکرووخاندنی کۆمارەکانی ئازەربایجان و کوردستانی دا. لە ١٧ ی نوامبردا سپای ئێران توانی شاری زەنجان لە سەر ڕێگای تاران، تەورێز داگیربکا و ئەو ڕووداوەجیا لە مانای سەمبولیکی، لە ڕاستیدا دەستپێکی رووخانی هەردوو کۆمارەکە بوو.

زۆر روونە ئەو رووداوە پڕ مانایە کارکردی ڕاستەوخۆی لە سەر پێگەی سیاسی، نیزامی و رەوانیی بەرپرسانی کۆماری کوردستان دانا و  بوو بەهۆی ئەوەی هەوەڵی دیسامبری ساڵی ١٩٤٦ هەیئەتێک لە دیپلۆماتەکانی ئەو کۆمارە بۆ وتووێژ دەگەڵ دیپلۆماتەکانی یەکیێتی سۆفیەت نێردرانە شاری ورمێ. لە چاوپێکەوتنی کونسوولی شورەوی (هاشمۆف) دەگەڵ کۆڕی نوێنەرایەتی کۆماری کوردستان ، هاشمۆف دڵنیایی دا بە کوردەکان کە ناردنی هێزی نیزامیی ئێران بۆ کوردستان و ئازەربایجان تەنیا بۆ ئامادەکردنی رەوتی هەڵبژاردنی مەجلیس لەو دوو ناوچەیە یە و مەبەستێکی دیکەی ڕێبەرانی حکومەتی ئێرانی تێدانییە. ئەو لێدوانەی کونسوولی شوورەوی کوردەکانی نائومێد کرد . لەوانەیە شوورەویەکان بە ڕاستی پێیان وابووبێ کە ناردنی هێزی نیزامیی ئێران بۆ ئازەربایجان و کوردستان تەنیا بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی مەجلیس نییە و مەبەستی دەوڵەتی ناوەندی خاتیمەدان بە تەمەنی ئەو دوو کۆمارە بووبێ.

ئەو ڕاستیەمان لەبەرچاو بێ لە تەواوی ئەوماوەچەند ساڵانەی  کە هێزەکانی یەکیەتی سۆفیەت لە شیمالی ئێراندا بوون هەمیشە ڕێبەرانی وڵاتی ئێران لە هەوڵ دابوون کە دووبارە هێزی نیزامیی دەوڵەتی ناوەندی بۆ ئازەربایجان و کوردستان بنێرنەوە و بەو مەبەستە ئێران لە ڕێگای پەیوەندی ڕاستەوخۆی دیپلۆماتیک دەگەڵ سۆفیەت و هەم لە ڕێگای فشاری دەولەتە بەهێزەکانی غەرب بە تایبەت ئەمریکا و لە ئاخردا بە ناردنی شکایەت بۆ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و لەڕێگای فشار خستنە سەر هەرکام لە کۆمارەکانی ئازەربایجان و کوردستان شێلگیرانە بەدوای ئەو ئامانجەوە بوو.

وێدەچی هەوەڵین شکایەتێک کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پێی ڕاگەیشتووە شکایەتی ئێران لە شوورەوی بووە سەبارەت بە کشانەوی هێزەکانی ئەو وڵاتە لە خاکی ئێران و ئەو بابەتە وەک نموونەیەکی گرینگ بۆ تاقیکردنەوەی (  test

case ) ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەست بە کار بوونی ئەو ڕێکخراوە لە نەزەر گیراوە. ئێستا دەکرێ ئەو پرسیارانە بخەینە بەرچاو :

ئەگەر ڕەوتی مێژوویی ڕووداوەکان ئاوابووە وەک باسمان کرد چۆن یەکیەتی سوفیەت کە لە هەموو ڕەوتی ئەو کێشەیەدا بووە بێ ئاگابووە لە مەبەستی ئێران لە ناردنەوەی هێزەکانی و ئەگەریش ئاگادار بووە چۆن وا سووک و سادە قوبووڵی کردووە و قانع بووە کە مەبەستی ئێران لە ناردنەوەی هێز بۆ ئازەربایجان و کوردستان تەنیا ئامادە کردنی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنە؟ بە دوای گیرانەوەی زەنجان و حەرەکەتی هێزی دەوڵەتی ناوەندی بەرەو تەورێز بەرێوە بەرانی حکومەتی کوردستان بۆیان ڕوون بۆوە کە هیچ پشتیوانێکیان نییە و کۆماری کوردستان بۆخۆی بە تەنێ بەرەورووی هێزەکانی دەوڵەتی ناوەندی دەبێتەوە و پێشیان وابوو سەرەنجامی کۆماری کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر بە مەسەلەی مانەوەی کۆماری ئازەربایجانەوە گرێدراوە. لەڕاستی دا بە مەحزی کەوتنی تەورێز هەر سێک لە قازیەکان (قازی محەمەد، سەیفی قازی، سەدری قازی ) و حاجی بابەشێخ لە ١٦ی مانگی نوامبردا خۆیان بە هێزەکانی دەوڵەت تەسلیم کرد ڕۆژی دوایە ١٧ی نوامبر هێزەکانی سپای ئێران هاتنە نێو شاری مهابادەوە و لە نیهایەت دا کۆماری کوردستان ڕووخا. پێویستە ئاماژە بەو خاڵە بکەم سەرەڕای ئەوەی کەسانێک وەک مستەفا بارزانی و جەعفەری پیشەوەری داوایان لە قازی محەمەد کردبوو خۆی بەدەستەوە نەداو قازی بۆخۆشی دەیزانی ئیحتمالی لەداردانی هەیە دیسانیش خۆی بەدەستەوە دا.

دارمانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی پێوەندە نێو نەتەوەییەکاندا.

بێ شک ڕووخانی کۆماری کوردستان جیا لە چوارچێوەی پێوەندە نێو نەتەوەییەکانی هێندێک هۆی جیاواز و گرینگی دیکە وەکوو هۆیەکانی ناوخۆیی کۆماری کوردستان هەروەها پێوەندیەکانی ناوخۆیی ئێرانیش لە خۆ دەگرێ کە جێگای باس و وردبوونەوەیە هەرچەند ئەو بابەتە لە لایەن نووسەران و لێکۆڵەوەران بە ڕوانگە و بۆچوونی جیاوازەوە لە بۆنەی جۆراوجۆردا خراوەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە ئەمنیش لێرە هەوڵ دەدەم باسی هۆیە نێو نەتەوەییەکان بەتایبەت ئەو هەوڵە دیپلۆماتیکانەی وڵاتی ئێران بۆ پاشەکشە پێکردنی ئەرتەشی ڕووسیە و بە جێهێشتنی خاکی ئێران و دواییش تێکشکاندنی کۆماری کوردستان گرێدراو بە چوارچێوەی پێوەندە نێو نەتەوەییەکانەوەبکەم.

یەک لە مەسەلە گرینگەکان چۆنیەتیی پەیوەندی ئێران دەگەڵ سێ وڵاتە بە قودرەتەکانی جیهانە و دەبێ لە بیرمان بێ کە ڕۆیشتنی سپای سوفییەت لە ئێران لە سەر ڕووخانی کۆماری کوردستان کارکردی هەبووەو جێگای باسی ئێمەیە. ماوەیەکی کورت دوای داگیرکردنی شیمال و جنوبی ئێران لە لایەن هێزەکانی شووڕەوی و ئینگلیسەوە لە ساڵی ١٩٤٢ دا حکومەتی ئێران بە شێوەیەکی بەرچاوباسی دەخالەتی سۆفیەتی لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتەکەی دا کردووە و دوای تەواو بوونی شەڕی جیهانیی دووهەم دیسان ئێران ڕۆیشتنی سپای سۆفیەتی ڕاستەوخۆ بە مەسەلەی دەخاڵەتی ئەو وڵاتەی بە دەست تێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتەکەیەوە گرێداو توانی زۆر زوو ئەو قەزییەیە بکاتە پرسێکی نێو نەتەوەیی. مانای دیکەی ئەو قسە ئەوەیە لە کاتی درێژەی شەڕدا ئێران توانی پشتگیریی ئەمریکا سەبارەت بە چوونە دەرەوەی ئەرتەشی ئینگلیس و شووڕەوی دوای کۆتایی شەڕ لە خاکی ئێران بە دەست بێنێ و ئەمریکا ئەو مەتڵەبەی لە کونفرانسی تاران لە دیسامبری ١٩٤٣ دا هاویشتە نێو دەستووری کاری کونفرانسەکەوە. لە ڕاگەیاندراوی کۆتایی کونفرانسەکەدا هەر سێ قودرەتی گەورەی ئەوکات (ئەمریکا، ئینگلستان، .شووڕەوی ) پێداگرییان کردبوو کە دەگەڵ ویستی ئێران، پاراستنی (وەحدەتی ئەرزی، و ئیستقلال و حاکمیتی ئێران) هاوڕا و هاو عەقیدەن. لە دوایین ڕۆژەکانی شەڕدا ئێران بە شێوەی ڕەسمی داوای کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان بە تایبەت یەکێتی سوفیەتی دەکرد لە لایەکی دیکەشەوە ئینگلیسیەکان لەوە دەترسان ئەگەر ئەوان هێزەکانیان لە ئێران بکێشنەوە لەوانەیە ڕووسەکان ئەو کارە نەکەن و هەر لە ئێران بمێننەوەبۆیە پێشنیاریان کرد هەردوو وڵات هاوکات پێکەوە هێزەکانیان لە ئێران بەرنە دەرێ یان وەکوو ڕێکەوتن نامەی ١٩٠٧ لە نێوان خۆیاندا بە دوو حەوزەی نفووز دابەشی کەن و ئێرانیش دوای کۆتایی شەڕ لە ئوروپا لە مانگی مای ١٩٤٥ بە شێوەیەکی بەربڵاوتر داواکاری چوونە دەری هێزەکانی بێگانە لە وڵاتەکەی بوو بۆ وێنە لە کونفرانسی موسکۆ (٣٠ مانگی دیسامبری ١٩٤٥) دیسان مەسەلەی چوونە دەری هێزەکانی بێگانە و کێشەکانی ناوخۆیی و دەدرکی ئەو وڵاتە بوو بە باس و کێشەی ئەسڵیی کونفرانسەکە و لە سەر پێشنیاری بۆئین وەزیر کاروباری دەرەوەی بریتانیا کومیتەیەکی سێ لایەنە لە نوێنەرانی ئەمریکا ئینگلستان وسۆفییەت دروست کرا و بریار درا ئەو کومیتەیە بۆ ڕەفعی موشکیلاتی ناخۆیی و دەرەکیی ئێران هەنگاو

هەڵێنێتەوە و یاریدەی ئێران بدا یەک لە ئامانجەکانی ئەو کومیتەیە دروست کردنی ئەنجومەنەکانی ئەیالەتی( provicial councils) لە کوردستان و ئازەربایجان لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی وەکوو یەکێک لە کێشەگرینگەکانی ئەو وڵاتەبوو ئەوەش بڵێم چونکە هەڵوێستی ئەو سێ وڵاتە بە هێزە بۆ چۆنیەتی هەڵسووڕانی ئەو کومیتەیە وەک یەک نەبوو و هەڵویستی ئێرانیش روون نەبوو کاری ئەو کومیتەیە نەگەیشتە هیچ سەرەنجامێک و هەرچەند ئەمریکا یەک لە ئەندامانی ئەو کومیتەیە بوو ئەمما داوای لە ئێران دەکرد مەسەلەی چوونە دەری هێزەکانی سۆفیەت بەرێتە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و قەولی پشتگیریی ئێرانی لەو قەزییەدا دابوو بە ئێران. رۆژی ١٩ ی مانگی ژانویەی ١٩٤٦ راست دوو رۆژ دوای هەوەڵین کۆبوونەوەی شوورای ئەمنیەت ئێران شکایەتی خۆی پێشکەشی ئەو رێکخراوەکرد ناوەرۆکی شکایەتی ئێران دوو خاڵی گرینگ بوو :

١،دەست تێوەردانی رووسیە لە کاروباری ناوخۆیی ئێران لە رێگای پشتیوانی لە کوردەکان و ئازەربایجانیەکان .

٢، قوبووڵ نەکردنی بەجێهێشتنی خاکی ئێران.

هەرچەند جەلەسەیەکی شوورای ئەمنیەت بڕیاری داکە کێشەی نێوان ئێران و سۆفیەت باشترە لە رێگای وتووێژی راستەوخۆی ئەو دوو وڵاتەوە چارەسەر بکرێ دیسانێش ئێران شێلگیرانە دەیویست لە رێگای رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە سۆفیەت مەجبوور کرێ هێزەکانی لە ئێران بەرێتە دەرێ. یەکێک لە هۆیە گرینگەکانی پێداگری ئێران بۆ چوونە دەرەوی سپای سۆفیەت لە وڵاتەکەی ئەوە بوو کە دەوڵەتی ئێران و زۆر لایەنی نێو نەتەوەیی و تەنانەت خودی کوردەکان و ئازەربایجانیەکانیش پێیان وابوو بەقای حکوومەتەکەیان بە مانەوەی هێزەکانی سۆفییەت لە ئێراندا بەستراوەتەوە.

لە ٤ ی ئاوریلی ١٩٤٦ دا سۆفیەتەکان و ئێرانیەکان گەیشتنە تەوافوقاتێک و سۆفیەت قوبووڵی کرد لە ماوەی ٥ یا ٦ هەفتەدا هێزەکانی لە ئێران بەرێتە دەرێ و مەسەلەی ئازەربایجان وەک مەسەلەیەکی ناوخۆیی حیسابی بۆ بکرێ ولە بەرابەر ئەوەدا سۆفیەت ئیمتیازاتی نەفتی شیمالی بدرێتێ و بەوجۆرە هێزەکانی سۆفیەت لە خاکی ئێران بچنە دەرێ و چوونە دەری ئەو هێزانە لە ئێران راستەوخۆ بوو بە هۆی تەقویەتی حکومەتی ئێران و دانی بڕیاری هێرش بۆ هەردووک حکومەتی ئازەربایجان و کوردستان و خاتیمە دان بە دەسەڵاتی ئەو دوو حکومەتە بوو. لە راستی دا پشت نەگرتن و لە سەر وەجواب نەهاتنی سۆفیەت لە سەر هێرشکردن بۆ سەر ئەو دوو حکومەتە لەو کاتدا بۆ چاوەدێرانی سیاسی و رێبەرانی ئێران و دەوڵەتی ئەمریکاش چاوەڕوان نەکراو بوو . پێویستە وەبیر بێنمەوە لە پەیوەند دەگەڵ چوونەدەری سپای سۆفیەت لە ئێران و هۆیەکانی و ئاکامەکانی نە تەنیا لەلایەن مێژوونووسان کە لێکدانەوەی جۆراوجۆریان لەو بابەتەوە هەیە بەڵکوو دیپلومات و بەرپرسانی ئەمریکاییش تەعبیر و تەفسیری جیاوازیان بڵاو کردۆتەوە و هەرچەند پێشتر باسی رۆڵی سۆفیەت و پەیوەندەکانی دەگەڵ کوردستانمان کرد و کەم و زۆر ئیشارەمان بە رۆڵی ئەمریکا و ئینگلستانیش کرد بەڵام رۆڵی ئامریکا و ئینگلستان ئیحتیاجی بە وردبوونەوە و هەڵسەنگاندنی ژیرانە هەیە . راستی ئەوەیە لە زۆر مەتنی تەحقیقیی پەیوەنددار بە مەسەلەی کوردەوە ئێمە وامان داناوە کە هەڵوێستی ئەو دوو وڵاتە بۆ داڕمانی کۆماری کوردستان بە تایبەت لە رۆژەکانی ئاخریدا وەک یەک وابووە لە حالێکدا ئێمە هیچ سەنەدێکی موعتەبەری وامان بە دەستەوە نییە کە نیشان بدا ئینگلیسیەکان شێلگیرانە هەوڵی رووخانی حکومەتی کوردستانیان دابێ بەڵام ئەریکاییەکان رۆلێکی وایان بووە و راستەوخۆ و ناراستەوخۆ بێجگەلەو فشارەی بۆ تەخلیەی خاکی ژێران بۆ سەر سۆفیەتیان هێنا و بە شێوەی ئاشکرا لە هەوڵەکانی دەسەڵاتی ناوەندی بۆ رووخاندنی کۆماری کوردستان پشتیوانیان کرد بۆ وێنە سەفیری ئەمریکا لە تاران ( gorge allen) لەو بارەوە زۆر چالاک بووە و لە پشتیوانی کردن و تەقویەتی ئێران زۆر چووبوونە پێشێ و بێجگە لە حیمایەتی سیاسی و دیپلوماسی یاریدەی ئابووری و خزمەتگوازاریشی دەگرتەوە هۆی ئەو پشتگیریە ئەوە بوو کە پێیان وابوو ئێرانێکی کز و لاواز توانای بەربەرەکانی فشارەکانی سۆفیەت و ئینگلیسی نابێ بەڵام ئێرانێکی بە هێز دەتوانێ خزمەت بە بەرجەوەندیەکانی ئەمریکا بکا.

مەسەلەیەکی دیکە لە پەیوەند دەگەڵ چوونە دەرەوەی هێزی نیزامی سۆفیەت زۆر پر رەنگ بوو ئەویش بە کارهێنانی دیپلوماسی بوو کە ئێران تێیدا سەرکەوتوو بوو . ئەو دیپلوماسیە بە دوو شکلی لە زاهیردا دژ بەیەک ئەمما لە راستیدا

تەکمیل کەرەوەی یەکتر بوون لە لایەکەوە فشاری زۆر بۆ سەر سۆفیەت بە هۆی دەرگیرکردنی ئەمریکا بەو مەسەلەیەوە و دەستەبەرکردنی لایەنگریی ئەمریکا بۆ ئێران و لە لایەکی دیکەوە تا ئەو جێگایەی بگونجێ نەرم و نیابوون بەرامبەر بە شوورەوی لە وتووێژی راستەوخۆ دابوو ئێران وای خۆ نیشان دەدا کە دەتوانێ جیرانێکی باش بۆ سۆفیەت بێ و بەرجەوەندیەکانی سۆفیەت بپارێزێ . لە ئاخروئۆخری مانگی دیسامبری ١٩٤٥ دا شای ئێران کەوتە فکری گۆڕینی سەرۆک وەزیرانی ئێران بۆیە لە ئاخری مانگی ژانویەی ١٩٤٦ دا ئیبراهیمی حەکیمی وەلانرا و قەوام بوو بە سەرۆک وەزیران . وەک سەفیری ئێران لە لەندەن کوتی رووسەکان لە هەوەڵەوە دەیانویست قەوام ببێتە سەرۆک وەزیر و ئەوەش مانای ئەوە نیە کە هەرچی ئەوان کوتیان قەوام بەرێوەی بەرێ بەلکوو بە پێچەوانە قەوام پێداگری لە سەر ئەو شتانە دەکرد کە بۆ ئێران قابیلی قوبووڵ نەبوون بەلام کارێکی وای دەکرد کە بۆ ویستەکانی رووسیە پێگە و جێگەیەک قایل بێ. ئەو راستیەمان لە بیر نەچێ لە سەفەری هەوەڵی قەوام بۆ موسکۆ لە ١٩ ی مانگی فێوریەی ساڵی ١٩٤٦ کە سێ هەفتەی خایاند ویستەکانی سۆفیەت کە بریتی بوون لە :

ئێران کۆماری ئازەربایجان بە رەسمی بناسێ، بەشێک لە هێزەکانی شوورەوی لە ئێران بمێننەوە، شوورەوی کومپانی هاوبەشی ئێران و شوورەوی و ئیستخراجی نەفتی شیمالی ئێران وەستۆ بگرێ ، ناوبراو هیچکام لەو ویستانەی قوبووڵ نەکرد. دەبێ ئەوەش وەبیر بێنمەوە وشەی کورد و کۆماری کوردستان زۆر یا کەم لە نێو ویستەکانی شوورەوی دا نەهاتووە و تەنانەت باسیشی لێنەکراوە. لەو کاتە دا قەوام پێیوابوو ئەگەر رووسەکان بە راستی بەرەو رێگا چارەی ئەو گیرو گرفتانە هەنگاو هەڵێننەوە دەکرێ بە دانی ئیمتیازی نەفتی شیمال بە شەرتێک رووسەکان ئازەربایجان چۆڵ کەن رێک کەوتنێکیان دەگەڵ بکرێ لە لایەکی دیکەوە پێش گەڕانەوەی قەوام لە موسکۆ ئەمریکاییەکان شای ئێرانیان دنە دەدا لە بەرامبەر ویستەکانی رووسەکان دا راوەستێ و دوای گەڕانەوەی قەوام بۆ تاران ئەویشیان بۆ ئەوبەربەرەکانیە دنە دەدا. لە سەر یەک بەو هەڵوێستە قایمەی ئەمریکا دیسان قەوام و دیپڵوماسیی ئیران لە سەر دووخەتی جیاواز بەڵام لە تەنیشت یەکتر درێژەی پێدرا. لە لایەکەوە رێک کەوتن و تەوافوق لە گەڵ رووسیە و لە لای دیکەوە هەموو فشاری مومکین بۆ رۆیشتنی هێزی نیزامیی رووس لە ئێران . ئێرانیەکان کاتێک هەستیان کرد حکوومەتی ئەمریکا روون و ئاشکرا لەو کێشانەی ئێران تووشی هاتووە پشتی ئێران دەگرن و لە شوورای ئەمنیەتیش دا پشتی ئێرانی گرتووە لە وتووێژەکانیان دەگەڵ سۆفیەت روونتر و قایمتر هەلوێستیان دەگرت بەو جۆرە لە حالێکدا دانیشتنەکانی ئێران و سۆفیەت ئیدامەی هەبوو ئێران دوای رەدکردنەوەی سێ مەرجەکەی رووسیە دیسان بە پشتیوانی ئینگلیس و ئامریکا کێشەکەی لە شووڕای ئەمنیەت دا هێناوە گۆڕێ ئەوەش فشارێکی تازەبوو بۆ سەر رووسیە و ئەو وڵاتە داوای کرد ئەو قسەوباسانە تا ١٠ ی مانگی ئاۆریل وەدوا بخرێ سەرەنجام ئێران و سۆفیەت لە ٤ ی مانگی ئاوریلدا لە سەر هێندێک پیشنیار رێک کەوتن کە بریتی بوو لە رۆیشتنی سپای سۆفیەت لە ئێران وقەبڵاندنی مەسەلەی ئازەربایجان وەکوو مەسەلەی ناوخۆیی ئێران و لە بەرابەر ئەوەدا ئیمتیازی نەفتی شیمال بە رووسیە بدرێ لە راستیدا جەوهەر ئەسڵیی ئیدەکانی قەوام لێرە روون بۆوە و بەو رێککەوتنە لە مانگی ئاوریلی ساڵی ١٩٤٦ دا یەکیەتی سۆفیەت دەستی بە گێرانەوەی هێزەکانی بۆ نێو خاکی خۆی کرد.

وەرگیراو لە کتێبی (نگاهی به مفاهیم ملت ، ملی گرایی و مسئله ملی در کردستان) ترجمه و تالیف جلال سیادەت.

لە فارسی را کراوەتە کوردی و کورت کراوەتەوە.

زنجیرە وتار: کۆماری کوردستان- دووی ڕێبەندان (٥)

ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار

---

گرتنی پادگانیمیاندواو و یارمەتیدانی فیداییەکانی ئازەربایجان

دەمانبیستەوە کە لە لایەن ئازەربایجانێ وردە وردە شاڵاو دەبەنە سەر پۆستەکانیان هاواڵەکانم گوتیان برۆ بۆ لای قازی و پێی بڵێ کە ئێمەش بە چەکی خۆمانەوە حازرین بڕۆین بە کومەگی ئازەربایجانەوە منیش چوومە لای قازی و پێشنیاری خۆم و هەواڵەکانم دەگەڵ باس کرد دە جوابدا کوتی جارێ دەست راگرن بۆخۆم پێتان دەڵێمەوە. چاوەڕوانمان کرد تا قازی پێمان بڵێتەوە بەڵام قازی چ دەنگی نەبوو چەند جارێکی دیکەش چوومە لای کەچی بێسوود بووتا شەوێکی چەند ئەفسەری شۆڕەوی هاتن و چوون بۆ لای قازی لە مەحکەمەی. هاواڵەکانم گوتیان ئێستا کاتی چاکەبڕۆیە لای و لە کن ئەو ئەفسەرانە داواکارییەکە مانی پێبڵێی من کە پێشتر چەند جارێک سەبارەت بەو باسەوە چووبوومە کنی شەرمم دەکرد زووزوو بڕۆمە لای و سەری بگرم ناچار چووم قسەم دەگەڵ کەریم خوسرەوی کرد و ئەوم ناردە کن قازی و تێمگەیاند کە دەبێ بڵێ چی . ئەو کە قسەکەی دەگەڵ قازی باس دەکات قازیش پرس بە رووسەکان دەکات ئەوانیش دەڵێن زۆر چاکە هەر کەس مەیلی لێیە با بڕوات کەریم هاتەوە و خەبەرەکەی دایێ و کوتی قازی دەڵێ بڕۆن منیش هەر ئەو شەوە چوومە گاڕاجی دوو ماشێنم هێنا و ٤٥ نەفەر کە زۆربەیان قاچاغ و قاچاغچی بوون و هەموویشی بە چەکی خۆیەوە سواری ماشێن بووین و بە نێو میاندواودا چووینە تەغیابات(١) کە فیدایی ئازەربایجان لەوێ بوون .ئارامی ئەرمەنی (٢) ساختەچی رەئیسی ئەو فیداییانە بوو بە وارید بوونی ئێمە زۆریان پێخۆش بوو. ئەو شەوە لە تەغیابات جێ و رێیان نیشان داین. بۆ بەیانی پاش نانخواردن ئارام گوتی بڕۆن بۆ میاندواو. قارەمان نێوێک کە ئەویش هەر هەرمەنی بوو وەپێشمان کەوت بۆ میاندواو لەوێ لە چایخانەی مەلا نێوێک کردمانە مزڵ لە تەنیشت پادگانێ بەرامبەر بە ئیدارەی دژبان لای خوارەوەشمان ئیدارەی ئەمنییە بوو بارگە و بنەمان بە عەرزێ دادا و بۆی دانیشتین چەند رۆژان لەو چایخانەیە بووین بەڵام سەرباز و ئەمنییە وەدەر ناکەون شوێنەکانی خۆیان هەموو سەنگەربەند کردووە جارجار و کەم و کوور ئاژان دەردەکەون شەوێک لە دوویان ناردم بۆ تەغیاباتێ کە چووم چەند نەفەر لای ارام بوون. یەکیان پێیاندەکوت عەزیمی پاش چاک و خۆشی کردن دەگەڵ من رووی دەئارامی کرد و بە سرت و خورت کەمێک دوان ئەو جارسێ کەسیان هەستان و دەستیان دە دەستی هەموویان نا و وەدەرکەوتن ئەوان کە رۆیشتن ئارام رووی تێکردم و گوتی :

دەزانی بۆچی لە دووی تۆمان ناردووە ؟ چوار نەفەر پیاوی گەورە هەن دەبێ لە نێو بچن ئەو چوار کەسە دەسترۆیون و پشتیوانی لە دەوڵەت دەکەن و ناهێڵن پادگان و ئیدارەکانی دەوڵەت دەستی فیداییەکان بکەون ئێستاش لە تۆ بەولاوە لە کەسی تر رانابینین تا ئەو کارەمان بۆ بکا کوتم ئەو کەسانە ناناسم یەک دووهەم ئەو هەموو فیدایی ئازەربایجان هەیە بۆچ بەوان ناسپێری ئەو فیداییانە ئەو کەسانە زۆر بە باشی دەناسن رێوشوێنەکەش لە من باشتر شارەزان هەرچی کوتم و کراندم بیانوویەکی هێنایەوە ئەو هەرمەنییە ساختەچیە زۆر زمانلووس و تەڵەکە باز بوو ئاخری پیشاندمی و بەڵێنیم پێدا. کوتم من ئەو کەسانە ناناسم دەبێ کەسێکم بە شارەزا دەگەڵ خەی ئەویش هەمان کوڕە هەرمەنی کە دەگەڵمان هات بۆ میانداوێ و ناوی قارەمان بوو بە چاوساغ دایمێ. و دەگەڵمان گەڕاوە بۆ میاندواوێ . هەر ئەو رۆژە دەگەڵ هەواڵەکانم لە چایخانە دانیشتبووین هەتیوی هەرمەنی وەژووری چایخانە کەوت و چاوێکی لێتروکاندم و بانگی کردمە دەرێ مستەفا زینەتی ئەوەی دیت و وەدووم کەوتە دەرێ هەرمەنی کوتی: مەشەدی سەلیم خان وا لە ژێڵڵادێت. چوومە نێو خەیابان و سەلیم خانیش دەگەڵ چەند کەسان بە قسەکردن لێمان نزیک دەبۆوە ئەوانەی دەگەڵی بوون چوون بۆ گاڕاج و خۆشی

چوو بۆ دژبان تاوێکی خۆش لەوێ مایەوە دیار بوو تەلەفونی دەکرد پاشان لە دژبان هاتە خوار و سوالکەرێک لەبەر دەرکی دژبان دەستی بۆ درێژ کرد و دەریهێنا پارەی دا بە سوالکەرەکە لەو دەمەشدا چەند نەفەر نۆکەری ئاغاکانی دێبوکری تووشم ببوون و دەقسەیان گرتبووم بابی توورێکیان لێ حالی نەدەبووم ئاخر هۆشێکم هەر لە سەر مەشەدی سەلیم خان بوو خۆ نەمدەزانی باسی چی دەکەن هیچ گوێم نەدەدا بە قسەکانیان لەو عانەیدا خان یەکسەر بە نێوەڕاستی خەیاباندا هات تا گەییە ئاستی ئێمە چاوم لە مستەفای ترووکاند و کوتم زووبە مستەفاش دەریهێنا تفەنگێکی لێدا و کابرا کەوت و کەلاکی درێژ بوو. ئەو پیاوانەی لە لام بوون کە ئەوەیان چاو پێکەوت دەخۆیان نووسان و رایانکرد هەرچی بازار و دوکانی ئەو شارەبوو تێکیان هاویشت و دایانخست و یەکسەر بۆ ماڵەوە کەس لەو نێوەدانەما. کووچە و کۆڵان ، بازاڕوخەیابانی ئەو شارە چۆلوهۆل بوو ئێمە بۆمان نەکرا بگەڕێینەوە بۆ لای هەواڵەکانمان لە راستیدا ئەوان خەبەری ئەوکارەیان نەبوو کە ئێمە کردمان کە وادەزانن دەچنە سەربانی چایخانە و دەوروبەری و رووبەرووی پادگان و ئیدارەی ئەمنییە خۆیان قایم دەکەن و چاوەڕوانی پێشهاتەکان دەبن من و مستەفاش رووومان لەو چایخانەیەکرد کە لە لای کارخانەی قەندی بوو پاشان چەند ساڵداتێکی شۆڕەوی بە سواری دێنە نێو شار و کەمێک دەخولێنەوە و دەست بە سەر دۆخەکەدا دەگرن کە وڵات ئەهوەن بوویەوە ئێمەش هاتینەوە لای هەواڵەکانمان لالووت بوون دەیانگوت بۆچی کە ئەوکارەتان دەکرد بە ئێمەشتان نەدەکوت با هەموو بەیەکەوە کردبامان ئەدی گەر کێشەیەک بۆ ئێوە ساز بووبا چیتان دەکرد گوتم من دەمزانی کە هەرمەنی بۆ ئەوکارە چاوی لە من ترووکاند و بانگی کردمە دەر و منیش دووی کەوتم تا ئێوە بە کارەکە نەزانن و کێشەتان بۆ ساز نەبێ و گەر بەڵایەک بە سەرم هاتبا با هەر من تێداچووبام نەک ئێوە. هەمووتان خەریکی قومار کردن بوون و تەنیا مستەفا ئاگای لێبوو کە هەرمەنی چاوی لە من هەڵترووکاند بۆیە دووم کەوت دەنا ئەویشم نەدەبرد . بەو قسانە ئەهوەنم کردنەوە و لە دڵیان هاتە دەر ئەوە یەک لەو چوار کەسە لە ناوچوو مایەوە سەرگوردی ئەمنییە و خانێکی دیکە بە ناوی سارم خان و چوارمین کەسیشم لە بیر نەماوە هەر ئەو رۆژە زۆر چاوەرێ بووین کە ئارامە ترکەنی هەرمەنی کەسێک بنێرێ تا دەگەڵمان بێتە بەڵەدی و ئەو دوو کەسەی دیکەمان نیشان بدات بەڵام کەس نەهات ونەمانزانی لە ترسان لە چ کونێکدا خۆی شاردۆتەوە ئێمەش سەرگوردی ئەمنییە باش دەناسین خۆمان لە کۆڵان حاشاردا بەشکوو بەو شوێنەدا بێت و بڕوات ئێمە شەش کەس تا لای نیوە شەوچاوەڕوان بووین کەس بەو ئارامانەدا نەهات و نەچوو. ناچار خەو هێرشی هێناو چووینەوە بۆ چایخانە و لێنوستین بەیانی خەبەریا پێدایین کە پاش کوژرانی ئەو خانە ئیدارەی ئەمنییە بە شەو رایانکردووە. دەستێک فیدایی ئازەربایجان بە سەرۆکایەتی ئیلخانی ئەرمەنی لە کارخانەی قەندی بە ماشێنی راوەستا بوون ئێمەشیان گاز کردو سواری ماشێن بووین وەدووی ئەمنییەکان کەوتین بۆ هەوشار و چارداوروو تا گەیشتینە دێی ئیفتیخاری چارداوروو لە رێگا دوو ئەمنییە تووش بووین و چەکمان کردن و سواری ماشێنمان کردن درکاندیان کە چەند ئەمنییە لەو دێیە خۆیان حەشار داوە چووینە نێو دێ ئیفتیخار خۆی و چەند نەفەر لە دێ بوون هەڵمپێچان بۆ ئەمنییەکان حاشای دەکرد و دەیکوت شتی وا هەر نییە ئەمنییەی چی و شتی چی؟ خەریکبووم بیکوژم کەچی ئیلخانی هەرمەنی سەرۆکی فیداییەکان پێشی پێگرتم بە هەواڵەکانم کوت دێیەکە هەمووی بگەڕێن. لە ماڵە ئاغای دوو بارگین کە وادیاربوو بارگینی ئەمنییە بوون لە تەویلە دەریان کێشان دیسان ئیفتخارم هەڵپێچا بەڵام هەرمەنی گاور رازی نەبوو بە ناچار دێمان بە جێهێشت و تا مەحموودجغ شوێنیان کەوتین بەڵام هیچمان دەستگیر نەبوو گەڕاینەوە بۆ دواوە لە کارخانەی قەندی دەگەڵ فیداییەکان لێکهەڵبڕاین ئەوان چوونەوە بۆ تەغیابات و ئێمەش چووینەوە بۆ میاندواو.

ئەوە ئیداراتی دەوڵەتی لە تەورێز و مەراغە تەسلیم بە خەڵک و فیداییەکان بوون لە هەموو شارەکانی ئازەربایجان هەر ئەمنییە و پیاوی دەوڵەتە چەک فڕێدەدەن و هەڵدێن بەڵام ئەو میاندواوە تەسلیم نابێ بە کوشتنی سەلیم خان هەوەڵ شەو ئیدارەی ئەمنییە و ئەو خان و مانانەی میاندواو کە لاگیری دەوڵەت بوون هەموو رایانکرد ماوەتەوە پادگانی میاندواو کە یەک دوو هەزار سەربازی لێبوو ئەویش وەک دەیانکوت ئەو مەشەدی سەلیم خانە پێشی پێگرتبوو کە خۆ تەسلیم نەکەن کوتبووی تەسلیم مەبن من ئازووقەی چەندین ساڵتان دەدەمێ ئێستا کە تەشریفی کۆچی دوایی کردووە ئیدی پشت و پەنای سەربازخانە نەماوە و ورەیان دابەزیوە هەر ئەو شەوە لە لایەن عەزیمییەوە ئەمرم بۆهات کە دەبێ دەگەڵ هەواڵەکانم پادگان دەورە بدەین دەنا رادەکەن شەو لە دەوری سەربازخانە خۆمان حەشاردا سەربازەکان لە قوڵلەکانەوە قسەمان دەگەڵ دەکەن لای نیوەشەو بوو سەربازێک لە قوڵلەیەکەوە کوتی ئەوە نەفەرێک دەنێرینە لاتان بۆ قسەکردن تەقەی لێمەکەن دیتمان نەفەرێک چرایەکی دەستی لە پێشەوە داییسێت هاتە لامان گرووبانێکی جحێل بوو دەورەمان دا و هێنامانە لای خۆمان کوتی ئێمە تەسلیم دەبین منیش چوار نەفەرم دەگەڵ خست و ناردم بۆ تەغیاباتێ تا ئەوان چوون و

هاتنەوە رۆژ بۆوە چەند نەفەر ئەفسەری ئازربایجان دەگەڵ ژێنێڕاڵ عەزیمی هاتن و دەستیان دەناودەستی نام و بڕێکیشیان شووتی وەبن هەنگڵیدام و لە سەر بارودۆخی سەربازخانە لێپرسیم و منیش هەمووم بۆ باس کرد دەو قسانەدا بووین دیتمان ئەوە فیدایی ئازەربایجان رێچکەیان بەستووە و دێن لە ژێڵلا بڕێکیان دێن و خۆ لە عەرزی دەدەن یانیها ئێمە سەربازخانەمان دەورە داوە وردەوردە سەربازخانە خۆی بەدفەستەوە دا عەزیمی خۆی و چەند نەفەر ئەفسەرەکە چوونە ناو سەربازخانە  تا کەل و پەل لە سەربازەکان وەرگرن و لە سەربازخانە وەدەریان نێن و رەوانەیان کەن بۆ ئازەربایجان بەڵام ئێمە کە بووین بە باعیسی خۆ بەدەستەوەدانی سەربازخانە رێگایان نەدا بچینە ناو پادگانەکە تەنیا بۆ دەستخۆشانە دوورەشاشی قورس و چەند تفەنگی برنو و هەر نەفەر و قومقومەیەکی ئاویان دا بە پێشمەرگەکان و گەڕاینەوە بۆ شار. لە شاری ئیدارەی ئەمنیە دەستی لێنەدرابوو باقی حەسەنە شەلی خۆی و چەند پێشمەرگە چوون و ئاژانەکانیان چەک کرد ئیدارەی ئەمنییەش کە پێشتر چۆڵیان کردبوو چووین لەوێ جێبگرین ئەوەندەمان زانی دەستێک سواری فیدایی ئازەربایجان هاتن بڕێک خۆیان تووڕە کرد و وەدەریان نایین باقی حەسەنە شەلی خەریک بوو کێشە بکا من نەمهێشت و ئەهوەنم کردەوە بە فیداییەکانم گوت : ئێوە شەو لە کوێ بوون کە ئێمە سەربازخانەی دەوڵەتمان بۆ خستن ئێستا شنگڵتان لە خۆتان داوە و هاتوونە سەر حازری و بزری و ئێمە دەردەکەن.من لەوکاتەوە ئەو ئازەربایجانانە باش دەناسم و دەزانم چ ماڵێکن ئەوانە جامینی کوردیان ناوێ ئێستا نێویان لە خۆیان ناوە ئازەربایجانی لەوەپێش ئەوان بە ئێمەیان دەکوت کورد ئێمەش بەوانمان دەکوت عەجەم ئەو میاندواوە سابڵاغی گرتی ریشەی کارەسات سابڵاغی لە نێوی برددەنا ئەوە غیرەتی عەجەمان نەبوو تخوونی خان و مان و ئەمنییە و نەزمیە و سەربازخانەی حکومەت بکەون زۆرمان کۆمەگ بەو عەجەمانە کرد وەنەبێ بە خەیاڵ بێت یان درۆ شایەدی موحتەبەر هەیە هیچ ئەو پێشمەرگە و هاوالانەی لە میاندواو دەگەڵم بوون ئەفسەری شوڕەوی کە لەو ناوچەیە بوون هەمووی ئاگادارن بە تایبەت( نماز علی اوف) لە هەموویان ئاگادارترە کە من چیم بۆ ئەو عەجەمانە کردووە و تەنانەت لە داهاتووشدا هەر بۆمکردن کە باسی دەکەم ئەوەندەم کرد بۆیان کە لە لایەن ئەفسەرانی شۆڕەویەوە خەڵات کرام هەر خۆم دەزانم چ عازابێکم بۆ ئەو تورکانە کێشاوە. بەلێ شان بە شانی ئەو ئازەربایجانیانە میانداومان لە دەوڵەت پاک کردەوە هەتا دەگاتە مەحموودجخ و هۆڵە سو جا ئارامی هەرمەنی سپیەی داکوتا لە هۆڵە سو ئاغاکەی ئەو دێیە کە ناوەکەیم لە بیرچۆتەوە یەکجار دەوڵەمەند بوو ئەوکە ساحێب دێ بوو رایکردبوو و ئارامی هەرمەنی بە میراتی ئاغای شاد ببوو و هەموو ئەو قەسرو قوسورەی کە ئاغای جێیهێشتبوو کێشایەوە بۆ تەغیاباتێ کاتێک ژنەکەی ئارامی هات بۆ خاکی شوورەەی دوو ماشێنی کەلوپەلی قیمەتی دەگەڵ خۆی هێنابوو . ئارام لە زەمانی رەزاشای گاراجدار بوو ئەوەی رۆژبەرۆژ گیری کەوتبا نەیبوو بیخوا وهەمیشە مەحتەل بوو ئیتر بەوسەناعەتەی دەستی گیر بوو و خۆی دەوڵەمەند کردو هەتا ملان تێیخزاند. پاشان ئێمە هاتینەوە میاندواو لەوێ گوتیان قازی محەمەد هاتۆتە میاندواو و دەیهەوێ بچیتە تەورێزێ داوای کردووە پێش ئەوەی بڕوا بۆ تەورێز چاوی پێت بکەوێ ئێستا لە ئیدارەی لای (نماز علی اوف) ەکە چووم سڵاوم کرد و ئەویش بە گەرمی سڵاوی ئەستاندمەوە و فەرمووی کردم تا لای دانیشم زۆر بە رووخۆشی حال و ئەحوالی پرسیم و تاوێکی باش دەگەڵم دوا (نماز علی اوف) لەلای قازی زۆر هەڵیدامەوە و تاریفو پەسنی منی کرد و هەروا بە دەم پێهەڵاکوتنمەوە لە سەر جێی خۆی راست بۆوە و دوو قوتووی دەرهێنا و دای بەمن و گوتی:ئەوە خەڵاتی حکومەتی شۆڕەویە بۆ پیاوە ئازا و نەبەردەکان دەیدەم بە تۆ لەبەر ئەوەی شایانتە منیش زۆرم پێخۆش بوو کە لە کن قازی ئەو خەڵاتەی دامێ ئاخر هەستم دەکرد کە قازی خۆی بە من رووسوور دەزانێو منیش هەروەها وامدەزانی کە هەم قازی و هەمیش کوردم سەربەرز کردووە لە کۆتاییدا قازی کوتی من دەڕۆمە تەورێز تۆش بگەڕێوە بۆ سابڵاغ لێرە کاروبارت نەماوە ئەورۆژە هەموو هەواڵەکان گەڕاینەوە بۆ شاری لەوێ دیتم سەید پیرە لە شوێنەکەی من لە ئیدارەی شارەوانییە دیاربوو کاروباری شاری باش هەڵدەسووڕاندپاش چەندرۆژان قازی لە تەورێز هاتەوە ئازەربایجان حکوومەتی میللی خۆی دامەزراندووە بەڵام قازی هەر لە هاتوچۆدایە و جارێ حکوومەتی دانەمەزراندووە.

(کتێبی کوردبوون بەشێک لە بیرەوەرییەکانی حەمەدی مەولوودی )

(تەوزیحاتەکە ئ وریا ماملێ یە )

(١) تەغیابات یا (تقی آباد) ئەوکاتە گوندێکی میاندواوێ بووە کە دوو کیلومیتر لەو شارە دوور بوو و لە باشووری ڕۆژهەڵاتی میاندواو هەڵکەوتووە ئێستا دەگەڵ شاری میاندواو تێکەڵ بۆتەوە .

(٢) سەبارەت بەو کەسە زانیاری زۆر دەست ناکەوێ وەک دەگوترێ هەرمەنییەکی ئازەری زمان بووە کوردییەکی باشی زانیوە دوکتور ئاسۆ (قادر محمودزادە) لە کتێبەکەیدا دەڵێ کەسێکی دەستڕۆیشتوو بووە لە ناو فیداییەکانی ئازەربایجان و لە میاندواو پیاوێکی ناسراو بووە هەروەها لە ناو فرقەی دێموکراتدا لە باکۆ بەرپرسیارەتیی بەشی دارایی و ئەمانەتداریی ئەو فرقەیەی لە تاراوگە لە سەرشان بووە برایەکی هەبووە بە ناوی عیشقی خان کە دواتر لە باکۆ دەگیرسێتەوە و لە سێبەری فرقە و حزبی کومونیستەوە دەستی زۆر دەڕوا خوشکێکیشی هەبووە بە ناوی وانیا کە ئەویش لە ئازەربایجانی شوورەوی دەگیرسێتەوە و مێرد بە پیاوێکی عەرەبی مووسڵاوی دەکات بە ناوی الحیو هەروەها یەک لەو کەسانە بووە کە راستەوخۆ لە بن دەستی ئەفسەری تایبەتی ئەرتەشی سوور بە ناوی (نمازعلییوف) کاری کردووە و لە شاری سابڵاغیش کەسێکی ناسراو بووە و تەنانەت لە گێرە شێوێنیەکانی سابڵاغ لە ڕووداوەکانی دوای خەرمانانی ١٣٢٠ ی هەتاوی ( مانگی ئوت و سێپتامبری ١٩٤١ ی زایینی) دەستی هەبووە مامۆستا محەمەدی سەمەدی لە کتێبی( تاریخ مهاباد ) لە زمان مامۆستا مەلا قادر مودەریسی لە نامیلکەی ژ،ک چ بوو چی دەویست و چی لێ بەسەرهات لە لاپەڕەی ١٠٧ دا باسی ئارامی هەرمەنی دەکات و بە کەسێکی ئاژاوەگێڕ دەیناسێنێ.

---

**کۆمەڵەی دەوڵەمەندان و کۆمەڵەی کاسب و زەحمەتکێشان**

کتێبی کوردبوون، نووسینی حەمەدی مەولوودی

کۆمەڵە منی کردۆتە داردەست . ئەوەی بۆخۆیان پێیان ناکرێ بە منی دەکەن .سوێندیشم بۆ خواردوون و هەر ئەمرێکیم پێدەسپێرن بە دڵ و بە گیان بۆیان دەکەم. هەرچەندی ژن و منداڵم هەیە بەڵام نە لە مردن دەترسم و نە باکم ژن و منداڵمە. ئاخر من سوێندم بە کوردستان و بە ئاڵای کوردستان خواردووە چۆن دەتوانم لە ئەمریان لابدەم. کەچی تەماشای (کۆمەڵە) دەکەم لە سەید و ئاغا و توجارِ بەولاوە کەس داخیلی ئەو حیزبە ناکەن . زۆر کەسم نێو گوتووە کە ئەوانە پیاوی چاکن و کوڕی ئازا و گیان لە سەر دەستن بەڵام بە گوێم ناکەن و رازی نابن.

رۆژێک لەگەڵ چەند نەفەر لە هەواڵاکانم لە ماڵ رەحیمی عەبدی رەزای کۆ بووینەوە و زۆر لەو حیزبەدواین. ئاخری هاتینە سەر ئەوەی لەو جەماعەتە بکشێینەوە و خۆمان هەر ئەو حیزبە ئیدارە بکەین ، عالەم داخیل بکەین و گەورەی کەینەوە . هەر ئەو رۆژە لە هەموو گەڕەکان شوعبەمان دانا. هەر گەڕەکەی سەرۆک و نووسەری خۆی بۆ دیاریکرا .

سەید محەمەدی عیساقی(ئیسحاقی) سەرۆکی گەڕەکی هەرمەنیان.

سەید محەمەدی حاجی سەید رەحمانی ، گەرەکی حاجی حەسەنیان.

حاجی حەسەنە شەلە گەڕەکی قووڵە قەبران.

مستەفای وسوو قەساب گەڕەکی رەزگەیان.

رەحیمی گەرمێنیان گەرەکی بازاڕی.

لەو پێنج گەڕەکانە شوعبەمان کردەوەو من و میرزا کەریمی گەورک شەوانە بەو گەڕەکانەدا دەگەڕاین و بە سەرمان دەکردەوە. کە خەڵکەکە ئەوەیان دەزانی دەستە دەستە داخیل دەبوون و دەهاتنە نێو کۆمەڵە. هەر بەو مەڕامنامەیەی (کۆمەڵە) سوێند دەخورا و کاریان پێدەسپێردرا و خەڵکەکەش بە دڵ و بەگیان ئامادەی گیانفیدایی بوون. ئەو خەڵکەش هەمووی خەڵکی زەحمەتکێش و کاسب و فەقیرەکە بوون و هیچیان نەبوو کە دڵیانی پێخۆش کەن. بەڵام کابرای دەوڵەمەند کەم واهەیە دڵی بە کوردستااب بسووتێ. ئەوان هۆشێکیان هەر لە سەر سامانەکەیانە کە چۆن زیادی بکەن و لێی کەم نەبێتەوە بۆیە کە دەوڵەمەندەکان ئەوەیان دیت کە پیرو جوان بە کۆمەڵ داخیلی (کۆمەڵە) دەبن کێچیان دەکەوێ کەوت. ئێمە بە بێ پرسی ئەوان ئەو گۆنگەڵەمان گێرا و زۆریان پێناخۆش بوو. چەند کەڕەت پێیان کوتم کە ئەوە کارێکی باش نییە ئێوە کردووتانە من جوابم ئەوە بوو کوتم:

بۆ خەم نابێ هەریەک کۆمەڵەیە و یەک مەڕامە و یەک شتی تێدا هەیە . ئەوەی ئێوە دەوڵەمەند و ئاغای تێدایە و ئەوەی ئێمەش کاسب و زەحمەتکێش . لای ئێوە ئەو نوقسانەی هەیە.

ئێستاکۆمەڵە بووەتە دوودەستەی تێرو برسی . ئێمەی برسی و نەدار یەگجار لەوان زۆرترین ، لەوان دڵسۆزترین ، لەوان بێدەعێترین ، لەوان زیاتر دڵمان بە کوردستان دەسووتێ وەک ئەوان نین کە بۆ پاراستنی ماڵ و خۆڕانانێ لە (کۆمەڵە)

نزیک ببینەوە و پاشان قسەی زەلام زەلام بکەن وخۆ هەڵکێشین و لە رۆژی تەنگانەشدا پشتی کۆمەڵە بەردەین و کوردستانمان لە بیر بچێتەوە و بە سمێڵی ئەو سوێندە پێبکەنین کە خواردوومانە.

پێموایە ساڵی ١٩٤٢ یا ١٩٤٣ یە کە ئەو شتانە روویداوە. ئێمە کۆمەڵەی برسیان هەمووی مانگێک نییە هەین بەڵام ئەوان لای کەم دوو سێ ساڵە هەن کەچی ئێمە چەند بەرابەری ئەوانین کە ئەوەیان دیت کێچیان دە کەوڵی کەوت و ئارام و قەراریان لێهەڵگیرا خە بەریان نارد کە دەیانەوێ قسەمان دەگەڵ بکەن و داوای کۆبوونەوەیان لێکردین بۆ شەوێ دە پازدە نەفەریان هاتن وەکوو مستەفا سولتانی ، دووسەیدی ماڵە چل سەیدان. باقی ترم لە بیر نەماوە و کۆبوونەوەمان دەستپێکرد . پاشی زۆر هەڵسووڕاندن و بێنە و بەرە هەردووک کۆمەڵەمان کردەوە بە یەک حیزب و دەستی بە کار کرد لە لایەکی دیکەوە دەوڵەمەندەکان شەوانە عالەم بانگ دەکەن بۆ سوێند خواردن کە هەمووبەیەکەوە بۆ برایەتی تێکۆشن و عەشیرەت زوڵم و زۆریان لێنەکەن.

ناکۆکی و ناتەبایی سیاسی دە کۆمەڵەدا

لەو بەینەشدا ئەوە کۆمەڵە شێواوە ، چۆن! ئەوەندەی سیخۆڕی تێخزاوە نەبێتەوە. قازی تەها نێوێک دەگەڵ بەرێز زەندی و چەند نەفەری دی بەربوونە گێرە شێواندن لە لایەک مەلا رەحمانی سەدرولعولەما شەوانە لە ماڵان کۆبوونەوە دەکات و لە لایەکی دی مەحموودیان خەریکی جووڵانەوەیەکی دیکەیە . ئێمەی تەبەقەی هەرە خوارەوە یا بە قەولی دەوڵەمەندی سابڵاغێ کە بە ئێمەیان دەکوت رەجاڵە ، ئێمەی بێسەواد ، دەونێوەدا سەرەگێژەمان گرتبوو . کامیان زوڕنای باش لێدابا وەدووی ئەوەیان دەکەوتین. قازی محەمەد تازە داخیلی کۆمەڵە ببوو و هەر کەسە هەوڵدەدات بۆ لای خۆی رایبکێشێ . ئێمەی بێسەواد کە یەکجار زۆریش بووین لە نێو خۆماندا کۆبوونەوەمانکرد و رامان هاتە سەر ئەوە کە چەند نەفەر لە لایەن ئێمەوە بچێتە رەزاییەی لای کونسوولی رووسان و پێیان بڵێ کە ئێمە ئەو کۆمەڵەیەمان ناوێ کە ئەو خەڵکە خەراپەی تێخزاوە و سەریان لە خەڵکیش شێواندووە. خۆمان حیزبێکی دی تەشکیل دەدەین. ئەوە ناشوێرین لەبەر عالەمێ ناوی حیزبی توودە دەربڕین چونکە ئەوەی دە کۆمەڵەدا بوو بەشی هەرە زۆری زراویان لە توودە چووبوو وایان بردبوو لە مێشکێوە کە توودە دین و ئیمانی نییە و خواناناسێ و پڕوپاگەنتێکی زۆر دەو حیزبەدا جێگیرە .

حەسەنە شەل و باقی برای و دوو نەفەری دی چوون بۆ رەزاییەی بۆلای کونسولی و لەوێ قسەیان دەگەڵ کونسوولی کردبوو. کونسوول لێی پرسیبوون کە: مەحموودیانو دەگەڵە؟ ئەوانیش پێیان وابوو گەر بڵێین دەگەڵمانە کاری باش دەکەن و وڵامیان دابۆوە : بەڵێ بەڵێ دەگەڵمانە.

هەرچەند هێشتا مەحموودیان نەهاتۆتە کایەوە بەڵام حاجی وایزانیبوو مەحموودیان لای رووسان زۆر بەرێزە بە باشی زانیبوو کە بڵێ ئەویشمان دەگەڵە تا بەشکوو رووسەکان پشتیوانیمان لێبکەن . ئەدی پاشی ئەو قسەیە کونسوول زۆر مبالاتی بەو وەفدە نەدابوو و گەڕانەوە بۆ سابڵاغێ. خۆشی خۆشی کە کونسوول گوتوویە مەحموودیانو دەگەڵە جا هەر ئەو شەوە چەند نەفەر چوون بۆ لای مەحموودیان و هێنایان بۆ کۆبوونەوەی و هەر ئەو شەوەش مەحموودیان بوو بە سەرۆکی ئەو حیزبە و ئەویش محەممەدی یاهوو و عەزیز زەندی و قازی سەید تەها و هەموو ئەو.....لە دەوری خۆی کۆکردەوە . ئێمەش هەموو لە قازی محەممەدی هەڵگەڕاینەوە و زۆر باش پشتی مەحموودیانمان گرت. چەند شەوی نەکێشا کە حیزب بوو بە دوو قۆڵ. لای قازی محەممەدی هەموو ئەوانە بوون کە کۆمەڵەیان پێکەوە نابوو دەستەی مەحموودیانیش ئەو..... بوون و ئێمەی بێسەواد و نەزانیش چونکە کونسول کوتوویە مەحموودیانتان دەگەڵە لە پشتیان بووین. دەستەی مەحموودیان زۆر لە دەستەی قازی محەمەد بە هێزتر بوو چونکە رەجاڵە هەمووی دوی مەحموودیان بووین. زۆر شەوی وابوو بەیەک هەڵدەپرژاین. شەوانە مەحموودیان بە سەر هەموو گەرەکەکاندا دەسووڕاوە ، محەمەد یاهوو خۆی لەگەڵ دەستەی قازی بوو بەڵام هەموو شەو لەگەڵ مەحموودیان دەگەڕا.زۆر بە پەرێز و زیرەک بوو کەس نەیدەدیت و خۆی وەبەر چاوان نەدەدا بەڵام لە راستیدا لە هەموو شوێنێکیش بوو لە کۆبوونەوەیەک پەردەت بۆ رائەنگاوتبا خۆی دەنێو پەردەکەدا دەشاردەوە. لە هەوەڵەوە دەنێو کۆمەڵەدا بوو دەگەڵ میرزا رەحمەتی شافعیش نێوانی زۆر خۆشبوو و پاڵی بە مەحموودیانێوە دەنێ بۆ گێرە شێواندن.

ئێستا مەحموودیان دەستێکی یەگجار درێژی هەیە کە قازی محەمەدی وەدەنگ هێناوە ئێمەش پشتمان لە قازی کردووە و پاڵمان وە مەحموودیانەوە ناوە. بەو جۆرە چەند رۆژێکی کێشا لە پڕ دیتم لای نیوەڕۆیە سەید محەمەدی ئیسحاقی هاتە ماڵێ و گوتی :

قازی دەڵێ بێت بۆ لام . هەستام دەگەڵ سەید محەمەدی چووم بۆ مەحکەمەی . کە وەژوور کەوتم  دیتم قازی خۆی و کچێکی چووکەی لە وەتاغی مەحکەمەی دانیشتبوون. سڵاوم لێکرد و گوتی دانیشە . پاشی گلەییەکی زۆر گوتی:

ئێستا ئەوە وەدووی مەحمودیانی کەوتووی ؟حیزبی توودەتان پێکەوە ناوە ؟ ئاخر چۆن تۆ نازانی مەحموودیان بە قسەی ئینگلیسیەکان ئەو ئاژاوەیەی ناوەتەوە. زۆری لەو قسانە پێکوتم و یەکار زۆر بە سەرم رۆیی بەڵام هیچ دڵم بە قسەکانی نەرم نەبوو هەستام و خوداحافیزیم لێکرد و دەگەڵ سەید محەمەدی وەدرکەتین . لە رێگا هەردووکمان کوتمان قازی راست ناکا.مەحموودیان خاوێنە . هەر ئەو شەوە لە گەرەکی مزگەوتی سوور کۆبوونەوە بوو و عالەمێکی یەگجار زۆری لێبوو مەحموودیان پێشنیاری کرد کە :کاتێک قازی بۆ نوتق کردن وەسەر
کورسی کەوت پیلی بگرن و دایبەزێنن. ئەوەندەمانزانی عەلی پیاوی حەمەدەمینی موعینی هات و بە سرتە بە گوێی مەحموودیانیدا شتێکی کوت و یەکێ مەحموودیان راستبۆوە و دەگەڵ عەلی رۆیشتن ئێمەش سێ نەفەر وەدووی کەوتین و چەلێش نازانین ئەوە چ باسە ، چووینە ماڵی حەمەدەمینی موعینی . دەگەڵکوو وەژوور کەوتین تەماشامانکرد چوار نەفەر ئەفسەری رووس لەوێن و دەستیان لە دەستی مەحموودیانی نا و چوون بۆ وەتاغێکی دی. ئێمەش ئەوە لە وەتاغێکی دیکە چاوەڕوانیانین. بزانین کۆبوونەوەکەیان بە کوێ دەگا پاشی زیاتر لە سەعاتێک لە قسەکردن بوونەوە و مەحموودیان بە کەیفخۆشی و دم بە پێکەنینەوە لە دیوەکە هاتە دەر و گوتی با برۆین. لە رێگا کە دەرۆیشتین هەر جیفرکی لە خۆیەدا و بە خۆشحاڵیەوە قسەی بۆ دەگێڕاینەوە کە چۆن ئەو ئەفسەرانە لێی رازین و زۆر شتیان قەول پێداوە. ئەوەندە بە دەق و بە دەماغ بوو نەبێتەوە. دەو عانەشدا کە قسەی بۆ دەکردین دیتمان ئەفسەرەکان بە سواری ماشێن بە لاماندا تێپەڕین و دەستێکیان بۆ مەحموودیانی هەڵێنا و چوونەوە بۆ میاندواوێ. شەو درەنگی کردبوو بۆیە مەحموودیانمان تا بەردەرکی ماڵێ بردەوە و ئێمەش هەرکەسە و بۆ ماڵی خۆی. جا لە پاشی ئەو کۆبوونەوەیەرا مەحموودیان وەخۆکەوت و هەڵدەسووڕا وەک بادەوە هەدادانی نەبوو چەند شەوێک دواتر لە فەرمانداری قازی نوتقی بۆ عالەمێ دەکرد مەحموودیان ئەمریکرد کە دەبێ برۆین بۆ ئەو کۆبوونەوەیە و گێرە شێوێنی بکەین. رەجاڵە کۆ بۆوە و چووین. ئەو شەوە زۆری نەمابوو کە پێک وەربین . قازی هێدی و لەسەرەخۆ بوو دەگەڵ ئەوانەی لە دەوری بوون لە شلێیاندا و بڵاوەیانکرد. دەنا زۆر پیس دەشێوا بۆ بەیانی لە چایخانە بووم حەبیبە زەرد هات و گوتی: وەرە ئەوە نەمازعەلی یۆف تۆی دەوێ. منیش نەمازعەلی یۆف ناناسم و زۆرم پێ سەیربوو کە ئەفسەرێکی رووس منی بۆچییە.

پرسیم چ کاری بە منە؟ کوتی نازانم هەستە وەرە . دەگەڵی چووم و دیتم نەمازعەلی یۆف لە بەر ماڵی بارونی دەهات و دەچوو. سڵاوم کرد و دەستی دەناو دەستی نام و بە قسە کردن هەڵکشاین بۆ لای گاراج. داوای لێکردم کە مەرامنامەی حیزبەکەی خۆمانی بۆ بەرم بەڵام بۆی تەرجومە بکەم بە زمانی ئازەربایجانی. چووم لە گەرەکی بازار ئەو جێگایەی لێی کۆ دەبووینەوە هاشمی گەرمێنی  کاتبی ئەو گەرەکە بوو پێمکوت و مەرامنامەکەی بە زمانی ئازەربایجانی نووسی . مەرامنامەکە هەر ئەو مەرامنامەیەی کۆمەڵەی ژ.ک بوو بەڵام یاهوو چەند شتی لێ زیادکردبوو. ئەو چەند شتانە یەکیان ئەوە بووکە:

ئێمە خیانەت بە مەعموورەکانی سیاسی شۆرەوی ناکەین و چەندشتی تر. مەرامنامەم دا بە ئەفسەرەکە و دەباغەڵی نا و هات کە بڕوات و رووی تێکردم و ئەوەندەی پێکوتم:  تۆ لەو حیزبە بکشێوە. ئەوەی گوت و سواری ماشێنی بوو و رۆیشت. منیش زوو چووم چەند هەواڵێکم خەبەردار کرد کە ئیش بەوجۆرەیە . حەبیبە زەرد کوتی:

ئەوشۆ قەرارە لە مزگەوتی هەباساغای هەموو گەرەکەکان کۆ ببنەوە جا گەر بە باشی بزانن کاتێک مەحموودیان یان هەواڵەکانی چوونە سەر کورسی بۆ نوتق کردن پەلپیان پێدەگرین و لێیان دەشێوێنین . ئەو شەوە وەک شەوەکانی دی چووینە کۆبوونەوە . لەو کاتەدا کە قازی تەها لەسەر مینبەر گەرم داهاتبوو و ئەوەی دەیکوت نەیدەکوتەوە چوومە پێشی و قۆلیم گرت و هێنامە خوارەوە . حەبیبە زەرد چووە جێگای ئەو و عالەمی تێگەیاند . من و چەند هەواڵ لێیان وەخۆ کەوتین و ئەوەی زانیمان داژداری مەحموودیانە کۆمانکردنەوە بەڵام مەحموودیان هێشتا نەهاتبوو ئەو شەوە زۆر بە

هاسانی لێمان شێواندن و چ گێرەوکێشە نەقەوما و ئێمەش بڵاوەمان کرد و هەرکەسە بۆ ماڵی خۆی . بۆ بەیانی لە سەر نان و چا خواردن بووم کە عەلی چایچی هات و کوتی قازی محەمەد تۆی دەوێ . زوو زانیم چ باسە بە خۆمم گوت : ئەوە نەقڵەکانی شەوێی بیستووە و بانگم دەکات و دەستخۆشیشم لێدەکات هەستام چووم . دیاربوو قازی بە دەق و بە دەماغ بوو دیسان پاشی هیندێک گەپی کردن و قسە و باس کوتی:

هەستە خۆت و شەش کەس لە هەواڵەکانت برۆنە شارەوانی(بنکەی پۆلیس) و بە سەر شار رابگە بەڵام لە خۆتەوە هیچ کاران مەکە ئەوەی من ئەمرم پێکردی ئەوە بێ. کوتم مووچەی ئەو شەش نەفەرەو خۆم لە کوێ دەگا؟ کوتی خەمت نەبێ ئەویشت بۆ دیاری دەکەم. هەستام چووم دەگەڵ هەواڵەکانم شارەبانیمان ئاوەدان کردەوە. و دەستمان کرد بە کار و کێشە و گرفتەکانی شارمان چارەسەر دەکرد. گەر کەسێک شکایەتی دەبوو دەچوو بۆ لای قازی قازیش بۆ منی دەنووسی ئەوانە بنێرە لای مەلا شەرعیان بکات یا ئەو ئیشەی ئاوا لێبکە منیش بێ ئەمری قازی نەدەجووڵامەوە و سەر بەخۆ کارم نەدەکرد زۆر باش بە کاروباری شار رادەگەیشتم و خەڵکیش و قازیش زۆر رازی بوون ئێستا من بوومە داڕۆغەی شار و رەئیسی ئەو ئیدارەیەم کە لە گرتووخانەکەی گیرابووم و ئەشکەنجەیان دابووم و تا سەرە مەرگێ تێیانهەڵدابووم ئێستا من لەوێ رەئیسم خەتاکاران دەگرم لەو ژوورەیان دەکەم و بێتاوانان بەردەدەم. زۆری پێنەچوو قازی ئەمریکرد مەحموودیان بگرە و دەگرتووخانەی کە. منیش هەر بڵێی یەک و دوو گرتم و دە ژوورێم کرد چەند گیراوی دیکەش گیرابوون . سەعیدی کاکە لاچینی پیاوی کوشتبوو دەگەڵ مەحموودیان دەژوورێکی دابوون پاشان قازی مەحموودیانی شاربەدەر کرد و بۆ لای ورمێ چوو بە داخەوە ئەویش ئاکار و ئەتواری باش نەبوو و هەر بە قسەی ئینگلیسەکان دەبزووتەوە.

مەحموودیان چۆن کوژرا!

جا فتوای چەند نەفەر درا کە دەبێ لە نێو بچن . ئەو کەسانە لەو چەند ساڵەی خەریکی ئاژاوە نانەوە بوون. پێیەکیان لە تاران بوو پێیەکیان لە کوردستان ئوقرەیان نەبوو تا کورد سەرنەکەوێ ئەوانە یەکیان مەحموودیان ، میرزارەحمەتی شافعی و چەند ئاغای مەنگوڕ و گەورک بوون. مەحموودیان لە نێو شکاک و هەرکیان دەسووڕایەوە دیار نەبوو کە ئینگلیسیەکان چیان پێ ئەسپاردووە. دوو نەفەریان نارد تا لە هەر جێیەک بی بیکوژن. یەکیان سەعیدی حەمەقالەی و ئەوی دیش هاشمی کورد بوو. ئەوانە زۆر دەسووڕێنەوە بە شوێنیدا بۆیان نەکرا و گەڕانەوە شار . ئەو رۆژە لە شار بۆ سەربەخۆیی کوردستان شایی و لۆغان بوو هەموو ئاغا و چەند شێخ لە شاری بوون. قازی بوو بە پێشەوا حەمەحسێن خان بوو بە فەرماندەی هێز و ئەسلەحە بەسەر پێشمەرگەدا دابەشکرا .ئاڵای کوردستان هەڵکرا نێوی ئەو چەند سیخوڕانە گوترا و ئاشکرابوو هەر ئەو رۆژەش مەحموودیان هاتبۆوە سابڵاغ و لە حاجی باوەشێخی میوان بوو. ئەویش پیاوی ئینگلیسیەکانە (١) و هاواڵە دەگەڵ مەحموودیان. ئەو ناردوویە و مەحموودیانی هێناوەتەوە سابڵاغ. ئەو رۆژە هەر ئەو دوو کەسە دیاریکران تا مەحموودیان لە هەر کوێ بێ سەکەتی کەن ، بۆیان نەلوا. فەرمانم بۆهات تا من یاریدەیان بدەم منیش گوتم باشە.دیاربوو حاجی باوەشێخ بەری دەگرتن و نەیدەهێشت دەریکێشنە دەرێ. پێمگوت کە بۆ ئازەربایجان شاربەدەر دەکرێ تا دەست هەڵگرێ. ئەو گوتی خۆم دەچمە لای قازی و تکای بۆ دەکەم. من گوتم دیبەمە گاراج تا رەوانەی ئازەربایجانی کەم و تۆش برۆ لای قازی . مەحموودیانم دەرکێشا و دام بە سەعیدی حەمەقالەی و هاشمی کورد. کوتم بۆ کاراجی بەرن بەڵام تا حاجی بابەشێخ دەڕواتە لای قازی رەوانەی مەکەن. سەیدێک کەلوپەلی مەحموودیانی بە شانەوە بوو ئەویشم گێڕاوە و کەلوپەلەکەم دا بە هاشمی. ئەوانیش تا کووچەی جوولەکانی دەبەن کە گوێم لە دوو تفەنگان بوو زانیم مەحموودیان کوژرا. چوومە حیزبی پڕبوو لە عەشامات و قازی قسەی بۆ دەکردن تەشریفی حاجی باوەشێخیش لە تەنیشت قازی دانیشتووە. لە پێشدا چیان کوتووە بەیەکەوە ؟ نازانم. چوومە ژوور بە حەمەحۆسێن خانم کوت مەحموودیان کوژرا قازی دەستی بە سەری خۆیەوە گرت و سەری لە سەر مێزەکەی دانا یانی خەمی مەحموودیانی بوو لەولاشەوە دیاربوو دەنگی مامەشێخ دەهات. ئیدی من وەدەرکەوتم و چوومە ناو شار.

تێبینی

١ ،خوالێخۆشبوو حاجی بابەشێخ سەرۆکوەزیرانی دەوڵەتی کوردستان بوو. لەسەردەمی کۆمار زۆر دەنگۆی خیانەت و پیاوی دەوڵەت و ئینگلیسیەکانیان پێوە دەلکاند لە کتێبی جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد نووسینی پرۆفسۆر د وەدیع جوەیدە وەرگێڕانی پرۆفیسۆر ی،د، یاسین سەردەشتی لە لاپەڕەی ٥٤٣ دا ئەو شتە باسکراوە. مامۆستا هێمن مکوریانی لە سەر ئەو باسە لە کتێبی تاریک و روون و لە بەشی ( لەکوێوە بۆ کوێ) سەبارەت بە حاجی بابەشێخ ئاوا دەفەر موێ:

لێرەدا کە باسی حاجی بابەشێخ هاتە گۆڕێ دەمەوێ شتێکی مێژوویی روون بکەمەوە لە نووسراوی چەند پیاوی بێخەبەردا دیومە و لە خەڵکی ساکاریشم بیستووە تاوانی خەیانەت وەپاڵ حاجی بابەشێخ دەدەن . من حاجی بابەشێخم خۆش نەدەویست چونکە لەگەڵ ئەوەشدا دەیانکوت لە علوومی دینیدا زۆر شارەزایە و ریازیاتی کۆن زۆر دەزانێ ...........بەڵام زۆر راست و پاک و ئازا و بە بیروباوەڕ بوو بە هیچ بارێک تاوانی خیانەتی پێوە نانووسێ لە کاتی وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتی مەرکەزیدا دوور نییە فریوی خواردبێ و بە هەڵە چووبێ بەڵام لە رێگای راست لای نەداوە.

وریا ماملی

ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار

---

**هۆیەکانی تێکچوونی کۆمار**

کتێبی چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی

نووسەر: دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو

دەبێ ئەو ڕاستیە بگوترێ کە هەر لە بنەڕەتەوە پرۆسەی دامەزرانی کۆماری کوردستان بە تەواوی ئامادە نەکرابوو. کۆماری کوردستان سەرەنجامی خەباتێکی درێژخایەن و ئاکامی ڕەوتێکی تەبیعیی ڕووداوەکان و نەخشەی لە مێژەوە دارێژراو نەبوو. هەل و مەرجی ئەو کاتەی نێو نەتەوەیی و ئێران و بە تایبەتی پێکهاتنی حکوومەتی میللی ئازەربایجان وەزعێکی سیاسی وایان پێکهێنا کە ڕووداوەکان زۆر بە خێرایی بچنە پێش و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هاندرا بۆ ئەوەی کۆماری کوردستان زۆر زووتر لەوە کە هەموو هەل و مەرجێکی بۆ ئامادە بووبێ دابمەزرێنێ . بە کورتی کۆماری کوردستان لە ساڵ ١٣٢٤ دا بەرهەمی هەل و مەرجی نائاسایی نێو دەوڵەتی و نێو خۆ بوو.

بێگومان هاندانی یەکیەتی سۆڤیەتی تەئسیری خۆی هەبوو و ئەو وەعدە و پەیمانەی کە دران بەرپرسیاران حیزبی دێموکراتیان زیاتر تەشویق کرد کە هەرچی زووتر کۆماری کوردستان دابمەزرێنن بەڵام واقعییەت ئەوەبوو کە زمینەی عەینی ، هەل و مەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی وڵات بە هیچ جۆر بۆ دامەزراندنی کۆماری کوردستان بە تەواوی ئامادە نەبوو تەنانەت زەمینەی زەینیش کە بریتیە لە هێزێکی سیاسی کە بتوانێ دەزگایەکی ڕێک و پێکی دەوڵەتی دابنێ بە تەواوی ساز نەببوو. ڕەوتی هەنگاوەکان بە پێچەوانە بوو. هێندێک کار کە دەبوا پێش دامەزرانی کۆمار وەدی هاتبان مابوونەوە کە پاش پێکهاتنی کۆمار ی کوردستان جێ بە جێ بکرێن دیارە بۆ وەدیهاتنی هەموو ئەو هەنگاوانەش هەروا کە دیتمان وەخت نەبوو. ٣٣٠ ڕۆژ بۆ دانانی بناغەی مادی و مەعنەوی کۆماری کوردستان بەس نەبوو دەکرێ بڵێین کە کۆماری کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر کوت و پڕ پێک هات و ئەو لە نەکاو پێکهاتنە بوو بە هۆی زۆر لەو گیروگرفتانە کە ئەو کۆمارە لە ماوەی تەمەنی کورتی خۆیدا تووشیان بوو. بۆیە هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە لە نێو جەرگی کۆماری کوردستان یەکێک لە هۆیەکانی تێکچوونیشی چاندرابوو. دواکەوتوویی ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی وڵاتەکەمان کە هەر وەک دیتمان پێوەندییەکانی دەرەبەگی تێدا زاڵبوو و تەرکیبی کۆمەڵی لادێ عەشیرەتی بوو و نەوەد لە سەدی دانیشتوانی نەخوێندەواربوون، یەکێک لە هۆیەکانی هەرەئەساسیی سەرنەکەوتنی کۆماری کوردستانە. ئەم دیاردەیە بارێکی دیکەشی هەبوو. بەگشتی لە مێژووی جووڵانەوەکانی نەتەوەی کورددا ناتەباییەک بەدی دەکرێ کە لە سەردەمی کۆماری کوردستانیش لە ساڵەکانی ١٣٢٤/٢٥ دا بەرچاو بوو . ئەم ناتەباییە لە پایەی نزم و پاشکەوتوویی کۆمەڵی کوردەوارییەوە هەڵدەقوڵێ . لە سەد ساڵی رابردوودا کۆمەڵی کوردەواری هەموو کاتێک ئەگەر نەڵێین زیاتر ، هەر نەبێ قۆناغێکی تەواوی مێژوویی لەو کۆمەڵەی کە دەوڵەتی مەرکەزی بەرهەمیەتی پاشکەوتووتر بوو. ئەوە یەکێک لە هۆیەکانی تێکچوونی زۆر لە جووڵانەوە نەتەوەییەکانی کوردستانە. ئەم دیاردەیە هۆیەکانی مێژوویی و تایبەتی خۆی هەن کە بە کورتی بریتین لە وە کە گەلی کورد سەدان ساڵە دەوڵەتی سەربەخۆی نەبووە ، ڕێگای هاتووچۆی بۆ دەرەوە بەربەست کراوە، لەبەر زۆرداریی دەوڵەتە مەرکەزییەکان و بۆ پاراستنی هەبوونی خۆی ناچار بووە بکشێتەوە سەر چیا بەرزەکان و لە باری جوغرافیاییەوە گەمارۆ بدرێ ، ئابووری تەبیعی کە مانای ڕاوەستان و نەبزوتنی کۆمەڵە بە سەدان ساڵ لە کوردستاندا زاڵ بووە. هێندێک هۆی دیکەشی هەن کە زیاتر پێوەندییان بە ڕووبەنا و بە تایبەتی دەسەڵاتی سیاسی ئەو سەردەمەوە هەیە کە دەوڵەتە مەرکەزییەکان کوردستانیان چەوساندۆتەوە و نەیانهێشتووە پیش بکەوێ . لێرەدا مەبەست

بەرچاو خستنی ئەو راستیە حاشالێنەکراوەیە کە کۆماری کوردستانیش لە نێو کۆمەڵێکی پاشکەوتوو ، بە گشتی پاشکەوتووتر لە کۆمەڵی دوژمنانی خۆی دامەزرا.

ئەوانەی کە بەڕێوەبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون بە گشتی نە تاقیکردنەوەی تێکۆشانی سیاسیان هەبوو و نە تاقیکردنەوەی رێکخستنی تەشکیلاتی و نە فێری هەڵسووڕاندنی کاروباری دەوڵەتی بوون . بەم جۆرە جووڵانەوەیەک لە یەکێک لە پاشکەوتووترین ناوچەکانی ئێران واتە لە کوردستانی ئێران پەیدا ببوو کە لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی بەربەرەکانی دەکرد ، دەوڵەتێک کە لە زەمانی رەزاشاوە مەرکەزییەتی پێکهێنابوو ، هەوڵی دابوو ببێ بە حکومەتێکی مودێرن ، بناغەی ئەرتەشێکی رێک و پێکی دارشتبوو و لە باری فەرهەنگی و تکنیکی و سیاسیەوە ئەزموونی زیاتر بوو و هەر نەبێ قۆناغێک لە کوردستان لە پێش تر بوو. بۆیە جووڵانەوەی ساڵەکانی ١٣٢٤/٢٥ هەر لە سەرەتاوە ئیمکانی سەرکەوتنی کەم بوو .
کەوابوو یەکێک لە هۆیەکانی هەرە گرینگی تێکچوونی کۆماری کوردستان ریشەی لە نێو جەرگی کۆمەڵی کوردەواری واتە لە پاشکەوتوویی ئەو کۆمەڵە دابوو.

بێگومان یەکێک لە هۆیەکانی تێکچوونی کۆماری کوردستان و سەرنەکەوتنی ئەگەر نەگوترێ هۆی هەرەگرینگ، کزی نێوخۆی جووڵانەوە و لاوازی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو کە لە زەعفی نێو خۆی کۆماری کوردستانیشدا بەدی دەکرا. پێشڕەو بوون و رادەی شۆڕشگێڕ بوونی هەموو حیزبێکی سیاسی لەوەڕا دەردەکەوێ کە چۆن سەیری رابردووی خۆی و بە تایبەتی هەڵەکانی خۆی دەکا. حیزبی شۆڕشگێر نابێ لەوە بترسێ کە گۆیا بە باسی هەڵەی رابردوو دوژمنی شاد دەبێ یا لە ئیعتباری حیزبەکە کەم دەبێتەوە بە پێچەوانە بێ لێنان و راستکردنەوەی هەڵە و چەوتیەکانی رابردووی تیکۆشان ناوبانگی حیزب لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا دەباتە سەرێ و جیدی بوون و بەرپرس بوونی حیزبەکە نیشان دەدا بۆیە پێویستە کزی و هەڵەکانی زەمانی کۆماری کوردستان بکوترێن و بخرێنە روو . با ئەوەش بڵێین کە رەخنە گرتن لە بەڕێوەبەریی حیزب لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا نە نرخی کۆمار کەم دەکاتەوە و نە ئیعتباری بەڕێوەبەرانی ئەو وەختەی حیزب دێنێتە خوارێ.

پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان ئەو بیروباوەڕە لە مێژووی حیزبی ئێمەدا بە هێز بوو کە هۆی ئەسڵی تێکشکانی ئەو کۆمارە سیاسەتی چەوتی یەکیەتی سۆڤیەتی بەرامبەر بە وەزعی ئێران بوو. گوایا یەکیەتی سۆڤیەتی خەڵکی کوردستانی هاندا بۆ ئەوە کۆماری کوردستان دابمەزرێنن لە پاشان بە تاقی تەنیای بەجێهێشتو رێژیمی کۆنەپرستی ئێران توانی بە هاسانی لە نێوی بەرێ . ئەنجامی ئەو لێکدانەوە زۆر روونە ئەوە خۆ ئاسوودە کردن و خۆ ماندوو نەکردنە، تاوانبار کردنی خەڵکی دیکە هەموو وەختێک لە رەخنە لە خۆگرتن خۆشترە بێجگە لەوە ئەگەر لێکدانەوەمان بەو شێوە بێ ئیعترافمان کردووە کە کۆماری کوردستان دەستکردی بێگانە بووە و ئەوەش راست و رەوان ئەو بیروڕایەیە کە دوژمن لە سەرەتای پێکهاتنی ئەو کۆمارەوە تا ئێستا بڵاوی دەکاتەوە ، بیروڕایەک کە دەگەڵ واقعیەت رێک ناکەوێ و هەوڵی ئەوەیە کە باری راستەقینەی مێژوو بگۆڕێ .

هێزی ئەسڵی جووڵانەوەی ساڵەکانی ١٣٢٤/٢٥ گەلی کورد بووە و هۆی ئەسڵیی پێکهاتنی کۆماری کوردستانیش دیسان هەر ئەوە بووە کە گەلی کورد ویستوویەتی بە مافی رەوای خۆی بگا و چارەنووسی خۆی بە دەستەوە بگرێ . ئەودەم دیارە هۆی ئەسڵیی تێکچوونی کۆماری کوردستانیش هەر دەگەڕێتەوە سەر خودی کۆمەڵی کوردەواری، واتە هۆی ئەساسی تێکچوونی کۆماری کوردستان کزی نێو خۆی جووڵانەوە، کزی نێوخۆی حیزب و لە پێش هەمواندا زەعفی بەڕێوەبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە. ئەو کزی و لاوازیە لە هەموو بارەکانی ژیان و تێکۆشانی حیزب و کۆماری کوردستان دا خۆی دەنواند. بۆ نموونە ئەگەر سەیری نووسراوەکانی ئەو وەختەی رۆژنامەی کوردستان و چاپەمەنیەکانی دیکە بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە رادەی لێکدانەوەی سیاسی زۆر بەرز نەبوو و تەنانەت پایەی هێندێک لە وتارەسیاسیەکان کە دەبوا رێگا بە کۆمەڵانی خەڵک نیشان بدەن لە رادەبەدەر نزم بوو . پەرەئەستاندنی زۆر خێرای جووڵانەوە و پێک هاتنی زۆرخێرای کۆماری کوردستان تەرکیبێکی نالە باری لە بەڕێوەبەریی حیزب و کۆماری کوردستاندا پێک هێنا بوو . زۆربەی زۆری بەڕێوەبەران بۆ یەکەم جار بوو کاری سیاسی و تەشکیلاتییان دەکرد و تاقیکردنەوەیان نەبوو هەر بە گشتی تاقیکردنەوەی سیاسی و تێکۆشانی حیزبی لە کوردستانی ئێران بێجگە لە سێ ساڵ تێکۆشانی کۆمەڵەی ژ،ک رابردووی نەبوو ناچار بەڕێوەبەرانی ئەوتۆ هاتبوونە سەرکار کە پایەی تێگەیشتن و تاقیکردنەوەی سیاسی و حیزبی یان دەوڵەتییان لە

ڕادەی ئەو مەسئولییەتەدا نەبوو کە کەوتبووە سەرشانیان. گیروگرفتی ڕێکخستن و پێکهێنانی نەزم لە کۆمەڵدا لە هەموو وڵاتەکانی جهانی سێهەمدا کۆسپێکی گەورەی پێشکەوتنە بێجگە لەوە هەر بە گشتی گەلی کورد بە درێژایی مێژووی خۆی زۆر حەزی لە تەشکیلات و ڕێکخراو و خۆ ڕێکخستن نەکردووە تەنانەت لە ڕێک و پێکی و تەشکیلات هەر بێزار بووە چونکە هەروەها کە پێشتر گوتمان تەشکیلات و ڕێکخراو یا ڕێکخستن بە تێگڕایی سەمبولی حوکمداری دەوڵەتی مەرکەزی بووە ، دەوڵەتێک کە بۆ گەلی کورد بێگانە بووە وەسیلەی دەسەڵاتداری و زوڵم و زۆری هەر ئەو تەشکیلات و ڕێکخراو و نەزم و نیزامە بووە بۆیە گەلی کورد ڕقی لێی بووە و قەبووڵی نەکردووە بێجگە لەوە لە زەمانی کۆماری کوردستاندا بەڕێوەبەران خۆیان لە ئەسوولی تەشکیلاتی و ئوسوولی ریکخستن شارەزا نەبوون تا بتوانن فێری خەڵکی دیکەی بکەن.

نوقتەزەعفێکی گەورەی دیکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە تایبەتی بەڕێوەبەرییەکەی ئەوە بوو کە هەرچەند لە مێژووی نەتەوەی کورددا بۆ یەکەم جار وەک حیزبێکی پێشکەوتوو پێکهاتبوو کە کۆمەڵانی خەڵکی بە دوای خۆیدا دەبرد بەڵام یەکیەتی فکری و سیاسی تێدا نەچەسپابوو ، بەرنامەکەی زۆرکورت بوو و هەرباسی چەند ئامانجی گشتی دەکرد . جووڵانەوە تازە پێی گرتبوو و هەرکەسێک هەستی نەتەوایەتی هەبا و هەر ئەوەندە بۆ حەقی رەوای گەلی کورد تێکۆشابا بەس بوو بۆئەوەی بێتە نێو حیزب تەنانەت مەسئولییەتێکی گەورەش وەستۆ بگرێ . وەختی ئەوەش بە حیزبی دێموکڕات و کۆماری کوردستان نەدرا کە بتوانێ ئەو یەکیەتی فکری و سیاسیە پێک بێنێ کە نەبوونەکەی پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان بە تەواوی دەرکەوت. هیچ حیزبێکی سیاسی بەتایبەتی ئەگەر دەوڵەتی بەدەستەوە بێ ناتوانێ بێ کادری کارامە و بە ئەزموون کاروبارەکان بەڕێوە بەرێ . لە ساڵی ١٣٢٥دا حیزبی دێموکرات پێویستی بەوە هەبوو کە ئەساسی دەوڵەتێکی تازە و مودێڕن دابنێ لە دانانی هێزی پێشمەرگەوە بگرە تا دەگاتە قوتابخانە بە زمانی کوردی، هەموو پێویستی بە کادر هەبوو کە بە دەستەوە نەبوو. دیارە کادری سیاسی و حیزبی و تەنانەت دەوڵەتیش لە مەیدانی کارو خەباتدا پەروەردە دەکرێن و باردێن. بەڵام ئەو دەرفەتە بە حیزب و کۆمارنەدرا . ئەگەر دابنێین کە کادر بڕبڕەی پشتی هەموو کار و تێکۆشانی حیزب و تەنانەت دەوڵەتیشە بۆمان دەردەکەوێ کە یەکێک لە هۆیەکانی هەرە ئەساسی تێکچوونی کۆماری کوردستان نەبوونی کادری لێزان و شارەزا و تاقیکراو بوو. (١)

بۆ بە هێز کردنی ریزەکانی نێو خۆی جووڵانەوە پێویست بوو ئەو دووبەرەکی و ناکۆکی و تەنانەت ناتەبایی لە نێو پچی کە لە نێو کۆمەڵی کوردەواریدا بەرامبەر بە جووڵانەوە هەبوو . یەکێک لەوانە نفووزی سەرۆک عەشیرەتەکان بوو لە گوندەکاندا . هەروەک پێشتر باسکرا گوندەکان کە زۆربەی دانیشتوانی کوردستانیان تێدا دەژیا پشتیوانیەکی راستەوخۆیان لە کۆماری مهاباد نەدەکرد چونکە زیاتر لە ژێر تەئسیری نفووزی سەرۆک عەشیرەتەکاندابوون . پێویست بوو کۆماری کوردستان وەزعێکی وا پێک بێنێ کە بێ سەرۆک عەشیرەتەکان بتوانێ ڕاستەوخۆ لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی لادێی کوردستان پێوەندی بگرێ و بۆ پشتیوانی لە داخوازەکانی حیزبی دێموکڕات و کۆماری کوردستان هانیان بدا. بەڵام با واقعبینانە بڵێین ئەوکاتە دەرەتانێکی ئەوتۆ نەبوو و بەرێوەبەری حیزب نە خۆی کەیفی لەوە بوو چونکە نیوەی زیاتری بەڕێوەبەران خۆیان لە دەرەبەگ و سەرۆک عەشیرەتەکان پێکهاتبوون و نە تەنانەت ئەگەریش ویستبای دەیتوانی دەست بە دابەشکردنی زەوی بکات و بەو شێوەیە کۆمەڵانی وەرزێر بۆ لای خۆی رابکێشێ بەڵام جێ بە جێ نەکردنی داخوازێکی ئەوتۆش ئاکامی ئەوە بوو کە کۆمەڵانی هەژار و بێ زەوی گوندەکانی کوردستان هەر لە ژێر نفووزی سەرۆک عەشیرەت و ئاغاکاندا مانەوە و بۆ ئەوان بە تەواوی روون نەبوو کە ئەگەر پشتیوانی لە کۆماری کوردستان بکەن بێجگە لە داخوازی نەتەوەیی ئایا داخوازێکی کۆمەڵایەتی و ئابووریشیان لە دوارۆژدا بۆ جێ بە جێ دەبێ یان نا؟

یەکێک لە هۆیەکانی تێکچوونی کۆماری کوردستان بێگومان سەقامگیر نەبوونی لە بەر کەمی وەخت بوو کۆماری کوردستان بە هەمووی ٣٣٠ رۆژ ژیا کە لە مێژوودا وەختێکی زۆر کەمە. لەو ماوەیەدا وەک کوتمان زۆر کاری گرینگی دەست پێکردو تەنانەت جێ بە جێشی کردن بەڵام لە ٣٣٠ ڕۆژدا ئیمکان نەبوو بناغەیەکی قایم و پتەو بۆ دەوڵەتی تازە پێگەیشتوو دابنرێ و هەموو ئورگانەکانی دەوڵەتی پێک بێن و پەرە بستێنن ئیمکانی ئەوە نەبوو کە کادرەکان چ حیزبی و چ دەوڵەتی جێی خۆ بگرن و هەر کەس بزانێ لە چ جێگایەک باشتر کاری پێدەکرێ لەوێ خەرێک بێ واتە کار بە کارزان بسپێردرێ. بە کورتی کەمبوونی دەرەتانی کۆماری کوردستان خۆی یەکێک لە هۆیەکانی تێکچوونی ئەو کۆمارەیە . تراژێدی کۆماری کوردستان لەوەدا بوو کە بۆ ئەوە سەقامگیر بێ وەختێکی زۆرتری پێویست بوو بەڵام وەختێکی زۆرتری دەست

نەکەوت چونکە زۆر هۆی دیکەش یارمەتیاندا کە زووتر برووخێ. بێ سەروسامانی، بێ دیسیپلینی، و بێ نەزمی لە هەموو کاروباری کۆماردا بەرچاو دەکەوت و نوقتە زەعفێکی گەورەی کۆماری کوردستان بوون نموونەیەک لەو بێ سامانیە تێکەڵبوونی حیزب و دەوڵەت بوو راستە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەبەری کۆماری کوردستان بوو بەڵام دابەشبوونی کارو بەرپرسایەتی لە نێو کاربەدەستاندا روون نەبوو کومیتەی ناوەندیی حیزب زۆرجار راستەوخۆ کاری دەوڵەتی دەکرد و زۆرجاریش بەرپرسانی دەوڵەتیی کاری حیزبیان بەڕێوە دەبرد لەوەش زیاتر کەسی واش هەبوو کە هیچ مەسئولییەتێکی حیزبی و دەوڵەتیی نەبووبەڵام لە زۆر کاروباری حیزب و کۆماردا دەخالەتی دەکرد بۆ وێنە ئێستاش هەر دژوارە بە وردی دیاری بکرێ کێ ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزب و کێ وەزیر و بەرپرسی دەوڵەتی بوو؟ تاقیکردنەوەی چل ساڵ ژیانی حیزبی دێموکرات دەری دەخا کە لابردنی ئەو بێ نەزمی و بێ سەروسامانیە کاری چەند مانگ و تەنانەت چەند ساڵیش نییە بەڵکوو وەختێکی زۆرتری دەوێ کە بەداخەوە کۆماری کوردستان بۆی هەڵنەکەوت. پێشتر ئیشارەمانکرد کە تەنیا بەشێک لە خاکی کوردستانی ئێران رزگار ببوو و لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستان دابوو ئەو بەشە سێ یەکی کوردستان بوو و ژومارەی دانیشتوانی لە یەک ملیون زیاتر نەبوو دیتمان کە پێشەواقازی و هێندێک لە بەڕێوەبەرانی حیزب هەوڵیان دا کە ناوچەی سنە وکرماشانش رزگار بکەن و بە تایبەتی بۆ ناوچەی سنە بەرنامەی زۆر روون و دیاریکراویان هەبوو بەڵام لە لایەکەوە ناتەبایی نێوخۆی جووڵانەوە و کزی نێو خۆی بەڕێوەبەری و لە لایەکی دیکەشەوە سیاسەتی هاوپەیمانەکان واتە یەکیەتی سۆفیەتی، بریتانیا و ئەمریکا بوو بە کۆسپی سەر رێگای ئەوە کە کۆماری کوردستان هەموو یا هەرنەبێ بەشێکی زۆری کوردستان بێنێتە ژێر دەسەڵاتی خۆی. بەم شێوەیە بەشی زۆردەوڵەمەندی کوردستان کە دانیشتوانیشی زیاتر بوون لە دەرەوەی ئەم کۆمارە مانەوە و ئەوە خۆی بوو بە هۆی کزبوونی هێزی ئابووری و ئینسانیی کۆمار. لە لایەکی دیکەشەوە هەروەک دیتمان بەشی جنوبی کوردستان لە ناوچەی سەقزەوە بەرەو خوارتر لە باتی ئەوە بێ بە بەشێک لە کۆماری کوردستان و بەرامبەر بە دوژمنان رابوەستێ و دیفاع لە دەسەڵاتی گەل بکا بوو بە بنکەیەک بۆ هێرش هێنان بۆ سەر کۆماری کوردستان و دوژمنان بۆ سەرکوتکردن و لە نێو بردنی کۆمار کەڵکیان لێ وەرگرت. هەرئەوە تەنیا خۆی کە سێ یەکی کوردستان ئازاد کرابوو و لە ماوەی ئەو چەند مانگەدا بۆ ئازادکردنی بەشەکانی دیکەی کوردستان هیچ نەکرا مەسەلەیەکی گرینگی دیکە دەخاتە بەرچاو :

هەر جووڵانەوەیەکی شۆڕشگێرانە بکەوێتە سەرباری ئەوە کە سیاسەتێکی دیفاعی بە خۆوە بگرێ بە دەستی خۆی گۆڕی خۆی هەڵدەقەنێ ، جووڵانەوەی شۆڕشگێرانە دەبێ هێرش بکا و دەبێ هەموو وەختێک هەل و مەرجێکی ئەوتۆ بخوڵقێنێ کە تووشی مەندی و راوەستان نەبێ لە لێکدانەوەی مێژووی زۆر نەتەوە هەروەک نەتەوەی کوردیش را دەردەکەوێ هەر کاتێک جووڵانەوەیەکی شۆڕشگێرانە کەوتبێتە حاڵەتی دیفاعی یا زوو لە نێو چووە یا بەرەبەرە هەل و مەرجی لە نێوچوونی خۆی پێکهێناوە . هەوڵنەدان بۆ ئازادکردنی جنووبی کوردستان و نەبزووتن لە جەبهەی شەڕدا حاڵەتێکی دیفاعی دابوو بە کۆماری کوردستان کە ئاکامی پڕ لە چارە ڕەشی لە مانگی سەرماوەزی ١٣٢٥ دا دەرکەوت. زۆر روونە کە ئەو پەیمان و بەڵێنیەش کە لە لایەن دەوڵەتی مەرکەزییەوە درابوو کە ئامادەیە شاری سەردەشت و بانە بە دڵخوازی خۆی بۆ کۆماری کوردستان بە جێبێڵێ جێ بە جێ نەکرا وئاشکرابوو کە ئەوەش هەر لە سەرەتاوە فڕوفێڵ بوو و پادگانەکانی ئەو دوو شارە بۆ رۆژەکانی سەرماوەزی ١٣٢٥ پاشەکەوت کراون . بە گشتی هۆیەکانی نێو خۆی کۆماری کوردستان ئەوانەن بەڵام ناکرێ باسی هۆیەکانی دەرەوەی کوردستان نەکەین . رووخانی حکوومەتی میللی ئازەربایجان بەوشێوە ئابڕووبەرانەیە کە بەڕاستی دەبێ ناوی ئاشبەتاڵی لە سەر دابنێین و راکردنی بەڕێوەبەرانی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بۆ یەکیەتی سوفیەتی بە شێوەیەکی زۆر شپرزە و بە جێهێشتنی ١٥ هەزار ئەندام یا کادری سادە لە ئازەربایجان کە کەوتنە بەرپەلاماری کۆنە پەرستی و قەڵاچۆ کران بێگومان تەئسیرێکی زۆری لە سەر کوردستان هەبوو . یەکەم هاوپەیمان کە کوردستان حیسابی لەسەر دەکرد لە بەین چوو لە پاشان ئەو هاوپەیمانە بێ ئەوە زەربەیەک لە دوژمن بوەشێنێ ئاشبەتاڵی کردبوو و دیارە ورەی لایەنگرانی کۆماری کوردستانیشی هێنابووە خوارێ و تۆوی شکست خوازی و ئاشبەتاڵی لە کوردستانیش چاندبوو زۆر زەحمەت بوو کە بەڕێوەبەرایەتی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان بتوانن بەرامبەر بەو ورە نزمە رابوەستن یا بتوانن کارێکی وابکەن کە ورەی کۆمەڵانی خەڵک بە تایبەتی چین و توێژە نێونجی و دەوڵەمەندەکانی شارەکان بەرنە سەرێ . هێندێک لەوانە لە دەرفەت دەگەڕان و بە پەلە بوون هەرچی زووتر خۆیان تەسلیمی لەشکری دەوڵەتی مەرکەزی بکەنەوە . رووخانی حکوومەتی میللی ئازەربایجان و شێوەی ئەم رووخانە نەک هەر یەکێک لە هۆیەکانی ئەسڵیی شێوەی تێکچوون واتە ئاشبەتاڵ لە کوردستانیش بوو.

پاش پێکهاتنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان و وتووێژ دەگەڵ حیزبەکانی دیکە بەرەیەک بە ناوی بەرەی حیزبە ئازادیخوازەکان لە نێوان حیزبە پێشکەوتوەکانی ئێراندا پێکهاتبوو بەڵام وەختێک هێرشکرا بۆ سەر ئازربایجان و کوردستان هێزە دێموکراتیەکان لە بەشەکانی دیکەی ئێراندا هیچ کارێکیان نەکرد بۆ ئەوەی پێشی ئەو هێرشە بگرن بە پێچەوانە هەروەک گوترا ئەوان چاوەڕوانی ئەوە بوون کە لەشکری دەوڵەتی مەرکەزی لە ئازربایجان و کوردستان تووشی شکست بێ تا ئەوانیش بتوانن هێزی خۆیان وەکار بخەن بەکورتی هەرلایەک بە هیوای لایەکەی دیکە بوو. نە بەرنامەیەکی هاوبەش و نە یەکیەتێکی پتەو بە تایبەتی یەکیەتی کردەوە لە نێو هێزە دێموکراتەکانی ئێراندا بەدی دەکرا بۆیە رژیمی کۆنەپەرستی ئێران توانی زۆر زیرەکانە و فێڵبازانە بە شێوەی جیاجیا هەم زەبر لە جووڵانەوەی دێموکراتی لە سەراسەری ئێران و هەم لە ئازەربایجان و کوردستان بدا. وادیارە لە سەرەتادا دەوڵەتی مەرکەزی زۆر بۆی روون نەبوو کە لە پێشدا لە کوێرا دەست پێ بکا وادێتە بەرچاو کە پێشتر نەزەری ئەوە بوو لە بەشەکانی دیکەی ئێران زەربەی خۆی بوەشێنێ بەڵام پاش بەربەرەکانی هێزەدێموکراتیەکان ، حیزبی توودە و سەندیکاکان لە بەشەکانی دیکەی ئێراندا و بە تایبەتی پاش مانگرتنی گەورەی ٢٢ ی پووشپەڕی ١٣٢٥ (١٤ی ژوئیەی ١٩٤٦) لە جنوبی ئێران کە ١٠٠٠٠٠ کرێکار و مووچە خۆر تێیدا بەشدار بوون حکومەتی قەوام تێگەیشت کە هەتا ئازربایجان و کوردستان مابن زەبر لێدانی لە هێزە دێموکراتیەکان لە بەشەکانی دیکەی ئێران دژوارە (٢) بۆیە تاکتیکی دیکەی گرتە پێش ئەویش کزکردنی پەیتاپەیتای هێزەکانی دێموکراتی لە بەشەکانی دیکەی ئێران دابوو. بەڵام زەبری ئەساسی راگیرا بۆ ئەوە کە لە ئازەربایجان و کوردستان بدرێ . قەوام پاش ئەوەی توانی هێزە دێموکراتیەکان لەبەشەکانی دیکەی ئێران ئەوەندە خاو و لاواز بکا کە نەتوانن لە حاڵەتی هێرش بۆ سەر ئازەربایجان و کوردستاندا هیچ جووڵانەوەیەکی جیدی بکەن هێرشی خۆی بۆ سەر ئەو دوو دەسەڵاتە گەلییە دەست پێکرد و زۆر بە هاسانی توانی حکوومەتی میللی ئازەربایجان و کوردستان برووخێنێ لە پاشان زەربەیەکی توندیشی لە حیزبی توودە و هەموو رێکخراوەکانی دیکە وەشاند و بەم شێوەیە توانی لە سەرانسەری ئێراندا جووڵانەوەیەکی دێموکراتی زۆر پان و بەرین و بە توانا بە نرخێکی زۆر کەم سەرکوت بکا و تا رادەیەکی زۆر و تەنانەت لە هێندێک بەشی ئێران بە تەواوی بۆ ماوەی چەند ساڵ لە نێوی بەری.

دەبێ ئەو راستیە مێژووییە بگوترێ کە دەوڵەتی قەوام زۆر بە تاکتیک و ژیرانە مەسەلەی ئازەربایجان و کوردستانی چارەسەر کرد ماوەیکی زۆر وای نیشاندا کە بۆ رێک کەوتن ئامادەیە ، ماوەیەکی زۆر وای دەردەخست کە لە تاران هێندێک کەس هەن کە قەوام خۆشی لە سەرەوەی هەموان دادەنا دژی سیاسەتی کۆنەپەرستی محەمەدرەزاشان و دەیانهەوێ ئێرانێکی دێموکراتی پێک بێنن دیارە هەموو ئەوانە بۆ وەدەست هێنانی وەخت بوون و بە تایبەتی بۆ ئەوە بوو کە لە پێشدا لەشکری سوور ئێران بە جێ بێڵێ و دەوڵەت بتوانێ خۆی ئامادە بکا بۆ ئەوە لە کاتی لەباردا زەبری خۆی بوەشێنێ. بە خۆڕایی نەبوو کە قەوام پاش سەرکوتکردنی جووڵانەوەی دێموکراتی ئازەربایجان و کوردستان ناسناوی حەزرەتی ئەشرەفی لە حەمەرەزاشا وەرگرت بەڵام سەیر ئەوە بوو کە هەرچەند زۆر دیاردەی بەرچاو نیشانەی فێڵبازی و درۆزنیی کاربەدەستانی دەوڵەتی مەرکەزی بوون بەرێوەبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دیسان تا سەر باوەڕیان بە هێندێک بەڵێنیەکانیان هەبوو بێگومان لە پێکهێنانی ئەو خۆشبینیە بێ جێیەدا سەبارەت بە سیاسەتی قەوام بەرێوەبەریی حیزبی توودە دەستێکی باڵای هەبوو. قەوام نیشانیدا کە پیاوێکی سیاسی و زیرەکە ، باش دەزانێ مانۆڕ بکا و بێ دژواری توانی بەرێوەبەرانی ئازەربایجان و کوردستان بەوە قانع بکا کە گۆیا دەی هەوێ گۆڕانێکی بنەڕەتی لە ئێراندا پێک بێنێ. بەداخەوە بەرێوەبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان تا رادەیەکی زۆر فریوی مانۆڕەکانی قەوامیان خوارد و تەنانەت بۆ وێنە تا ئاخریش هەرچاوەڕوانی ئەوە بوون کە لە شکری ئێران دڵخوازانە بانە و سەردەشتیشیان بۆ بە جێ بێڵێ کارێک کە هەرگیز نەکرا و هەر چاوەڕوان بوونیشی بێ جێ بوو یان ئەوە کە گەیشتنی لەشکر بە مهاباد نە خۆیان شاردەوە و نە خۆیان پاراست بە راستی پێیان وابوو کە لەشکری شا بەو شێوەیە کە هومایونی رای گەیاندبوو کاری پێیان نابێ و هیچیان لێ ناکا.

پێویستە باسی هۆی دەرەوەی ئێرانیش بکرێ هۆیەک کە لە دەسەڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە دوور بوو . ئیمپریالیزمی ئینگلیس کە لە مێژبوو نفووزێکی زۆری لە دەزگای دەوڵەتی ئێراندا بە دەست هێنابوو و ئیمپریالیزمی تازە هاتووی ئەمریکا کە لە شەڕی دووهەمی جیهانی بە هێزتر هاتبووە دەر بە هەموو هێزیانەوە پشتیوانیان لە دەوڵەتی کۆنە پەرستی مەرکەزی دەکرد هەر دوو دەوڵەتی ئیمپریالیستی دژی پەرەئەستاندنی جووڵانەوەی رزگاریخوازی لە سەرانسەری جیهان و هەروەها لە ئێرانیش بوون و پێکهاتنی کۆماری کورساتانیان بە دژی قازانجی خۆیان لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا

دەزانی بێجگە لەوە هەم شیرکەتی نەفتی ئینگلیس کە بەشی زۆری شیرکەتی نەفتی عێراق(ipc) بەدەستەوە بوو و نەفتی کەرکووکی دەردەهێنا و هەم شیرکەتەکانی نەفتی ئەمریکا لە (ipc) بەشدار بوون ترسی ئەوەیان هەبوو کە پێکهاتنی کۆمارێکی کوردستان لە ئێران ببێ بە نموونە بۆ کوردەکانی عێراق و قازانجی ئابووری و سیاسی ئەوان لە کوردستانی عێراق و تەنانەت لە سەراسەری عێراق وە مەترسی بخا دیارە ئەمە بۆ تورکیە و کوردستانی تورکیەش راست بوو کە نیوەی هەموو نەتەوەی کوردی تێدا دەژی لە بەر ئەم هۆیانە دەوڵەتەکانی ئەمریکا و ئینگلیس بە توندی پشتیوانیان لە دەوڵەتی کۆنە پەرستی مەرکەزی دەکرد بەڵام بەرامبەر بەوە ئەو پشتیوانیە کە چاوەڕوان دەکرا لە لایەن یەکییەتی سۆفیەتیەوە لە کۆماری کوردستان نەکرا ئەمەش خۆی چەند هۆی هەبوو:

یەکەم ئەوە بوو کە سیاسەتی ئەو دەمەی یەکیەتی سۆفیەتی واتە سیاسەتی سەردەمی ئەستالین بە گشتی و لە رادەی جیهانیدا تووشی هێندێک هەڵەولێکدانەوەی چەوت بوو ئەم سیاسەتە لە ئازەربایجان و کوردستان بە دەست باقرۆفەوە بەڕێوە دەچوو کە پیاوی جێ باوەڕی ستالین و هەمەکارەی ئازەربایجانی سۆفیەتی بوو ، لێکدانەوەی باقرۆفیش لە سیاسەتی ئەوکاتەی ئێران و لە نیسبەتی هێزەکان دروست نەبوو بێجگە لەوە هەروەها کە گوتمان لە جەرەیانی کۆماری کوردستاندا ناکۆکی و ناتەبایی لە سیاسەتی یەکیەتی سۆفیەتی بەرامبەر بە ئێراندا بەرچاو دەکەوت . مۆلۆتۆف کە وەزیری دەرەوە بوو زیاتر قازانجی گشتی یەکیەتی سۆفیەتی وەک وڵاتێکی مەزن لە بەرچاو بوو هەر بۆیەش مەسەلەی وەرگرتنی ئیمتیازی نەفتی شیمالی پێ گرینگتر بوو لە دیفاع لە حکومەتی میللی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان بەڵام باقرۆف کە خۆی ئازەربایجانی بوو مەبەستی وەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکانی خۆی لە چوارچێوەی سیاسەتی یەکیەتی سۆفیەتی لە ئێراندا بوو. هەرچەند هیچکام لە بەرێوە بەرانی حکوومەتی میللی ئازەربایجان باسی جیابوونەوەی ئازەربایجانیان نەدەکرد بەڵام باقرۆف بە راشکاوی لە باکۆ رایگەیاند کە ئامانجی یەکخستنی ئازەربایجانی ئێران وسۆفیەتییە. هێندێ لە مهاجرینی ئازەربایجانی کە لە حکوومەتی میللیدا خاوەن دەسەڵاتیش بوون جاروبار جیابوونەوەی ئازەربایجانی ئێرانیان دەهێنایە گۆڕێ. هەرچۆنێک بێ پاشەکشەی یەکێتی سۆفیەتی لە ئێران چ بە مەبەستی وەرگرتنێ ئیمتیازی نەفت بووبێ چ ئاکامی شکستی سیاسەتی مەزنیخوازانەی باقرۆف بەرهەمی لێکدانەوەیەکی چەوتی هەل و مەرجی ئەوکاتەی ئێران بوو. (٣)

لە بە هەڵە چوونی یەکێتی سۆفێتیدا نەخشی قەوام بەرچاو بوو . قەوام لە سەفەری خۆی بۆ موسکۆ دا بەرێوەبەرانی یەکێتی سۆفێتی قانع کردکە گیروگرفتی ئازەربایجان بە مەسەلەیەکی نێوخۆیی ئێران دابنێن و دەخالەتی تێدا نەکەن . زۆر سەیر بوو کە قەوام ئەو داوایەی لە ئەمریکا و ئینگلیس نەدەکرد چونکە ئەوان لەوکاتەدا زۆر بە جیدی بە ئاشکرا دەخالەتیان لە کاری ئێراندا دەکرد بۆ نموونە  جورج ئالێن باڵیۆزی ئەمریکا لەگەڵ رەزمارا بۆ بەرێوە بردنی شەڕ دژی بارزانییەکان هات بۆ کوردستان . باڵیوزخانەی ئەمریکا لەگەڵ زۆر کەس لە سەرۆک عەشیرەتەکان پێوەندی نزیکی دامەزراندبوو.  هۆی دووهەم ئەوە بوو کە یەکییەتی سۆفیەتی لە شەڕێکی وێرانکەر رزگار ببوو بیست میلیون کوژراوی هەبوو سەدان شار و ناوەندی سەنعەتی گەورەی خاپوور کرابوون بەرامبەر بەوە ئەمرکا نەک هەر بە هێزتر لە شەڕ هاتبووە دەر بەڵکوو بە بۆمبای ئەتۆمیش پشت ئەستوور بوو لەو هەلومەرجەدا یەکیەتی سۆفیەتی بۆ تێکهەڵچوونی نیزامی دەگەڵ ئەمریکا لە ئێران ئامادەیی نەبوو. ئاکامی هەموو ئەمانە پاسیف و بێ ئەسەربوونی سیاسەتی سۆفیەتی لە ئێراندا بوو. بەمجۆرە وەزعێکی تایبەتی هاتە پێش بەم مانایە کە لە حالێکدا ئەمریکا و ئینگلیس زۆر چالاکانە پشتی دەوڵەتی مەرکەزییان گرتبوو یەکیەتی سۆفیەتی سیاسەتێکی بێ لایەن و سەیرکەرانەی گرتە بەر و کۆماری کوردستانی لە پشتیوانی دەرەوەی خۆی بێ بەش کرد ئەمەش هۆیەکی حاشا لێنەکراوی تێکچوونی کۆماری کوردستان بوو بەڵام هەروەها کە کوتمان هۆی ئەسڵی نەبوو و ناشکرێ بە هۆی ئەسڵی دابنێین. وادیارە ئەو کەسانە کە یەکیەتی سۆفیەت تاوانباردەکەن بەوە کە کۆماری کوردستانی بە جێهێشت چاوەڕوانی ئەوە بوون کە بە هێزی نیزامی دیفاعی لێ کردبا . ئەگەر کۆماری کوردستان خۆی بەربەرەکانی لەشکری کۆنە پەرستی ئێرانی کردبا و ماوەیەکیش ئەو بەربەرەکانیە درێژەی هەبا ئەوکاتە لە وانە بوو کە یەکیەتی سۆفیەتیش پشتی کۆماری کوردستان بگرێ و یارمەتی بدا بەڵام کە کۆماری کوردستان هیچ دیفاعێکی لە خۆی نەکردلەو حاڵەتە نەدەبوا یەکیەتی سۆفیەتی لەشکری سوور بنێرێتەوە ئێران و دیفاع لە کۆماری کوردستان بکا. بە کورتی دەبوا لەشکری سوور لە باتی پێشمەرگەی کوردستان بۆ ئازادی کوردستان شەڕ بکا . هەرچەند مێژوو ئەوەیە کە بووە بەڵام رەنگە ئەگەر کۆماری کوردستان دیفاعی لە خۆی کردبا و ماوەیەکیش خۆی راگرتبا وەزع گۆڕابا. لێرەدا پێویستە ئیشارە بە مەسەلەیەکی زۆر گرینگ بکرێ کە بۆ دواڕۆی گەلی کورد ئەهەمیەتێکی تایبە هەیە ئەویش دیاریکردنی هێز یا

عامیلی ئەسڵیی رزگاری خەڵکی کوردستانە . ئایا حیزبێکی آۆڕشگێر دەبێ پشت ئەستوور بە کۆمەڵانی خەڵکی خۆی ، بە هێزی مەعنەوی و مادی وڵاتەکەی بێ یان چاوەڕوان بێ کە لە شکری وڵاتێکی دیکە بێ و رزگاری بکا. بە داخەوە ئەو بۆچوونە لە مێژووی نەتەوەی کورد بە تایبەتی لە مێژووی گەلی کورد لەکوردستانی ئێراندا پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان بە هێزبوو واتە شۆڕشگێڕان هەوڵیان نەدەدا بە تێکۆشانی خۆیان گەلی کورد رزگار بکەن بەڵکوو چاوەڕوانی ئەوە بوون کە لە جێگایەکی دیکەوە لە دەرەوەڕا هێزێکی دۆست بێ و ئازادی کوردستانمان بۆ بە دیاری بێنێ. بە خۆشیەوە ئەو بۆچوونە ئێستا نەماوە شەش ساڵە خەڵکی کوردستان بێ یارمەتی دەرەوە و بە هێزی خۆی و بە دەستی خۆی قارەمانانە لە ئازادی خۆی دیفاع دەکا و دەگەڵ ئەوە کە دەگەڵ دوژمنێکی زۆر دڕندەتر و بە هێزتر لە ساڵی ١٣٢٥ بەرەوڕووە بەڵام توانیویەتی خۆی راگرێ و دیفاعیش لە خۆی کا ئەوە نیشانەی دیاردەیەکی نوێیە نیشانەی ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان بۆ وەدەستهێنانی ئازادی لە پێش هەموو شتێکدا پشت ئەستوور بە هێزی خۆی و ئیمکاناتی ماددی و مەعنەوی خۆیەتی و عامیلی دەرەوە بە عامیلێکی یاریدەدەر دادەنێ خەڵکی کوردستان بۆی دەرکەوتووە و ئیمانیشی بەوە هێناوە کە تەنیا بە دەستی خۆی دەبێ خۆی رزگار بکا و ئەگەرر بە هێزی خۆی باش دیفاع لە نیشتمان و لە مافی خۆی بکا و بتوانێ خۆی راگرێ بێگومان دۆستی زۆریشی بۆ پەیدا دەبێ و یارمەتیشی دەدەن . پێشتر باسی ئەو هۆیانەمان کرد کە پێشەوا قازیان هاندا کە واز لە شەڕ کردن لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی بێنێ و لەشکری ئێران بێ ئەوەی کۆسپێک بێتە سەر رێگای هاتە شاری مهاباد بەڵام پێویستە ئیشارە بە راستییەکی مێژووییش بکەین پێشتر گوتمان ژمارەی هەموو ئەو لەشکرە کە مانگی سەرماوزی ١٣٢٥ لە تارانەوە بەرەو ئازەربایجان و کوردستان وەڕێکەوت ٢٠ هەزار کەس بوو سی تانگ و دوو تۆپی دوورهاویژ و ٩ فرۆکەی کۆنی دەگەڵ بوو بەرامبەر بەوە کۆماری کوردستان ١٥ هەزار پێشمەرگەی هەبوو و ئەگەر خەڵک بەسیج کرابا بێگومان ئەوەندە چەکداری دیکەش ئامادە دەبوو . ژومارەی ئەو بەشەی لەشکری ئێران کە گەیشتە شاری مهاباد ٦٠٠ کەس بوو کە ١٢ تیربار ٢ زرێپۆش و ٢ تۆپیان هەبوو وەزعی لەشکرەکەی شا زۆر شپرزە بوو سەربازەکان ماندووبوون بەفرو سەرما رێگاکانی گرتبوو بە شێوەیەک کە تانگ و زرێپۆش دەرنەدەچوو فرۆکەکان کاریگەر نەبوون لەشکر وەسیلەی هاتووچۆی مۆتۆڕی زۆر کەم بوو تەقەمەنی بەشی نەدەکرد بێنزین و خواردەمەنیش نەبوو ئایا نەدەکرا بەرگری لە پێشڕەویی لەشکرێکی ئاوا بکرێ ؟

باسی گیروگرفتەکانی ئەو کاتەی کۆماری کوردستانمان کرد بەڵام راستیەکی بەرچاو هەیە کە ناکرێ چاوپۆشی لێبکەین بەربەرەکانی لەگەڵ لەشکری شا بۆ دیفاع لە دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان ئەگەر سەریش نەکەوتبا هەر نەبێ رێوڕەسمی خراپی ئاشبەتاڵی دانەدەمەزراند و گیانی خەباتگێڕیی بە هێز دەکرد و بێگومان ئاسەوارێکی شۆڕشگێڕانەی لە سەر دوارۆژی جووڵانەوەی دێموکراتی و نەتەوەیی گەلی کورد بە جێ دەهێشت.

پەراوێزەکان : نووسینی دوکتور قاسملو

١، رۆژی٢ ی خەزەڵوەری ١٣٢٤ (٢٤ ی ئوکتوبری ١٩٤٥) کۆبوونەوەیەکی بەرین لە نوێنەرانی رێکخراوەکانی حیزبی دێموکرات لە ماکۆوە بگرە تا بۆکان لە مهاباد پێکهات هەرچەند زیاتر باری سیاسی و تەبلێغاتی هەبوو لە هێندێک لە نووسراوەکانی ساڵی ١٣٢٤ دا ناوی کۆنگرەی لە سەر دانراوە . ئەوەش هەر نیشاندەری وەزعی تەشکیلاتی ناتەواوی ئەو کاتەی حیزبە.

٢، مانگرتنی ٢٢ ی پووشپەڕ یەکێک لە بزووتنەوە هەرە گرنگەکانی چینی کرێکاری ئێران بوو لە تێکهەڵچوونی کرێکاران لەگەڵ ئەرتەش و پۆلیسدا ٤٨ کەس کوژران و ١٧٠ کەس بریندار بوون داخوازی مانگرەکان بریتی بوو لە لابردنی فشار و

گۆڕینی ئوستاندار که پیاوی شیرکەتی نەفتی ئینگلیس بوو . دەخالەت نەکردنی شیرکەتی نەفت لە کاروباری داخلی ئێراندا ، چەک کردنی عەشیرەتەکانی جنوب و بژاردنی حەقدەستی رۆژی جومعەی کرێکاران .

ئەم مانگرتنە بە قەول و قەراری فێڵبازانەی قەوام و دەخالەتی بەرێوەبەرانی حیزبی تودە کۆتایی هات.

٣، پاش مردنی ستالین لە ساڵی ١٣٣٤ دا باقرۆف دەگەڵ بێریا کە وەزیری نێو خۆی یەکییەتی سۆفیەتی بوو هەردوو دادگایی و ئیعدام کران . لە دادگادا دەرکەوت باقرۆف بەرپرسی کوشتنی ٢٠ هەزار کەس بووە.

زنجیرە وتار: کۆماری کوردستان- دووی ڕێبەندان (٨)

ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار

---

دیمەنێکی دیکە لە کتێبی (کوردبوون)

بیرەوەرییەکانی کاپیتان حەمەدی مەولوودی

ساییقنەڵا

پێشەوا کوتی دەبێ بچی بۆ ساییقنەڵایە . ئارامی هەرمەنی فەرماندەی ئازەرییەکانە و تۆش بە بەشی کوردان رادەگەی. هەر زوو وەرێکەوتین . ئیفتیخار و عەلیرەزاخانی چارداوڕوو بە درۆ هاتبوونە لای پێشەوا و وەفادارپی خۆیان نیشان دابوو و هەریەکە نیشانێکی کوردستانیان لە سەر سینگی قایمکرا وەک ئەوەی چەندساڵان دە ژێر هەرددا کاریان کردبێ و ئێمە نەمانزانیبێت بە فیزێکی یەگجار سەیرەوە دەگەڵمان هاتن بۆ هەوشاری. ئەو ئاغایانە دەبوایە هاتبان بۆ ئیدارەکردنی من و ئەو چەند کەسەی دەگەڵم بوون دەبوایە وەک ئەفسەرێکی کوردستان دەستیان بۆ هەڵێنابان ئەوانیش بە فیزێکی لە رادەبەدەر وڵامیان دەدایەوە و وەژووری ئیدارەکەمان دەکەوتن و دەستیان دەکرد بە قسەی قۆڕقۆڕ و وایان پێشاندەدا کە سووتاون بۆ کوردستان. منیش وامدەزانی بە راستیانە.

کوتیان ئێمە ١٠٠ پێشمەرگە بە خۆبەخش پێشکەش بە دەوڵەتی کوردستان دەکەین هەموو خەرجیان لە سەر ئێمە بێت . داوایان لێکردم کە من تەنیا داوای تفەنگ و سیلاح و فیشەکیان بۆ لە سابڵاغ بکەم منیش نامەم نووسی و قازیش دەستوبرد ماشێنێکی تفەنگ و فیشەک بۆ ناردم و منیش تەسلیم بە ئاغاکانم کرد . ئەو پێشمەرگانەی دەگەڵ من بوون زۆریان پێکوتم کە ئەو ئاغایانە مارن رۆژێک دێت کە پێمانەوە بدەن بەڵام من لێیان تووڕە دەبوم دەمکوت ئێوە نازانن ئەوانە لە دەستی قازی نیشانی کوردوستانیان وەرگرتووە و خەیانەت ناکەن . هەر وەک باسم کرد پیاوەکانی عەلیرەزاخانی چارداوڕوو رۆژانە دەهاتنە نێو ساییقنەڵایە و چەند کاتژمێرێک بە شەقام و کۆڵانەکانی شاردا دەخولانەوە و عەلیرەزاخانیش وەک ئەفسەرێکی دڵسۆز وەپێشیان دەکەوت . لەو سەروبەینەدا چەند کەس لە فیدایییەکانی ئازەربایجان هەڵاتن و هاتنە نێو ئێمە جا ئەوە سەیر بوو کە لە نێو ئێمەدا جاسووس و پیاوخراپ زۆر بوون و لە نێو ئازەرییەکانیشدا هەر مەپرسن وەکوو خۆڵێ هەبوون . .ئێمە تەلەفوونمان نەبوو دەبوایە چووباین بۆ ئیدارەی ئازەرییەکان تا تەلەفون بکەین بۆ سابڵاغ . ئەوەندە خراپ بوون کە ئیزنیان نەدەداین . کە ئەو شتانەم دەدیت وردەوردە دڵم لێیان رەش بوو ئیدی وای لێهاتبوو کە ئەوەندم رق لە رەزاشای نەبوو ئەوەندەم رق لەوان بوو. ئەوە منیش بێخەبەرم کە هەموو دوژمنان لە دژی ئێمە کلکیان تێکهاڵاندووە هەتا رۆژێکیان وەختابوو لێکراکێشین تا ئەوان پاشەکشەیانکرد. دەنێو ئێمەدا ئاغاکانی چارداوڕوو ئێمەیان هاندەدا تا دەگەڵ ئازەرییەکان بیکەین بە کێشە و لە ناو ئازەرییەکانیشدا دوژمنەکانی ئەوان تا شەوێکی ژنراڵ کەبیری و شەبوستەری هاتن بۆ ساییقنەڵا شەو لە دوویان ناردم و منیش چووم . پاشی قسەوباسێکی زۆر گوتیان کە بۆمان سەلماوە ئەو ئاغایانە لە نێوان ئێمە و ئێوەدا ئاژاوە دەگێڕن و لە راستیدا دوژمنی هەردووک لامانن . من کە ئەو قسانەم بیست زانیم کە هەڵە نەبووم و وادیارە لایەنی ئازەربایجانیش ئەو هەستەی منیان هەیە . بۆم باسکردن کە هەرکات دەچم بۆ تەلەفونکردن بەربەستم بۆ ساز دەکەن بۆ هەر ئیشێک و ئاتاجێک بچینە لایان هاوکاریمان ناکەن و کۆسپ دەخەنە سەررێمان و بە ئانقەست لە نێوانماندا نەمامی دەکەن . پاش راوێژێکی زۆر پێشنیاریانکرد بۆ ئەوەی کێشەکان چارەسەر بێ دەبێ لە چنگی ئەو ئاغایانە خڵاسیمان بێ . وتم چۆن؟ کوتیان تۆ کارت نەبێ تەنیا هەوڵ بدە ئەو دوو کەسەمان بۆ لە داوباوێ ، باقییەکەی ئێمە دەیکەین. من کوتم دەبێ قازی لەو کارە ئاگاداربکەمەوە ، ئەوان نەیانهێشت و کوتیان پێویست بە قازی ناکا هەرچی روویدا لەسەر ئێمە . بەیانی بە پێی بەرنامە ناردم لە دوای ئیفتیخار و عەلیرەزاخان تا بە بیانووی ئەوە کە ئەسلەحەی قورسمان بۆ هاتووە و دەبێ بێن و وەریبگرن و ئیمزای بکەن بەشکوو بیاننێرمە هۆڵەسوو. ئازەرییەکان

زۆر قەولی سەیرو سەمەرەیان پێدەدان خولاسە کردیانن بە شا و لە سەر تەختیان دانان تا بەشکوو رازی بن بچن بۆ هۆلەسوو ، هەمووهاتن بەڵام ئیفتیخار نەهات کوڕەکەی دەیکوت نەخۆشە و نەیتوانیوە بێت. گوتمان نابێ و دەبێ ئەویشتان دەگەڵ بێ دڵیان خۆش بوو و هەر فیکەی سمێڵیان دەهات و وەیاندەزانی راستە. هەموویان بە خۆشی خۆشی گەڕانەوە بۆ سایینقەڵایە . لەوبەینەدا من بە یوسف خانی کوڕی ئیفتیخارم کوت کە گەر بەیانی بابت چاک بۆوە وەرن بۆ سایینقەڵایە و بەیەکەوە دەچین بۆ هۆڵە سوو ئەو ئەسلەحە و شتانەتان دەدەینێ وەریگرن و بابیشت دەبێ بنەکەی ئیمزابکا گوتی باشە و بە سروود خوێندنەوە و بە ئەی رەقیب گوتنەوە لە شاری وەدەرکەوتن. بۆ بەیانی ئیفتیخار و عەلیرەزاخان دەگەڵ چەندنۆکەریان هاتنە ئیدارەکەمان گوتیان با بڕۆین بۆ هۆڵە سوو من بە بیانووی هێندێک کاری پێویست مامەوە و بەڵێنم دانێ کە بۆلای چێشتانێ دێمەوە لاتان. ئەوانم بەڕێکرد و مەبەستیش ئەو دووکەسە بوون . کە دەچنە وێ دوو کایژمێری پێناچێ کە سەری هەردووکیان بە گۆمێدادەکەن و بە نەمانی ئەو دووکەسە وڵات ئارام بۆوە. دەگەڵ ئازەربایجانیان وەک برایانمان لێهات ئەو قین و بوغزەی پێشتر هەبوو هیچی نەما بۆ هەر شتێک دەماننارده لایان نەیاندەگوت نا. ئەو دوژمن و ناحەزانەی لە ناو ئازەریەکانیشدا بوون دەستیان کێشاوە و نەمامیان نەدەکرد. وەک ئاو بە ئاور داکەی وابوو و وڵات دامرکا.

میرزا محەمەدئەمین مەنگوڕی لە کتێبی (بە سەرهاتی سیاسی کورد) دا لە سەر ئەو رووداوە دەنووسێ:

لە سەر راپۆری بەدکاران (عەلیخان و عەلی ئەشرەفخان ناوان) کە کوردی تابیعی ئازەربایجان بوون گیران و لە تەورێز ئیعدام کران . ۳۰ پارچە مڵکیان بە گەنجینەی ئازەربایجان بڕا. لە ئەوەڵی دامەزراندنی بناغەی شۆڕش تەعەسوب و دڵگەرمی و خۆشەویستی زۆربوو لە ترسی ئەوەی دووبارە دەوری زۆرداریی دەوڵەتی ئێران نەگەڕێتەوە کوردەکان ئامادە بوون بە هەموو وێنە یارمەتییەک . ئاغای واهەبوو دەستی لە دیهاتەکانی خۆی هەڵەگرت بۆ خەزینە. زۆر کەسی واهەبوو پیلی ژنومنداڵەکەی خۆی ئەگرت و هەرچی دارایی هەیبوو بە قازی محەمەد و خەزێنەی مهابادی ئەبەخشی . هەندێ کەسی واهەبوو کوڕەکەی لە ژێر پێی قازی محەمەد درێژ ئەکرد ئەتوتست بیکا بە قوربانیی کوردستان بەڵام داخی گرانم هەتا حاسڵات و نوخشەی تازە پێگەیشت ئەو تەعەسوب و خوێن گەرمیە سارد بۆوە. بەلکوو ئیشەکە وای لێهات بە زۆری پۆلیسیش رسووماتی بریارلەسەردراویان نەئەدا بە گەنجینە چونکە هێندێک معامەلەی ناشیانەی پێشمەرگە و ئەفسەرە تازەپیاکەوتووەکان بوبو بە هۆی ئەوەی کە هەزاران جار پەشیمان بوونەوە بۆ دەوری ئەمنیە خوێن خۆرەکانی زەمانی رەزاشا. کردەوەی هەندێ مووچەخۆری یەکشەوەی مهاباد بوبو بە هۆی ئەوەی کە ئاغا و کرمانج و بەردەست لە یەکتر راست ببنەوە و پەلاماری یەکتر بدەن . ئاژاوە و بڵاوەیەکی زۆر خرابووە نێو فەلاح و مالیک . ئەو دڵسۆز و موخلیسانەی کە گیانی خۆیان و منداڵەکانیان بە گەنجینە ئەبەخشی ئەگەر بۆیان بکرایە هەر گەنجینەکەی قازی محەمەدیان ئەدا بە کۆڵا و ئەیان فڕاند.

گەنجینە سوودی لە هەندێ دێهاتی ئاغاوات کردبوو حەماغای عەباسی لە ناوچەی بۆکان ۷ ئاوایی هەبوو بۆ دەوڵەتی قازی محەمەد بە جێمابوو خۆی بوبو بە لایەنگری دەوڵەت و چووبوو بۆ تاران و غەیری ئەوەش نزیک ۱۰ هەزار پووتی گەنم بۆ شۆڕش بە جێمابوو.

حیسامی داشکستان دانیشتووی ناوچەی هەوشار بوو لە ترسی دێموکراتی سایینقەڵا چووبووە ناو ئەشکەوتێک کە ناسراوە بە تەختی سولەیمان . قازی محەمەد بە دیلی هێنایە سابڵاغ نزیکەی ۲۰۰ تەن گەنمی گیرا لەگەڵ هەموو کەل و پەلێکی ناوماڵی کە تەقدیر ئەکرا بە ملیۆنێک تومان .

ئەمین لەشکر کەسێکی زرەکوردبوو لە ناوچەی هەوشار دائەنیشت ، جنسیەتی ئازەربایجانیی بۆخۆی وەرگرتبوو کابرایەکی دەوڵەت پەرست بوو . ۱۵۰ دێی هەبوو لە ناوچەی سنە و تیکان تەپە و میاندواو زۆر دەوڵەمەندبوو لە شێوەی راجەکانی هیندوستان یا ئینگڵتەرا بوو یا لە شێوەی سەرۆکی تایەفەی ئیسماعیلیی هیندوستان ئاغاخان ناو بوو . فەرماندەی هێزی سایینقەڵا ئارامی ئەرمەنی ماڵەکەی تاڵانکرد ۹۰۰ سینی نانخواردنیان لە ماڵەکەی بردە دەر . ئەو شەخسە خۆیوژنەکەی بە پەلە پروزە رزگاریان بوو بە رووتی چوون بۆ تاران . لەو دێیانە ۷ دێی وەبەرناوچەی مهاباد کەوتبوو ئەحمەدخانی خەلیل خان سەرپەرستی ئەو ۷ دێیەی دەکرد بۆ گەنجینە.

ئەو کەسانەی بە دۆستی دەوڵەتی ئێران دەناسران لە کوردستان دوور ئەخرانەوە ملک و ئەساسیەی کە هەیانبوو بۆ گەنجینە ئەمایەوە. عەزیزخانی زەندی، سەیدمحەمەد نەغەدەیی، لەتیفی قاچاغچی لە سابلاغ ، مام بایزی قەرەنیاغای مامەش ، عەولاغای بایزپاشای مەنگوڕ ، ئەوانە لەو دوورخراوانە بوون کە ملکەکانیان بۆ گەنجینە مابۆوە. جا بەم هۆیەوە ئاغاواتی عەشایرەکان هەستیان بە پاشەرۆژێکی خراپی خۆیان کردبوو بە تەرزێکی نهێنی دەرگای موخابراتیان دەگەڵ حکوومەتی ئێرانا کردبۆوە. لەو باوەڕەدام ئەگەر لە ترس رووس و مەلامستەفا و حەمەرەشیدخان نەبوایە هەر زوو ئاغاوەت لە قازی محەمەد رادەپەڕین و قازی محەمەد و ئەنجومەنی ئەیالەتەکەیان لە ناو ئەبرد حاشایان لە هەزار کورد و کوردستان و ئازادی دەکرد چونکە بۆ دەوری دەرەبەگایەتی و ئاغایەتی جارانیان زۆر پەشیمان ببوونەوە. هەتا رادەی لێک هەڵبەزینەوەی قازی محەمەد و ئاغایان گەیشتە ئاقارێک کە عەمەرخانی شکاک کە یەکێک بوو لە سەرلەشکرەکان و کرابوو بە پارێزەری ناوچەی سەقز لە ژێرەوە لەگەڵ حکومەتی ئێران کەوتە موخابەرەوە . کاکەڵلاغای حەسەناغای قوڵقوڵە لە هەمان کاتا دەرگای موخابراتی لەگەل حکومەتی سەقز کردبۆوە . عەلیاغای ئەسعەدی رەئیس عەشیرەتی دێبوکری و حاجی بایزاغا و مەحموداغای ئێلخانیزادە حکومەتی ئێرانیان هاندەدا هێرش بەرێتە سەر قازی محەمەد. مام عەزیزی قەرەنیاغای رەئیس عەشیرەتی مامەش ، عەبدوڵلا خانی رەئیس عەشیرەتی مەنگوڕ . مەلاخەلیلی گۆڕ ئۆمەر، محەمەداغای عەبباسی، حاجی بریماغای گەورک ئەو سەرۆک عەشیرەتانە لە رووی بێ مبالاتی قازی محەمەدەوە هەموویان لەگەڵ حکومەتا کەوتنە وتووێژ و بەڵێن و پەیمان بەستن . هەندێکیان هەڵاتن چوون بۆ تاران هێندێکیشیان لە ژێرەوە بەرگی سیخوڕیان بۆ دەوڵەتی ئێران لەبەر کردبوو لە دژی قازی محەمەد. هێندێک دەستکاری سابلاغیەکان و پیلانی عەشایرەکان بوو بە هۆی ئەوەی کە نێوانی قازی محەمەدوحەمەرەشیدخانیش تێک بچێ و حەمەرەشیدخان ناچاری ئەوە بێ خۆی فرێداتەوە باوەشی پۆلیس و بەندیو دوورخراوەیی بۆ رومادی و کەرکوک . بێ سیاسەتی قازی محەمەد بوو بە هۆی تکینەوەی زۆربەی عەشیرەکان . قازی محەمەد چاوی لە ئازەربایجانیەکان دەکرد کە توانیان زۆر بە گورجی رووحی ئیقتاعی و دەرەبەگایەتی لە ناوچەی خۆیانا نەهێڵن و یاسای تووده و شیوعییەت تا ئەندازەیەک بگەیەننە جێ ئەو چاولێکردن و دەرسەی ئازەربایجان لە قازی محەمەد نە ئەوەشایەوەچونکە مەوقیف و جێگاو رێگاو رۆژی سیاسەتی قازی محەمەد و ئازەربایجان زۆر لێک دوور بوون . قازی محەمەد وەختی ئەو هەنگاوەی نەبوو ک لەگەڵ عەشیرەکان تێکی بدا و یاسای شیوعی بخاتە بازاڕی کوردستانەوە. ناوچەی ئازەربایجان لەگەڵ ناوچەی کوردا نێوانێکی زۆری هەبوو . ئازەربایجانیەکان هەر ئەوەندەیان وڵات هەبوو کە چنگیان کەوتبوو بە تەمای هیچ وڵاتێکی تر نەبوون کە داگیری بکەن بەڵام دەوری قازی محەمەد زۆر قۆناغی گەورە و مەنزڵی دوورتری مابوو کە بیان برێ. وەکوو ئازادیی عێراق ، سوریە و کوردی تورکیە. لەو کاتەدا دەوری عەشیرەکان بۆ قازی محەمەد زۆر پێویست بوو چونکە بە پڕوپاغەندە و هیوای بڵاوکردنەوەی نفوذی عەشیرەکان زۆر هەنگاوی قازی محەمەد جێگیر ئەبوو. لە ناو کوردستانا روحیەی عەشایری زۆر زیندوو و بە تینە بۆ بڕینی هەندێ مەراحیلی نیشتمان پەرەستی.

کوردو ئازەربایجان فەرقێکی زۆری هەیە . ئازەربایجانیەکان ناچار بوون کە بە گورجی یاسای تووده سەر پێ بگرن بەڵام کوردەکان جارێ ئیشیان تەواو نەببو کە کاڵای شیوعییەتیان بخستایە بازاڕەوە بو دوو ملیون کوردی ئازادکراوی مهاباد ١٥ ملیون کوردی ئازادنەکراو بترسێنن. جا لەبەر ئەوە ئەتوانین بڵێین کە قازی محەمەد نەئەبوو بەم پەلە پەلە یخەی ئاغاوەت و خان و بەگەکانی بگرتایە و ئیعلامی شەڕی دەگەڵیانا بکردایە. چونکە ئەو کات عەشایرەکان بە هێز بوون پێویستی بە کۆمەگی ئەوان هەبوو . رەزاشا ، مستەفا کەمال لە دەوری خۆیانا بە هەزاران وێنە فرۆفێل و هێز و راپەڕین نەیانتوانی رووحی عەشایری و ئاغایەتی لە ناوبەرن . عەشایرەکان زوو ئەبن بە کۆمەگ و زووش ئەتۆرێن بەڵام کە زانایەکی هونەرمەند هەبێ ئەتوانی بە سەلیقە و مێشکی عەشایری لەگەڵیان بجووڵێتەوە و تا ئەندازەیەکیش باری تەماعیان نیشان بدا زۆر لەو سەربازانە باشتر شەڕ ئەکەن کە بە مووچە و یاسای زۆر بە هێز پەروەردە کراون. عەشایرەکان سافیلکە و خۆش باوەڕن . ئەگەر لە رێگای راستا لەگەڵیان بدوێی زۆر بە ئاسان دێنە سەر ئەو بارەی کە کورد پێویستی پێی ئەبێ. عەشایرەکان بە تەماعێکی کەم ئەتوانن لەو حکومەتە بدەن کەوا خاکی کوردی داوەتە بەر لەپ چونکە ئیستقلالی کورد یا ئەبی بە خوێنڕێژی و یا ئەبێ بە هۆی قەڵەم و ئەحزاب گەرییەوە تەئمین بکرێ. خوێنڕێژی چەک و پارەیەکی زۆری ئەوێ کە ئەو مەبەستەی پێ بریتە سەر و هێزی حیزبی دێموکراتیش لەو کاتەدا ئەوەندەی توانا نەبوو کە بە پێشمەرگەی حیزبی لە دەوڵەت و عەشایرەکان بداجا کەوابوو دەبا قازی محەمەد بە گران و هەرزان عەشایرەکانی لە دەوڵەت هان دابا. رووت کردنەوەی عەشایر لە چەک و داماڵینیان لە ملک بۆ هۆزێک ئەگونجێ کە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و دامەزراو بێ و لە

هەموو بارێکەوە خاوەنی هێز و چەک و توانا بێ. لە پرو پاگەندەی دەرەوە پشت ئە ستوور بێ یا حزبێک ئەتوانێ نفووزی ئاغاوەت و خان و بەگ نەهێڵێ کە لە سەر هێڵێکی راست و دیمۆکراتییەت مەودایەکی زۆربێ لە خەبات و تێکۆشانا بێت هەموو فەلاح و وەرزێر و رەنجبەرەکانی ئەو عەشیرەتە لە ناو حیزب و سیاسەتا قاڵ بوویێتەوە بە تەماعی دابەش کردنی زەوی و زاری ئاغا میللەتەکە هەستابێتە سەر پێ و هێزی دەرەبەگ بێتین بووبێ.

قازی محەمەد لە دەورێکا داوای نەهێشتنی ئاغاوەت و دەرەبەگی دەکرد کە هیچ تەقریری مەسیری روون نەکرابوو کەس نەیئەزانی بە سەربەخۆیی ئەژی یا ئەخرێتە ژێر حوکمی ئازەربایجان . دەوڵەتی ئێران ئیعتراف بەوژیان و کەیانەی ئەکات یا لێی ئەدات. جا پێش ئەوەی کە قازی محەمەد ئەو قۆناغانە ببڕێت لە سەر ئارەزووی شیوعی و شیوعی پەرەستەکان جارێ لەگەڵ ئاغاکان مەعرەکەی میراتی دابەستبوو. لە زۆر کاتاندا عەشیرەکان جێگای مەترسی بوون بۆ دەوڵەتەکانی بێگانە چونکە چەکی عەشیرەکان هەمیشە کۆسپێک بوون لە سەر رێگای دەوڵەتەکانی بێگانە. بەڵێ نیزامی سوسیالیستی لە دژی چین و تەبەقەی ئاغاوەت و دەرەبەگایەتییە بەڵام ئێمە کە کوردین جارێ لەوکات و رۆژەدا هیچ سوودێک لەم تەتەور و ئاڵوگۆڕە ناکەین چونکە هەرچی کە بیکە ین بێگانە سوودی لێ وەردەگرێ نەک کورد.

کورد ئەبێ تێکۆشان بۆ کورد بکا نەک بێگانە. کورد ئەبێ شۆڕش بۆ بەرزی کوردستان بکا نەک بەرزیی وڵاتانی بێگانە . هەر میللەتێک کە دەست دەداتە چەک و لە دژی حکومەتەکەی خۆی رادەوەستێ مانای ئەوەیە کە تەئسیرێک و دڵشکاوی و نارەزایەتی و یاسا و زۆرداری ئەو حکومەتە ئەو میللەتە ناچار بووە کە بەرگی هەڵگەڕانەوە و شۆڕشی لەبەر کردووە، بۆ دەورێکی خۆشتر و ئاسایشتر هاتۆتە مەیدانی شۆڕش و خوێنڕێژیەوە. بەڵام کە دیتی دەوری حکومەتی پێشتری لە دەوری ئەو حکومەتەی ئێستا خۆشتر و ئاسانتر و بە سوود تر بووە ناچار ئەبێ بۆ بادانەوە بۆلای ئەو حکومەتەی کە لێی هەڵگەڕاوەتەوە جا لە ئێرانا عەشایر و ئاغاوەت و خان ئەو مەسرەحەیان دی و لە بەر ئەوەی هیچ ئیحترام و رێزێکیان بۆ نەمابۆوە لە دەورەی قازی محەمەددا ناچار بوون با بدەنەوە بۆ لای حکومەت و هەوڵی لە ناوبردنی ئەو دەسەڵاتە بدەن کە لە هەموو بارێکەوە سەروماڵیانی خستۆتە مەترسی و نەمانەوە.


من لەگەڵ ئەو باوەڕەدانیم کە بڵێم تەبەقەی ئاغاوەت و دەرەبەگ مانەوەیان شتێکی باش بێ بەڵام من ئەڵێم لە وەختێکی ئاوا ناسک و تەسکا لاوانەوەیان لە تۆرانیان پێویست ترە چونکە ئیشیان پێ تێکدەچێ. لەو باوەڕەدام ئەگەر قازی محەمەد توانیبای دڵی عەشایرەکانی رابگرتایە و بە موستەقبەلی داهاتوو تەمادار و دڵخۆشی بکردبانایە هیچ ئاغایەک نەئەبوو بە لایەنگری حکومەتی ئێران چونکە جەفا و رەزالەت و سووکایەتیەکی زۆریان لە ئێرانییەکان دیبوو. بەڵام لە دەوری قازی محەمەددا زۆرتر سووکی و مەترسیان چاو پێکەوت بۆیە بە تێگرایی بایانداوە لای حکومەت چونکە لە زەمانی حکومەتی ئێرانا هەر ماڵودارابیەکەیان لە مەترسی دابوو بەڵام لە زەمانی حکومەتی قازی محەمەددا سەروماڵو ناموسیشیان کەوتبووە مەترسیەوە.

زنجیره وتار: کۆماری کوردستان- دووی ڕێبەندان (٩)

ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار

---

## هێندێک ڕووداو لە ئازەربایجان لە سەردەمی کۆمەڵەی ژ.ک و کۆماری کوردستاندا.




کتێبی ماو بیگانگان :نووسینی دوکتور جهانشاهلو ئەفشار (جێگری میر جەعفەر پیشەوەری سەدری هەیئەت ڕەئیسەی فرقەی دێموکڕاتی ئازەربایجان و باش وەزیری کۆماری میللی ئازەربایجان).

دوای شەهریوەری ۱۳۲۰ و داگیرکردنی ئێران لە لایەن بێگانەوە ماوەیەک بە هۆی جۆراوجۆر هەڵبژاردنی مەجلیسی شوورای میللی نەکرا تا لە کۆتاییدا (قوام السلطنه) دەستووری بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنیدا . لەو هەڵبژاردنەدا بە پشتیوانیی قەوام و یاریدەی ئیشغاڵگەرانی رووس چەند کەسێکی حیزبی توودە بوون بە نوێنەری مەجلیس. لەوانە دوکتور ڕەزا رادمەنیش لە لاهیجان ، ئاغای ئیرەجی ئەسکەندەری لە مازەندەران ، ئاغای پەروین گونابادی لە خوراسان ، ئاغای ئەردەشیر ئاوانسیان لە تەورێز (نوێنەری ئەرمەنیەکان) و ئاغای فیداکار کە هەم سرتوخورتی لەگەڵ شارەبانی هەبوو هەم خۆی بە نوێنەری یەکیەتی کرێکاران دەزانی لە ئیسفەهان و دوکتور کەشاوەرز لە بەندەرپەهلەوییەوە بوون بە نوێنەری مەجلیس کە دواتر بە گرووپی فراکسیونی حیزبی توودە ناویان دەرکرد.

ئەو نوێنەرانە بە هاوکاری گرووپەکانی دیکە توانیان لە مەجلیس لغاو لە زاری کارەکان بدەن و وەک دەگوترا ئۆپۆزسیون دروست بکەن. ئاغای ئەحمەدی قەوام لە پێناو خۆ بە زلزانی خۆیدا کەڵکی زۆری لەو گرووپە وەرگرت.

لەو ساڵانەدا پێشامەدی زۆر لە وڵاتی ئێمەدا هاتە ئاراوە کە لە راگەیەنێرەکانی ئەو سەردەم و کتێبەکاندا بە تەفسیل نووسراون. ئەمن لێرەدا لە وەبیرهێنانەوەی هەموو ئەوانە خۆ دەپارێزم و تەنیا ئەو بەشەی کە پێموایە نەگەیشتۆتە بەر نەزەری خەڵکی یا بەراوەژوویان کردۆتەوە ئاماژەی پێدەکەم. لەو ساڵانەدا لە نێو حیزبی توودەدا هێندێک شت ڕوویدا کە گەنجەکان وئەو وڵاتپارێزانەی ڕوویان لە حیزب کردبوو وردەوردە دڵساردبوونەوە . گرینگترینیان تەماعی دەوڵەتی شووڕەوەی بۆ ئیمتیازی نەفتی شمالی ئێران و ڕەنگە باقی ئێران بوو. لەو دەورەیەی مەجلیسی شوورای میللی دوکتورمحەمەدی موسەدیق وەکیلی تاران بوو و هەوڵی دەدا نەفتی جنووب کە ساڵەها بوو بە دەست ئینگلیسەوە بوو لە دەستیانی دەربێنێ. رووسەکانیش لە سەر ویستی خۆیان پێ داگرییان دەکرد و حیزبی توودەش لەو نێوەدا دەلاڵی مەزلەمە بوو. لە نێو حیزبی توودەدا لەو قسەوباسانەی دەکرا وڵات پارێزەکان مەنتیقی کومیتەی ناوەندییان بە دڵ نەبوو و نەیان دەویست بچنە ژێربار. حیزبیش لە هەوڵدابوو بە بەهانەی پووچی (موازنه) ی فکریی ، هەموویان ئامادەی پێشنیارەکانی رووس بکا. بەڵام لەگەڵ بەربەرەکانی ئەندامە خاوەن ئەندێشە و لاوان و باقی خەڵکی ئێران بەرەو ڕوو بوو.

نوتقی مێژوویی دوکتور موسەدیق لە موجلیسی شوورا مستێکی قورس بوو کە لە دەمی نوێنەرانی حیزبی توودەی دا کە بڵاوکەرەوەی نەزەراتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی توودە بوون. دوکتور موسەدیق لە وتارەکەیدا کوتی ئەگەر دەستێک سەدەمەی دیت دەبێ هەوڵ بدەی هەڵیبەستیەوە نەک ئەوەی بۆ (موازنه)دەستەکەی دیکەش ئیفلیج کەی بەڵام

رووسەکان دەستبەردار نەبوون و کافتارادزە جێگری وەزیری کاروباری دەرەوەی شوورەویان بۆ نووسینی گرێبەستی نەفتی خوریان و نەفتی هەموو شیمالی ئێران نارده تاران و داوایان لە حیزبی توودە کرد بەقازانجی ئەو بریارە توزاهورات بکەن.

حیزب لە رۆژی دیاریکراودا ئەندامانی خۆی و یەکیەتی کرێکارانی بۆ رێپێوان دەنگدا و لە نزیک مەیدانی بەهارستان میتینگێکیان ئەنجامدا . ماشێنەکانی رووسەکان پڕ لە سەرباز لە شەقامەکان بۆ ترساندنی خەڵک و نەیارەکانی خۆیان تەواوی ئەورۆژە لە هاتووچۆدا بوون . بەڵام تەواوی ئەو کارانە نە تەنیا سوودی نەبوو بەڵکوو بووە هۆی روو وەرگێڕانی بەشێکی زۆر لە وڵاتپارێزانی نێو حیزب و ماوەیەک دوای ئەوە حیزب تووشی دابڕان هات. من لە نێو گەنجەکان و خوێندکاراندا مەجبوور بووم نە تەنیا ئەوان هەڵخەڵەتێنم بەڵکو خۆشم فریو بدەم چونکە بڕیاری حیزب بوو کە خەڵک قانع بکەین کە رووسەکان بۆ دەرکردنی ئینگلیسیەکان و کورتکردنەوەی دەستی شیرکەتی نەفت داوای نەفتی شیمال دەکەن دەنا چاویان لە دوای خاکی ئێران و داهاتی ئێمە نییە و بۆخۆیان بە ئەندازەی پێویست نەفتیان هەیە . لەوکاتەدا لە نێو حیزبدا لە نێو خۆشماندا دووبەرەکی هەبوو بەڵام ئەوەی لە نێو دەزگای رێبەریدا رووی دەدا لە دەرەوە کەمتر رەنگی دەداوە . ئەمن یەک لەو کە سانە بووم کە دەگەڵ ئەو شێوە کارە نەبووم . ئاغای (خلیل ملکی) لە هەموو کەس زیاتر دژایەتی دەکرد. هەر لەو کاتانەدا لە نێو حیزبدا پێشامەدی دیکەش روویدا کە زیاتر وڵاتپارێزانی لە حیز تەکاندەوە. یەک لەو رووداوانە کارەساتی لیقوانی ئازەربایجان بوو.

حیزبی توودە بە سەڵاحدیدی سەفارەتی رووس و لە سەر بنەمای ئیدیعای خودی ئەردەشیری ئاوانسیان کە گۆیا لە ئازەربایجان بە پشتیوانیی ئەرمەنییەکان نفووزی هەیە بۆ رێبەری کردنی حیزبی توودە لە ئازەربایجان ناردرایە ئەو دەوەرە . ئەو کە پیاوێکی بێعەقڵ و خۆویست بوو لەوێ بە ئاشکرا بە پشتیوانیی کاربەدەستانی رووسی دەستی بە کار کرد و بە زەبری هێزی بێگانە دووکانی بەربەرەکانی دەگەڵ ئوستانداری کردەوە و چونکە بوغزی قەدیمی دەگەڵ ئاغای ئیفتیخاری هەبوو زیاتری هێزی حیزبی بۆ کێشە دەگەڵ یەکییەتیەکەی ئەو بە کار هێنا . لە دەورووبەری ئەردەشیر گرووپێک لە ئەرمەنی مهاجیر و یەهوودییەکی فەلەستینیی کومونیست بە نێوی زوبولون کە بە گومانی جاسووسی لە زیندان بوو و لە زیندانی قەسر فەوتی کرد کۆ ببوونەوە.

ئەردەشیر وردە وردە رووی لە کردەوەی چەکدارانە کرد . وەرزێرانی ئازەربایجان وەک باقی ناوچەکانی دیکەی ئێران رووی خۆشیان بە حیزبی توودە نیشان نەدەدا و خاوەن مڵکەکانیش بە توندی بەربەرەکانیان بەرامبەر کردەوەکانی حیزبی توودە نیشان دەدا. لەو فەزایەدا کادرەکانی حیزبی توودە کە بۆ تەبلیغات چووبوونە لیقوان خەبەریان دابوو کە حاجی ئیحتیشامی لیقوانی خاوەنی ئەو دێیە و چەند ئاوایی دیکەی ئەو دەوەرە لە ئاواییەکەی وەدەرناون.

ئەردەشیر ئاوانسیان دەگەڵ چەند ئەرمەنی و چەند مهاجیر و زوبۆلۆن کە هەموویان چەکدار بوون دەچنە لیقوان . کەس و کاری حاج ئیحتیشام بەربەرەکانی دەکەن و کێشەیەکی گەورە درووست دەبێ. ئەردەشیر کە دەبینێ بەو بەربەرەکانییەی وەرزێرەکان کارێکی بۆ ناکرێ دەگەڵ زوبۆلون و چەند چەکداری دیکە لە رێگای دیکەوە دەچنە نێو باغ و نێو ماڵی حاجی ئیحتیشام و لە کاتی نوێژکردندا بە تەمەنی زیاتر لە هەشتا ساڵەوە دەیکووژن و تەنانەت نەوەکەی کە منداڵێکی ساوا بووە و خەریکی کایەکردن بووە لە ماڵێدا ئەویش دەکووژن و دەگەڕێنەوە تەورێز. ئەو رووداوە بە هەموو ئێراندا بڵاو بۆوە و نەفرینی خەڵکی بە دواداهات تا ئەو جێگایەی حیزبی توودە ناچار ئەردەشیریان لە تەورێز راگوێست و بۆ قەرەبووکردنەوی ئەو کەمووکوورییە (علی امیرخیزی، خلیل ملکی، دکتر حسین جودت) کە هەرسێکیان تەورێزی و لەوێ ناسراوبوون بۆ هیدایەتی حیزب ناردیاننە تەورێز . ئەو رووداوە لە نێو حیزبی توودە هاتە سەر ناکۆکیەکانی دیکە ودەنگی نارەزایەتی ئەندامانی حیزبی توندتر کرد.

بۆ ئەوەی خوێنەران زیاتر ئاگاداری ئەو نارێک و پێکیە بن کە لە کردەوەکانی ئەردەشیر ڕا سەرچاوەی دەگرت نەزەری میر جەعفەرباقرۆف رێبەری حیزبی کومونیستی ئازەربایجانی شوورەوی کە ئەو کات نەفەری سێهەمی ئیتحادی جەماهیری شوورەوی لە زەمانی قودرەتی ئەستالین دا بوو لێرە باس دەکەم:

کاتێک فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان شکستی خوارد و لە مانگی ئازەری ١٣٢٥ ئێمە چووینە شووڕەوی چەند جار ئاغایانی پیشەوەری و من و پادگان چاومان بە باقروف کەوت. لە یەک لەو دیدارانەدا ئەوگەیی لە سیاسەتی نادروستی حیزبی توودە دەکرد و لە نێو قسەکاندا کوتی :

ئەو ئەردەشیر ئاوانسیانە پیاوێکی نەزان و بێ روحم و هەوسارپساوە . لە ئێوە دەپرسم ئایا هیچ حیزبێک لە ئوستانێکی مسوڵمان نشین کە خەڵکەکە دەمارگرژیی دینیی هەیە ئەرمەنییەک بە رێبەری حیزب دیاری دەکا ؟ ئەگەر ئەوە تێکدان و شێواندن نییە لانی کەم نەزانینێکی بەرچاوە.

بارودۆخی ئازەربایجان لەوەش زیاتر بەرەو خراپبوون چوو و کار گەیشتە ئەو جێگایەی کە ئاغایان (علی امیرخیزی، خلیل ملکی و حسین جودت) نەیانتوانی لە ئازەربایجان بمێننەوە و ناچار گەڕانەوە تاران . قەزییە ئەوە بوو کە یەکیەتیی ئاغای یوسف ئیفتخاری کە کەوتبووەدەستی ئاغای خەلیل ئینقلاب تووشی ئاڵۆزی ببوو و لە لایەکی دیکەوە یەکیەتی کرێکارانی حیزبی توودە کە رێبەرەکەی محەمەدی بیریا بوو بە نزیکبوون لە رووسەکان توانی خەلیل ئینقلاب لە مەیدان وەدەر بنێ و یەکیەتی کرێکارانی ئازەربایجان بکاتە دەزگایەکی بە تەواوی رووسی بە جۆرێک هەموو کرێکارەکان دەبوو قولاپی کەمەربەندەکەیان وێنەی داس و چەکوشی پێوە بێ. شعارەکان بە ئاشکرا تەجزیە تەلەبی و لە ژێر ناوی ئازەربایجانی واحید دابوو . سێ کەس لە ئەندامانی کومیتە و دەبیرخانەی حیزبی توودەی ئازەربایجان ئاغایان (خلیل ملکی ، علی امیرخیزی وحسین جودت) دەگەڵ ئەو رەوتە موخالەفەتیان کرد تا دەزگای ئەمنییەتی رووس ئەوانی لەو جێگایە تەبعید کرد و گەڕانەوەی ئەوانە جووڵەیەکی تازەی لە حیزبدا درووست کرد و لە کونفرانسێکدا ئەو ئاغایانە هەموو ناکۆکیەکانی ئازەربایجانیان ئاشکرا کرد. ئاغای خەلیل مەلیکی هەموو رۆژێ لە کلووبی حیزب گەنجەکانی کۆ دەکردەوە و دەخالەتی رووسەکانی لە حیزب و یەکیەتیدا لە قاو دەدا. هەڵبەت لە دەزگای رێبەریی حیزبدا هەبوون کەسانێک کە حەقیان بە ئاغای مەلیکی و ئەوانی دیکە دەدا بەڵام لە ترسی تەکفیری ئی دیکە و ئەربابە رووسەکان بێدەنگ بوون. کەسانێک کە سەر بە رووس و رابیتی حیزب و سەفارەتی شووڕەوی بوون و لە راستیداهەڵسووڕێنەری حیزب و یەکیەتی کرێکاران بوون دەستیان کرد بە تەبلیغات لە دژی جەودەت و مەلیکی و ئەمیرخیزی و ئەوانیان وەک کەسانێک دژی ئازادی و دژی شووڕەوی و دژی کومونیسم دەناساند . دەزگای سازمانی ئەمنیەتی رووس لە ئێران کە بەرپرسی سەرەوەیان سەلیم ئەتاکشیوف بوو ئەوسێ کەسەی بە مورتەد لە قەڵەم دا. ئەو تەکفیرە بۆ ئەو سێ کەسە زۆرگران تەواو بوو . خەلیلی مەلیکی ناچار بە ئینشعاب بوو و ئەمیر خیزی تا ئەو رۆژەی من لە رووس بووم قەدرێکی وای لێ نەدەگیرا .

حیزبی توودە لەوە بەولاوە ئاڵووگۆڕی بە سەرداهات بە تایبەت دەزگای رێبەریەکەی بوو بە سێ دەستە.

١، گرووپی سەربە رووس وەکوو عەبدولسەمەدی کامبەخش و رەزا رووستا و ئەردەشیر ئاوانسیان و هاورێکانیان وەکوو کیانووری و... .

٢، گرووپی کە بە دیتنی ئەو هەلوو مەرجەی زاڵ بوو، بێدەنگییان هەڵبژاردبوو وەکوو دوکتور رەزا رادمەنیش و ئیرەجی ئەسکەندەری و .... .

٣، گرووپی خەباتکار وەکوو خەلیلی مەلیکی و عەلی ئەمیرخیزی و ...کە بەگژ ئەو وەزعە دا دەهاتنەوە. بەڵام رووناکبیرانی حیزب بە تەواوی گۆڕان و هەموو رۆژێ لە کلوبی حیزب خەریکی باس و گفتوگۆ بوون .

لە سەرەتای پێکهاتنی حیزبی توودە و یەکیەتی کرێکارانی سەر بەو حیزبە ، حیزبی ئیرادەی میللی سەید زیائەدینی تەباتەبایی و جێگرەکەی موزەفەری فیروز، دژایەتی بەینی ئەو دوو رێکخراوەیە دەستی پێکرد و بەردەوام بوو . داروودەستەی سەیدزیائەدین هەر چەند لە باری ماڵیەوە باش تەئمین دەکران بە هۆی شناختێکی کە خەڵکی ئێران بوویان نەیتوانی لە و وڵاتەدا ئابروویەک بۆخۆی بە دەست بێنێ و زۆر زوو وەرشکست بوو بەڵام ئاغای موزەفەر فیروز کە پیاوێکی بە تەگبیر و بە سیاسەت بوو حیسابی خۆی زوو لە سەید زیائەدین جوێکردەوە و وەدوی سیاسەتی ئینگلیس کەوت و پەیوەندی دەگەڵ قەواموسەلتەنە و حیزبی توودە دامەزراند تا ئەو جێگایەی دەگەڵ رووسەکانیش زۆر نزیک بۆوە و بوو بە جیگای متمانەیان.

لێرە ناچارم باسی شتێک بکەم کە رەنگە بۆ زۆر لە هاووڵاتیەکانم زۆر روون نەبێ. بێجگەلە پێشینەی مێژوویی و هاودەستی رووس و ئینگلیس لە زەمانی فەتحعلیشادا ئەو دوو دەوڵەتە ساڵی ١٣٢٠ یش بۆ داگیرکردنی ئێران هاودەست بوون و دواتریش دەرکەوت کە ئەو دوو وڵاتە لە زۆر پێشامەدی دواتردا پێکەوە هاودەستن. بۆ وێنە لە کاتی رێکخستنی حیزبی توودە تێکۆشان و پشتگرتنی ئاغای محەمەدی فاتیح کە پیاوی ناسراوی ئینگلیس و سەردەمداری شیرکەتی نەفتی جنووب بوو چاوپۆشی لێناکرێ. لە نیشانەی زۆر ئاشکرای دیکە وەزعی ئاغای موزەفەری فیروز بوو . ناوبراو ئەندامی بنەماڵەیەک بوو کە لە زەمانی شایەتی محەمەدشاوە لەگەڵ سیاسەتمەدارانی ئینگلیس و دەوڵەتی ئینگلیس لە پەیوەند دابوون . هیچ جێی گومان نییە نوسرەتولدەولەی فیروز بابی موزەفەرفیروز وەزیری کابینەی ئاغای حەسەنی وثوقولدەولە یەک لە عامیلینی دیاری گرێبەستی شوومی وثوقولدەولە بوو . ئاغای موزەفەر فیروز لە سەردەمێکدا پەیوەندی نزیکی سیاسەتی رووس و ئینگلیسی لە ئێراندا نیشاندا.

لە جەریانی یەکساڵ حکوومەتی فرقە لە ئازەربایجان و دوایەش لە رووسیە بۆمدەرکەوت کە هەمیشە هاودەنگی و هاوکاری لە نێوان سیاسەتی رووس ئینگلیس لە ئێراندا هەیە و دەبێ بڵێم سیاسەتمەدارانی ئینگلیس تا ئەو جێگایە دەگەڵ رووسەکان هاوکاری دەکەن کە بە قازانجی خۆیان بێ و بۆ ئەو دۆستایەتیەش هەمیشە لە سەر کیسەی خەڵکی دیکە  حیساب دەکەن.

شتێکی گرینگی دیکەش کە باسی دەکەم ئەوەیە چۆن شوورەوی بە بوونی ئەستالین وئەو جەبەرووتەی، لە دەزگای سیاسییەکەیدا دوولایەنی هەبوو. لە دەروونی دەزگای رێبەریی حیزبی بلشویک و دەوڵەتی شوورەوی دا لەو زەماندا سێ گرووپی جیاواز هەبوو:

١، گرووپی بریا / باقرۆف کە سەرراست گرێدراو بە ئەستالین بوون . دواتر ئاشکرابوو ئەستالین لە ژێر تەلقینی بێ پسانەوەی بریادا بووە.

٢، گرووپی ئوسووڵیی حیزب کە ویچسلاو میخالۆویچ مۆلۆتۆف لە بەرزترین پلەی دابوو . ئەو پیاوێکی خاوەن بیر وپابەند بە بنەماکانی حیزب و ئوسوولی نێو نەتەوەیی بوو بەڵام نەزەری ئەوانە کاتێک لە سەر ئەستالین کارکردی هەبوو کە هەموو رێگایەک غەیری رێگای پەیوەندەکانی نێو نەتەوەیی دەبەسترا دەنا بریا دوای ئەستالین و باقرۆف دوای بریا تاقەسواری مەیدانی هەموو رووسیە بوون و پۆلیسی غەدداری رووس بێ ئەولاوئەولا دە دەستیاندا بوو.

٣، گرووپی ئاناستازمیکویان کە خەریکی کۆکردنەوەی ماڵ و دارایی و دانانی کارگێرەکانی خۆیان لە توجارەتی ناوخۆیی و نێو نەتەوەیی و هەموو جۆرە توجارەتێکدا بوون.

لێرە تا ئەندازەیەک روون دەبێتەوە بۆچی وەزارەتی خاریجەی شوورەوی لە رووداوەکانی ئەوزەمانی ئێران بە تایبەت ئازەربایجان دەترسان چونکە مۆلۆتۆف دەیزانی ئەو جەرەیانە چەند عاقیبەتێکی ناخۆشی لە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و رەوتی نێو نەتەوەییدا لێدەکەوێتەوە.

ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار

---

# کۆمەڵەی ژ.ک (کتێبی چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی)

## نووسینی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملو

لە کاتێکدا کە بەشی جنووبی کوردستانی ئێران لە لایەن لەشکری ئامریکا و ئینگلیسەوە داگیرکرا بوو لە بەشی شیمالی تا شاری ورمێ لەشکری سوور جێگیر ببوو. ناوچەی مهاباد لەو وەزعە دوور بوو واتە نە وڵاتە ڕۆژاواییەکان لەشکریان تێدا جێگیر کردبوو و نە لەشکری سوور . بەم شێوەیە وەزعێکی تایبەتی لە ناوچەی مهاباد خوڵقابوو لە لایەکی دیکەوە مهاباد و دەوروبەری رابردوویەکی دوورودرێژیان لە جووڵانەوەی نەتەوەی کورد دا هەبوو ئەوە بوو کە یەکەم رێکخراوی بە هێزی سیاسی کوردی بە ناوی کۆمەڵەی ژ.ک یان کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد لە ناوچەی مهاباد پێک هات ، دامەزرێنەرانی کۆمەڵە یازدەکەس بوون ( حوسێنی فروهەر، عەبدرەحمان زەبیحی، عەبدورەحمان ئیمامی، عەبدولقادر مودەریسی، نەجمەدین تەوحیدی، محەمەدی نانەوازادە، عەلی مەحموودی، محەمەدی ئەسحابی، عەبدورەحمان کەیانی، سەدیقی حەیدەری، قاسمی قادری) کە لە رۆژی ٢٥ ی گەلاوێژی ١٣٢١ (١٦ی ئووتی ١٩٤٢) لە مهاباد کۆبوونەوە و کۆمەڵەی ژ.ک یان پێک هێنا کە ئامانجی رزگاریی نەتەوەی کورد بوو. کۆمەڵە رێکخراوێکی نهێنی بوو و وادیارە هەر لە سەرەتاوە لە دامەزراندنی ئەو رێکخراوەدا کوردی عێراق بەشدار بوون و نوێنەری ئەوان میرحاج ئەحمەد کە ئەفسەرێکی لەشکری عێراق بوو لە لایەن حیزبی هیواوە لە یەکەم کۆبوونەوەی کۆمەڵەی ژ.ک دا ئامادە بووە. حیزبی هیوا ساڵی ١٩٣٩ لە لایەن چەند رووناکبیری کوردی خەڵکی سولێمانی بە سەرۆکایەتی رەفیق حیلمی و مەحموود جەودەتەوە دامەزرابوو . دامەزراندنی کۆمەڵە لە مێژووی خەباتی گەلی کوردلە کوردستانی ئێراندا دیاردەیەکی نوێ بوو چونکە یەکەم رێکخراوی سیاسی بوو کە لە لایەن خەڵکی ئاساییەوە پێک دەهات . دامەزرێنەرانی کۆمەڵە لە چین و توێژەکانی نێونجی مهاباد بوون کە دەکرێ پێیان بگوترێ وردەبورژوازی . ئەوان بە دامەزراندنی کۆمەڵە رێورەسمی کۆنیان شکاند و ئەمجارە سەرۆکایەتی یا بەڕێوەبەریی جووڵانەوەیان نەدایە دەست شێخێک و ئاغایەک و دەرەبەگێک. بەڵام هەرکەس کە دەبوو بە ئەندامی کۆمەڵە دەبوا سوێندی خواردبا کە خەیانەت بە نەتەوەی کورد نەکا. بۆ رزگاری نەتەوەی کورد تێبکۆشێ و نهێنیەکانی کۆمەڵە نەباتە دەرێ هەموو کوردێک بە ژن و پیاوەوە بە خوشک و برای خۆی بزانێ و بە بێ بڕیاری کۆمەڵە نەچێتە هیچ رێکخراو و حیزبی دیکەوە . تێکۆشانی کۆمەڵەی ژ.ک ، تەرکیبی ئەو کاتەی هەروەها بەرنامەکەی (دیارە بەرنامەیەکی رێک و پێکی نەبوو ) بەڵام هێندێک مەبەستی بۆخۆی دانابوو و شێوەی ریکخستنی هەموو نیشانەی ئەوەن کە کۆمەڵە لە لایەکەوە رێکخراوێکی ناسیونالیست بوو واتە بۆ کوردایەتی رووت هەوڵی دەدا و لە لایەکی دیکەوە سێکتر و داخراو بوو هەر بۆیە نەیدەتوانی کۆمەڵانی بەرینی خەڵک بۆ لای خۆی رابکێشێ بەلکوو وەک رێکخراوێکی نهێنی لە چوارچێوەیەکی تەسکی چەند کەسی یا چەند سەد کەسی دادەمایەوە.
لە مانگی بانەمەڕی ١٣٢٢ ئاوریلی ١٩٤٣ دا کۆبوونەوەیەکی بەرین لە ئەندامان پێک هات کە وەک کۆنگرەی کۆمەڵەی ژ.ک دەچوو لەو کۆنگرەیەدا کە لە شاخی خوداپەرەست کۆبوونەوە و نزیکەی سەد کەسی تێدا بەشدار بوون بڕیار درا کە کۆمەڵە بیروڕای خۆی لە گۆوارێکدا بڵاو بکاتەوە ئەوە بوو دەست کرا بە بڵاوکردنەوەی گۆواری نیشتمان . کە سەیری نووسراوەکانی گۆواری نیشتمان دەکەین هێندێ شت نیشانەی ئەوەیە کە کەسانێک کە لە سەرەتاوە کۆمەڵەی ژ.ک یان پێک هینا و بەڕێوەیان برد بە باشی لە وەزعی نێو نەتەوەیی و سیاسەتی نێو دەوڵەتان و تەنانەت لە خەباتی گەلان بۆ رزگاری ئاگادار نەبوون.لە گۆواری نیشتماندا دەوڵەتی بریتانیا نەک هەر بە دۆستی کورد دادەنێن بەڵکوو بە ئاڵاهەڵگری ئازادیی هەموو گەلان و هەروەها گەلی کوردی دەناسێنن دیارە بەڕێوەبەرییەکی سیاسی کە داوای رزگاری نەتەوەی کورد دەکا بەڵام دەیەوێ ئەوداوایە بە یارمەتی بریانیای گەورە جێ بە چێ بکا کە گەورەترین دەوڵەتی ئیستعماری بوو هیچ نەبێ سەری لێشێواوە بێجگە لەوە هەموو کەس دەزانێ و مێژووش ئەوەی ئیسبات کردووە کە بەرپرسی زۆربەی ئەو ژێردەستی و کوێرەوەرییە کە نەتەوەی کورد تووشی هاتووە بە تایبەتی لە سەرەتای چەرخی بیستەمەوە تا شەڕی یەکەمی جیهانی و تا کاتی

دامەزرانی کۆمەڵە دەوڵەتی بریتانیا بووە تەنانەت ئەوەش کە لە زۆرکۆبوونەوەی نێو نەتەوەییدا نەتەوەی کورد بە رەسمی ناسرا و پەیمانی (سێور) ئیعترافی بە مافی سەربەخۆییشی کرد بەڵام نەیتوانی حەقی خۆی وەربگرێ تاوانی هەر دەگەڕێتەوە سەر بریتانیای مەزن ئەوەش کە بریتانیا لەو وەختەدا لەگەڵ یەکیەتی سۆفیەتی و ئامریکا لە بەرەی دژی فاشیستی دابوو بە هیچ جۆرێک ناتوانێ بۆ ئەوە پاکانە بێ و حیزبی و سیاسی گەلی زۆرلێکراوی کورد کە بۆ رزگاری نەتەوە و نیشتمان پێک هاتووە راست لەو دەوڵەتە داوای ئازادی بکا کە تووشی ژێر دەستی و زۆرداری کردووە. لە گەڵ هەموو ئەوانەشدا کۆمەڵەی ژ. ک توانی هەستی نەتەوەیی لە نێو خەڵکی کوردستانی ئێراندا بڵاو بکاتەوە توانی لە ناوچەی مهاباد و هێندێک ناوچەی دیکەدا ریشە داکوتێ و لە راستیدا وەک یەکەم رێکخراوی بە هێزی سیاسی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بێ بە سەرەتا و بناغەیەک بۆ دامەزراندمی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان. ئەو کاتە کە کۆمەڵەی ژ.ک پێکهاتبوو و تێکۆشانی سیاسی خۆی دەست پێکردبوو سەرانسەری جیهان تووشی شەڕێکی گەورە لە دژی فاشیزم بوو لە ئورووپا و ئاسیا و ئەفریقا شەڕ بەردەوام بوو هەر چەند ئەو کاتە وادەهاتە بەرچاو کە ئالمانی هیتلێری و ئیتالیای موسولینی و ژاپۆنی هیروهیتۆ لە شەڕدا سەرکەوتوون بەڵام نەک هەر دەوڵەتە هاوپەیمانەکان هێزێکی نیزامی زۆریان دژی وڵاتەکانی میحوەر رێکخستبوو بەڵکوو خەباتی گەلانی ژێردەستی نازیسم لە ئورووپا و ژاپۆن لە ئاسیا و ئیتالیا لە ئەفریقا رۆژبەرۆژ زیاتر پەرەی دەستاند . رووخانی رێژیمی دیکتاتۆری رەزاخان لە لایەکەوە و پەرەئەستاندنی خەباتی دژی فاشیزمی گەلانی دنیا لە لایەکی دیکەوە مەیدانێکی زۆر بەرینیان بۆ خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران پێکهێنابوو. بەڵام کۆمەڵەی ژ،ک کە لە لایەکەوە رێکخراوێکی ناسیونالیست و لە لایەکی دیکەوە رێکخراوێکی داخراو و نهێنی بوو کە رووی لە کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی کوردستان نەدەکرد وڵامدەری وەزعی تازەی کوردستانی ئێران نەبوو . پەرەئەستاندنی بزوتنەی جووڵانەوە لە کوردستانی ئێران کە دیارە پێوەندییەکی ئورگانیکی لەگەڵ هەموو جووڵانەوەی ئێران هەبوو کە بە شێوەیەکی نەدیتراو پەرەی گرتبوو نیازی بە رێکخراوێکی یەکگرتوو، دێموکرات و ئاواڵە بۆ کۆمەڵانی خەڵک لەگەڵ بەرنامەیەکی روون و رێک و پێک هەبوو بۆیە لە ماوەی بەینی ساڵی ١٣٢٢ کە کۆمەڵە دەستی بە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی خۆی لە گۆواری نیشتمانداکرد تا ساڵی١٣٢٤ (١٩٤٥) بەرەبەرە بە تەواوی دەرکەوت کە کۆمەڵەی ژ،ک ئیدی ئەو رێکخراوە نییە کە بتوانێ جووڵانەوەی رۆژبەرۆژ پەرەگرتووی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران رێبەری بکات تەنانەت تەرکیبی ئەو کەسانەش کە لە کۆبوونەوەی بانەمەڕی ١٣٢٢دا بەرێوەبەری کۆمەڵەیان هەڵبژاردبوو یان بۆ بەرێوەبەری کۆمەڵە هەڵبژێرابوون بە شێوەیەک بوو کە رێگای نەدەدا ئەو روانینە بەرینەیان هەبێ کە خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لەگەڵ جووڵانەوەی هەمووگەلانی ئێران لێک گرێ بدەن و هەر لەو کاتەشدا بە هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی راستەقینەی وڵاتەکە بەرنامە و دروشم بۆ رێکخراوی خۆیان دابنێن. هەموو ئەوانە لە لایەکەوە و لە لایەکی دیکەوە جێگیربوونی ئازادیە دێموکراتیەکان لە ئێرانو چوونە پێشی جووڵانەوەی دێموکراتیی گشتی لە سەرانسەری ئێراندا هەروەها تێکشکانی ئالمانی هیتلەری و سەرکەوتنی خەباتی گەلان بە سەر فاشیزمدا زەمینەی بۆ ئەوە ئامادەکرد کە حیزبێکی پێشەنگ و وڵامدەری رۆژگاری نوێ بۆ یەکەمجار لە مێژووی نەتەوەی کورددا بۆ وەدیهێنانی ئامانجە لە مێژینەکانی پێک بێ . حیزبێکی ئەوتۆ هەم پێویستییەکی مێژوویی بوو و هەم زەمینەی دامەزرانی ئامادە بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢٥ ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ (١٦ ی ئوتی ١٩٤٥)لە شاری مهاباد دامەزرا و بەرنامەی خۆی بڵاو کردەوە. دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان نوختە گۆڕانێک بوو لە مێژووی خەباتی لەمێژینەی گەلی کورد و سەرەتایەک بوو لەپێکهێنانی رێکخراو و حیزبی سیاسی پێشکەوتوو و مودێرندا چونکە پێش حیزبی دێموکرات لە هەموو مێژووی نەتەوەی کورددا حیزبێکی ئەوتۆ پێشکەوتوو بە بەرنامەیەکی روونەوە پێک نەهاتبوو بۆیەش هەرلە سەرەتاوە پشتیوانی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری بۆ لای خۆی راکێشا. لەو کاتەدا حیزبی دیموکرات سێ ئەرکی بنەڕەتیی لە پێش بوو.

یەکەم : رێکخستنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و کۆکردنەوەیان لە ژێرئاڵای خۆی و بە تایبەتی لە ژێر بەرنامەیەکی رێک و پێک و روونی سیاسیدا.

دووهەم: گرێدانی خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لەگەڵ خەباتی سەراسەری گەلانی ئێران و دژایەتی لەگەڵ فاشیزم . وەختێک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دامەزرا لە بەشەکانی دیکەی ئێران لە مێژبوو بە دەیان حیزبی سیاسی پێکهاتبوون و پەرەیان ئەستاندبوو . ئەو خەباتەی کۆمەڵەی ژ،ک بەرێوەی بردبوو هەتا ئەو کاتە نەیتوانیبوو یا نەکرابوو کە

لەگەڵ خەباتی گشتیی گەلانی ئێران پێوەند بدرێ راستی ئەوەیە کە چوارچێوەی بیر کردنەوەی کۆمەڵەی ژ.ک رێگای نەدەدا لەگەڵ رێکخراوەکانی غەیری کورد و رێکخراوە پێشکەوتووەکانی ئێران پێوەندی دۆستایەتی و هاوکاری دابمەزرینێ.

سێهەم: راکێشانی پشتیوانیی هێزە ئازادیخواز و دژە فاشیستیەکانی جیهانی بۆ مافی رەوای گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و بۆ خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد بوو. ئەو ئەرکە لەوبارەشەوە گرینگ بوو کە لەو کاتەدا هەموو گەلانی جیهان بە تایبەتی لە ئوروپا خەباتێکی توندوتیژیان دژی فاشیزم بەرێوە دەبرد بەشداری خەڵکی کوردستان بە بەرێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە خەباتی دژی فاشیزمدا لەلایەک جووڵانەوەی کوردی بۆ یەکەمجار لەگەڵ جووڵانەوەی ئازادیخوازیی جیهانی دەبردە بەرەیەک و لە لایەکی دیکەشەوە ئیمکانی ئەوەی پێک دەهێنا کە پشتیوانی هێزەئازادیخوازەکانی جیهان بۆ لای خەباتی رەوای گەلی کورد رابکێشێ بە تایبەتی بوونی لەشکری سۆفیەتی لە ئێران ، بەشداری زۆرقاتعانەی یەکێتی سۆفیەتی لە خەباتی جیهانیی دژی فاشیزمدا و هەروەها ئەو دۆستایەتییەی کە یەکێتی سۆفتەتی لەوکاتەدا بەرامبەر بە گەلی کورد نیشانی دەدا و ئەو پشتیوانیەی کە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و جووڵانەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردی دەنواند هەموو ئەوانە رێگایان خۆش دەکرد بۆ ئەوە خەباتی گەلی کورد بۆ یەکەمجار لە مێژوودا لەگەڵ خەباتی هەموو ئازادیخوزانی جیهان دژی فاشیزم و ئیمپریالیزم تێکەڵاو بێ.

# (سەفارەتی ولایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لە تاران راپۆرتێکی بۆ وەزارەتی خاریجەی ئەمریکا سەبارەت بە دروست بوونی کۆمەلەی ژ،ک ناردووە کە لە کتێبی (کردها و فرقه دمکرات آذربایجان ) دا بەوشێوەیە هاتووە و لە فارسی را وەریدەگێرینەوە سەر کوردی. )

سەفارەتی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

تاران ، پێنجی مانگی مای١٩٤٥ ، پازدەی ئوردیبەهێشتی ١٣٢٢.

شوماره ٢٨٨ نهێنی.

بابەت: رێکخستن بە مەبەستی سەربەخۆیی کورد.

وەزیری خاریجەی واشینگتون شانازی دەکەم بە عەرزتان بگەیەنم بە دوای پرسین لە وابەستەی نیزامی لە بەغدا ئەو سەفارەتخانەیە زانیویە کە ریکخراوێک بە نێوی کۆمەڵە وجوودی هەیە کە ئاشکرایە بۆ سەربەخۆیی عێلەکانی کوردی ئێران و عێراق و تورکیە تێدەکۆشێ . بە گوێرەی موخبیری سەفارەت یەک لە کاربەدەستانی ئێرانی نیشتەجێی مەراغە پێی وایە کۆمەڵە پێش ئەوەی حیزبێکی سیاسی بە مانای دەقیقی بێ جۆرێک شوورای بەرێوەبەرییە . دەکوترێ لە عێراق دروست بووە بەڵام لەو دووایانەداچالاکیی خۆی لە خاکی ئێراندا و بە تایبەت لە ناوچەی مهاباد پەرە پێداوە.

وەک بیستوومانە لە عێلەکانی کوردی ئێران تا ئێستا تەنیا دوو عێل سەرنجی زۆریان داوەتە کۆمەڵە بەڵام ئیحتمالی ئەوەی کە نفووزی ئەو رێکخراوە بەشەکانی دیکەی کوردستان بتەنێتەوە یەگجار زۆرە. ئەو بەرپرسە هەروەها دەڵێ کۆمەڵە هیچ پێوەندێکی دەگەڵ حیزبی توودە نیە بەڵام پێی وایە لەوانەیە کاربەدەستەکانی شوورەوی هاودڵیان لەگەڵ بکەن. لەو بەستێنەدا سەرنج راکێشە کە لەو دواییانەدا لقێکی ئەنجومەنی پێوەندییەکانی فەرهەنگیی ئێران و شوورەوی کە لە ماهیەتی ئەوان وەک ئامرازێکی سیاسی رووسەکان هیچ دوودڵیەکمان نییە لە مهاباد کراوەتەوە و وەک دەڵێن کۆبوونەوەکانی خۆیان بە زمانی کوردی بەرگوزار دەکەن. سەفارەت لە هەوڵدایە سەبارەت بەو رێکخستنە زانیاری زیاتر کۆکاتەوە و لە گوزاریشەکانی داهاتوودا پێشکەشی بکا.

دەگەڵ رێز للاند موریس

سەفارەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

تاران پێنجی مانگی مای ١٩٤٥، پازدەی ئوردیبەهێشتی ١٣٢٢

شوماره ٢٨٩ نهێنی

بابەت: هەوڵەکانی ئێران بۆ دامەزراندنی هێزی سەقامگیری لە کوردستانی ئازەربایجان

وەزارەتی خاریجە شانازیم هەیە ئیشارە بکەم بە هێرشی عەشایری کورد بە مهاباد(ساوجبلاغ) ، جنووبی دەریاچەی رەزائیە و هەوڵی مەقاماتی ئێرانی بۆ ناردنی یەکەیەکی نیزامی بۆ ئەو شوێنە ئیشارە بکەم کە بابەتی تێلگرافی ١٩ی مارسی ١٩٤٥، بیستو هەشتی ئیسفەندی ١٣٢٢ی من و تێلگرافەکانی دیکە بووە. هەرچەند ئەو زانیارییانەی لەو بەستینەدا لە سەرچاوەی جیاواز لە تاران کۆکراوەتەوە تەنانەت لە حەدی ئاساییش دژبەیەکترو نابەدڵترە بەلام بە ئاشکرایی دیارە کە ئێستا کارەکە گەیوەتە بن بەست. لە حالێکدا ئێرانییەکان لە هەوڵدان بەرنامەی خۆیان کە ناردنی هێزێکی تایبەت لە سەقزرا (خاریج لە حەوزەی رووسیە) بەرەو مهابادە مەقاماتی شوورەوی ئامادەی هاودەنگی نین تا ئەو جێگایەی پیاو بتوانێ تێبگا ئەو ئاڵوگۆرانەی بەرێوەن بەو جۆرەیە.

١، وەزیری کاروباری دەرەوە (انتظام) ئەو قەزیەیەی دەگەڵ سەفیری شوورەوی باسکردووە و وەزارەتی جنگی ئێرانی ئاگادار کردەوە کە رێک کەوتووین بەشێک لە ستوونی سەقز ئیجازە بدرێ دەگەڵ هێزێک جێگیر لە پادگانی تەورێز بەرەو مهاباد وەریکەوێ دوایی هێزێکی تازە لە دەرەوەی حەوزەی شوورەوی جێگای ئەو هێزە بگرێتەوە کە لە تەورێزرا بەرێکراوە.

٢، ژنراڵ ئەرفەع رەئیسی ستادی ئەرتەشی ئێران لەو تەوافوقە دوودڵ بوو و داوای لە ئەفسەرێکی خۆی کرد لە رێگای پرسیار لە فەرماندەی شوورەوی لە میاندواو کە نزیکترین پادگانی شوورەی لە مهابادە ئەو رێککەوتنە پشتراست کاتەوە . فەرماندەی هێزی شوورەوی کوتی ئاگام لە هیچ رێککەوتنێک نییە و دەستوورم هەیە لە هەر چەشنە گوێستنەوەیەکی هێزی ئێران بۆ مهاباد بەرگری بکا.

٣، ئەرفەع ئەو شتەی بە وەزارەتی کاروباری دەرەوە راگەیاند و نازانم وەزارەتی خاریجە لە پێوەند لەگەڵ رووسەکاندا هەنگاوی دیکەی هەڵێناوەتەوە یانا. لە شەش حەوتووی رابردوودا لەو بارەیەوە هیچ شتێک بەمن نەکوتراوە بەڵام رەئیسی ستاد دەڵێ ئاگادارە کە وتووێژ هەیە.

٤، لە قۆناغێکی لەو ئاڵۆگۆرانەدا ستوونی سەقز کە گەیشتبووە دەروبەری میاندواو لە حوزەی شوورەیرا بانگ کرایەوە و جێگری ستادی ئەرتەش دەڵێ ئەو ستوونە لە حاڵی حازردا لە خاڵێکی بەینی سەقز و سنووری نادیاری حەوزەی شوورەویە کە گوماندەکرێ بۆکان بێ و لەوێ چاوەڕێیە. کوردەکان و رووسەکان بە ناردنی هێزی ئێرانی بۆ مهاباد ناڕازین و ئاگادارم یەک لە ئیستدلالەکانی رووسەکان لەو کێشەیەدا ئەوەیە کە ناردنی ئەو هێزە دەبێتە هۆی سەرێشە لە لایەن کوردەکانەوە . لەبەرچاومان بێ ماوەیەکی زۆرە کوردەکان ئارام بوون و لە ناوچەکانی ئەوانەوە رووداوێکی تایبەت گوزاریش نەکراوە. کە ئەڵبەتە ئەوە نەزەرێکی دروستە. ئیحتمالی ئەوە هەیە کە مەقاماتی ئێرانیش بە پێی تێبینیهایەکی عاقڵانە دەست نەدەنە هیچکارێک کە شەڕ دەگەڵ کوردەکانی لێبکەوێتەوە و بۆ تەوجیهی ئەو دەستڕاگرتنەی خۆیان بوونی هێزەکانی رووسیە یان کردبێتە بەهانە .

ژنراڵ درەخشانی فەرماندەی هێزەکانی ئێران لە تەورێز ئەو دواییانە بە سەرگورد (کندی)کە کومەگ وابەستەی سەفارەتی ئەمریکایە کوتووە کە کوردەکان ئەگەر بیانەوێ هەر هێزێکی ئێرانی کە بنێردرێتە مهاباد وەدەری نێن و پێوایە لە مهاباد و دەوروبەری شەش هەزار کوردی چەکدار هەیە . ژنراڵ (انصاری) جێگری سەرۆکی ستاد لەو دواییانەدا باسی قسەیەکی کردووە کە دەتوانێ تەعبیرێکی تازە لەو وەزعەی ئێستا بێ. ئەو لە وتووێژ دەگەڵ کولونێل بیکر وابەستەی نیزامی کوتوویەتی کە حەل و فەسڵی ئەو بابەتە دەکرێ لەسەر بنەمای رێککەوتنی ئێمە دەگەڵ رووسەکان بێ کە دەڵێ کوتراوە بە بێ ئیجازەی شوورەوی ناکرێ هیچ هێزێک بنێردرێتە حەوزەی شوورەوی . هەرجەند لە تەواوی ئەو ماوەیەدا ئەوە سیاسەتی شوورەی بووە بەڵام تا پێش ئەو قسەیە سەفارەت نەیبیستبوو کە لەو بارەیەوە رێککەوتنێک بەینی ئێران و شوورەی هەیە. کولونێل


بیکر نەیتوانی بزانێ ئایا رێککەوتن نامەی نووسراو هەیە لەو بارەیەوە یا تەوافوقێکی تەرتیبی کار بووە بە بێ بایەخی رەسمی. ئەگەر قسەکانی ژنراڵ ئەنساری راست بێ بە روونی دەردەکەوی کە مەوقعییەتی ئێران لاوازە.

دەگەڵ رێز  للاند موریس

**کاروباری خوێندن و فێرکردن لە کۆماری کوردستاندا**

وەرگیراو لە کتێبی (مانای ژیانم) نووسینی کوبرای عەزیمی ، ئامادەکردنی سیمین ئیفتخاری

لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا ژن بە ژنە ، ژن هەڵگرتن، رەدووکەوتن و کاری ناحەزی دیکە یاساخ کرابوون. بە پێی یاسا ئەگەر پیاوێک ژنی هەڵگرتبا بۆ نموونە چەند ساڵ زیندانی بۆ دەبڕدراوە ، ئەگەر ژنی بەمێردی هەڵگرتبا تاوانی قورستر بوو . لەگەڵ ئەوەشدا وادەبوو کە ئەوکارە دزێوانە هەر رووی دەدا . لە لایەکی سوێندیان دەخوارد کە بە یەکتر خەیانەت نەکەن و بە چاوی خراپ نەڕواننە ژن و کچی یەکتر ، لە لایەکی دیکەوە مخابن هێندێک لە سوێندی خۆیان لادەدا و کاری نارەوایان دەکرد . ئەمن پێموایە وەختێک کە سوێندی وەفاداری بۆ کۆماری کوردستان دەخورێ بۆ ئەوەی خەیانەت بە یەکتری نەکرێ و ماڵی یەکتری تاڵان نەکرێ ، دەبێ پەیرەو بکرێ . بۆ نموونە ماڵی یوسف خانی مەحموودجغی تاڵان کرابوو ، ئەوانیش بە خاوخێزانەوە هاتبوونە مهابادێ ، لە ماڵی حاجی ساڵحی شاتری دا بوون. دۆستەکانی هەمیشەیی و خۆشەویستم ، خانمە خانمی سەدری قازی و وەجیهە خانم ژنی سەیفی قازی ئاگایان لێبوون و زۆریشیان حورمەت دەگرتن . ئەو دەمی من دەرسم بە وەجیهە خانمی دەگوت . دووکچی ماڵی یوسف خانیش کە یەکیان نێوی روقیاخانم بوو و ناوی خوشکەکەی دیکەم وەبیر نایەتەوە ، کە دیتیان من دەرس بە وەجیها خانم دەڵێم داوایان لێکردم ئەوانیش فێری خوێندن کەم . ئەمنیش قوبووڵم کرد و دەرسم پێدەکوتن.




کارێکی باشی سەروبەندی کۆماری کوردستان دامەزراندنی چاپخانەیەک لە مهاباد بوو کە میرزا محەمەدی شاپەسەندی کاری تێدا دەکرد . رۆژنامەی کوردستان و گۆواری تر لەوێ چاپ دەکران. مەلا قادری مودەریسی ، سەید محەمەدی حەمیدی ، میرزا هاشمی خەلیلزادە و چەند کەسێکی دیکەش رۆژنامەی کوردستانیان بەڕێوە دەبرد .

هەر لەگەڵ دامەزرانی کۆماری کوردستان ، خوێندن لە فارسییەوە کرا بە کوردی . ئەو گۆڕانکاریەش کەریگەریەکی زۆر باشی هەبوو . لە لایەکەوە پێی دڵخۆش بووین ، لە لایەکیترەوە ، نیگەران بووین نەکا لەو ئەرکە گەورە و گرینگەدا سەرکەوتوو نەبین. بەڵێ ئەو هەلەمان بۆ رەخسا تا بە زمانی خۆمان بخوێنین . قەت بە خەون و خەیاڵماندا نە دەهات کە زەمانێک بتوانین بە زمانی خۆمان بخوێنین و بنووسین . ئەو هەستە گەلێک خۆشە کە لە سەرەتای فێر بوونی خوێندن و نووسین ئەو زمانە بە کار بێنی کە لەوەتی لە زگی دایکتدا بووی گوێت لێبووە و دوای لە دایکبوونیشتدا فێری بووی قسەی پێبکەی. زۆر گرینگە منداڵ بە زمانی زگماکی خۆی دەست بە خوێندن بکا ، پاشان دەتوانێ هەروەها زمانی بێگانەش فێر بێت بۆیە ئێمە لەگەڵ خوێندنی کوردی زمانی فارسیشمان بە قوتابیەکان دەکوت.

ئەمن و زۆری وەک منیش تا ماوەیەکی کەم پێش کۆمار ، نە کتێبی کوردیمان دیبوو و نە خوێندبووشمانەوە . ئەمن تەنیا هێندێک بەیان و نووسراوەی کورتم بە زمانی کوردی دیبوو کە پێموایە لە لایەن کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ،ک) بڵاو کرابۆوە. زۆربەی مامۆستاکان لە ژن و پیاو بە منەوە ، خوێندن و نووسینی کوردیمان نەدەزانی . ئەمنیش وەک زۆر کەسی دیکە هەوڵم دەدا هەرچۆنێک بێ ، خۆم فێری کوردی بکەم.

هەرچەند کتێبی کوردیمان نەبوو کە قوتابیەکان لە سەری بخوێێن بەڵام بۆ دەرسکوتنەوە لەو رۆژنامە و گۆوارە کوردیانەی کە دەردەچوون کەڵکمان وەردەگرت. چەند مامۆستاش وەک عوسمان دانش ، محەمەد تۆفیق ، ئەنوەر دڵسۆز ، جەمیل بەهائەدین و دڵشاد رەسوڵ کە لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانی هاتبوونە مهاباد ، زۆریان یارمەتی دەدایەن. مامۆستا عوسماان دانیش کورسی کوردی بۆ مامۆستاکان کردەوە و سەرەتا هەموو رۆژێ سەعاتێک و دوایە کردی بە دوو سەعات کوردی

پێدەکوتین. ئێمەی مامۆستاش هەوڵمان دەدا بە چاکی فێری بین و پاشان فێری قوتابیەکانی بکەین. ئەودەم سەرجەم مامۆستاکانی قوتابخانەی کچان ژن بوون بەڵام ناوبەناو مامۆستا عوسمان دانیش دەهاتە پۆلی ئێمە دەرسی بە قوتابیەکان دەکوت و ئێمەش وێڕای ئەوان گوێمان لێدەگرت.

هێندێک لەو پیاوانەی لەگەڵ مەلا مستەفا هاتبوونە هاریکاریی کۆمار ، لەگەڵ کچی مهابادی هاوسەرگیرییان کرد . مامۆستا عوسمان دانیش کچی میرزا کەریمی خواست . کە کۆماری کوردستان تێکچوو ، لەگەڵ باب و دایک و برای ژنەکەی چوونە باشووری کوردستان . محەمەد مەحموودیش ناسراو بە محەمەدقودسی ، میسری خانمی حەسەنزادە ، کچی فەڕاشی قوتابخانەی خواست . ئەوانیش دوای کۆمار رۆیشتنە باشووری کوردستان . مخابن محەمەد مەحموود و هیندێکی تر لەوانەی گەڕانەوە باشوور ، کەوتنە دەست حکومەتی ئێراق و لە سێدارە دران. پاشی ئەو رووداوە دڵتەزێنە ژنەکەی گەڕاوە مهاباد.

مامۆستا ئەنوەر دڵسۆز کە لە سیاسەت دا ئەزموونی هەبوو ،کورسی بۆ کردبووینەوە و گەرەکی بوو ئێمە لە سیاسەت تیبگەیەنێ . رۆژێکی لێم پرسی ئەرێ کاک ئەنوەر سیاسەت چیە؟ لە وڵامدا کوتی ئەمن حەفدە ساڵم سیاسەت خوێندووە ، بەڵام ئێستاش نازانم یانی چی. کوتم کەوابوو ئەمنیش نایەم بۆ کورسەکە و گوێت لێناگرم.

ئەو کاتە میرزا برایمی نادری هاتبووە مهاباد و کاروباری پەروەردەی گرتبوە ئەستۆی خۆی . گوایە لەوە پێش ئەفسەری سوپای ئێران بووە . خۆی وەک خەڵکی کرماشان بە ئێمە ناساند بەڵام هێندێک دەیانکوت لە ئەسڵدا خەڵکی خانە قینە. پاییزی ١٩٤٥ ی زایینی کە قوتابخانەکان دوای پشوی هاوینە تازە کرابوونەوە ، یەکەم رۆژ میرزا برایمی نادری هاتە سەردانی قوتابخانەکەمان کە لە ماڵی میرزا حامیدی حەمیدی دابوو. کە هات ئەمن دەستی عیشرەتی خوشکم لە دەست دا بوو لە بەردەرکی قوتابخانە راوەستابووین . سڵاوی کرد و خۆی ناساند. پاشان پرسیاری کرد من کێم؟ کوتم نێوم کوبرای عەزیمیە و مامۆستام. لێی پرسیم ئەوە کچتە؟ مەبەستی عیشرەتی خوشکم بوو . منیش لە وڵامدا کوتم هەم کچمە و هەم کچم نییە. بە پێکەنینەوە کوتی یانی چی؟ کوتم خوشکمە بەڵام وەک کچمە.

میرزا برایم پیاوێکی زۆر لێزان و کارامە بوو. ئەمن لە مەڕ پەروەردە زۆر شتی لێ فێر بووم. زۆر چالاک بوو . هەوڵی دەدا تا لەو بوارەوە مهاباد بگەیەنێتە ئاستێکی بەرزتر . بە بەردەوامی خەریکی رێک و پێککردنی قوتابخانەکان بوو. ئەگەر رۆژنامە و گۆفار و نووسراوەیەکی کوردی بە تایبەت سەبارەت بە پەروەردەی لە بەر دەست با ، بە میرزا برایمی کەریمیدا بۆی دەناردینە قوتابخانە. بەداخەوە پەڕتووکی کوردیمان بۆ خوێندن نەبوو . ماوەیەک بە سەر کۆماری کوردستاندا تێپەڕیبوو کە نموونەی پەڕتووکی کوردی بۆ خوێندن لە قوتابخانەدا ئامادەی چاپ کرا. بەڵام فریای بڵاو بوونەوە نەکەوت و داخی گرانم کۆمار رووخا.

یەکێک لەو گۆفارانە کە نێوی (گروگاڵی منداڵانی کورد) بوو کە هەم وەک حیکایەت و هەم بۆ دیالۆگ نێوان دوو قوتابی کەڵکمان لێوەردەگرت . بۆ ئەوەش هەر جارەی دوو قوتابیمان هەڵدەبژارد تا حیکایەتەکە بخوێننەوە و قوتابیەکانی تر گوێی لێبگرن . هەر مامۆستایەکیش بە گوێرەی توانا وکارامەیی خۆی بۆ وەبارهێنانی خوێندکارەکان هەوڵی دەدا. ئەو مامۆستایانە خەجیج خانمی مەجدی ، زاراخانمی نیک نەفس ، خەجیج خانمی بابە سووری و ئەمن لە قوتابخانەی پەرماس خوێندبوومان. وەجیها خانمی شوجاعی کە دایکی مهابادی و بابی خەڵکی تەورێز بوو ، لە تەورێز خوێندبووی. رەعناخانمی داودی لە لای باوکی لە ماڵەوە هێندێکی خوێندبوو ، دواییش لە قوتابخانەی پەرماس درێژەی بە خوێندن دابوو. وێلمە خانمی سەیادیان لە دایکەوە نەوەی دوکتور وێنەتان بوو کە ئاسۆڕی بوو. باوکی ئەرمەنی بوو. ماوزەڕ خانمی بلەزادە نەوەی روقیا خانم بوو، جوولەکە بوون. ئەوانیش لە قوتابخانەی پەرماس خوێندبوویان. ئەوەی راستی بێت ئەو منداڵانەش کە تووشی چاوئێشە دەبوون هەر ئەو روقیا خانمە دەرمانی دەکردن. ماوزەڕ لەگەڵ روقیاخانمی نەنکی دەژیا و خاڵیشی نازانم پزیشکی ددان یا ددانساز بوو. سەلتەنەت خانمی داودی کە ئەویش جوولەکە بوو کچی میرزا بابای بەزاز بوو . ئەو لە فەرمانگەی پەروەردە وەک چاپنووس (مونشی) کاری دەکرد و بە دەگمەن هەڵدەکەوت بێتە قوتابخانە و وانە بڵێتەوە. خانم موعینی ژنی ئاغای سەمیعی کە خەڵکی ورمێ بوون درومانی فێری قوتابیەکان دەکرد .

پاشان خوێندگەی کچانی پەڕماس ناوی گۆڕا بوو بە پەروانە. ئەودەم لە ماڵی حاجی حامیدی حەمیدی دابوو . قوتابی کچ زۆر نەبوون. هێشتا دایک و بابەکان خوێندنی کچانیان زۆر بەلاوە گرینگ نەبوو تەنانەت پێشیان سووکایەتی بوو کە کچی خۆیان وەبەر خوێندن بنێن. بەشێک لە دایک و بابەکانیش چارەی کۆماریان نەدەویست بۆیە بەرگرییان لە کچەکانیان دەکرد و نەیاندەناردنە قوتابخانە. بۆ نموونە پۆلەکەی من هەر چاردە قوتابی تێدابوو کە نێوی ئەو خانمانەم لە بیر ماوە: ئاسیە و جەواهێری مەحموودیان ، گوڵی سۆفیزادە ، خورشیدی فەهمی (کچی ماڵە چاوەشان) ، فاتمی موعینی (کچی میرزا حەمەدەمینی موعینی) کە دواتر مێرد بە میرزا لەتیفی کەریمی دەکات ، دوو کچەکانی ئاغای ئەسحابی ، ئەشرەف و خورشید، شەرقییە و غەربییەی بارزانی ، هاجەری مەردانی و عێشرەتی خوشکم .....هتد.

لە پۆلی یەکیش ئەو خانمانەم وەبیر دێ: قەیسەر کچی میرزارەسووڵی باغچەبی ژنی کاکە شینە ، فاتمی ئیقبالی ژنی ئاغای قەزاق ، مریەمی کچی مەلادربکەی کە دواتر مێردی بە سەرهەنگ فەتاحی کرد....هتد.

چەند کیژێکی بارزانی کە دەگەڵ بنەماڵەکەیان هاتبوونە مهاباد ، دەهاتنە فێرگەی کچان و دەیانخوێند. لە نێو ئەواندا شەرقییە و غەربییە خانمی بارزانی کە خوشک بوون لە پۆلی من دەیانخوێند و زۆر زیرەک بوون. پێموایە کچی خوداڵێخۆشبوو شێخ ئەحمەدی براگەورەی مەلا مستەفای بارزانی بوون . ئەوان لە ناو خۆیاندا بە زاراوەی بادینی دەدوان ، ئێمە چاک لێیان تێنەدەگەیشتین وبۆمان زەحمەت بوو بەڵام ئەوان زۆر زوو فێری زاراوەی مکوریانی ببوون. شەرقییە و غەربییە خانم دوو کچی رووگەش ، جوان ، میهرەبان و قسەخۆش بوون . زۆر زوو لەگەڵ قوتابیەکانی دیکە تێکەڵاو بوون و جێگەی خۆیان لە دڵی ئەواندا کردبۆوە. ماڵیان لە پەنا ماڵی خانمەخانمی سەدری قازی بوو ، لەو بینایەی خات خەجیجی خانیسی تێدابوو. یەک دوو جار لەگەڵ شەرقیە و غەربییە خانم چوومە ماڵەکەیان . هێندێک وێنە و جل و بەرگی خۆیان پێ نیشاندام ، کە لەگەڵ جلی ئێمە هێندێک جیاوازی هەبوو . باسی بارودۆخی باشووری کوردستانیان بۆ دەکردم ، دەیانگێڕاوە کە چەندە نەگبەتی و دەردەسەریان کێشاوە و چەندە حکومەتی عێراق زوڵمی لێکردوون و ئازاری داون. بۆ من ئەو باسانە زۆر بە نرخ بوون . بۆم گرینگ بوو بزانم حاڵی کوردی ئەو دیو چۆنە؟ چونکە تا ئەو کاتە هیچ زانستێکم لەو بارەوە نەبوو . هەر دەیانکوت فلانی چۆتە ئەو دیو یان چۆتە گەرمێنێ و لەوێ جێگیر بووە و نەهاتۆتەوە ، ئیدی نەماندەزانی لەوێ چ باسە؟ نە لە کتێبی قوتابخانە باسێک لە سەر باشووری کوردستان نووسرابوو نە ئەو خەڵکەی نەختێک ئاگاداریان هەبوو دەیانوێرا باسی بکەن.

شەرقییە خانم کچێکی هێمن و لەسەرەخۆ و لە خوێندندا سەرکەوتوو بوو . دەستگیرانی مامۆستا جەمیل بەهائەدین بوو. ئەمنیش بە مامۆستا جەمیلم دەکوت ، دەبێ قەدری دەستگیرانەکەت بزانی ، زۆر کیژێکی ژیر و عاقڵە وەڵڵا هەموو دنیای دێنێ . ئەویش بزەیەکی دەهاتێ و چی نەدەکوت. مخابن دوای تێکچوونی کۆمار ئەوانیش مهابادیان بە جێهێشت و ئاگام لێیان بڕا و نەمزانی چیان بەسەرهات و لە کوێ گیرسانەوە. هەر لەو سەردەمەشدا ماوەیەک میرزا عەلی خوسرەوی کە پشکێنەری فەرمانگەی پەروەردر بوو ، زووزوو سەردانی قوتابخانەی ئێمەی دەکرد ، هەم بۆ کار و هەم بۆ ئەوەی چاوێکی بە سوعدا خانمی شافعی کەوێ کە حەزی لێدەکرد ، هەم زیارەت و هەم تیجارەت. لە دواییشدا بە خۆشیەوە پێک گەیشتن.

کارێکی باشی تر لە سەردەمی کۆماری کوردستان دامەزرانی قوتابخانەیەکی دیکە بوو بۆکوڕان بە نێوی گەلاوێژ و مەلا عەبدوڵڵای داودیش بوو بە بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانەیە. وردە وردە خوێندن بوو بە زۆرە ملی . بۆ نموونە هێندێک کوڕی بێ دایک و باب یان فەقیر و هەژار بوون کە لە بازاڕدا کاریاندەکرد ، هەموویان کۆ کردنەوە و بردیانن بۆ قوتابخانەی گەلاوێژ تا مام مەلای حەجۆکی دەرسیان پێ بڵێ و فێری خوێندنیان بکا . مەلا جارێکی بۆ رۆژنامەی کوردستانی نووسیبوو کە بەڵێنی بە خۆیدابوو ئەگەر کوردستان سەربەخۆ بێ ، لە بەر ماڵی دوکتور یونەتان بیکەینە قوربانی . ئاوا درێژەی بە نووسینەکەی دابوو ، جا ئێستا کە بە ئاواتی خۆیگەیشتووە ، ئامادەیە بەڵێنیەکەی بە جێ بێنێ. رۆژنامەش لە وڵامدا زۆر سپاسی هەستی مام مەلای کردبوو و نووسیبووی هەر سەلامەت بێ و پێویست ناکا بیکەینە قوربانی.

لە سەردەمی کۆماری کوردستان ، جاروبار بە هۆی جێژن یان هەر بۆنەیەکی دیکە کچ و کوڕی قوتابی ، کوڕەکان لە پێشەوە و کچەکان لە دواوە بە ڕێژە (ریز) دەڕۆیشتن و تێگرا سروودی کەس نەڵێ کورد مردووە ، کورد زیندووە یان دەچڕی و دروشمی ستالین پێشەوایە ، بۆ کوردان وەک باب وایە یان دەدا کە لەو سەردەمەدا زۆر باو بوو . مامۆستاکانیش لە پشت

ئەوانەوە دەڕۆیشتین هەتا دەگەیشتینە شوێنی کۆبوونەوەکە ، کە زۆرجاران لە مەیدانی چوارچراوە وەڕێدەخرا . دەبێ ئاماژە بە ئەوە بکەم کە لە نمایشتەکاندا میرزا عەلی خوسرەوی کە بەرپرسی لاوان بوو ، هێندێک مەشقی ریز رۆیشتنی بە قوتابیەکان دەکرد . لەو شوێنە ماوەیەک رادەوەستاین و گوێمان لە وتاری پێشەوا قازی و کەسەکانی تر دەگرت تا کۆتایی کۆبوونەوەکە . جارێکیان جێژنی قوربان و یەکی مانگی مای کەوتبوونە یەک رۆژ. لە چوارچرایە خۆ پێشاندان ساز کرا . ئێمەی مامۆستا و قوتابیەکانیش ئەرکی سەرشانمان بوو لەوێ بین . وتار دەخوێندرانەوە و پیرۆزبایی جێژنیان ئاراستەی پێشەوا دەکرد . وەبیرم دێ میرزا سەدیقی حەیدەری وتارەکەی بە خوێندنەوەی ئەو شێعرە دەست پێکرد :

هەرزەمان دەرچووم لە دیلی بووم بە پیاو

جێژنی من ئەو رۆژەیە نەک جێژنی قوربان و پڵاو

هەر لەو سەروبەندەدا کۆمەڵێک ژن ئاگاداریانکردم کە پێیان خۆشە فێری خوێندن و نووسین بن ، بۆیە ئەمنیش لەگەڵ میرزا برایمی نادری کە بەرپرسی فەرمانگەی پەروەردە بوو ، باسم کرد . ئەویش ئەو بیرۆکەیەی پێ باش بوو ، بە جەنابی پێشەوای راگەیاند . جا بۆ جێ بە جێکردنی کورسی ئەکابیر(خوێندن بۆ گەورەساڵان) هەوڵماندا و بە فەرمانی پێشەوا رۆژی پێنجشەممە ٢١ ی مارسی ١٩٤٦ دەستمان بە نێو نووسینی ناوی ئەو کچ و ژنانەی کە ئامادەی خوێندن بوون کرد. لە هەمان کاتدا بیرۆکەیەکی دیکەشم هەبوو ، ئەویش پرۆژەی دامەزراندنی باخچەی منداڵان بوو کە بە جوانی رێکو پێکم کرد و خستمە سەر کاغەز و ناردمە خزمەت پێشەوا . نامەکە سەرەتا دەچێتە بەردەستی میرزا حەمەدەمینی خاتەمی . کە نامەکەی منی خوێندبۆوە جەند پرسیارێکی هێنابوە گۆڕێ ، وەک بۆچی و لەبەرچی باخچەی منداڵان دروست کرێ ؟ مەبەست لە دامەزراندنی باخچەی منداڵان چییە؟ هێندێک پرسیاری بە گوماناوی دیکەش کە ئێستا وەبیرم نایەتەوە. ئەمنیش لە وڵامدا کوتم :

ئاوا منداڵان لە تەمەنی کەمەوە دێنە نێو ژینگەی فێرگە و کۆمەڵگا و باشتر وەباردێن، چاویان بە شتی زیاتر دەکەوێ و بیریان کراوە و ئاواڵە تردەبێ جا دەتوانن چاکتر شت لێکدەنەوە . وردەوردەش لەگەڵ دنیای کتێب و خوێندنەوە ئاشنا دەبن . ئەوانەش هەموو دەبنە هۆی پێشکەوتنی منداڵان و ئاسانکاریش دەبێ بۆ کاتی دەستپێکردنیان لە قوتابخانە . جا بە گشتی ئەو منداڵانە لە خوێندن کەمتر تووشی زەحمەت دەبن . دوای ئەوەی کە وڵامەکەی منیان پێگەیشتەوە ، بە نامەیەکی فەرمی وڵامیان بۆ ناردمەوە کە پێشنیاری دامەزراندنی باخچەی منداڵانیان پێ باشە و قەبوڵیان کردووە و ژنی مستەفا خۆشناو دەبێتە بەڕێوەبەری پرۆژەکە . ئەو بڕیارە زۆر لە دڵم گران هات . پێموابوو کە ئەوە مافی منە پرۆژەکە بەڕێوە بەرم چونکە ئەوە بیر و فکری من بوو کەچی کەسێکی تریان هەڵبژارد لە بەر ئەوەی کە ژنی فلان کەس بوو. لەو بەینەدا منیان هەر لە بیر چۆوە. دیسان لێرەدا جارێکی تر دەبێ دووپاتی کەمەوە کە هۆی ئەو چەشنە بڕیارانە ئەوەبوو کە من نە بابم هەبوو نە پشتیوانێکی دیکە ، نە ژنی فلان کەسێکیش بووم تا قسەم بڕوا و رێم پێبدەن ئامانجەکانم بەرمە پێشەوە.

کورسی خوێندن بۆ ژنانی گەورە ساڵ دەستی پێکرد. رۆژانە دوای تەواوبوونی پۆلەکان لە قوتابخانەی پەروانە بەڕێوە دەچوو. هەموو ئێواران کە پۆلی منداڵان تەواو دەبوو بۆ ماوەی دوو کاژێر دەرسم بە ژنان دەگوتەوە . بۆ ئەو کارەش مانگێ سی تمەنم وەردەگرت. وانەکانیشم لە سەر رۆژنامەی کوردستان پێدەکوتن. دیارە بۆخۆشم هەوڵم دەدا پەرەی پێبدەم و شتی دیکەی لێ زیاد کەم . وەک پێشتریش باسم کرد میرزا برایمی نادریش لە رۆژنامە و گۆوار هەرچی دەستی کەوتبا بۆی دەناردم. لەو سەروبەندەشدا میرزا برایمی نادری خوازبێنی مریەم خانمی کچی میرزا حامیدی حەمیدی کرد . ئێمەش لە سەر داوای میرزا حامید لە بارەی میرزا برایمەوە دەستمان بە لێکۆڵینەوە کرد . بۆ ئەو کارەش پرسیارمان لە ژنی ئاغای مودەبیر کە خەڵکی رەشت بوو کرد. ئەو خانمە هەم هاتوچۆی ئێمەی دەکرد و هەم لەگەڵ ئاغای نادری هامووشۆیان هەبوو. لێمان پرسی میرزا برایم ژنی هەیە یان نا ؟ ئەو خانمە لە وڵامدا کوتی نیەتی. بەڵام دوایی ژنی ئاغای دەبیری وێنەی ژنێکی پێشانداین و کوتی ئەوە ژنی ئاغای نادرییە ، ئیدی دواقسەی میرزا حامید ئەوە بوو کە چونکە باش میرزا برایمی نادری ناناسێ کچی خۆی ناداتێ. ئاغای نادریش کە لە مریەم خانم نا ئومێد بوو ، بە تەمای سەلتەنەت خانمی داودی بوو بەڵام لەو گێرە و کێشەیەدا بوو کە بەداخەوە کۆمار تێکچوو و ئەویش لەگەڵ کۆمەڵێک خەڵکی تر کەوتنە زیندانی ورمێ. ماوەیەک دواتر لە

زیندان بەربوو و هاتەوە مهاباد و سەری لێداین ، کوتی دەگەڕێتەوە کرماشان ، پاشان بیستمانەوە چۆتە سوریە و دواتر لەوێ کۆچی دوایی کردووە.

لە سەرەتادا کورسی خوێندن بۆ ژنانی گەورە ساڵ داواکاری زۆر بوو و بە چاکی بەڕێوە دەچوو . وابزانم چل ژنێک نێویان نووسیبوو. هێندێکیان بە تامەزرۆوە دەهاتن و زۆر بە تێکۆشانەوە هەوڵیاندەدا فێری خوێندن بن بەڵام زۆری پێنەچوو وردەوردە ژمارەی ژنەکان کەم و کەمتر بۆوە تا وای لێهات کەس نەدەهات . وەک زۆر کاری دیکەی کوردان کە لە پێشەوە زۆر بە گەرمی و پەلەپەل پێشوازی لە هەموو شت دەکەین وەلی مخابن زۆر زووش سارد دەبینەوە. ئەوەش یەکێک لە خەوشە هەرە گەورەکانمانە کە هەمیشە تووشی زیانێکی زۆرمان دەکا. سەرەنجام کورسەکەمان کۆتایی پێهات . میرزا برایم نادری ماوەیەک دوای داخستنی کورسەکە ، بە دوای دا ناردم بۆ فەرمانگە. ئەمنیش کە قەت بە تەنیا بۆ هیچ شوێنێک نەدەچووم ، دەستی عیشرەتی خوشکم گرت و چووینە ئەوێ . کە گەیشتینە جێ دوای سڵاو و چاک و چۆنی نامەیەکی لە پێش دانام، قسەشی دەکرد و داوای لێبووردنی کرد کە ئەو بەشە مووچەیەی بۆ کاری وانە گوتن بە گەورەساڵان بووە دەبێ ببڕدرێ ، لە هەمان کاتدا کوتی ئەوە سێهەمین نامەی مینا خانم ژنی پیشەوایە کە داوای بڕینی ئەو مووچەیە دەکا. لە درێژەی قسەکانیدا کوتی لەوەو پێش زۆر گوێی نەداوەتێ چونکە مووچەکە شتێکی زۆر نەبووە . ئەمنیش هەم گوێم بۆ میرزا برایمی راگرتبوو هەم چاوم لە سەر نامەکە بوو. تا ئەو جێیەی بیرم بڕ دەکا لە نامەکەدا ئاوا نووسرابوو : لە سەر دەستووری یای مینا قازی چونکە کەلاسی ئەکابیر داخراوە دەبێ حوقووقی مامۆستاکە ببڕدرێ . کە قسەکانی میرزا برایمی نادری تەواوبوو ، کوتم ئاغای نادری دەبوایە هەر کە نامەی یەکەمت دەگەیشتە دەست مووچەکەت بڕیبام . ئەمن رسق و رۆزی خۆم نە لە جەنابت دەوێ و نە لە میناخانم ، بەڵکوو لە خودای گەورەم دەوێ . وەک قەدیمیان کوتوویانە خودا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە . ئەوەی راستی بێ ، زۆر خۆم بە سەربەرز دەزانم چونکە دایکم ئێمەی وا پەروەردە کردووە کە نەفس بەرز و راست و دروست و بە ئیمان بین و بۆ هیچ مەبەستێک لە پێش هیچکەس سەردانەنوێنین. فێری کردبووین کە سوجدە تەنیا بۆ خودای گەورە هاتووە و بەس . بۆیە ئەو چەشنە رووداوانە نەیانتوانیوە فەلسەفەی ژیانم بگۆڕن. ئەمن قەت شەرمم لە نەداری نەکردووە و نایکەم  بەڵکوو شەرم لە پێهەڵکوتنی خوت و خۆڕایی بە خەڵک دەکەم.

چەند مانگ دوای دامەزرانی کۆماری کوردستان لەساڵی١٩٤٦ ی زایینی ، بڕیار درا کە هێندێک لە کوڕە گەنجەکان بنێرنە باکۆ لە سوفیەت تا لە زانکۆی نیزامیی سالیانسکی کە لە ژێر فەرماندەیی ماڵچائۆف و سەرهەنگ حوسێن حاجی ئۆف بوو درێژە بە خوێندن بدەن. شەشسەد کەس ناویان نووسیبوو ، نازانم چەند کەسیان هەڵبژارد و نارد. ئەوانەی رۆیشتن لە رێگای تەورێزەوە بەرەو باکۆ بەرێکران . بەداخەوە هێشتا چەند مانگێک زیاتر لە خوێندنیان تێنەپەڕیبوو کە کۆمار رووخا و سوپای ئێران هێرشی کردەوە سەر شارەکەمان . جا بۆیە بەشێک لە لاوەکان گەڕانەوە کە نێوی هێندێکیانم لە بیرە وەکوو ئاغایان (خەلیلی سەدیقی ، رەحمانی قازی ، فەتتاحی کاویان ، هاشمی نانەوازادگان (ژیان) ، سولێمانی موعینی ، جەلیلی گادانی ، هاشمی فیدایی ، محەمەدی ماملێ ، عەزیزی فەرهاد ، کەریمی کەریمی ، قادری حەمیدی ، غەنی بلوریان .....هتد.

لە سەروبەندی کۆماری کوردستان ، کاک خەلیلی سوڵتانی ناسراو بە خەلیلی قاچاخچی لە گەڵ میرزا حەمەدەمینی موعینی ، میرزا کەریمی ئەحمەدەین  و میرزا عەلی ریحانی لە لایەن کۆمارەوە هاتووچۆی تەورێزیاندەکرد . کاک خولیل بە قەولی فارس گوتەنی( فیلش یاد هندوستان کرده بود). لەوێ کچێکی تورکی جوان و هەرزەکاری بە نێوی فەخری مارە دەکا و دەیهێنێتەوە بۆ مهاباد . دیارە ئەو دەمی ژنەکەی خۆی کە خوشکی مەنیج حەیران بوو کۆچی دوایی کردبوو جا مەنیج حەیران بۆی دەگێڕامەوە :

وەڵلاهی میرزا کوبرا لە ترسی ئەوەی ژنە عەجەم (مەبەست فەخری خانم بوو) سیحر و جادوم لێنەکا و پێکمان هەڵنەپڕژێنێ ، بۆخۆم چای دەم دەکەم و دەیخۆمەوە و پاشان میزیان بۆ لە چادانی دەکەم ( هێندێک کەس پێیان وابوو میز ، سیحرو جادووی هەڵدەوەشێنێتەوە) .

فەخری خانم و کاک خەلیل دوو کچیان بوو ، نوسرەت خانم کە دوایی مێردی بە دوکتور کەریمی موشیری پوورزام کرد و دووەمیان سورەیا خانم کە ئەوەندەی ئەمن لە بیرمە ، مێردی بە پیاوێکی عەجەم کرد . ئەوکاتەی کە کچەکانی فەخری خانمی

منداڵ بوون ، ئەمن لە قوتابخانەیەکی نزیک ماڵی ئەوان کارم دەکرد . ئاوابوو کە فەخری خانمم ناسی و زۆر جاریش لە کاتی وچان دەهاتە قوتابخانە و پیکەوە بە تامە زرۆوە باسی شت چنین و نەخش و نیگاری تازەمان دەکرد.

لەم دواییانەدا مەنیج حەیران دەنگی نەمابوو . دووکوڕی لاوی خەڵکی گوندی راگرتبوون و گۆرانی پێ دەکوتن و بۆخۆشی دەفەی لێدەدا. یەک لەو کوڕانە برایم هەلامە و ئەویتریش قادرجۆلابوو . لە ساڵەکانی پەنجای زایینی مەنیج حەیران بە نەخۆشی ئاسما (هەناسە تەنگی) کۆچی دوایی کرد.

زنجیرە وتار: کۆماری کوردستان- دووی ڕێبەندان (١٢)

ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار

---




**هێندێک ڕووداوی سەردەمی کۆمەڵەی ژ،ک و کۆماری کوردستان لە کتێبی (کردها و فرقە دموکرات آذربایجان) دا.**

**گوزاریشاتێک لە کونسولگەریی ئامریکا لە تەورێزەوە**(دی ماه ١٣٢٣ اسفند ١٣٢٥) .

( کاوه بيات ) وەریگێڕاونەتەوە سەر فارسی

وەزارەتی کاروباری دەرەوە ، تێلگرافی بە دەست گەیشتوو. تاران لە ڕێگای وەزارەتی جەنگەوە ، ڕێکەوتی ٢٤ ی ئوتی ١٩٤٥ / ٢ ی شەهریوەری ١٣٢٤. شوماره ٦٤٩. ٢٤ ی ئوت. ٢ ی پاشنیوەڕۆ. یەگجار نهێنی.

شەوی ١٤ ی ئوت/ ٢٣ ی مورداد ، پێنج ژاندارم لۆریەکیان لە سەر جادەی مهاباد ، ورمێ ڕاگرتووە و بیلا فاسیلە لە لایەن پێنج کوردەوە کە لە ماشێنەکەدا بوون تەقەیان لێکراوە . دوای شەڕێکی کورت ژاندارمەکان سەرکەوتنیان بە دەست هێناوە و دوو تفەنگی برنو ، ١٦٠ فیشەک ، ٦٠٠ تمەن پووڵ و بەستەیەک چاپەمەنی کە کوردەکان لە کاتی شەڕەکەدا دەیانویست لە ناویان بەرن ، لێیان گرتوون. لەو سەنەدانەی کە لێیان گیراوە نەخشەیەکی کوردستانی سەربەخۆی مەبەستیان دەکەوێتە بەرچاو کە شامیلی ئەو ناوچانەیە:

بەشێک لە ڕۆژهەڵاتی تورکیە کە مەرعەش ، زارا ، ئەرزەنجان، مەلاتیە، وان و ماردین دەگرێتەوە ، شیمالی عێراق لە خانەقینەوە تا سەنجار کە مووسڵ و کەرکووک و هەولێر دەگرێتەوە ، دالانێک لە ئێران لە دەریاچەی ورمێەوە تا بەندەری ئاوی گەرمی بوشەهر و خودی شارەکەش کە ئەو دالانە هێڵی ئاسنی سەراسەری لە جنووبی تاران هەڵدەبڕێ و شارەکانی ورمێ ، کرماشان، خورماوا ، دزفول ، شووشتەر و بیهبەهان لە خۆی دەگرێ . بەربڵاوی دوڵەتێکی کورد کە یەک لە بەندەرەکانی خەلیجی فارسیشی دەگەڵبە ئەندازەیەک دوور لە زیهن و سەیرە کە وێناچی بیروباوەڕێکی کوردی بێ . .گونجاندنی هەموو حەوزە نەفتیەکانی بریتانیا لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەو تەرحەدا مەزنخوازانەتر لە وەیە کە لە بەرنامەیەکی ناسیونالیستیی کوردیی بێ پشتیوانی دەرەکی بگونجێ. دەبێ وریابین ئاشکرا نەبێ کە سەفارەت و شوارتسکۆف نوسخەیەکی ئەو سەنەدەیان لە لایە. نەخشە و وێنەیەک لە سەنەدەکان دەگەیەنینە دەستتان. بۆموسکۆ، لەندەن ، بەغدا و ئانکاراش بەرێدەکرێ.

وەزارەتی کاروباری دەرەوە، تێلگرافی وەرگیراو ، ٧١٤٣

تاران ، ڕێکەوتی ٢٠ ی دسامبر ١٩٤٥ / ٢٩ ی سەرماوەزی ١٣٢٤

نهێنی ، وەزیری کاروباری دەرەوە ، واشنگتون ، ١١٥٨

سەرهەنگ هومایون فەرماندەی ژاندارمێریی تەورێز گەڕاوەتەوە تاران و ئاوای ڕاپۆرت داوە:

١، لەو هەڵبژاردنانەی دواییدا بۆ دیاریکردنی ئەنجومەنێکی نیشتمانی نزیک ٢٣٠٠٠ دەنگ لە سندووقەکان هاوێژراوە بەلام لە راستیدا زیاتر لە ١٥٠٠ تا ٢٠٠٠ کەس دەنگیان نەداوە . ئەوانە بە کامیونی رووسەکان لە حەوزەیەکەوە بۆ حەوزەیەکی دیکەی دەنگدان دەگوێزرانەوە.

٢، هەڵسووڕانی دێموکراتەکان  بە بەرنامە و لە سەر بنەمای بەراوەردێکی کامڵی نیزامی لە شار و لادێ رێکخرابوو . لە هەر شوێنێک گرووپێکی ٥٠ نەفەری کە خزمەتی سەربازیی خۆیان ئەنجام دا بوو کۆ کرابوونەوە و بە زۆر یا بە دڵخۆشکردن هێنابوویانن کە تێکەڵ بە جووڵانەوەکە بن. ئەوانە سەربازەکانی جووڵانەوەکە بوون و لە ژێر فەرماندەیی کار بە دەستانی رووسی دابوون کە لیباسی سیویلیان لە بەر کردبوو.

٣، دێموکراتەکان تەواوی ئوستانەکەیان بە بەربڵاوی نوقمی تەبلیغات کردووە کە لە نەوعی هەمان تەبلیغاتی ناسراوی شووڕەوییە.  بە شومارەی ١١٥٨ بۆ وەزارەتخانەمان نارد . بە شومارەی ٣٥٨ بۆ موسکۆ . بە شومارەی ١٤١ بۆ لەندەن.

٤، پادگانەکانی ئەرتەش لە تەورێز چۆڵکراون . پێش تەسلیم بوونی پادگان تەرکی خزمەت یەگجار زۆر بوو . ژنراڵ درەخشانی فەرماندەی پادگان بەرەو دێموکراتەکان رۆیشتووە و لە وانەیە لە حکوومەتی خودموختار دا ببێتە وەزیری جەنگ. ئەو تا پێش تەسلیمبوونی، بە نەفەراتەکەی دەکوت لەگەڵ جووڵانەوەکە رێک کەون و زۆریان بە قسەیانکرد . ئەفسەرەکان هەمان روتبەی پێشتری خۆیان لە ئەرتەشی ئازەربایجاندا پێدراوەتەوە. و هەمان حوقووقی پێشوو وەردەگرن. گۆیا ئەو ئەفسەر و ئەفرادەی ئەو پێشنیارەیان بە دڵ نییە دەتوانن بگەڕێنەوە تاران.

٥. پارلمانی ئازەربایجان کۆ بۆتەوە و پێشنیاری بە دەوڵەتی ناوەندی کردووە تەواوی ماڵیاتی ئوستان کۆ بکرێتەوە و ٧٥ لە سەدی بۆ ئاوەدانی و ئیحتیاجاتی ئوستان دابین بکرێ و باقیەکەی بدرێ بە دەوڵەتی ناوەندی . ئەگەر ئەو پێشنیارە و باقی پێشنیارەکانی دیکە قوبووڵ نەکرێ ، ئازەبایجان ئیعلامی خودموختاریی کامڵ دەکا و وەزیری کاروباری دەرەوە دیاری دەکا. وەبیرتان دێنینەوە کە هەفتەی پێش دێموکراتەکان دەیانکوت هەردوو وەزارەتخانەی جەنگ و کاروباری دەرەوە لە ئیختیار دەسەڵاتی ناوەندیی دەنێن بەڵام ئێستا وەپشت گوێی دەدەن.

٦، تەواوی ئەو حەرەکەتە بۆ داکۆکی بەرامبەر پیلانی عەناسوری نهێنی بریتانیا سەری هەڵداوە.

ئەگەر چۆنیەتی هاتنی هومایون بۆ ئێرە (شووڕەویەکان کارهاسانیان بۆ کرد و بە تەیارە هێنایان ) لە بەرچاو بگرین ناتوانین ئیعتبارێکی وا بۆ قسەکانی قایل بین بەڵام لە سەر ئەو باوەڕەم کە زۆر لەو قسانەی بە غەیری بەند ٦ پێشتر سەفارەت لێی ئاگادار بووە و دەگەڵ زانیارییەکانی خۆمان دەگونجێ .

هومایون گوزاریشی  رۆیتێرز  کە دەڵێ پادگانی تەورێز پێش تەسلیم بوون لە گەمارۆی موسەلسەلەکانی شووڕەوی دابوون پشتراست ناکاتەوە. گوزاریشمان پێگەیشتووە لە حاڵی حازردا حەوزەی شیمالی خوێنرێژی تێدانیە و دێموکراتەکان تەقریبەن کونترۆڵی هەموو ئازەربایجانیان بە دەستەوەیە بەڵام گوزاریشمان پێگەیشتووە کوردەکان بە ئاشکرا خۆ لە فەرمانی رووسەکان دوور رادەگرن و بەشێکیان بۆ وێنە قەرەنیاغا رێبەری بە دەسەڵاتی مامەش بە دەسەڵاتی ناوەندیی تاران وەفادارە. نفووزی ئەو سەرۆک عەشیرەتە بەرچاوە و لە وانەیە نیهزەتی دێموکراتەکان لە لایەن کوردەکانەوە تووشی دژبەرییەکی بەرچاو بێ.

دەڵێن عێلی شاسەیوان تووشی دووبەرەکی بووە . یەک لە رێبەرەکانیان لایەنگری دەسەڵاتی ناوەندییە بەڵام براکەی تا روون بوونەوەی بارودۆخەکە و ئەوەی لە نیهایەت دا کێ باڵادەست دەبێ و بۆ راگرتنی عیلەکەی لە شۆڕشیەکان پشتیوانی دەکا.

ئاگادار کراوین عەشیرەتەکانی ناوچەی ئەهەر کە بە درێژایی سنووری شووڕەوی نیشتە جێن بە بەستنی رێگای هاتووچۆی ناوچەکە گیروگرفتی زۆریان بۆ گواستنەوەی کەل وپەل و هاتووچۆی رووسەکان دروست کردووە.

موری

کونسوولگەریی ئەمریکا ، تەورێز ، ئێران

٢ ی ژانویەی ١٩٤٦/ ١٢ی دەیمانگی ١٣٢٤

نهێنی ، ٢٤١ . وەزیری کاروباری دەرەوە ، واشنگتون

بابەت: هەلومەرجی سیاسیی کوردەکانی شیمالی ئێران

لە پێوەند دەگەڵ تێلگرافی شومارە ١١ ، ١٧ ی دیسامبری خۆم شانازی دەکەم زانیاریی تەکمیلیی خوارەوە کە لە باشترین سەرچاوەکانی تەوریز سەبارەت بە هەلومەرجی سیاسی نێو کوردەکانی شیمالی ئێران کۆم کردۆتەوە بە عەرزتان بگەیەنم.

هەروەک لە تێلگرافی پێشوودا رامگەیاند قازی محەمەد رێبەری(خۆ نێو دێر ) کردووی کوردەکانی شیمالی ئێران و رەئیسی حیزبی شوورەوی دەستکردی (کۆمەڵە)بۆ ماوەیەکی کورت لە ئاخری حەوتووی رابردوودا میوانی جەعفەر پێشەوەری باشوەزیری حکوومەتی خودموختاری تازەی ئازەربایجان بوو. ئەو ٢٩ ی دیسامبر / ٣٠ ی مانگی ئازەر پێش ئەوەی وەفریا بکەوم ببینم گەراوە سابلاغ پێتەختی کوردەکانی شیمالی ئێران. قازی لە گەرانەوەیدا بە روونی کوتوویە دەیەوێ لە چەند رۆژی داهاتوودا مەجلیسی میللی کورد لە مهاباد بکاتەوە. ئەو وتەیە گرینگە چونکە پێشتر کوردەکان دەیانکوت مەجلیسێکی ئەیالەتی سنووردار پێک دێنن. ویستەکانی دیکەی کوردەکان وەک ویستەکانی خودموختاری تەڵەبانەی ئازەربایجانە وەک بەکار هێنانی زمانی کوردی و رێکخستنێکی ئیداریی سەراسەر کورد لە ناوچە کوردنشینەکان . قازیش وەک ئازەربایجان قسەی لە مانەوە لە چوارچێوەی جوغرافیایی ئێراندا کرد هەر چەند لەو بەیانییەدا شەرت و شرووتی حاشا هەڵنەگری تێدایە.

لە بەستێنێکی کەمتر ئاشکرادا گۆرینی ئەو حکومەتە بۆ بناغەیەک بۆ میللەتی گەورەی کورد، قسەی زۆر بەرزەفرانە لە گۆریدایە. قەرارە بێجگە لە کوردەکانی شیمالی ئێران ، حەوزەی کوردستانی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی بریتانیا ، عێراق ، تورکیە و تەنانەت سوریەش بگرێتەوە و تا بەندەری ئەلیکساندر لە دەریای مەدیتەرانەدا پەل بکێشێ.

سەرچاوە ئاگادارەکانی محەللی ئەو پلانە بە خەون و خەیاڵی مەحز دەشوبهێنن چونکە لە نێو کوردەکاندا هەستی نەتەوایەتی روون نابیندرێ. وەفاداریەکەیان هەر بۆ رەئیسی عەشایرەکان یا بۆ ئاغاکانە. ئەوانیش هەر هە نگاوێک بەرەو پێکهاتنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بە گۆمانەوە چاولێدەکەن و بە سنووردانانێک بۆ بەرجەوەندییەکانی فیئوداڵیی خۆیانی دەزانن. بەو حاڵەش هەموو سەرچاوەکان لە سەر ئەوە هاو نەزەرن کە عامیلەکانی شوورەوی لە پەیوەندیی دایم لە گەڵ کوردەکاندان. .حیزبی کۆمەڵە هاوشانی حیزبی دێمۆکراتی ئازەربایجان لە ژێر حیمایەتی حاشا هەڵنەگری شوورەویدان . نفووزی شوورەوی لە رێگای تەرکیبێک لە ترساندن و بەرتیلەوە دەستەبەر دەبێ . ترسەکە زیاتر لەو بۆچوونەوەیە کە بەرجەوەندییەکانی شوورەوی و شێوەی بێرەحمانەی ئەوان بۆ پاراستنی ئەو بەرجەوەندیانە دەخەنە بەرنەزەر و شێوەی بەرتیل دانەکەش پێوەندی بە پەزیرایی چەندین جارەی شوورەوی لە گرووپەکانی رەئیسە کوردەکان لە باکۆ دەخەینە بەرنەزەر بۆ وەی بکەونە ژێر کارکردی ژیانی شوورەی و ئامانجە بەرزەکانی و لە گەرانەوەیاندا بۆ وڵاتی خۆیان زەخیرەیەکی باش لە چەک و موهیماتیان دەدەنێ. بێجگە لەوانە جاروبار گرووپێک لە سەرۆکەکانی کورد بۆ تەوریز بانگهێشتن دەکەن و قەند و پێویستییەکی زۆری دیکە یان بۆ عێل و عەشیرەکەیان دەدەنێ و ئەوانیش بیلافاسیلە بە قازانجێکی زۆر لە بازار دەیانفرۆشنەوە و بە سەروەتێکی چکۆڵەوە دەگەرێنەوە شوێنی خۆیان. ئەو تەرکیبەی ترس و بەرتیل زۆر کارساز بووە.

ئەگەرچی قازی خۆی هیچ لایەنگری نییە ( ئەو رێبەرێکی عێلی نییە) و حیزبی کۆمەڵەی ئەو لە باری عەقیدەییەوە لایەنگری زۆری نییە بەڵام لە سایەی حیمایەتی شوورەوییەوە هیچکام لە کوردەکان ناوێرن لە دژی بوەستنەوە بۆیە هەنگاوی قازی بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی خودموختار یا سەربەخۆ لە ژێر سایەی شوورەوییەوە بە کەڵک وەگرتن لەو کوردانەی نفووزێکی وایان نییە و بۆ کۆکردنەوەی دارایی و قودرەت لە دەوری کۆمەڵە هاڵاون تەنیا بە تێچوونێکی زۆر ئیمکانی سەرگرتنی هەیە.

میزانی کونترۆڵی شوورەوی بە سەر کوردەکانەوە تا رادەیەکی زۆر پێوەندیی بە ئاڵوگۆرەکانی ئازەربایجانەوە هەیە کە دەبێ وەکوو پردێک بۆ نفووزی شوورەوی لە نێو کوردەکاندا هەوڵبدا. ئەگەر ئەو پردە رابگیرێ ئەو کات دەبێ بیر لەوە بکەینەوە کە بە بەرەو پێشچوونی ئەو رەوتە لە حەوزەی دانیشتووانی کورددا لە غەیری ئێرانیشدا ، ئارەزووی میللەتی گەورەی کوردی قازی هەلێکی لە باری بۆ هەڵکەوێ کە لە چوارچێوەی موداخیلاتی شوورەویدا وەراست گەرێ. بەڵام وادیارە لە بەینی

پێشەوەری باشوەزیری ژێر باڵی شوورەوی و قازیی ژێر باڵی شوورەوی کەمێک تەفاوەتی مەقسوود هەیە. قەلەمڕەوی ناروونی کوردەکانی شیمالی ئێران ئێستا لە قەلەمڕەوی بە هەمان ئەندازە نارووونی ئازەربایجاندایە و خودموختاری کوردەکان دەبێ لە حیسابی ئازەربایجان کەم بکرێتەوە . بە هەر حاڵ پێشەوەری لە چاوپێکەوتنی ئەو دواییەماندا کوتی : من پێموایە قازی پیاوی چاکە و لە بارەی کوردەکانی ئازەربایجاندا پێکەوە راوێژمان هەبووە. بەڵام پێشەوەری بە شەرتی نهێنی مانەوە ئەوەشی کوت کە تا ئێستا کوردەکان بۆ ئیدارەکردنی خۆیان بە توانا نابینێ و پێی وایە بە جێگای مەجلیسی میللی ، تەنیا ئەنجومەنێکی محەللی لە ژێر نەزارەتی مەجلیسی میللی ئازەربایجاندا و پێنج کورسی نوێنەرایەتی لەو مەجلیسەیانداهەبێ سەروزیادیانە. ناوبراو کوتی ئاوا فێر دەبن چۆن خۆیان ئیدارە بکەن و شایەد لە داهاتوودا بگەنە خودموختارریی کامڵ. بەڵام ئەو لە بە کارهێنانی زمانی کوردی لە مەدرەسەکان و حەوزە رەسمییەکان و گەشەکردنی فەرهەنگی کوردی پشتیوانی دەکا.

پێشەوەری بە لەحنێکی داکۆکیکارانە لە خۆی کوتی: هۆی نزیکی و دۆستایەتی ئەو لە گەڵ کوردەکان لە بەر ئەوەیە دەسەڵاتی ناوەندی نەتوانی وەک هێزێکی ئاژاوەگێڕ لە ئازەربایجان کەڵکیان لێوەرگرێ. ( هێزی چەکداری کورد لە هێرشی ئازەربایجانی شۆڕشگێڕ بۆ رەزاییە دوو هەفتە لەوەپێش یاریدە دەرێکی گرینگ بوون. )

لە حاڵی حازردا سەبارەت بە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوو زانیاری زۆرم نییە و پێموایە دوایین بڕیار تا روونبوونەوەی بارۆدۆخی ئازەربایجان هەروا دەمێنێتەوە. سەرچاوەی راپۆرتەکەی من سەبارەت بە بیرورای گشتیی کوردەکان، ئامانجی حیزبی کۆمەڵە ، کەنسولی عێراقە کە بە تەئیدی کەنسولی بریتانیاش گەیشتووە . هەردوولا لە بارەی وەزعی کوردەکانەوە تەجرەبە و سەرچاوەی زانیاریی بەرچاویان هەیە . من تا روونبوونەوەی وزعی ئازەربایجان سەفەرەکەی قەاربوو بۆ مهابادی بکەم وەدوای دەخەم . هەست دەکەم جاریٚ مەسلەحەت نییە تەورێز بە جێ بێڵم.

دەگەڵ رێز رابرت رۆسۆ ، نایب کونسولی ئامریکا.

لە فارسییەوە کراوەتە کوردی.

زنجیرە وتار: کۆماری کوردستان- دووی ڕێبەندان (١٣)

ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار

---


ڕووسەکان ، کوردەکان و شەڕ

وەرگیراو لە کتێبی (جمهوری کردستان) نووسینی ویلیام ایگلتون . تەرجومە بە فارسی سەید محەمەد سەمەدی .

لە فارسیەوە کراوە بە کوردی .

داگیر کردنی ئێران لە لایەن یەکیەتی سۆفیەت و بریتانیا لە مانگی ئاگوستی ساڵی ١٩٤١دا کارکردێکی زۆری لە سەر کوردەکانی شیمالیغەرب هەبوو. هێزەکانی ڕووسی سەرەتا هەموو ڕێگاکانی روو بە سنەیان پەلاماردا . دوایە بەرەو شنۆ ، میاندواو ، شیمالی مهاباد پاشەکشەیانکرد. بەڵام ناوچەی ژێر نفووزیان بەرەو میاندواو ، تا سەقز و بانە و سەردەشت پەرەی ئەستاند بە بێ ئەوەی تەواوی ئەوشارانەیان لە ئیختیار دابێ. لەو سەردەمەدا ناوچەی نفووزی بریتانیا لە کوردستان لە شیمالیترین خاڵدا کرماشان بوو کە هێزەکانی ئینگلیس لە سەررێگای بەرەو عێراق دامەزرابوون و تا سنەیان کونترۆڵ دەکرد. هەروەک چۆن مهاباد لە مەنتەقەی نفووز و فەزای سیاسی شووڕەویدا هەڵکەوتبوو ، ئەو دوو مەنتەقەی نفووزە لە مەسیری سەقز ، سەردەشت دەگەیشتنەوە یەک.

هەرچەند یەکیەتی سۆفیەت ساڵێک زووتر بە نهێنی ئالمانی لە ئامانجە ناوچەییەکانی خۆی یانی ئیدارە کردنی خەلیجی فارس ئاگادار کردبوو ، ئامانجی عەینی و فەوری لە ساڵەکانی ١٩٤١ ، ١٩٤٢ دا پشتیوانیی نیزامی لە یەکەکانی پشتەوەی ئەرتەشی ڕووسیە بوو کە بەرەو قەفقاز و ئازەربایجان پاشەکشەیان دەکرد هەروەها ئاگاداریکردن لە خەتی پشتیوانی و لەو تانگ و




تۆپ و لۆری ئامریکایی بوو کە لە خەلیجی فارسەوە بەرەو شیمالی ئێران دەڕۆیشتن. بەو جۆرە سیاسەتی ئیتحادی شوڕەوی لە ماوەی ساڵونیوێک دوای داگیر کردنی ناوچەکە تەنیا ئیحتیات و هەڵسوکەوتی نەرم بوو و نیهایەتی حەولیاندەدا کە هیچ گورووهوو و فەردێک دڵی لێیان نەیەشێ و هیچ بەهانەیەک نەدەنە دەست کوردەکان کە نوێنەرانی وڵاتانی میحوەر کەڵکی لێوەرگرن و بەرەو خۆیان رایانکێشن کە گومان دەکرا دەوڵەتی تورکیە لە حەولێکی وادایە.

لە بەراوردکردن دەگەڵ زەمانی پێش شەڕ وەزعی کوردەکان زۆر خۆشتر و دڵپەسند تر بوو. دەگەڵ تێکشکانی ئەرتەشی ئێران و پاشەکشەی بەرەو جنوب تەواوی چەکوچۆڵیان کەوتە دەست عەشایری کورد . لەوکاتەدا ڕەئیس عەشیرەکان کە ڕەزاشا دووری خستبوونەوە فرسەتیان پەیدا کرد بگەڕێنەوە نێو عەشیرەت و شوێنی ژیانی خۆیان و قودرتی لە دەست چوویان بە زیادیشەوە بگرنەوە دەست و زیندان و تەبعیدیش ئەوانی لە نەزەر خەڵکدا ڕێزدارتر کردبوو . سروشتی بوو کە ئەو چینە بە چاوی ئیحترام و پێزانینەوە بڕواننە بێگانە چونکە ئەوە بێگانەکان بوون کە ئەو هەلومەرجەیان بۆ ئەوان ڕەخساندبوو. لەو سەردەمدا روانگەی کوردەکانی کوێستانەکانی ڕۆژاوای ورمێ سەبارەت بە ئازادی لە باشترین شکڵی خۆیدا ئەوە بوو ڕێگری بکەن و دزی بکەن و هێرش برنە سەرگوندەکانی ناوچە و عەواریزی هاتوچۆ وەرگرن . ئەوانی دەستیان لەو کارانەدا بوو زیاتر هەرکی و شکاکەکان بوون و زۆر جار لە ژێر کونترۆڵی گەورەترین سەرۆکەکانی خۆشیاندا نەبوون . لە جنووبی

دەریاچەی ورمێ یانی مهاباد لە ڕۆژەکانی هەوڵی داگیرکردنی ناوچەکە، کێشەیەکی وا وەبەرچاو نەدەکەوت هەرچەند جار بە جار هێندێک دەستە و دەیارەی عێلی دێبوکری لە جادەی مهاباد، مياندواو عەواریز و حەق هاتووچۆیان وەردەگرت. ئەمنیەتی نێوشاریش بە هۆی بوونی ڕێبەرانی ئاییني خاوەن ڕێز و کەسایەتی خاوەن نفووزی شاری ، جێگای ڕەزامەندی بوو. هەر ئەوە ببوە هۆی ئەوە شار لە تاڵانی عەشایرلە ئەماندا بێ.

ڕۆژی ۲۵ ی ئاوریلی ۱۹٤۲ لە مەنتەقەی مهاباد، میاندواو نائەمنیەکی غەمهێنەر ڕوویدا . کاتێک خانمی خەبەرنیگار ( mrs lea burdett)هاوژینی ڕوژنامە نووسی ئامریکایی (winston burdett) لە مهابادەوە دەگەڕاوە تەورێز و لە نزیک میاندواو ماشێنەکەی لە پێش قاوەخانەیەک ڕاگرتبوو گوللەی بەرکەوت و کوژرا. ئەو خانمە لە مهاباد میوانی کەسایەتی پڕنفووزی خۆجێی قازی محەمەد بوو. قازی کە خەبەری کوژرانی ئەو خانمەی بیست تێکچوو . هەرچەند کوللی ڕووداوەکە هەروا نارون ماوە ئەما دەکوترا ڕووداوەکە دەستی ڕەقیبەکانی مەجیدخانی میاندواوی تێدایە چونکە کوڕەکەی ئەویش هاوسەفەری ئەخانمە بوو . هێرشکەرەکان گیران و لە تەورێز لێکۆڵینەوە و محاکەمە کران بەڵام قەت سەزا نەدران. ئەو جۆرە موشکیلات و گرفتاریە ئەمنیەتیانە بوون کە تا ئەو کاتەی ڕووسەکان ئیجازەی هاتنی هێزی ئێرانیان نەدەدا هەروا لایەنحەل مابوونەوە. لەوفاسیلە زەمانیەدا ئێران بەرپرسی بۆ شارەکانی تەورێز، ورمێ ، خۆی و چەند جێگای دیکە نارد بەڵام ڕوون و ئاشکرابوو بە بێ ئیجازەی ڕووسەکان ئەوانە هیچکارەن. دژی سەرانی عەشایریش هیچ کارێک نەدەکرا چونکە ڕووسەکان پشتیان دەگرتن. ڕووسەکان قوبووڵیان کردبوو کە بەرپرسی ئەمنیەتی مەنتەقەکەن بەڵام پلان و پرۆژەی سیاسییان هەبوو کە ئەویش حوسنی نیەت سەبارەت بە قەبایل و عەشایری کورد بوو. بەرپرسانی ڕووسی لە بەینی دووشتدا دوودڵ بوون. یەکیان تەشویق و تەهییجی ئارەزووەکانی نەتەوەی کورد و ئەوی دیکەیان پێشنەگرتن لە تەبیعەتی ئەوان کە بنەماکەی لە سەر بێقانوونی بوو. سەرەنجام هێزەکانی ئەرتەشی ئێران لە ۲۵ ی مانگی مای ساڵی ۱۹٤۲ ئیجازەی هاتنە نێو ئازەربایجانیان وەرگرت . هەوەڵین کردەوەی ئەوان سەرکوتکردنی بێ نەزمیی کوردەکان لە ناوچەی ورمێ بوو.

هەلسووڕاوانی سیاسی شووڕەوی بۆ مسۆگەرکردنی نفووزی سیاسی خۆیان لە کوردستان دەبا بەسەر بێ ئیعتمادیی کوردەکاندا زاڵ بن. ئەو بێ ئیعتیمادیەی کە ئەساسەکەی دەگەڕاوە بۆ سەدساڵ لەوە پێش بۆ جەبهەی قەفقاز کە دەکوترا ئیحتیمالی ئەوە هەیە ڕووسەکان لە مەسیحیەکانی خۆجێیی دژی کوردەکانی تورکیە و ئازەربایجان کەڵکیان وەرگرتبێ. جیالەوەش بیرەوەری تاڵ و ناخۆشی زوڵم و بێڕەحمیی هێزەکانی ڕووس لە زەمانی شەری جیهانی ئەوەڵدا کە تا سنوورەکانی ناوچەی کرماشان بڵاو بۆوە لە زەین و بیرەوەری کوردەکاندا هەروا تازە بوو. ئەما سەرەڕای هەموو ئەوانە زەمانە گۆڕابوو . کاتێک لە کۆتایی ساڵی ۱۹٤۱ نزیکەی سی کەس لە کەسایەتیە کوردەکان بانگێشت کران تا سەفەری یەکیەتی سۆفیەت بکەن ، ئەو بانگهێشتنە بە هاسانی قوبووڵکرا.

هەیئەتێک لە کوردەکانی ورمێ ، میاندواو ، بۆکان بە ماشێن ناردرانە تەورێز . لەوێش را بە قەتار دەگەڵ ژنراڵ سەلیم ئەتاکشیوف بەڕێکران بۆ باکۆ. ئەمەرخانی شەریفی ڕەئیسی گەورەی عێلی شکاک دواتر زۆر کەیفی سازبوو کە بە هۆی نەخۆشیەوە نەیتوانبوو دەگەڵ ئەو هیئەتە بچێتە ئەو سەفەرە .

لێرە جێی خۆیەتی کەمێک لە سەر عەشایری کوردی ئێران بدوێم.

عێلات و عەشایری کوردی ئێران

لە کوردستانی ئێران زیاتر لە شێست عێل و عەشیرە تەشخیس دەدرێ و دەناسرێنەوە. بە گوێرەی ئامار و بەربڵاوی لە عێلی گەورە ئەما پەڕاکەندەی کەڵهوڕ (۱۲۰۰۰۰) نەفەر لە جنووبی غەربی کرماشان تا عێلە چکۆڵە و چەندهەزار نەفەرییەکانی دەوروبەری سەردەشت تەنیا باسی ئەو عێلانە و کەسایەتیەکانی ئەو عێلانە دەکەین کە لە داستانی ۱۹٤٦ ی کوردستاندا دەوریان گێڕاوە.

لە گۆشەیەکی دوردەستی شیمالی غەرب لە جێگایەک کە سنوورەکانی شووڕەوی و تورکیە دەگەنەوە یەک ، عێلی جەلالی نیشتەجین. ۲۵ هەزار کەسی قەوی کە لە ڕووداوەکانی دواییدا جێ و ڕێیان کەمتر لە ئامارەکەیان نیشاندرا. جەلالیەکان پێشتر وەک پەنابەر لە دەیەی ۱۹۲۰ دا هاتبوون و زۆر زوو بوونە مایەی گرفتاری و کێشە . ئەرتەشی ئێران سەرکوتی کردن

و گەورەکانیان لە تاران دەست بەسەرکران. دوای داگیرکردنی وڵات لە لایەن رووسەکانەوە ئەوانە ئازاد کران و گەڕانەوە نێو عەشیرەکەی خۆیان . لە ماوەی درێژەکێشانی شەڕدا جەلالیەکان لە ژێر فەرمانی ئەمەرخانی شکاکدا بوون. لە نزیک ئەوانەوە بەرەو جنووب نزیک دە هەزار نەفەر میلانی لەگەڵ رەئیسەکانیاندا بوون و هەردوو عەشیرەی جەلالی و میلانی لە ژێر کارکردی کونسولی شوورەوی لە ورمێدا بوون کە دوایی کونسول ئەوانی بۆ پشتیوانی لە کۆمار هاندا.

بەرەو جنوب دوهەمین عەشیرەی گەورەی ئێران عێلی گەورەی چل هەزاری نەفەریی شکاک بوو . رێبەرایەتی ئەوان دوای کوژرانی سمکۆ لە ساڵی ١٩٣٠ دا کەوتە دەست ئەمەرخان کە تێگەیشتن و هوشیاری و ئایەندەبینی، ئەوی کردبووە دیپلۆماتێکی جێگای متمانە . لە نێو عەشیرەی شکاکدا ئەو سەربە تایەفەی کاردار بوو . ریاسەتی تایفەی رەقیبی ئەو , عەبدۆییەکان لە دەست تایرخانی سمکۆدابوو کە لەگەڵ باقی ئەندامانی بنەماڵەکەی لە حەولی بەدەستەوە گرتنی ریاسەتی هەموو تایەفەکانی شکاکدابوون. بەوهۆیەوە بە جۆرێک موخالەفەت و دەمارگرژیەوە لە هەلێک دەگەڕان ئەمەرخان هەڵەیەک بکا . ساڵی ١٩٤٢ زیاتری پیاوانی شکاک کڵاوی تایبەتی بڵیندی لە لباد دروستکراوی سپیان لە سەردەنا کە پێچێکیان لە دەوری خوارەوەی دەبەست و راست وێنە و نەخشەبەردینەکانی تەختی جەمشیدی دەخستەوە بەرچاو. ناوچە قەبیلەییەکانی شکاک نشین نە تەنیا فشاریان دەخستە سەر کۆمەڵی مەسیحی نیشتە جێ لە دەشتەکانی سەڵماس بەڵکوو دەگەڵ جەمعییەتی تورکی ئازەربایجانیی شاری بەربڵاوی خۆی کە قەرار بوو ببێتە سنووری کۆمارە خودموختارەکانی ئازەربایجان و کوردستان کێشە و پێکدادانیان هەبوو. دیسانیش بەرەو جنوب هێندێک دەستەی عێلی هەرکی هەبوون .زیاتری گرووپی بەربڵاوی ئەو عێلە لە عێراق بوون و ژیانی چادرنشینیان هەبوو کە رەواجێکی زۆری لە نێوان کوردەکاندا نیە. زستانەکان لە پێدەشتە نەویەکانی شیمالی غەربی هەولێر و هاوینەکان لە بەرزاییەکانی نزیک دالانپەر لە ئێران لەو شوێنەی کە سنوورەکانی عێراق و تورکیە و ئێران دەگەنەوە یەک خۆیان نیشاندەدا. هەرکیەکانی عێراق ساڵێ دووجار لە کاتی کۆچکردندا وەک کوللە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عێلی بارزانەوە تێدەپەڕین. لە سەدساڵی رابردوودا هەرکیەکانی ئێران بیستهەزارکەسیان لە دۆڵەکانی ترگەوەڕ و مرگەوەڕهاو سنوور دەگەڵ جنوبی غەربی شاری ورمێ نیشتەجێ بوون . سەرۆکە بانەفووزەکانیان رەشیدبەگی هەرکی نزیک چل ساڵی تەمەنە ، پیاوێکی کەم قسە ئەما بەرێز و موحتەڕەم و ئەوی دیکەیان زێرۆبەگی بەهادورپی وەزیفە نەناس کە گرووپیکی پیاو کوژی دڵرەق لە بەردەست دایە و نوێنەرایەتی چەند عەشیرە و تەنانەت لە تورکانی ئازەربایجانیشی لە عۆدەیە. چەند ساڵێک بوو وەک نیودایرەیەک لە دەوروبەری ورمێ وەک شمشێری هەڵاوەسراو بە سەر خەڵکی ورمێوە بوو . لە کاتی شەڕ و دوای کۆتایی شەڕی جیهانی هەوەڵ ئەوان دێهاتی وێرانی ئاسۆریەکانی دۆڵی ترگەوەڕیان داگیرکرد و تێدا نیشتە جێبوون.

لە غەربی ورمێ لە بەشی ناوەڕاستی هەرکیەکان و نزیک لە سنووری تورکیە پێنجهەزار نەفەر بەگزادە دەژین و رەئیسەکەیان نووری بەگ لە ئاوایی ئەمبێ دادەنیشی و عێل و تایفە بە غیرەتەکەی دەوریان گرتووە . مێژووی بەگزادە و هەرکی زۆر ئاوێتەی یەکتر بووە بۆیە جاری وایە ئەوانیش هەر بە هەرکی حیساب دەکەن. لە دۆڵی مرگەوەر و لە جنوبی غەربی ورمێ نفووز و دەسەڵاتی هەرکیەکان دەگەڵ نفووزی خانەدانی شێخ عوبەیدوڵڵا کە ساڵی ١٨٨١ هێرشی کردە سەر ئێران تێکەڵ بووە و جاری وایە گیروگرفتی دروست کردووە . بۆ وێنە کاتێک شێخ محەمەد سەدیق یەک لە کوڕانی شێخ عوبەیدوڵڵا ساڵی ١٩١١ لە شەمزینان وەفاتی کرد ، یەک لە براکانی ، شێخ عەبدولقادر کە دوایە لە ئیسامبووڵ تێکەڵی جووڵانەوەی رووناکبیری بوو ، دەگەڵ سەید تەها کوڕی شێخ حەمەسەدیق بۆ گەیشتن بە رێبەری تووشی رەقابەت بوون و سەید تەها سەرکەوت. ناوبراو کاتی شەڕی جیهانیی یەکەم لە گەڵ رووسەکان پەیوەندی هەبوو . ساڵی ١٩٢٣ لە لایەن بریتانیاوە وەکوو قایم مقامی رەواندوز لە عێراق دیاریکرا ، جێگایەک کە بۆ موقاوەمەت لە بەرامبەر دەستدرێژی حکومەتی تورک کە لە ناوچەیەکی کەمێک دوورتر بنەماڵەکەیان لە بەدەستەوەگرتنی ئەموالی خۆیان بی بەشکردبوو، دەبوو لەوێ بکەوێتە ژێر لوتف و پشتیوانیەوە. سەرەنجام کاتێک ساڵی ١٩٣٢ عێراق گەیشتە سەربەخۆیی ، زێدەخوازی و نائارامیەکانی، ئەوی بەرەو ئێران کێشا کە لەوێ مەجبوور بە مانەوە لە تاران کرا و ساڵی ١٩٣٩ بە مەرگێکی گوماناوی و بە هۆی نەخۆشیەکی نەناسراو دەفتەری ژیانی بەسترا. دوای تەواوبوونی شەڕی جیهانیی یەکەم لە لایەن حکومەتی تورک و دوژمنانی شێخ عەبدولقادر رەفتاریکی برێک باشتر لە جاران دەگەڵ شێخ عەبدولقادر کرا و ئێستا لە نێو کوردە نەتەوە پەرستەکاندا رێزی تایبەتی بۆ دادەندرێ بەڵام چونکە لە ساڵی ١٩٢٥ دوای ئەوەی زاندرا دەگەڵ دۆستە ناسیونالیستەکانی خەریکی بەرنامە و کارێکە بە دەست تورکەکان کوژرا.

تا دەستپێکی شەڕی جهانیی دووهەم شێخ عەبدوڵڵا ئەفەندیی گیلانی بە عینوانی ڕێبەری رووحانیو عارفی بە ناوبانگ لە شیمالی کوردستانی ئێران جێگای خۆی کردبۆوە و نفووزی مەعنەوی ئەو سنوورەکانی ئێرانی بەزاندبوو و گەیشتبووە عێراق و تورکیەش هەرچەند بەشێک لە سۆفیە کوردەکان تابیعی تەریقەتی قادرین کە لە سەدەی ١٢ ی میلادی لە لایەن شێخ عەبدولقادری گەیلانیەوە لە بەغدا دروست کرا و بەشێکی زۆریش تابعی تەریقەتی نەقشبەندین کە لە سەدەی ١٤ ی میلادی لە تورکستان دروست کرا. ساداتی شەمزینانی تورکیە لە نەسلی عەبدولقادری گەیلانین و شۆرەتی خۆیان لەو وەرگرتووە. لە دەستپێکی سەدەی ١٩ دا شێخی ئەو زەمان نێوی تەریقەتەکەی بە هۆی نزیکی لە کەسایەتی سەییاح و دۆستی گەورەپیاوان و دژبەری پیاوخراپان یانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی گۆریوە و ناسناوی نەقشبەندییان هەڵبژاردووە.

توانایی و نفووزی پیرێکی تەریقەت پێوەندی بە چەند مەسەلەوە هەیە کە لە کەلام و تاریف دا ناگونجێ. لە درێژایی سەدەی ١٩ دا زۆربەی شێخەکانی شەمزینان خاوەنی ئەو تایبەتمەندیانە بوون و بۆگەیشتن بە قودرەت و دەسەڵاتی دنیایی هەم لە شکڵی هیدایەت و ئیرشاد و رووناکبیری و هەم لە شکڵی راپەڕین و شۆرش و توغیاندا لەو مەسەلانە کەڵکیان وەرگرتووە. شێخەکانی شەمزینان دەگەڵ هاوپەیمانەکانیان لە حەکاری و برادۆست و دەگەڵ رەعیەتە مەسیحیەکانیان ببوونە قودرەتێکی عەزیمی فێئودالی و جیا لەوەی ئەغڵەب دمارگرژی پەیرەوەکانیان وەفاداریەکی بە هێزی بۆ دەستەبەر دەکردن دەسەڵاتیان زۆر باڵاتر و بە هێزتر لەو تواناییە بوو کە سەرانی عەشایر بوویان.

لە مەودای ساڵەکانی پێش شەڕی جیهانیی دووهەم شێخ عەبدوڵڵا ئەفەندی لە ئێران دەژیا لە حالێکدا کوڕە گەورەکەی ، شێخ عەبدولعەزیز لە زانکۆی ئەفسەری بەغدا دەیخوێند و دوایەش لە ئەرتەشی عێراقدا دەرەجە و مقامی وەرگرت. ساڵی ١٩٤١ شێخ عەبدوڵڵا هاتە ئێران و لە شوێنێک لە دۆڵی مرگەوەڕ کە بنەماڵەکایان بە ملکی خۆیان دەزانی جێگیر بوو. یەک لە خزمەکانی کە کوڕی سەید تەها و گەنج بوو بە نێوی محەمەد سەدیق لە ناوچەی ورمێ بوو کە لە نێو بنەماڵەکەیاندا بە شێخ پووشوو بانگیان دەکرد. ئەو نێوەش بە هۆی عەلاقەی باوکی بە مارشاڵ فۆش لە سەر کوڕەکەی دانابوو. پووشوو لە دەستپێکدا دۆستایەتی و ئیعتیمادی رووسە داگیرکەرەکانی بۆخۆی دەستەبەرکرد و دەگەڵ هەیئەتێک چووە باکۆ بەڵام دواتر وای بە مەسڵەحەت زانی بگەڕێتەوە عێراق. لەو رۆژگارەدا ئەو سەیدانە دەسەڵات و نفووزیان لە سەر عەشایرێک هەبوو کە نفووسیان نزیک بە هەشتهەزار کەس بوو. نفووزیان لەوبەری سنووریشدا هەر هەبوو .

جنووبی دەشتی مرگەوەڕ و سەرەوەی کوێستانی (زردکوە) بەرەو دەشتی شنۆ بەرەو گەردەنەی کێلەشین دەگاتەوە خاکی عێراق و عەشیرەی زەرزاش لەو مولبەندەدان کە لە نەزەر زمان و فەرهەنگەوە سەدان ساڵە کە کەوتوونە بەینی کوردستانی شیمالی و جنووبی. سەرۆکایەتی ٤٠٠٠ نەفەر زەرزا ئەو زەمان و ئەورۆش بە دەست حاجی مووسا کەسایەتی هوشیارەوەیە. ئەو زەمان تەمەنی ٥٠ ساڵ بوو و لەزەمانی کۆماری مهابددا وەفاداریی خۆی بۆ ئەو کۆمارە راگەیاند و هاوکات بۆ پاراستنی ناوچەکەی خۆی لە تاڵانی بارزانیەکان و ئەو عەشیاری دیکەی کە بۆ چوونە عێراق لە ناوچەکەی ئەوەوە تێدەپەڕین ئەنواعی سیاسەت و ژیریی دیکەشی بە کار دێنا.

لە جنووبی شنۆ لە دەشتی سندووس نزیک جنووبی غەربیی لێواری دەریاچەی ورمێ عەشیرەیەکی غەیرە کورد دەژین کە گەورەترین گوندی ئەوان نەغەدەیە کە بەهۆی هەڵکەوتەی جوغرافیایی خۆی کێشرا نێو رووداوەکانی ساڵی هەزارو نوسەدو چل و شەشەوە. عەشیرەی قەرەپەپاخ کە بەهۆی کلاوی رەشی درستکراو لە پێستی بەرخ ئەوناوەیان بەسەردا براوە. عەشیرەیەکی شیعە مەزهەب و تورک زمانن. ئەوان بۆوەی هەر دەگەڵ ئێران بمێننەوە دوای سەرکەوتنی رووسەکان لە ساڵی ١٨٢٨ دا و بەستراني قەراردادی تورکمانچای لە چۆمی ئەرەس بەرەو جنووب پەڕینەوە و هاتنە نێو خاکی ئێرانەوە . عەشیرەی پازدەهەزار نەفەریی قەرەپەپاغ بە چەند تیرە دابەش دەبن. گرینگترین بەشی ئەو عەشیرەیە لە ژێر فەرمانی ئەمیر فەلاح و ئاوەڵزاواکەی غوڵامڕەزا خوسرەویدا بوون. قەرەپەپاغەکان وەکوو مسوڵمانی شیعەی تورک زمان بۆ پاراستنی سەربەخۆیی و یەکیەتی نێو خۆیان لە نێو دەریایەک لە کوردەکاندا تووشی زەحمەت و کوێرەوەریی زۆر بوون و ئەگەر کەمێک لەگەڵ جیرانە کوردەکانیان تێکەڵیەکیان دەبوو سڕ و ساردی کوردەکانیان تەحەموڵدەکرد و ئەگەر هەڵسوکەوت دەگەڵ رووسەکانیان زانیبا کارەکانیان تا رادەیەک باشتر دەچووە پێشێ.

دیسانیش بەرەو جنووب بەرەو کوێستانەکان عێلی گەورەی مامەش کە زەمانێک بەشێک لە فدراسیۆنی بڵباس بوون بە دوو دەستەی نا تەبا دابەشبوون. دوازدە هەزار کەس لە ژێر فەرمانی قەرەنیاغا ئەمیرئەلعەشایر کە لە گوندی پەسوێ دەژی و بەشی دیکەیان تەقریبەن هەر بەو ئەندازەیە لە ژێر فەرمانی کاک هەمزە و کوڕەکەی ، کاک عەبدوڵڵا قادری جەڵدیاندان دوای ئەوەی لە دەیەی ١٨٣٠ دا میری رەواندز کونفدراسیۆنی بڵباسەکانی هەڵوەشاند مامەشەکان بە ئاشکرا بەرەو بەهێز بوون چوون. لە نێو مامەشەکاندا موقەدەروابوو قەرەنیاغا ساڵی ١٩٤١ سەفەری باکۆ بکاو لە هەلومرجێکی جیاوازدا ساڵی ١٩٤٥ رەقیبەکەی بەرەو باکۆ بڕوا.

لە جنووبی غەربی مامەشەکان دیوار بە دیواری سنووری عێراق مەنتەقەی عێلی پیرانە. عەشیرەیەکی بچووکتر لە ژێر فەرمانی حەمەدەمین رەقیبی چکۆلەتری قەرەنیاغا کە هەر جارەی دەگەڵ تیرەیەک لە مامەشەکان رێک دەکەوت. ئەوانەش زەمانێک بەشێک لە کونفدراسیونی بڵباس بوون . دوورتر لەوانیش بەرەو جنووب بە شێوەیەکی بەربڵاو لە سنوورەکانی عێراق تا شاری مهاباد سێهەمین بەشی کونفدراسیونی بڵباس لە دۆڵو دەرەکاندا عەشیرەی مەنگوڕ نیشتەجێن. ساڵی ١٩٤٦ تیرەکانی مەنگوڕ رێبازێکی سیاسی جیاوازیان بە بەرپرسایەتی عەلیخان و برایم سالاری لە دژی عەبدوڵڵا بایەزیدی گرتە بەر.

شەرق و جنووبی مهاباد شوێنی ژیانی دەستەیەکی بانفووزی خانەدانی گەورەی موکرین کە ئەورۆ دەکوترێ دێبوکری . ئەوان بەشێوەیەکی بەردەوام لە سەدەکانی ١٨ و ١٩ دەگەڵ بڵباسەکان بە شەڕ هاتوون و دوای بڵاو بوونی بڵباس لە شوێنی خۆیاندا ماونەوە . کەسایەتی جۆراوجۆریان هەیە وەکوو عەلیاغای حاجیەلخانی لە بۆکان کە ئاواییەکانی لە دەڕەیەکی پڕ بەرەکەت لە سی مایلیی شەرقی مهاباد هەڵکەوتوون . دووتیرە لەو بنەماڵەیە شۆرەتیان ئێلخانیزادەیە. عەلیاغا ساڵی ١٩٤٢ سەفەری باکۆی کرد . شۆرەتی عەلییارە. باقی تیرەکانی دێبوکری لە ئاواییە بە پیت و بەرەکەتەکانی دەوروبەری چۆمی مهاباد دەژین . ئەوان لە ئەولاد و نەوەکانی کەریماغان کە شۆرەتیان کەریمیە . جەعفەری کەریمی لەوان بوو . باقی بنەماڵەکانی دێبوکری کە لە مهاباد و دەوروبەری دەژین بریتین لە عەزیزی ، پیرۆتی ، مەعرووفی و فەتاحی.

لە لای جنووبی دێبۆکرییەکانەوە پازدەهەزار فەیزوڵڵا بەگی تا نزیک سنووری سەقز نیشتەجێن . بەرەو رۆژاوا وێنەی عەشایر کەم کەم ناروون و لێڵ دەبێ و یەک لە هۆیەکانی ئەوکارە بوونی وردە عەشیرەی وەک سێ شاخەی جیاوازی عێلی گەورکی مهاباد ، سەردەشت و سەقزە کە زۆر پڕ نفووزن . دوایەش عەشایری پرش وبڵاوی دەوروبەری سەردەشت و هاوسنووری عێراق . عەلی جەوانمەردی ئی عێلی گەورکی سەقز بوو ئەما هاورێ بوونی دەگەڵ فەجایعی حەمەڕەشیدخانی بانە ئەوی تووشی سێدارەی ئەرتەشی ئێران لە ساڵی ١٩٤٤ لە شاری سەقز کرد.


شاری بانە لە بەینی سەقزوسەردەشتدایە کە شوێنی حکومەتی بێسەرەوبەرەی حەمەڕەشیدخان بوو و هەر بەوتەجرەبە و رابردووەوە تێکەڵ بە حکومەتی مهاباد بوو و لە ماوەی سی ساڵدا خاترجەم بوو کە لە حکومەتی مهابادا جێگایەکی موناسبی وەبەر دەکەوێ. حەمەڕەشیدخان کوڕی قادرخان لە نێو تیرەی چکۆڵەی یونسخانیدا سەری هەڵدا کە یەک لە چوار عەشیرەی دەوری بانە بوون کە لە نزیک سنووری عێراق دەژیان. بە بەگەکانی سەرۆک عەشیرەیان دەکوت بەگزادەی بانە. حەمەرەشیدخانی پەنجاساڵەی کز و لەڕ لە مانگی ئاگۆستی ساڵی ١٩٤١ کاتێک هێزەکانی رووس بەرەو سنە بە سەقزدا تێپەڕ دەبوون پێش ئەوەی دووبارە بگەڕێنەوە بەرەو شیمال لە گوندی بێ ناوبانگی خۆی لە خاکی عێراق هاتە دەرێ ، هاوبیرانی خۆی کۆکردەوە و بە دە هەزار قەبزە چەکەوە کە لە پاسگانیزامیەکانی ئیرانی گرتبوو دەستپیشخەریی کرد و کاتێک هێزەکانی ئێران بۆ جاری دووهەم گەڕانەوە سەقز لە ساڵی ١٩٤٢ دا حەمەڕەشیدخان هێرشی کردنە سەر و فەرماندەی ئەوهێزانەی کوشت کە نێوی سەرهەنگ ئەمین بوو . باقی سەرۆکەکانی ناوچە کە وایان نیشاندەدا خەریکی داکۆکی لە بانە و بەربەرەکانین و بە پەلەپروزەو هەڵپە هەڵپ هێندێک کاریاندەکرد ئەوانیش کەوتنە بەرهێرش و چەند کەسیان بۆ وێنە عەلیخانی تیلەکۆی خوارێ کوژرا. حەمەڕەشیدخان لە ساڵی ١٩٤٢ تا ١٩٤٤ سەرەڕای بوونی فەرمانداری حکومەتی ئێران لە ناوچەدا سەقز و بانەی ئیدارە کرد و ساڵی دوایی بە هیوای بەرفراوانکردنەوەی ناوچەی ژێر نفووزی خۆی لە نزیک مەریوان بەرەو جنوب هێرشی کردە سەر مەحموودخانی کانی سانان . ستوونێکی سپای ئێران بۆ یاریدەدانی مەحموودخان هاتە نێو شەڕەکەوە و لە رێگای بەرزاییەکانەوە حەمەڕەشیدخانیان بەرەو عێراق راونا. تا لە ساڵی ١٩٤٥ لە قەزییەی مهابادا جارێکی دیکە لە مەیداندا خۆی نیشاندا .

له جنووبی سەقز و بانە زۆر عێل و عەشیرەی دیکە دەژین . لە مەریوان، هەورامان ، جوانرۆ ، سەلاس ، جاف بەرەوخوار بەرەو سنووری عێراق دەگەنەوە سەر جادەی ئەسلّی و لە کرماشان بە ئێران وەسڵ دەبنەوە . لە رۆژاوای کرماشان ئەفرادی چەکداری سەنجابی و گۆران کە ئاییندای ئەهلی حەقن لە شیمالی عێلی گەورەی کەڵهور نیشتە جێن. دوورتر لە سنووری عێراق بەرەو رۆژهەلات عێلاتی چکۆلەی دوور لە دەسەلاتی ناوەندی هەروەها دوور لە شارستانیەت هەن کە لە ناوچەی ژێر نفووزی بریتانیادا دەژین و چەند ریزە کۆێستانێک ئەوان لە فەزای گەرم و گوڕی نەتەوەیی مهاباد جیا دەکاتەوە و بەو هۆیەوە لە رووداوەکانی داهاتوودا رۆلێکی بەرچاویان نابێ.

**چەند دیمەنێک لە کوردستان**

لە کتێبی(خاطرات و دردها ) بیرەوەرییەکانی کاک سەننار مامەدی دا. بەشی یەک

رزاشای پەهلەوی بە پشتکردن لە بریتانیابایدابۆوە بەرەو ئالمان و خەریکی زەدوبەندبوو دەگەڵیان . ساڵی ١٣١٩لە مەدرەسەی پەروانە لە شاری شاپوور دەرسم دەخوێند . دەوڵەتی ئێران لە هەموو شتدا وەک ئالمانی دەکرد. لە دانانی سمێڵی هیتلێریەوە بگرە تا دانانی مەدرەسە و گورووهی پیشاهەنگی و ئونیفورمی تایبەتی . من پێشاهەنگ و سەرۆکی گرووپێک بووم . لە پێشاهەنگ بوون و ئونیفۆرم و گەشتی بیابانی و رێژە و سڵاوی پێشاهەنگی کە سەردەستەش بووم لەزەتم دەبرد. زۆر لە ئەفسەران و دەرس خوێندووەکان سمێلی وەک سمێڵی هیتلێریان دانابوو. لە هەموو مەجلیس و دانیشتنێک باس باسی هیتلێر بوو. بە حەیدەر نێویان دەبرد.




بڵێسەی ئاگری شەڕ لە ئورووپاوە تا نزیک کێوەکانی ئورال و قەفقاز پەرەی ساند. رەزاشا دەستووری بەسیج و هێنانە ژێر پەرچەمی سەربازە زەخیرەکانیدا. ئیمتیحانی مەدرەسەکان کۆتاییهات و بۆ مەرەخەسی هاوێنی چوومەوە گوندی حاجی جافان کە بەشێک لە بنەماڵەی ئێمە لەوێبوو. هاوینی ساڵی ١٣٢٠ ی هەتاوی. سپای ئێران بۆ بەربەرەکانی سپای شوورەوی لە شوێنە ئیستراتژیکەکان دامەزران. هەنگی سواری (آذر) لە قەرەتەپە ، لەشکری ورمێ لە گەردەنەی قوشچی و....وئەرتەشی شاهەنشاهی بێ هێچ دەستکردنەوەیەک لێک بڵاو بوو. فەرماندەی لەشکری ورمێ سەرتیپ ئەحمەد موعینی لە لیباسی ژنانەدا لە رێگای مهابادەوە بەرەو تاران هەڵات. هێزەکانی سەرهەنگ بایندر گرووە گرووە خۆیان دزیەوە و لە لایەن کوردەکانەوە چەککران و لە لیباسی شەخسیدا ناردیاننەوە بۆ نێو بنەماڵەکانیان. بۆخۆشی لەگەڵ گورووهێکی بچووک لە سنووری سێرۆوە خۆی گەیاندە تورکیە و دوای ماوەیەک لە رێگای عێراق و ئینگلیسەوە گەڕاوە تاران و دەرەجەی سەرتیپی وەرگرت . بەو شێوەیە ئەرتەشەکانی رووسیە و ئینگلیس و دوایەش ئەمریکا هاتنە نێو ئێرانەوە. کوردەکان ئازاد و چەکدار بوون . نەتەنیا شەوگاری رەشیان بەڵکوو شەو و رۆژی تاریکیان کۆتاییهات. نووری ئازادی نە لە شەرقەوە بەڵکوو لە جنووب و شیمالەوە بە هۆی بریتانیا و شوورەوی و دوایەش ئەمریکا بە سەر ئێران و بە تایبەت کوردستانەوە درەوشاوە.

شادی و خۆشحاڵی ، ترس و خۆف

هاتنی ئەرتەشی سووری شوورەوی بۆ بەشێک لە کوردستان لە سەرەتاوە دوو حاڵەتی دژبەیەکی شادی و ترسی دەگەڵ خۆی هێنا. شادی و خۆشحاڵی بۆ دارمانی دەزگای زوڵم و ستەمی رەزاشای پەهلەوی و ئازادی کورد و کوردستان لەو جەحەندەمەی کە ئەمنیە ، خان نایبەکان ، و هەموو کاربەدەستە ورد و درشتەکانی لەشکری و کیشوەری بۆ کوردەکانیان پێکهێنابوو. ئەوەش بڵێم ئەوەی ئەو زەمان دەگەڵ کورد دەکرا دەگەڵ فارس و ئازەری نەدەکرا و عەرز تا عاسمان فەرق بوو. بۆ وێنە لە شارەکانی ورمێ، شاپوور وخۆی هیچ بەرپرسێکی دەوڵەت دەگەڵ دەوڵەمەند و سوود خۆرانی وەک حاجی باقرەکان ، ئەمیرلەکەکان، خانەکانی ئەفشار کە داراییان سەری دەگەیشتە عاسمان نەک هەر کاریان پێیان نەبوو بەڵکوو بە ئەشرافی شاریان دەزانین و رێزیان بۆ دادەنان. بەڵام لە کوردستان بۆ وێنە ئەگەر ئەسەد یا سەید محەمەدێک لە شپیران سەد سەر مەڕێکی بایە (کهندانیها، استوار فتح اله خانها ) بە دەستووری مقاماتی باڵا لە ورمێ ، سەڵماس و خۆی وەک گورگ و چەقەڵی برسی بۆ رووتکردنی خاوەن مەڕی بەدبەخت هێرشیان دەبردنە سەر.

بەڵام ترس و خۆف لە هاتنی ئەرتەشی سوور  کە بوو بە هۆی ئازادی و رزگاری کوردەکان لە نیری ئەسارەت و کۆیلەتی تۆقاندبوونی. بەداخەوە دەستەیەک لە نووسەران و قەڵەم بە دەستانی کورد کە خۆیان بە کومونیستی بێ خەوشی شورەوی دەزانی لە هەر بابەتێکی گەورە یا چکۆلە کە پیوەندی بە شوورەویەوە بووبێ، یا تەحریفیان کردووە یا بردوویانەتە عاسمان. کەریمی حیسامی لە پەیوەند لە گەڵ ترسی کوردەکان لە نیزامیەکانی شوورەوی لە کتیبی(کۆماری دێموکراتی کورستان) دا نووسیویە :

سەرەرای تەبلیغاتی شوومی رژیمی ئێران و ترسی پیرەپیاوانی کورد کە لە شەری یەکەمی جیهانیدا لە دەست رووسەکانی تیزاری ئازاریان دیتبوو، کۆمەڵی زەحمەتکێشانی کوردستان سەربازە رووسەکانیان بە مەلایکەی چاو سوورو فریشتەی ئازادی  نێو دەبرد. کەریمی حیسامی لە درێژەی ئەو باسەدا ئیستناد بە شیعرێکی هەژار دەکا :

بژی سپای سوور ، بژی چەکوچ و داس        لە ژێر ئیستبداد کوردی کرد خەلاس.

ئەو مەتڵەبە جێگای لێوردبوونەوەیە.

زەمانێک ئەرتەشی شوورەوی لە هاوینی ١٣٢٠ دا هاتە نێو خاکی ئێران و کوردستانەوە تەنیا ٢٧ ساڵ لە دەستپێکی شەری هەوەڵی جیهانی رابردبوو . نە تەنیا پیرە پیاوان بەڵکوو ئەوانەی تەمەنیان ٣٧ ساڵ یا ٤٠  ساڵ بوو ئەوەی ئەو زەمان لە کوردستان روویدابوو لە بیریان بوو و بۆ گەنجەکانیان دەگێراوە. لە شەری یەکەمی جیهانیدا بەشێک لە کوردەکان نە لە بەر سیاسەت و ئیدئولۆژی بەڵکوو بۆ خاتری رەزای خودا و کەسبی حۆری بەهەشت ئەگەر شەهید بووبان لەگەڵ سەربازانی رووس و ئینگلیس کە پێیان وابوو کافرن ، بەشەرهاتن و ناچار مەجبوور بە دوورە وڵاتی بوون و هەست و نیستی خۆیان لە دەستدا بەڵام ئەوانی جیهادیان نەکرد و لە سەر جێ و رێی خۆیان مانەوە و لە ساڵداتەکانی رووسیەی تزاری قەند و بژیویان وەردەگرت کەماڵی رەزایەتیان هەبوو.

لە راستیدا نە تەنیا پیرە پیاوان بەڵکوو هەموو کوردەکان لە ئەرتەشیەکانی رووس(کومونیسم) دەترسان چونکە لە زەمانی تەشکیلی ئیتحادی جەماهیری شوورەوی سوسیالیستی تا هاتنی ئەرتەشی شوورەوی بۆ ئێران و بەشێک لە کوردستان بێجگە لە کاربەدەستانی دەزگاکانی  دەوڵەتی ئێران ، راگەیەنەرەکان و بڵاوکراوەکان و خیتابەکانی ئایەتوڵلا و حوجەتەلئیسلامەکان بە دایم لە دژی شوورەوی و کومونیسم قسەیاندەکرد و دەیاننووسی. ئایەتوڵلاکان و ئاخوندە شیعەکان لە ئازەربایجان و سادات و شێخەکان و مەلاکان لە کوردستان هیچیان تێدا نەدەهێشتەوە و دەیانکوت :

ئەرمنیەکان و ئاسۆریەکان و رووسەکان و کومونیستەکان کافر و موشرێکن و کوردەکان و ئازەریەکانی ورمێ و سەڵماس و مهاباد و....یان لە دژیان هاندەدا کە بۆ رەزای خودا و وەرگرتنی پاداش لە رۆژی قیامەت لە ناویان بەرن ماڵ و ژنیان بۆ ئیوە حەڵالە. یەهوودیەکان کافر نین . خوداپەرستن. ساحەبی کتێبی عاسمانین. بەڵام کومونیستەکان خودای تەبارەک بە تەعالا ئینکار دەکەن . لە نیزامی شوورەوی کومونیست هەموو شت هاوبەشە. مارەبرینی ژن و مێرد وجوودی نییە . کۆمەڵگایەکی حەیوانیە. هەر پیاوێک لە هەر جێگایەک تووشی هەر ژنێک بێ (ئیدارە، موغازە ، خەیابان) دەتوانێ نزیکی دەگەڵ بکا راست وەک رەوەی ئەسپان . هەر نێرینەیەک دەپەرێتە سەر هەر مێینەیەک. هیچ کچ و کورێک بابی خۆی ناناسێ. کوردی موسوڵمان و پابەند بە رێورەسمی دێرین و دەمارگرژ لە سەر هاوسەرگرتنی شەرعی و حیفز و حەراسەت لە شەرەف و ناموس ئەوانەیان کە دەبیست تێکدەچوون و دەلەرزین. ترسی کوردەکان نە لە رووسەتێزاریەکان بەڵکوو لە روسە کومونیستەکان بوو کە ئایەتوڵلا ، شێخ، مەلا و حوجەتولئیسلام بردبوویانە زەینی خەڵکەوە.

بەهەرحاڵ ئەرتەشی شوورەوی دوای دامەزران لە شارەکان گرووە گرووە بە دێهاتدا دەگەران. خەبەریان داینێ دەستەیەک ساڵداتی رووسی بە سواری بەرەو حاجی جافان دێن ، خەڵک تفەنگەکانیان شاردەوە کچان و ژنە جحێڵەکان بە ترس و لەرزەوە بەرەو دۆڵی خوار ئاوایی هەڵاتن کە خۆیان لە نێو غار و ئەشکەوتاندا بشارنەوە . پیاوەکان لێک کۆبوونەوە بزانن چ بکەن و چ روودەدا؟ بابم چووبووە سومای . کەیخودای دێیەکە پیاوێکی پیر بوو نێوی عەباس بوو. کوتی: با پێشوازییان لێبکەین و ئاو و نان و نمەکیان بۆ بەرین ئیدی پارێزراو دەبین. ئەوەش بڵێم لە بارەی کومونیستەکان ئەو دەنگۆیەشیان دروست کردبوو کە لە نیزامی کومونیستیدا پیرە پیاو و پیرەژنان دەکووژن و لە ئێسکی وان سابوون دروست دەکەن. بە هەر

حاڵ زەرفێک ئاو و تەبەکێک نان و کەمێک خوێیان لە سەر سینیەک دانا و عەباس کەیخودای ئاوایی سینی بەدەست وەپێش پیاوان کەوت بۆ پێشوازی. ئەنیش تفەنگ و دەمانچەم شاردەوە و دەگەڵ خەڵکەکە کەوتم. کاتێک لە سوارەکانی ئەوان نزیک بووینەوە فەرماندەکەیان دابەزی و دەگەڵ دەرەجەدارێکی ئازەربایجانی (ئازەربایجانی شوورەوی ) بەرەو ئێمە هات و سڵاوی کرد. کەیخودا سینی بە دەست چووە پێشێ و تەعزیمی کرد . ئەفسەرەکە پرسی ئەوە چییە و بۆچییە؟ کەیخودا کوتی ئەگەر ئێوە نان و نمەکی ئێمە بخۆن بە مانای بەستنی پەیمانی دۆستایەتی دەگەڵ ئێمەیە . ئەفسەرەکە لەتێک لە نانەکەی خوارد و قامکێکی لە خوێیەکەدا و لە زمانیدا و لە ئاوەکەشی خواردەوە. دوایە دەستی بە قسان کرد و کوتی :

دەوڵەتی شوورەوی دۆستی هەموو خەڵک و هەموو میللەتانە بە تایبەت دۆست و پشتیوانی میللەتە زۆر لێکراوەکان و یەک لەوان میللەتی کورد. ئێوە برا و دۆستی ئێمەن. ئێمەش چەپڵەمان بۆ لێدان و هاتنی ئەوانمان بۆ کوردستان بە خێرهاتن کرد.

میهرەبانی و داوێنپاکی

رەفتار و هەڵسوکەوتی ئەفسەران و نیزامیەکانی شوورەوی دەگەڵ گەلی کورد وەک هێزێکی داگیرکەر نەبوو ، زۆریش دۆستانە بوو. کوردەکان بە دوو هۆ شیفتەی ئەوان بوون. یەکیان ئەوەی بە هاتنی ئەوان کوردەکان لە ژێر نیری کۆیلەتی هاتنە دەرێ کوردستان لە ژێردەسەڵاتی پڕ لە ستەمی شێلاق بەدەستانی وردو درشتی حاکمانی دزی ئێران نەجاتی بوو. کوردە ئازاد بووەکان خەرێکی جێژن و هەلپەرکێ و گورانی بوون. ئەغڵەب گوێت لێدەبوو دەیانکوت:

بەڕاستی نەجاتمان بووە یا خەون دەبینین.

دووهەم داوێن پاکی ئەفسەران و ئەرتەشیەکانی رووس بوو لە زۆر شوێنی کوردستان پاسگا و پایگای ئەرتەشی سوور هەبوون . لە ماوەی پێنج ساڵی کە لە ئێران و کوردستان بوون قەت نەماندی یا نەمان بیست بە شوێن کچ و ژنی خەڵکیەوە بن. هەموو کەس باسی پاکیی ئەوانیان دەکرد. بەو دووهۆیە بوو کوردەکان ئەفسەران و سەربازانی شوورەویان بە مەلایکەی (چاف شین) نێو دەبرد.

ساڵداتە چاو سوورەکان

کەریمی حیسامی سەبارەت بە نێودێرکردنی ئەرتەشیەکانی شوورەوی لە لایەن کوردەکانەوە لە هەمان کتێبی کۆماری میللی مهاباد یان خودموختاری دا دەنووسێ (زەحمەتکێشانی کوردستان ، سەربازانی شوورەویان بە مەلایکەی چاوسوور نێو دەبرد) . ئەو شێوە نووسینە زۆر پرسیار دەخوڵقێنێ . مەبەست لە کۆمەڵانی زەحمەتکێشی کورد لەو سەردەمدا کێیە؟ ئەگەر مەبەست چینی کرێکارە ، ئەو زەمان کارگا و کارخانەیەک لە کوردستان نەبوو تا کرێکاری لێبێ. ئەگەر کرێکارێک بووبێ ئەوانە بوون رۆژانە لە مەزراکان لە هاویندا دروێنەیاندەکرد یا شاگرد موغازەکان لە مهاباد و شنۆ و قەسەبەکانی دیکە بوون یا چاپەزی بنەماڵە دەوڵەمەندەکان بوون کە عیدەیەکی زۆریش نەبوون ، ئەدی زۆرینەی دیکەی کوردەکان چیاندەکوت؟ دەزانین دانیشتووانی ئەو سەردەمی کوردستان غەیری شومارەیەکی کەم کە وردەبورژوازی و موغازەدار بوون باقی خەڵکەکە عەشایر و مالیکە خاوەن مڵکەکان بوون. جێگای پرسیارە کە زۆرینەی کوردەکان و سەران و بنیاتنەرانی کۆماری خودموختار وەکوو قازی محەمەد و سەیفی قازی کە مڵکی زۆریان بوو و لە چینی دەوڵەمەند و خاوەن مڵک بوون نەزەریان لە سەر شوورەوی و هاتنی سپای سوور کە کورد و کوردستانی ئازاد کرد چ بوو؟

راستیەکەی ئەوەیە هەموو کوردەکان تەنانەت هێندێک رەئیس عەشیرە و شێخەکان کە دوایی روانگەیان گۆڕی هێندە بە کەیف بوون سەروبەری خۆیان لێک نەدەکردەوە و هەموو خەڵک ئەرتەشی سووریان بە بانگ لێدەری ئازادی دەزانی.

باسی مەلایکە و شەمایلیانمان لە ئایەتەکان و قسەی مەلا و شێخ بیستووە کە باسی ئەوەیاندەکرد لە کاتی مردن دوو ناردراوەی خودا دێنە نێو قەبری مردووەکەوە ، نێویان نەکیر و مونکەرە و لێپرسینەوە لە مردووەکە دەکەن. چاویان سوورە و ئاوری لێدەبارێ و گورزی ئاورینیان بە دەستەوەیە و هەر مردووی بەدبەخت وڵامی هەڵە بداتەوە لەبن ئەوگەل و خاکەدا بە گورزی ئاورین لێیڕادەکێشن . مانای وایە ئەو دوو نوێنەرە شکەنجەگەرن ، لە حالێکدا کوردەکان ئەفسەران و ساڵداتە

رووسەکانیان بە فریشتەی رەحمەت و ئازادی دەزانی. ئایا بەڕاستی رووسەکان چاویان سوور بوو ؟ کوردەکان ئەوانیان بە فریشتەی (چاف شین) نێو دەبرد . ئەوەش نە تەنیا زەحمەتکێشان بەڵکووقسەی هەموو کوردەکان بوو. رووسەکان چاویان سەوز یا شین بوو نەک سوور.

نووسەری بەرێز شیعرەکەی هەژاریشی ئاوا نووسیوەتەوە:

بژی سپای سوور خۆش بێ چەکوچ و داس

لە ژێر ئیستبداد کوردی کرد خڵاس

بەڵام ئەوەی من بەینی ساڵەکانی ١٣٢٠ تا ١٣٢٥ دیتم و خوێندبوومەوە و تەنانەت کوردە بێسەوادەکانیش زەمزەمەیاندەکرد نە سپای سوور بەلکوو ئەستالین بوو بەوجۆرە:

بژی ئەستالین، خۆش بێ چەکوچ و داس

لە ژێر ئیستبداد کوردی کرد خڵاس

ئێستا ئەگەر هەژاری شاعیر بە گوێرەی هەڵگرتنی زەمانە و دوای ئەوەی جەنازەی ستالینیان لە قەبر هێناوە دەرێ و لە شوێنێکی دیکە ناشتیان ئەویش خەتی سڕینەوەی بە سەر دا هێنابێ و وشەی ئەرتەشی سووری پاش ئەو هەموو ساڵە لە جێگا دانابێ کە ئەڵبەتە من شتی وام نەدیوە ، تەحریف کردنی نووسینێکی مێژوویی ناپەسندە.

درێژەی هەیە

وەرگێراو لە کتێبی (خاطرات و دردها) نووسینی سەنار مامەدی . لە فارسیەوە کراوە بە کوردی.


زنجیرە وتار: کۆماری کوردستان- دووی ڕێبەندان (١٥)

ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار

**چەند دیمەنێک لە کوردستان لە کتێبی (خاطرات و دردها )**

**بیرەوەرییەکانی کاک سەننار مامەدی دا. بەشی دوو.**

**گەشتی مەئمورینی سیاسی، ئیتلاعاتیی شووڕەوی**







---

ئەفسەرانی ئیتلاعاتیی شووڕەوی کە زۆربەیان کورد و ئازەربایجانی بوون بۆ وەرگرتنی زانیاری و ناسینی سەرۆک عەشیرەکان ، شێخەکان و خەڵکی دیکە لە کوردستاندا دەگەڕان و هاتووچۆیان دەکرد و پێوەندییان بەرقەرار دەکرد. شێخ و سەرۆکانی گەورە و بچووکی کورد بۆ ڕاکێشانی سەرنج و متمانەی رووسەکان خۆیان وەک دۆستی رووسەکان پێشاندەدا و دایم سەریان لە ئیدارات و کونسوولگەرییەکانی شووڕەوی لە تەورێز و ورمێ دەداو خراپەی خەڵکی دیکەیان دەکوت.

کاربەدەستەکانی شووڕەوی بێجگە لەو پێوەندییانە کۆبوونەوەی گشتیشیان بۆ خەڵک دەگرت. ئەو کۆبوونەوانە بۆ سەرۆک عێلەکانی شکاک هەمیشە لە زیندەشت لە ماڵی ئەمەرخان و کۆبوونەوەکانی مەنتەقەی سەڵماس بۆ سەرۆک عەشیرەکانی مامەدی، شپیران، ئەتمانی، ئیوری، مامەدعەبدۆیی، نیعمەتی، گەورک، شوکری لە گوندی حاجی جەفان لە ماڵی باوکم و کۆبوونەوەکانی ناوچەی شکاکی سۆمای (فەنەک، پساغای کاردار، نیسان، خدری و هەناره) لە گوندی هورسین لە ماڵی سەرتیپ(محەمەدەمین شکاک) دەگیرا. ناوبراو نێوی سەرپ بوو نەک پلەی نیزامیی.

ئەفسەرانی سیاسی شووڕەوی کە دەهاتنە ئەو کۆبوونەوانە تا ئەو جێگایەی لە بیرم مابێ بریتی بوون لە یوسف ئۆف، ئەسڵان ئۆف، محەمەدعەلی کە دوانیان کورد و دوانیان ئازەربایجانی بوون.

**بانگهێشتن بۆ باکۆ**

لە نوامبری ١٩٤١ دا ژمارەیەک لە کەسایەتیە کوردەکان بۆ باکۆ بانگهێشتن کران . یەک لەوان ئەمەرخانی شکاک بوو کە بە بەهانەی ئەوەی حەوت ساڵ لە زیندانی قەسر بووە و تازە ئازاد کراوە و نەخۆشە لە چوون بۆ باکۆ خۆی پاراست. لە باکۆ

کەسیاتیە کوردەکان بازدیدی کارخانە و مەدرەسە و کودکستان و.....یان کرد. هەروەها چاویان بە باقرۆف سەرۆککۆماری ئازەربایجان کەوت. زۆر لە رۆژنامە نووس و نووسەرانی کورد و خاریجی باسی ئەو سەفەرەیانکردووە کە بێشک دوور لە تێکەڵکردنی نەزەراتی شەخسی و روانگەی ئیدئولۆژیک نییە . دوکتور عەبدولرەحمان قاسملو لە کتێبی (چل ساڵ خەبات بۆ ئازادی) دا دەنووسێ : هەرچەند ئەمن ئەوکات تەمەنم یازدە ساڵ بوو بەڵام وەک زۆر لە مندالەکانی ئەو زەمان سیاسەت سەرنجی منی بۆ لای خۆی راکێشابوو. بابم یەک لەو کەسانە بوو بۆ باکۆ بانگ کرابوو، چەند تەلیسی قەند هێنابۆوە ، وادیار بوو شوورەویەکان قەند و ... شتی دیکەیان بە هەموو ئەندامەکانی هەیئەتەکەدابوو.

قەند دیاری رووسەکان نەبوو

بە پێچەوانەی نووسینەکەی قاسملو ، قەند نە دیاریی رووسەکان و نە ئی باکۆ بوو بەڵکوو لە تەورێز کەوتبووە دەستیان. کاتێک ئەو سەرۆکانە بە دیارییەوە(بە هەرکامیان تفەنگێکی راو و زینێکی ئەسپ) یان دابووێ دینەوە تەورێز ، ئاشنائازەرییەکانیان لە تەورێز پێیاندەڵێن بە کەڵک وەرگرتن لەو هەلەی ئێستا، داوای قەند و پارچە بۆ ئەندامانی عێل و رەعیەت و دەست و پێوەندەکانی خۆتان بکەن و بە کار جێ بە جێکردنی دۆستانی تەورێزی، هەموویان غەیری محەمەدەمین شکاک ، قەند و پارچەیەکی زۆریان لە ئوستانداریی تەورێز وەرگرتبوو و بیلافاسیلە (تبدیل بە احسن) یان کردبوو یانی کردبوویانە پووڵ و هیندێکیان برێک قەند و پارچەیان بۆ بنەماڵە و کەس و کاری خۆیان هێنابۆوە .

قاسملو لە هەمان کتێبدا کە گۆیا بە لێکدانەوەی سیاسی ، عیلمی هۆی بانگهێشتنی کەسایەتییە کوردەکانی کەشف کردبوو دەنووسێ: ئەرتەشی سوور هاتە ئێران و لە ناوچەکانی شیمالی کوردستانی ئێران جێگیر بوون . بەعزە جووڵانەوەیەک وەک جووڵانەوەی ورمێ لە ساڵی ١٣٢١ دا سەرنجی شوورەوی بۆ ئەو راستیە راکێشا کە لە کوردستان هەستی نەتەوەیی بە هێز هەیە و کوردستان بیلقووە ناوچەیەکی ئینقلابیە. بۆیە بەعزێک لە ئەفسەران و کومیسێرەکانی شوورەوی کە لە تەورێز و ورمێ بوون وردەوردە تێگەیشتن کە پیوەندی زیاتر و پتەوتری شوورەوی دەگەڵ نەتەوەی کورد ئەمرێکی پێویستە بەڵام دەوڵەتی شوورەوی تووشی سەرگەردانی ببوو و نەیدەزانی دەگەڵ کێ پێوەندی بگرێ و وتووێژ بکا و کێ دەتوانێ نوێنەری راستەقینەی نەتەوەی کورد بێ ؟ وردەوردە نوێنەرانی شوورەوی لێیان حاڵی بوو باشتر وایە دەگەڵ کەسانێک پێوەندی بگرن کە لە باری عەشیرەتی یا مەزهەبی یا رووناکبیرییەوە لە کوردستان خاوەن نفووز بن. ئەوە بوو کە دەوڵەتی شوورەوی دوای ئەوەی چەند جار ئەفسەر و کومیسێرەکانی سیاسی هاتووچۆی مهابادیان کرد هەیئەتێکی سی نەفەری لە کەسایەتییە ناسراوەکانی کوردەکانیان بۆ باکۆ بانگهێشت کرد.

**هێندێک لێکدانەوەی ئەونووسینە بە پێویست دەزانم**

دەوڵەتی شوورەوی لە مێژووی خەباتی گەلی کورد زانیاری کامڵیان هەبوو و پێش ئەوەی ئەرتەشەکەیان واریدی ئێران بێ بەرنامەیان بۆ ئازەربایجان و کوردستان هەبوو . (آقابکف) ئەندامی سازمانی جاسووسیی شوورەوی (گ،پ،او) کە دوایە نێوی بوو بە ک،گ،ب لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا(خاطرات اقا بکف ترجمە دکتر حسین ابوترابیان) لەو بارەوە دەنووسێ:

مەسەلەی کوردەکان ئەو سەردەم ساڵی ١٩٢٧ زۆر ئێمەی بە خۆیەوە سەرگەرم کردبوو بە تایبەت کاتێک لە دەربیجەی بەشی خاریجی گ،پ ئورا دەمانڕوانیە ئەو قەزییەیە و بوونی کوردەکانمان لە ناوچەیەکی بەینی چوار وڵاتی ئیران، عێراق، تورکیە و شوورەویدا دەدیت. ناوچەی نیشتەجێبوونی کوردەکان لە عێراقەوە تا قەفقاز بوو. لە حاڵەتی پێکهەڵپرژانی ئینگلستان و شوورەوی مەوقعییەتی کوردەکان دەیتوانی نەخشێکی زۆر گرینگ بەینی دوو دەوڵەتی دوژمن لە خۆی نیشان بدا. بەو بیرۆکەیەوە دەوڵەتی شوورەوی ساڵی١٩٢٧ لە ناوچەی چکۆڵەی کوردستانی خۆی کۆمارێکی سەربەخۆی کوردی دروست کرد تا سەرنجی کوردەکانی وڵاتانی دراوسێ لە ئێران، تورکیە و عێراق رابکێشێ و تەحریکی ئیحساساتی ئەو کوردانە بکا کە لە فکری کوردستانی سەربەخۆ دابوون و بەوشێوەیە تەواوی ناوچە کوردنشینەکانی وڵاتانی دراوسێ بخاتە سەر خاکی خۆی بەڵام وەزیری کاروباری دەرەوەی شوورەوی بە هۆی ئەوەی ئەوکارە دەبێتە هۆی ناکۆکی لە گەڵ ئێران و تورکیە موافەقەتی ئەو کارەی نەکرد و بەرنامەکەیان بە شێوەیەکی دیکە دارشت بەوجۆرە:

بۆ وەی بتواندرێ جێ پێیەکی قایم لە باری تەبلیغاتییەوە لە نێو کوردەکان پەیدا بکەین دەبێ بە دیقەتی زۆرەوە بڕوانینە رووحیەی رەئیس عەشیرەکانی کورد و بە کەڵک وەرگرتن لە خاڵە لاوازەکان تۆڕێکی جاسووسی لە سەراسەری مەنتەقە بڵاو بکەینەوە و رێکی خەین . دوای بە ئاکام گەیاندنی وردی ئەو هەنگاوە سەرەتاییە ئیمکاناتێک پێکدێنین کە بتوانین دەگەڵ کوردەکان پەیمانێکی نهێنی گرێبدەین ولە کومەگی ئەوان لە دژی دوژمن کەڵک وەرگرین. بۆ ئەنجامی ئەو شتە من بە میناسیان (جاسوس شوروی در تبریز) ئەمرم کرد هەنگاوەکانی پێویست بۆ رێکخستنی رایەڵەی جاسووسی لە نێو کوردەکاندا هەڵێنێتەوە و شاری سابڵاغم بۆ هەوەڵین ناوەندی خۆمان بۆ ئەو کارە هەڵبژارد.

### کونگرەی ئەوەڵی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ئاخری هاوینی ساڵی ١٣٢٤ لە لایەن حدکا وە عەمەرخانیان ئاگادار کرد کە بۆ بەشداری لە کونگرە بچێتە مهاباد. عەمەرخان و باقی سەرۆکەکانی شکاک دەگەڵ سەدان سواری شکاک بەرەو مهاباد وەڕێکەوتن. کاتێک ئەو نامەیەی حدکا گەیشتە دەستی عەمەرخان و ئەویش سەرۆکەکانی شکاکی ئاگادارکرد ، ئەفسەرانی سیاسی شووڕەوی دەستیانکرد بە چوون بۆ ماڵی سەرۆکەکانی شکاک . مایور یوسف ئوف چووە ماڵی عەمەرخان و دوو رۆژ لەوێبوو. کاپیتان جەعفەرئوف کە گەنجێکی خۆش مەشرەب و خۆش سوحبەت و لێهاتوو بوو دەگەڵ ئەفسەرێکی گەنجتر لە خۆی هاتنە مالی ئێمە. مەبەستی ئەوان لەو هاتووچۆیانە ئەوەبوو بزانن نەزەری سەرۆک عەشیرەتەکان سەبارەت بە نەمانی کۆمەڵەی ژ،ک و دروستبوونی حدک چیە؟ دووهەم بزانن سەرۆک عەشیرەکان چ کەسێک وەک سەرۆک پەسند دەکەن؟ هەروەها بزانن نەزەریان لە بارەی شووڕەوی چیە؟ هەروەها بزانن باندبازی و گورووهبازی لە نێو کوردەکاندا هەیە؟ هەروەها پشتیوانیی دەوڵەتی شووڕەویان بۆ میللەتی کورد رادەگەیاند. بە هەرحاڵ هەموو سەرۆکە کوردەکانی شیمال نەک بە زۆر یا ترس لە شووڕەوی بەلکوو بە سپاس لە شووڕەوی و بە دڵ و گیان و بە شەوق و شادی شۆرشگێڕانە خوازیاری پەرەگرتن و تەقویەتی حزبی دێموکراتی کوردستان بوون بە بێ ئەوەی لە کەیفیەت و تەرکیبی ئەندامان و رێکخەرانی ئەوحزبە ئاگاداربن، بەرەو مهاباد وەرێکەوتن.

بەشدارانی سەرۆکەکانی شکاک کە لە کونگرەی ئەوەڵی ح،د،ک،دا بەشداربوون زۆر لەوە زیاترە کە لە نووسینی هێندێک لە کوردەکاندا هاتووە . ئەوەی لە نووسینی هێندێک لە کوردەکاندا هاتووە ئاوایە:

عەمەرخان شەریفی، تاهرخان سمکۆ، عەباس فەنەک، قوتازمامەدی، حاجی ئەتمانی، شرۆ ئیسماعیلزادە، عەبدی ئیوەری، زبێد ئیوەری، حەسەن هەنارە، تەمرخان هەنارە، عەزۆفەنەک، مرادنیسانی، نورکۆ عەبدویی. بە داخەوە روون نییە بۆچی نێوی سەرۆک عەشیرەکانی خدری، گەورک، بوتان، خلوفی، شۆیران، مامەدعەبدویی، نیعمەتی، موقری، باخوشان و کوێرە سونێی کە هەموویان لەو کونگرەیە بوون باسیان نەکراوە.

### چەکدار کردنی کوردەکان

دوای گەڕانەوەی شکاکەکان لە گۆنگرەی ئەوەڵی ح،د،ک لە مهاباد خەبەریان بە عەمەرخاندا ژنراڵ (آتاکشیف) رۆژی.....دێتە ورمێ و لازمە دەگەڵ سەرۆکەکانی شکاک بۆ مولاقاتی بێنە ورمێ. لەو دیدارەدا ئەتاکشیوف دوای ئەحواڵپرسی لە پێوەند دەگەڵ سیاسەتی ئیتحادی جەماهیری شووڕەوی کوتی:

شووڕەوی پشتیوان و لایەنگری هەموو نەتەوەژێردەستەکانە یەک لەوان نەتەوەی کورد. لەوبارەوە بە تەفسیل قسەی کردو کوتی ئێوە دەبێ بۆ حیفزی مافی نەتەوایەتی خۆتان ئامادەی فیداکاری بن. جارێ کەمێک چەک و موهیمات دەدەمە ئێوە ودوایەش هەرچەندی لازم بی دەینێمە ئیختیارتان. عەمەرخان لە وڵامدا وەک سیاسەتزانێکی بە ئەزموون و ئازا و داهاتووبین کوتی:

رەفیق ژنراڵ ئەوەی کە دەوڵەتی شووڕەوی لە ئێمەی کوردی مەزلووم داکۆکی دەکا سوپاسگوزارین . ئێمە سەدان ساڵە لە ژێر باری ستەمدا دەناڵێنین . ئەوە هەوەڵجارە دەوڵەتێکی گەورە پشتمان دەگرێ ئەما ئەگەر ئەو دەولەتە ئێمە بکاتە قوربانی سیاسەتەکانی خۆی، پیاوان و ژنان و منداڵانی کورد تا ئەبەد نەفرینی دەوڵەتی شووڕەوی دەکەن . هیوادارین وای لێنەیا. ئەتاکشیوف بە سەرسووڕمانەوە چاوی بڕیە عەمەرخان و کوتی : لەوەی کە لە دەوڵەتی شووڕەوی و ژنرالیسم ستالین

سپاسگوزاریت کرد مەمنوونم بەڵام چاوەڕێی ئەوە نەبووم بڵێی کوردەکان قوربانی سیاسەتی خۆمان بکەین. من بە ئێوە و بە میللەتی کورد مزگێنی دەدەم کە قەت شتی وا روونادا. دەوڵەتی شووڕەوی پشتیوانی سادقی نەتەوەی کوردە. بە دوای ئەوەدا ژنراڵ هەزار قەبزە تفەنگی برنو، موسەلسەلی دەستی و تیرباری برنو بە موهیماتی مەربووتەوە بە چەند کامیون ناردیە ئاوایی زیندەشت و تەحویلی عەمەرخانیدا . ئەویش بەشێکی بۆ عەشیرە و چەکدارانی خۆی گلدایەوە و ئەویدیکەش لە بەینی ئەو کەسانەی لە دیداری ئەتاکشیۆفدا دەگەڵی هاتبوون دابەشکرد.

**نارەزایەتی دەربڕین و ئیرادگرتنی کوردەکانی شیمال**

کوردەکانی شیمالی کوردستانی ئێران لە ئاراڕات و چۆمی ئەرەسەوە تا کێوی دالامپەڕ ، کە لەو زستانە سارد و پڕ بەفرەدا بە شادی و خۆشیەکی بێ سنوورەوە بۆ دروستکردنی ئەرتەش و دەوڵەت و کۆماری کوردستان چووبوونە مهاباد دوای بەشداربوون لە ریورەسمی ئیعلامی جەمهووری و بیستنی قسەی هەڵیت و پلیت و موبالەغە و تەمەلوق و چاپلووسی لە لایەن هێندێك کەسەوە و دوای دیاریکردنی وەزیرەکان ، گەڕانەوە شوێنی ژیانی خۆیان. چەند چوونەکەیان بە خۆشحاڵی و ئومێدەوە بوو ، گەڕانەوەیان دووهێندە بە دڵگرانی و نائومێدییەوە بوو. ئەوان لە دیتنی دانانی فەرق و جیاوازی و قسەکانی قازی محەمەد و هێندێکی دیکە کە دەگەڵ یەکتر یەکیان نەدەگرتەوە ناڕازی بوون. ئاماژە بە سێ خاڵی سەرەکی نارەزایەتییەکەی ئەوان دەکەم:

١، تێرۆری غەفوور مەحموودیان رۆژنامە فرۆشی بێنەوا و کەسێکی دیکە لە لایەن کاربەدەستانی کۆماری کوردستان لەو قۆناغەدا.

٢، بێ حورمەتیکردنی زێرۆبەگ بە (سەیدعەبدوڵلا ئەفەندی ئال گیلان) و کوڕەکەی سەید عەزیز ئال گیلان.

٣، تەرکیبی وەزیرەکانی دەولەتی کۆماری کوردستان.

سەبارەت بە تێروری مەحموودیان و کەسێکی دیکە دەیانکوت : ئەو تێرۆرە بۆ ترساندنی ئێمە و خەڵکی دیکە بووە و دەگەڵ رەفتاری حاکمان و خان نایبەکانی دەورانی قاجار و سپابود ئەحمەدی، قەسابی لورستان لە زەمانی رەزاشادا موقایەسەیان دەکرد و دەیانکوت ئەوانە کە دەبوونە حاکمی شوێنێک بۆ ترساندنی خەڵک جەمعێکیان زنجیر دەکرد و وەبەر شیلاقیاندەدا ، تەنانەت کەسێکیان لە داردەدا و بۆ عیبرەتی خەڵکی دیکە لەشی بە دارەکەوە تا چەند رۆژ هەردەماوە . ئەگەر مەحموودیان و ئەو کەسەی دیکە خائین بوون دەبا بە ئاشکرا محاکەمە کرابان . نارەزایەتیەکە بە تەوس و تەشەر و کنایە بە ئاشکرا بەیان دەکرا.

سەبارەت بە قەزییەی ئاڵ گیلان دەبێ بڵێم : یەک لە وتاریێژەکانی ئەورۆژە (٢ی رێبەندان) سەید عەزیز ئال گیلان بوو. لە کاتی قسەکردنەکەی دا، زێرۆبەگی هەرکی بە زمانێکی شڕ و پڕ لە تەوهینەوە سووکایەتی بە سەید عەزیز و سەید عەبدوڵلا ئەفەندیی بابی سەید عەزیز و نەوی شێخ عوبەیدوڵلا کرد و بە دەنگی بڵیند کوتی : خائین قسان مەکە ئەتۆ و بابت جاسووسی ئینگلیسن.

لێنەپرسینەوە لە زێرۆ و چاپی قسەکانی لە رۆژنامەی کوردستاندا کە ئورگانی رەسمیی ح،د،ک بوو نەک هەر کوردە شکاکەکان بەڵکوو زۆربەی خەڵکی مهاباد و شنۆشی عاجز کرد. سەید عەبدوڵلا ئەفەندی و سەید عەزیزی کوڕی و ساداتی مەنتەقەی مرگەوەڕ هەر ئەو رۆژە و بیلا فاسیلە مهابادیان بە جێهێشت (١) . کێشەی زێرۆ بەگ و هەرکیەکان دەگەڵ بنەماڵەی حاجی شێخ عەبدوڵلا ئەفەندی نەک کێشەیەکی سیاسی بەڵکوو لە سەر ئیجارەکردنی ئەملاکی خالیسە بوو. هێندێک گوند پێشتر شای قاجار بە سەید تەهای بابی شێخ عەبدوڵلای بەخشیبوو . شای دواتر ئەو دێهاتەی لێ ئەستاندبۆوە و کردبووونی بە ئەملاکی خالیسە و کێشەکە لە سەر ئەوە بوو کە لە جڵدی ٢ی بیرەوەرییەکانمدا بە تەفسیل روونی دەکەمەوە. مقاماتی شورەوی پشتیوانییان لە زێرۆبەگ دەکرد و لە تێکۆشانی سیاسیی شێخ عەبوڵلا بە توندی پێشگیرییاندەکرد. بە هەرحاڵ ئەو کارەی زێرۆبەگ لەو رۆژەدا و سکووتی سەرانی کۆماری کوردستان تەلویحەن وەک پشتیوانی قازی محەمەد لەو کارە دادەندرا و بووە دروستبوونی شکافێک بەینی زۆر کەس لە کوردەکان وکاربەدەستانی کۆماری کوردستان.

بابەتی دیکەی کە کوردەکانی شیمالی زۆر دڵ ئێش کرد تەرکیبی هەیئەتی وەزیرانی دەوڵەتی نوێ بنیانی کوردبوو . سەدان ساڵ نەتەوەی کورد لە ئارەزووی دامەزراندنی دەوڵەتێکدا بوو بە نێوی کوردستان و ئێستا قازی محەمەد ئامۆزاکەی خۆی کردۆتە وەزیر جەنگ و جێگری خۆی و هەموو بەقاڵ و چەقاڵی مهاباد و دۆستانی خۆی کردۆتە وەزیر. ئەو پرسیارە دێتە پێشێ کە ئایا لە هەموو مەنتەقەی مکوریاندا کە قازی محەمەد لە وتاری راگەیاندنی کۆماردا ئەو هەمووەی پیهەڵکوتن کەسێکی وانەبوو ئەزموونی شەڕ و شۆڕشی بێ و دەبا هەر خزمەکەی خۆی شەهید سەیفی قازی بەرێوەی بەریێ؟ لە هەموو تەشکیلاتی سیاسی ، حزب، رێکخراو، دەوڵەت، پۆستە گەینگەکان دەدرێنە دەست کەسانی شایستە و پسپۆڕ نەک بە دۆستان و خزمان .

١، لەوزەماندا شایستەترین کەس بۆ فەرماندەیی هێزی چەکداری کورد مەلا مستەفا بارزانی بوو ئەو ئەزموونی شەڕ و پێکدادانی دەگەڵ دەوڵەتەکانی ئینگلیس و تورکیە و عێراق هەبوو. شارەزای فەرماندەیی و خاوەنی شەهامەت و شوجاعەت بوو. نێوبانگی ئازایەتیی لە سەر زمانی هەموان بوو.

٢، بە لە بەرچاو گرتنی هەلومەرجی ئەو زەمان، سەرۆک وەزیریی کۆماری کوردستان حەقی سەید عەولا ئەفەندیی ئال گیلان بوو . بابی (شێخ عەبدولقادر شەمزینی یا ئال گیلان) بە دروستکردنی رێکخراوی سیاسی و خەباتی سیاسی درێژخایەن (هەرچەند تووشی هیندێک هەڵەی سیاسی ببوو) سەرەنجام لە رێگای ئازادی کوردستاندا سەری چووە سەردار و سەید عەبدوڵلا ئەفەندی کە گەنجێکی خوێندەوار و ئاشنا بە مەسایلی سیاسی بوو و دەگەڵ بابی لە خەباتی سیاسی دا بەشداری کردبوو ، تووشی تەبعید و دەربەدری ببوو ، لە نێو کوردی ئێرانیشدا جێگای رێز و ئیحترام بوو.

٣، پۆستی وەزارەتی عەدلیەش حەقی شێخ عەبدولقادر جەلایی بوو . ناوبراو لە شۆڕشی ئاراڕاتدا لە ساڵی ١٣٠٨ تا ١٣٢١ بەشدار بوو و لەو بەشەی کوردستان (بایەزید) کەسایەتییەکی ناسراو و بە نفووز بوو و لە کۆماری ئاراراتدا وەزیری عەدلیە بوو . دوای شکستی شۆڕش و شەهیدبوونی برایم ئاغا ۆبروحسکی) بۆ تاران تەبعید کرا و جەندین ساڵ لە زیندانی قەسری تاراندا زیندانی بوو . بە هاتنی ئەرتەشی شوورەوی و بریتانیا بۆ ئێران دەگەڵ ئەمەرخانی شکاک لە زیندان ئازاد بوو . دوای ماوەیەک لەگەڵ ماڵومنداڵی خۆی و چەند بنەماڵەی دیکەی جەلالی لە تەنعیدگاوە هاتنە شاری سەڵماس . ئەمەرخان و باوکم قوتاز و بەشێک لە سەرۆکانی شکاک چوونە بەخێرهاتنیان . ئەمنیش دەگەڵ بابم چووم . شێخ بە پێچەوانەی زۆر لە شێخە خورافاتیەکان ئینسانێکی مەتین، زاناو سیاسی بوو .دوای ماوەیەک چوونە ماکۆ و دەوەری ئاراڕات . بۆخۆی و کورەکەی (شێخ حەسەن) لە کونگرە و ئیعلامی جەمهووری مهاباددا بەشدار بوون. بەڵام ساڵێک دواتر (١٣٢٥) گۆیا بە هۆی نائومێدی لە کۆماری مهاباد دەگەڵ جەمعێک چوونەوە تورکیە.

٤، چوارمین کەسێک کە دەمناسی و پێموابوو شایستەی جی و رێیەک لە کۆماری کوردستاندا بوو عومەراغای جەلالی سەرۆکی حێلی جەلالی بوو. ناوبراو گەنجێکی خوێندەوار و شوجاع بوو. لە پێش شورشی ئاراڕات و پێش ئەو شۆڕشە و دوای ئەو شورشە دەگەڵ بابی (خالیدئاغا) لە خەباتی سیاسی و شەڕی ئازادیخوازیدا هەڵسووڕابوو. بابی دوای شەڕێکی قورس دەگەڵ دەوڵەتی ئێران دەگەڵ ژمارەیەک لە عێلی جەلالی ناچار چووبوونە تورکیە. عومەراغای جەلالی سەرۆکی عێلی جەلالی دوای شەهیدبوونی برۆحسکی (رێبەری شۆڕشی ئاراڕات) تووشی گیروگرفتی زۆر بوو و سەرەنجام بۆ ورمێ تەبعید کرا و کاتێک ئەرتەشی هاوپەیمانان هاتنە ئێرانەوە گەراوە ئاوایی ئاغ گوڵ لە داوێنی ئاراڕات کە مڵکی خۆی بوو . عومەراغا هەم لە کونگرەی هەوەڵی ح،د،ک و هەم لە راگەیاندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد بەشدار بوو. ناوبراو سەرۆکی عێلی جەلالی بوو.

ئەگەر ئەو چوار کەسایەتیە کوردە (مەلا مستەفابارزانی، سەید عەبدوڵلا ئەفەندی ئال گیلان، شێخ عەبدولقادر جەلایی ، عومەراغا جەلالی) کە لە هەرەتی لاویوە هاتبوونە نێو خەباتی سیاسیەوە و لە رێگای ئازادی کورد و کوردستاندا تووشی زیندان، تەبعید، دەربەدەری و ماڵوێرانی و لە دەستجوونی زۆر لە کەس و کاریان ببوون و دیسانیش ئامادەی فیداکاری و خەبات بوون لە بڕیارداندا دەسەڵاتدار بان ، رەنگە مێژووەکە جۆرێکی دیکە نووسراباوە. لە موقابیلدا رێبەرانی ح،د،ک ، وەزیرانی دەوڵەت و سەرکۆمار (قازی محەمەد) و یارانی، بچووکترین هەنگاوی سیاسیو نیزامیان تا شەهریوەری ١٣٢٠ بۆ ئازادی کورد و کوردستان هەڵنە هێنابۆوە و تەنیا دوای هاتنی ئەرتەسی شوورەوی بۆ ئێران و بەشێک لە کوردستان و دوای

بانگهێشتنی کەسایەتیە کوردەکان بۆ باکۆ بە ئیتیکای پشتیوانی و یاریدەی ئیتحادی جەماهیری شوورەوی و ئەو قەولانەی باقرۆف دابووی و دووپاتکردنەوەی لە لایەن ئەفسەرانی شوورەویەوە فرسەتیان قۆستەوە و پێیان نا نێو ئەو مەیدانەوە .


بێشک هۆی سەرەکی کەوتنی کۆماری کوردستان (بێ هیج داکۆکیەک لە خۆی و تەسلیمی ئەو جۆرە) ئەوە بوو کە رێبەر یا رێبەرانی ، مەیدانی خەباتیان نەدیتبوو . لە کوورەی سیاسەت و تیکۆشان نەهاتبوونە دەرێ و لە دەریای خوێن و سورب و باroوت تێپەر نە بوون.

تێ بینی:

١،لە زۆر جێگادا وێنەی مەراسمی راگەیاندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد بلاو بۆتەوە . لە وێنەکەدا لە رەدیفی ئەوەڵ لە تەنیشت مەلا مستەفای بارزانی جێگایەک بەتاڵە . ئەو جێگایە حاجی شێخ عەبدوڵلا ئەفەندی لێی راوەستاوە کە دوای بێحورمەتیەکەی زێرۆبەگ جێگاکەی تەرک کردووە و مەراسمەکەی بە جێ هێشتووە. (تایر عەلیار)

## ڕۆیشتنم بۆ ناو کۆماری کوردستان لە مهاباد

لە ساڵی ١٩٤٥ دا کەوتمە ناو کوردایەتی. هەستی کوردایەتی و نیشتمان پەروەری کەوتە ناو مێشکمەوە و باوەڕم هاتە سەر ئەوە کە دەبێ لاوی کورد ئامادە بێت و لە کاتی پێویستدا گیانی خۆی بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و سەربەستی نیشتمانەکەی بەخت بکات. ئەو کاتە بوو کە لە حیزبی هیوادا بە ئەندام وەرگیرام. لە ساڵی ١٩٤٦ دا ئاڵای کوردستان بە ناوی کۆماری مهاباد لە کوردستانی ئێران بەرزکرایەوە. بڕیارمدا خۆم بەشداری ئەو خەباتە بکەم و بڕۆم بۆ بەرەی شەڕ . ئەو کاتە بەرەیەکی شەڕ لە ناوچەی سەردەشت کە زۆر لە ئێمەوە نزیک بوو ، کرابۆوە. ژنەکەم کە کچی مامم بوو ناردەوە ماڵی باوکی و لە ٢٠ ی مایسی ساڵی ١٩٤٦ خۆم ئامادە کرد و بە بێ ئاگاداری باوکم ، دوو ئەسپی سواریم بۆخۆم و بۆ بابەکری سۆفی هەباس کە ئەویش هەر خزمی خۆم بوو لەگەڵ ئێسترێکی بارهەڵگر بۆ هەڵگرتنی کەل و پەل و خواردەمەنی تەرتیب کرد . لە نیوەی شەودا بە نهێنی کەوتینە ڕێگا و بۆ بەیانیەکەی گەیشتینە گوندی بێوران و لەوێ چەند کەسێک لە گەنج و خوێنگەرمەکانی ئەو ناوچەیە هاتنە لام و بە چەکی خۆیانەوە هاتنە ریزی ڕێکخستن. بۆ ڕۆژی دووەم گەیشتینە گوندی میر شێخ حەیدەر نزیکی بارەگای زێڕۆبەگ فەرماندەی گشتیی بەرەی سەردەشت. ناوبراو لە عەشیرەتی هەرکی و لە ناوچەی ورمێ دادەنیشت و لەو بەرەیە سەرۆکایەتی کاروباری پێشمەرگەی دەکرد.




لە گوندی میرشێخ حەیدەرەوە نامەیەکم بۆ زێڕۆبەگ نارد و لە هاتنی خۆم ئاگادارم کرد و داواشم لێکرد بەرەمان بۆ دیاربکات. ئەویش لە ورامی نامەکەم دا داوای لێکردبووم خۆم بچمە لای و کاتێ گەیشتم زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنی کردم و شادمانی خۆی پێشاندا کە من لە کوردستانی عێراقەوە هاتووم و بەشداری بەرەی شەڕ دەکەم. داوای لێکردم هەر لە نزیک بارەگایەکەی خۆی بارەگا بکەمەوە . لە سەر قسەی زێڕۆبەگ کە بارەگاکەی بەرامبەری سەردەشت و زۆر لە بەرەی شەڕ نزیک بوو ، هەر لەوێ نیشتەجێ بووین. ئێمە هەتا چوارپێنج ڕۆژ هەرخۆمان خواردەمەنیمان دەکڕی. کاتێ زێڕۆبەگ خەبەری زانی، خۆی هاتە لام و کوتی دەبێ لەمەودوا هەموو خواردەمەنی و پێویستیتان وەک ئەو هەموو لەشکرەی کە لەم بەرەدایە ، لە عەمباری گشتی وەرگرن. بە هەرحاڵ نێوانمان لەگەڵ زێڕۆبەگ زۆر خۆش بوو . ئەگەر ڕۆژێک نەیدیتبام ، خۆی دەهاتە لام و هەرجارە پۆستەی کومیتەی ناوەندی لە مهابادەوە بۆ هاتبایە هەتا نەیهێنابایە لای من نەیدەکردەوە. دەبوایە جوابەکانیشی بۆ بنووسمەوە . ئەوەش ئەوپەڕی متمانەیەک بوو کە سەبارەت بە من هەیبوو. ئەو خۆی کاتبێکی هەبوو بەڵام لە خوێندنەوەی نووسینی کوردی زۆر کز بوو. ئەو کاتەش دەبوو هەموو نووسراوێکی ڕەسمی بە کوردی بنووسرێت. زێڕۆبەگ خۆی نەخوێندەوار بوو . تەنیا بە زیرەکی و ئازایەتی خۆی گەیشتبووە پلەی فەرماندەی بەرە. خەڵکی ناوچەی سەردەشت و هەموو عەشایرەکان پشتیوانیان لە کۆماری کوردستان دەکرد. زۆربەی زۆری خەڵک لە دژی ڕژیمی تاران چەکیان

هەڵگرتبوو. تەنیا دووکەس هەبوون کە بە ئاشکرا دژی کۆمار بوون و لە سوودی رژیم چەکیان وەرگرتبوو و خۆیان خستبووە ناو سوپای ئێرانەوە . یەکەمیان حەسەناغای بێزیلە و دووەمیان مامەندی حاجی هەباساغا برازای بابەکراغابوو. مامەنداغا خۆی لە ناوچەی ئالانی کوردستانی ئێران دادەنیشت. بابەکراغاش لە پشدەرەوە هێندێ چەکداری بۆ ناردبوو تاکوو بتوانن پشتیوانی لە هێزەکانی سوپای ئێران بکەن. بابەکراغا بە فەرمانی ئینگلیزییەکان ئەو کارەی دەکرد. هۆیەکەشی ئەوە بوو ئینگلیز و ئەمریکا ئەو ناوچەیان بە بەشێک لە باشووری ئێران دەزانی کە لە دابەشکردنی ئێران لەگەڵ رووسیادا بەر ئەوان دەکەوت. بەڵام هەڵوێستی مەحموودی حاجیاغای هێرۆ بە پێچەوانەی هەڵوێستی بابەکراغابوو . مەحموودائاغا هەموو جۆرە هاوکارییەکی لەگەڵ کۆماری مهاباد دەکرد و هەروەکوو پێشتر باسمانکرد ، پەنجا تا شێست چەکداری خۆی بە هەموو خەرج و سەرفیاتەوە بۆ پشتیوانی لە کۆماری کوردستان ناردبووە بەرەی سەردەشت و هەمیشە بە نامە پەیوەندیشی لەگەڵ قازی محەمەد هەبوو . قازی محەمەد چەکێکی تایبەتی وەکوو دیاری بە شێوەیەکی نهێنی لە رێگای زێرۆبەگەوە بۆ مەحموودئاغا ناردبوو. لە بەر ئەوە قازی ئەو چەکەی بە نهێنی ناردبوو چونکە بابەکرئاغا یەکدووجار لای ئینگلیزییەکان شکایەتی لە مەحموودئاغا کردبوو . پێی گوتبوون مەحموودئاغا بۆتە شیوعی و پەیوەندی لەگەڵ کۆماری کوردستان لە مهاباد هەیە. لەبەر ئەوە مەحموودئاغا کەوتە بەر چاوەدێری و لێکۆڵینەوە. پاشان بە پارە و بەرتیل توانی خۆی رزگار بکات. ئەوکاتە حکوومەتی عێراقیش لە ناوچەی پشدەردا دەسەڵاتێکی وای نەبوو.

## کۆماری مهاباد و چۆنیەتی دامەزرانی

لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٤٥ دا جارێکی تر نوێنەرانی کورد بانگهێشت کرانەوە باکۆ و ئەو جار نوێنەران تێکەڵاو بوون لە خوێندەوارانی شارستانی و سەرۆک عەشیرە خاوەن دەسەڵاتەکانی وەک:

قازی محەممەد، حەمەحوسێنخانی سەیفی قازی، قاسم حاجی بایزاغای دێبوکری، کاک هەمزەی نەڵۆس(مامەش)،کاک عەوڵای جەڵدیان (مامەش) ، مەناف کەریمی خەڵکی مهاباد، عەلی ریحانی خەڵکی مهاباد، نوری بەگی هەرکی و چەندکەسیتریش کە ناویانم بیر کردووە.

ئەو نوێنەرانە رۆیشتن بۆ باکۆ و ئەوجارە هەموو داوایەکانی خۆیان بە گەڵاڵە کراوی خستە سەر کاغەز و لەگەڵ نوێنەرانی رووسیا بە سەرۆکایەتی باقرۆف کەوتنە وتووێژ و ئەو داوایەی پێشووشیان سەبارەت بە چارەنووسی گەلی کورد دووپاتکردەوە. لە ئەنجامدا باقرۆف پێی گوتن کە سەربەخۆیی تەواو لەو بارودۆخەی ئێستادا هیچ ئیمکانی نییە بەڵام حکومەتی رووسیا پشتیوانی لە مافی خودموختاری واتە حوکمی زاتی بەومەرجەداکات کە کوردەکان بکەونە ژێر دەسەڵات و چاوەدێریی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانی تورکەکان لە تەورێز . جگە لەوەش بەڵێنی پێدابوون هێندێ چەک و تەقەمەنی ویارمەتی مادیان پێبدات.هەروەها رایسپاردبوون کە ناوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد بگۆڕن بە حیزبی دیموکراتی کوردستان. ئەوە بوو نوێنەرانی کوردگەڕانەوە مهاباد و لە کۆتایی مانگی تشرینی ساڵی ١٩٤٥ دا کۆبوونەوەیەکی فراوان پێکهات و ژومارەیەکی زۆر لە رۆشنبیران و سەرۆک خێڵەکانی کوردستانی ئێران لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدارییان کرد. قازی محەمەد سەبارەت بە وەزعی سیاسی کوردستان و ئەنجامی سەفەرەکەیان بۆ رووسیا کەوتە قسەکردن . هەروەها پێشنیارەکانی باقرۆفی لە بابەت خودموختاری و گۆڕینی ناوی کۆمەڵە بۆ باسکردن . پاش ئاڵوگۆڕی بیروڕا زۆربەی زۆری خەڵک بە مافی ئەو خودموختارییە رازی نەبوون کە لە

ژێر دەسەڵات و چاوەدێری فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان دابێت و کەس لە مافی سەربەخۆیی کەمتر نەدەهاتە خوارەوە. بەڵام دەربارەی گۆڕینی ناوی کۆمەڵە بە حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەموو کەس پێی باشبوو. بڕیاری لە سەردرا و ئەو ناوە جێگای خۆی گرت و دروشمی حیزبی دیموکرات بەرزکرایەوە. لەم کۆبوونەوەیەدا قازی محەمەد پێشنیاریکرد کە باشتر ئەوەیە ئێمەی کورد نێوان و پەیوەندی خۆمان لەگەڵ فیرقەی دیموکراتی تەورێز پتەوتر بکەین و ماوە نەدەین کە حکوومەتی رووسیا لەو بارەیەوە رەخنەمان لێبگرێت. ئەمجا بڕیاردرا کە وەفدێکی تایبەتی بە سەرۆکایەتی قازی محەمەد بڕواتە تەورێز و هەرچۆنێک بێت دڵی تورکەکانی تەورێز لە خۆیان رازی بکەن. لەو کاتەدا هێندێک ناکۆکی و کێشەش کەوتبووە مابەینی فیرقەی دیموکراتی تەورێز و سەرۆک عەشایرەکانی ناوچەی ورمێ . بە تایبەتی کەگەڵ شکاک و هەرکیەکان . ئەو وەفدەی بۆ چارەسەری ئەم کێشە و ناکۆکیانە بەرەو تەورێز وەرێکەوت ، لەو کەسانەی خوارەوە پێکهاتبوو:

قازی محەمەد، سەید عەبدوڵلا ئەفەندی، حەمەحۆسێنخان، رەشیدبەگی هەرکی، عومەرخانی شکاک.

## چەک و تەقەمەنی لەلایەن رووسەکانەوە بۆ یەکەمجار گەیشتە شاری مهاباد.

پاش ئەوەی قازی محەمەد و نوێنەرانی کورد لە تەورێز گەڕانەوە ، وەجبەیەک چەک و تەقەمەنی بۆ یەکەمجار زۆر بە نهێنی گەیشتە مهاباد و رووسەکان بە دیاری ناردبوویان و لە کاتی نیوەشەودا دایان بەزاندن. چەک و تەقەمەنیەکان بریتی بوون لەوشتانەی خوارەوە:

١، ١٢٠٠ تفرنگی برنۆلەگەڵ چەندشەستیر و فیشەکی زۆر

٢، وەجبەیەک نارنجۆکی مۆلۆتۆف ، هەروەها چەند هەزار شووشە تیزاب کە بۆ سووتاندنی دەبابە بە کاردەهات. دەبوایە پێشمەرگەی گیانفیدا لە نزیکەوە بیخاتە سەر دەبابە.

٣، مەبلەغێک پارە(ئەسکیناسی ئێرانی)

٤، چاپخانە لەگەڵ کاغەز و کەلوپەلی پێویست.

کاتێ ئەو چەکانە هاتن و بە سەر ئەندامان و لایەنگراندا دابەشکران هەموو جەماوەر کەوتە شایی و بەزم و پەیتاپەیتا خەڵک بۆ چەک وەرگرتن دەهاتن و ئامادەیی خۆیان بۆ گیان بەختکردن لە رێگای ئازادی کوردستان پێشاندەدا. وای لێهات خەڵک لە کوردستانی عێراقەوە دەهاتن و ئەگەر یەکێک لە دانیشتوانی مهاباد بووبایە کەفیلیان چەکی پێدەدرا و ناویان لە ریزی لەشکری کوردستاندا تۆمار دەکرا. پلەی حیزب گەیشتە ئەوپەڕی بەرزی وئەندامانی کومیتەی ناوەندی هاتنە ئەوڕادەیەی کە زۆر لە خۆ بایی ببن وداوای سەربەخۆیی بکەن بەڵام قازی محەمەد ئەو رایەی پەسند نەکرد چونکە خۆی لەم گەشتانەی دا بۆ رووسیە تێگەیشتبوو کە حکومەتی روسیا بۆ جاڕدانی سەربە خۆیی پشتگیرییان لێناکات. مەسەلەش هەرئەوە بوو کە رووسیا هەوڵی ئەوەی دەدات کارێکی وابکات حکومەتی ئێران بخاتە ژێر گوشاری سیاسی و ناچار ببێت ئیمتیازی نەوتی باکووری ئیران وەک بەرتیل بداتە رووسیا. هەر بەو مەبەستەس رووسیا هەر لە سەرەتاوە هانی سەرۆک عەشیرەتەکانی کوردیدا بۆ داواکردنی مافی نەتەوایەتی و پشتی ئەحزابە

سیاسیەکانی تورک و کوردی گرت. ویستی حکوومەتی ئێران بترسێنێت و ئەوانەی باسمان کردن وەکوو بێچووە گورگ پێشانی ئێران بدات.

حکوومەتی ئێران کە قەوامولسەلتەنە سەرۆکوەزیرانی بوو وا بە ئاسانی نەچووە ژێرباری گرانی رووسیا و چونکە نەیدەزانی لە کاتی تەنگانەدا ئینگلیزوئەمریکا پشتیوانی لێ دەکەن و ماوە نادەن ئەم داوایەی رووسیای لە سەر فەرز بکرێ ئەم کۆنە گورگە فێڵبازە واتە قەوامولسلتەنە کارێکی وایکرد کە پێویست نەکات ئەو کێشەیە واگەورە بێتەوە کە ئینگلیز و ئەمریکا بکەونە ناو کارەکەوە . هەر جارەی بە بیانوویەک رووسەکانی تەفرە دەدا و دەیخافلاندنو نەیدەویست بە تەواوی بێ هیوایان بکات.

ئەم وتووێژە نهێنیەی مابەینی رووسیا و قەوامولسەلتەنە سەبارەت بە ئیمتیازی نەوتی باکوور یەکەمجار زۆر خەڵک نەیدەزانی چونکە رووسەکان زۆر بە نهێنییان گرتبوو بەڵام نوێنەرانی کورد هەر ساڵی ١٩٤٢ کە بە سەرۆکایەتی قازی محەمەد رۆیشتنە باکۆ ئەو راستییەیان بۆ دەرکەوتبوو کە رووسیا خەریکی بەرێوەبردنی سیاسەتێکی تایبەتی خۆیەتی و مەبەستی نییە داخوا نەتەوەکانی ئەو ناوچەیە مافی خۆیان وەردەگرن یا دەکەونە ژێرچەپۆکی حکوومەتی ئێران. قەرەنی ئاغای مامەش کە یەکێک بوو لە نوێنەرانی بەرزی ئەو وەفدە و زۆر کۆن و دنیادیدەش بوو هەر لە کاتی گەڕانەوەدا کوتبووی من هیچ متمانەم بە حکوومەتی رووسیا نییە . دەترسم رۆژێ لە رۆژان بمانخەنە بازاڕی مامەڵە و بمانفرۆشن. قاسمی حاجی بایزاغای دێبۆکریش لە سەفەری دووەمدا هەر ئەو قسەیەی قەرەنیاغای کردبوو . لەگەڵ ئەمەشدا قازی محەمەد و نوێنەرانی تری رۆشنبیر نەیاندەویست بە ئاشکرا ددان بەو راستیە دابنێن، چونکە لەباری سیاسییەوە بە قازانجی حیزب نەبوو باسی شتێک بکرێت کە ئێستە روونەداوە و نازانرێ چۆن دەبێت.

## راگەیاندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد

هەرچەند هەڵوێستی حکوومەتی رووسیا بەو جۆرە بووکە باسمانکرد و ئامادە نەبوو بۆ وەدەستهێنانی مافی سەربەخۆیی پشتیوانی لە گەلی کورد بکات بەڵام حیزبی دیموکراتی کوردستان گەیشتبووە ئەو باوەڕە کە گەلی کوردی ئێران بێ ئەوەی کەس پشتیوانی لێبکات ، ئەو توانایەی هەیە ئازادی و سەربەخۆیی نیشتمانەکەی بە خوێن بپارێزێت. لە ٢٢ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٦ لە مەیدانی چوارچرای شاری مهاباد ئاڵای سێ رەنگی کوردستان بەرزکرایەوە . قازی محەمەد زۆر بە هێواشی کەوتە قسەکردن و لە قسەکانیدا کوتی :

گەلی کورد هەمیشە ژێردەست و بە دەستی چەپەڵی داگیرکەرانەوە چەوساوەتەوە و چەندها جاریش راپەڕیوە و لە پێناوی وەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆییدا فیداکاری و گیانبازی کردووە بەڵام هەرجارە لە لایەن دوژمنان و داگیرکەرانەوە مافی پێشێلکراوە و سەرکوتیان کردووە و نەیانهێشتووە داری ئازادییەکەی بەر بگرێت و گەلی کورد بگاتە ئاواتی خۆی. ئێستەش کەوا لە شاری مهابادی کوردستانی ئێراندا ئاڵای سێ رەنگی کوردستان بەرزکراوەتەوە ، هیچ پشتیوان و یاریدەدەرێک بۆ کورد نییە جگە لە دۆستی مەزن و قارەمان زیاتر کە ئەویش یەکیەتی شووڕەوییە. ئێمە هەر بە هیوای ئەوەین کە پشتی ئێمە بەرنەدات هەتا دەمانگەیەنێتە دواقۆناغی ئازادی و رزگاری.

سەرۆک کۆمارییەتی قازی محەمەد بە پێی هەڵبژاردن نەبوو تەنیا ئەوە بوو کە ناوبراو لە ناوجەماوەری کوردستانی ئێراندا خاوەنی مەرکەزێکی سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتی بوو. تاکە کەسێکیتر کە ویستبای بەرامبەر بە قازی محەمەد بوەستێت و لای خەڵکیش خۆشەویست و رێز لێگیراو بێت ، تەنیا سەید عەبدوڵلا ئەفەندی بووە . ئەویش نەوەی سەیدعەبدوڵلای نەهریە کەلە ساڵەکانی ١٨٨٠دا شۆڕشی دژی تورکیا و ئێران بەرپا کردووە . ئەگەر دانانی سەرکۆماربە پێی هەڵبژاردن بوایە هیچ دوور نەبوو کە دەنگی سەید عەبدوڵلا ئەفەندی لە هی قازی محەمەد زۆرتر بێت. بەڵام وەکوو دەمانبیست و لە ناو خەڵکدا باس دەکرا ، رووسەکان حەزیان لە سەید عەبدوڵلا ئەفەندی نەدەکرد و بە ئینگلیزخوازیان دەزانی.

ئەوەی کە لە کاتی ئاهەنگی چوارچرادا جێگای سەرسوورمانی خەڵک بوو ئەوەبوو کە نوێنەرانی دایمی رووسیا لە رەزاییە و مهاباد (هاشمۆف و ئەسەدەوف)هیچکامیان تا ئەو رۆژە خۆیان پێشانی خەڵک نەدا و بەشداری ئەو ئاهەنگەیان نەکرد . مەسەلەکە والێکدراوە کە رووسەکان ویستیان خۆیان بە جۆرێکی وا پێشانی حکوومەتی تاران بدەن کە بە راگەیاندنی کۆماری کوردستان رازی نین و لە بەرامبەر حکوومەتی تاراندا بیکەن بە بەڵگە. واش پێدەچێ کە رووسەکان پێشترێ بە قازی محەمەدیان راگەیاندبێ کە نوێنەرانیان لەو ئاهەنگەدا بەشدار نابن ئەگینا قازی محەمەد خۆی بەرەسمی بانگهێشتی دەکردن. ئەم دوو نوێنەرانەی رووسیا هەردووکیان ئەو رۆژە لە مهاباد بوون و بێ ئەوەی خۆیان ئاشکرابکەن ، بە نهێنی لەناو باغەکانی خوارووی چوارچرا سەیری ئاهەنگەکەیان کردبوو.

## وەرگیراو لە کتێبی : یادداشتەکانم لە کۆماری کوردستان

## عەبدوڵلا ئەحمەد رەسووڵ پشدەری


زنجیرە وتار: کۆماری کوردستان- دووی ڕێبەندان (١٧)

ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار

---

رۆژنامە و گۆوارەکان و جۆری سیاسەتی کۆماری کوردستان

لە ناو کۆماری مهابادا بزووتنەوەی رۆشنبیری و راگەیاندن زۆر لاواز بوو. نەگەیشتبووە ئەو پلەیە کە بەرێوەبەرایەتییەکی تایبەتی هەبێت و وەک پێویست دەوری خۆی ببینێت و وەک چرایەکی رووناک بکەوێتە پێش جەماوەر و رێگای زانین و تێگەیشتنی بۆ خۆش بکا. هۆیەکەشی ئەوە بوو کە ئەو کات هەم توانای مادی کەم بوو هەم کادری پێشکەوتوو کە زمانی کوردی باش بنووسن و بخوێننەوە ، نەبوون.




حکوومەتی رووسیا هەروەک پێشتر باسمان کرد چاپخانەیەکی بۆ حیزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران نارد و لە مهاباد رۆژنامەی کوردستان دەردەکرا و لە ناو کوردستانی ئێراندا بڵاو دەکرایەوە. بە ژومارەیەکی کەم و کورت بۆ کوردستانی عێراقیش دەنێردرا. ناوەرۆکی باش بوو. هەروەها گۆوارەکانی ئاگر، هەڵاڵە و هاوار حەفتانە دەردەچوون.لە ناو رۆژنامە و گوورەکاندا شتێکی وا نەدەنووسرا کە وا بنوێنێت حیزبی دیموکڕاتی کوردستان بە بیروباوەڕی کومونیستییەوە هاتۆتە مەیدانی خەباتەوە و خەڵک وا تێبگات کە کوردستانی ئێران بەرەو یاسای سوسیالیستی دەڕوات. تەنیا هەر زۆر باسی ستالین و هێزی سوپای مەزنی رووسیا دەکرا و هەمیشە لە لاپەری یەکەمدا دەخرایە بەرچاو. هەواڵ و دەنگ و باسی ناوخۆ و دەرەوە دەنووسرا لەگەڵ چەند لێکدانەوەیەکی سیاسی و هەروەها بڵاوکردنەوەی وتارەکان و هەڵبەستەکان کە لە لایەن نووسەران و ئەدیبانەوە بۆ رۆژنامە و گووارەکان دەنێردران. ئەو نووسەرانەی کە زۆر دەوریان هەبوو و پێشکەوتوو دیاربوون ، هەژار، هێمن، زەبیحی و قانع بوون. ئەم خویندەوارانەی کە لە عێراقەوە هاتبوون ، تەنیا هەر مامۆستا وردی بوو کە بە نووسەر ناو ببرێت و زۆر شتی دەنووسی بەڵام هەموویان بۆ بڵاو نەدەکردەوە، چونکە زۆر رەخنە و رەخنەکاری لە نووسینەکانیدا هەبوو. هەروەها دڵشاد رەسووڵیش زۆر شتی دەنووسی و خۆی یاریدەدەری وەزیری رۆشنبیری بوو. ناوبراو هەر لە منالێیەوە لە شاری کۆیە خوێندبووی و زمانی کوردیی بە نووسین و خویندنەوە زۆر باش دەزانی. هەموو چاپەمەنییەکان لە ژێر چاوەدێری مەنافی کەریمی وەزیری رۆشنبیرییەوە بەرێوە دەبران. لە هاوینی ساڵی ١٩٤٦ دا خەلیل خوسرەوی دەستی بە رێکخستن و دامەزراندنی لاوانی کوردستان کرد. ناوبراو خۆی بیروڕای کومونیستی هەبوو و هەموو نووسراوەکانی پڕ لە باس و تاریخی کومونیستی بوون و ئەمەش لەگەڵ سیاسەتی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان نەدەگونجا بەڵام دیاربوو کە بە فەرمانی رووسەکان ئەو کارەی پێسپێردراوە. خۆی زۆر برادەرایەتی لەگەڵ من هەبوو . داوای لێدەکردم کە لە کوردستانی عێراقیش رێکخراوی لاوان دروست بکەین. هەرئەوساڵە(١٩٤٦) رێکخراوی ئافرەتانی کوردستانیش دامەزرا و خێزانی قازی محەمەد بە لێپرسراوی ئافرەتانی کوردستانی ئێران دانرا.

دەربارەی بزووتنەوەی پەروەردە و فێرکردن

دەتوانم بڵێم بزووتنەوەی پەروەردە و فێر کردن زۆر کزولاواز بوو. قوتابخانە رەسمیەکان جگە لە شاروشارۆچکەکان ، لە ناو گوندەکاندا دەگمەن هەبوون و ئەوانەی هەشبوون هی زەمانی حکوومەتی ئێران بوون کە هەر بە زمانی فارسی دەرسیان تێدا خوێندرابوو . تازە کۆماری مهاباد خەریکی ئەوە بوو کە بەرنامە بۆ لە چاپدانی کتێبی کوردی بۆ قوتابخانەکان و گەشەپێدانی زانست و فێرکردنی کوردی لە کوردستانی ئێراندا دابنێن. ئەمەش زیاتر هۆی ئەوە بوو کە کۆمار تازە پێدەگەیشت و بە تەواوی نەکەوتبووە سەر کارە سەرەکییەکانی و توانای مادی ئەوەندە زۆر نەبوو کە بە هەموو شتێک رابگات.

هۆکاری سێهەمیش ئەوە بوو کە مامۆستایانی دەرسی کوردی زۆر بە کەم و کورتی هەبوون. چەند مامۆستایەکی کوردی عێراق کە خۆیان بە هەستی کوردی و نیشتمانپەروەرییەوە وەکوو وردی و عوسمان دانش و کەریم زەندی و چەند مامۆستایەکی ترکە ناویانم لە بیرکردووە ، لە شارەکانی سلێمانی هاتبوون . ئەوانە خەریک بوون بۆ فێرکردنی مامۆستایانی کوردی ئێرانی دەوراتیان کردبوونەوە. لە کوردستانی ئێراندا زۆر کەم مامۆستا هەبوون کە لە قوتابخانەکاندا وەکوو پێویست دەرسی کوردی بڵێنەوە. وەزیری پەروەردە خۆی تازە خەریکبوو فێری خوێندنەوە و نووسینی زمانی کوردی دەبوو. قوتابخانە ئایینیەکان لە شارو گوندەکاندا زۆر بوون و بەرەو بزووتنەوەی زانستی ئایینی دەڕۆیشتن. مەلای مزگەوتەکان لە کوردستانی ئێراندا بۆ شارەزاکردنی خەڵک بە سوودی کۆماری مهاباد لە ناو جەماوەردا دەورێکی گرینگیان هەبوو . ئەمەش بە هۆی قازی محەمەدەوە بوو کە خۆی زیاتر لەوەی سیاسی بێ ، پیاوی ئایینی بوو . لەبەر ئەوە مەلایەکانی کوردستانی ئێران ئەم کۆمارەیان بە هی خۆیان دەزانی.

گەڕانەوەمان لەگەڵ زێڕۆبەگ بۆ مهاباد

لە کۆتایی مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤٦ بەرەی سەردەشت چۆڵکراو هەموو چەکدارەکانی عەشایریش ئاگادارکران کە بە شێوەی کاتی بگەڕێنەوە ماڵەکانی خۆیان . زێڕۆبەگ چەند کەسێکی بەو مەبەستە هەڵبژارد لەگەڵیا بچین بۆ مهاباد بۆ ئەوەی وەکوو تەقدیر بۆ ئەو خزمەتەی کە خۆی و ئێمە لە ماوەی ئەو چەند مانگەدا لە بەرەی سەردەشت کردوومانە پێشانی پێشەوا بدات.

ئەو کاتە پێشەوا لە مهاباد نەبوو . بەڕێکەوت چووبوو بۆ تەورێز بۆ ئەوەی لەگەڵ فرقەی دیموکڕاتی ئازەربایجاندا وەفدێکی هاوبەش پێک بهێنن بۆ وتووێژ لەگەڵ قەوامولسەلتەنە سەرۆک وەزیرانی ئێران، پێکەوە بچن بۆ تاران. ئێمە هەموو لێپرسراوانی بەرەی سەردەشت رۆیشتین بۆ گوندی کووکێ لە نزیکی شاری رەزائیە . ماڵی زێڕۆبەگ لەو گوندە بوو. لەوکاتەدا ئاگادار کراین کە قازی محەمەد لە تەورێزەوە بۆ کاری تایبەتی گەڕاوەتەوە رەزائیە. مابەینی گوندەکەی زێڕۆبەگ لەگەڵ رەزائیە لە ٢٠ کیلومیتر زیاتر نەبوو. لەوێ چاومان بە پێشەوا کەوت. ماوەی دوو سەعات و نیو لەگەڵی دانیشتین . زێڕۆ بەگ هەموومانی یەک یەک بە قازی محەمەد ناساند و تاریفی لێکردین. ئەویش زۆر سپاسی هەموو لایەکی کرد و هاتە سەر باسی وتووێژ لەگەڵ حکوومەتی تاراندا. گوتی ئێمە گەلی کوردی هەژار هەرگیز شەڕمان نەویستووە و هەمیشە لە لایەن داگیرکەرانەوە شەڕمان پێفرۆشراوە . ئێستاش کەوا حکوومەتی تاران هاتۆتە سەر ئەو رایە کە داوا و کێشەکەمان بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە چارەسەربکات ، ئێمە نەک هەر رازین بەڵکوو زۆر سپاسی لێدەکەین. هەروەها کوتی ئێمە دەگەڵ وەفدی فیرقەی دیموکڕاتی ئازەربایجاندا دەچینە تاران و داوای ئێمە هەر تەنیا خودموختاری بۆ هەردوو نەتەوەی کورد و تورکە لە ئێراندا. ئەگەر حکوومەتی

مەرکەزی ئەم مافەمان بۆ بسەلمێنێت ، هەر چەند کەمیش بێت ئێمە رازی دەبین چونکە بارودۆخی سیاسی ئیمە لەو هەل و مەرجەی ئێستادا هەر ئەوەندە یارمەتیمان دەدا. گوتی تورکەکانی تەورێز کە خۆیان زۆر لە ئێمە زیاتر سەیر دەکەن و هێزیشیان لە ئێمە گەلێک زیاترە و لەگەڵ ئەوەشا بارودۆخی سیاسی ناچاری کردوون لە پێش ئێمەدا لەگەڵ حکوومەتی تاران بکەونە وتووێژو بە خودموختاری (حوکمی ذاتی) رازی بن. ئەگەر بێت و ئێمەش وانەکەین و هەر رێگای شەڕ بگرین ، نەک هیچکەس پشتیوانیمان لێناکا ، بەڵکوو دۆستەکانیشمان لێ دەبنە دوژمن. ئیتر لە قسەکانی قازی محەمەد زۆرباش دەرکەوت ئەم وتووێژە لە رووی ناچاریەوە و لە ژێر گوشاری حکومەتی رووسیایە. قازی محەمەد خواحافیزی لە ئێمە کرد و لەگەڵ حاجی بابەشێخ سەرۆکوەزیرانی کۆمار بەرەو تاران کەوتنە رێگا. ئێمەش چەند شەوێک لە رەزائیە ماینەوە و لە پاشان گەڕاینەوە مهاباد. رەزائیە شارێکی زۆرجوان و رازاوە بوو . ئێمە یەکەم جار بوو لەو شارە چاومان بە سینەما کەوت.

وتووێژی نوێنەرانی کورد لە تاران

قازی محەمەد کە لەگەڵ نوێنەرانی ئازربایجاندا رۆیشتە تاران ، چەند جارێک لەگەڵ فیرقەی دیموکراتی ئازاربایجان و یەک دوو جاریش بە جیاواز لە وەفدی تەورێز لەگەڵ قەوامولسەلتەنە دانیشتن . پێشنیاری قەوام ئەوە بوو کە باکوور و باشووری کوردستان هەمووی بەیەکەوە بکرێتە یەک پارێزگا و قازی محەمەد بکرێتە پارێزگار . بەڵام قازی محەمەد ئەو پێشنیارەی قەوامولسەلتەنەی رەدکردەوە و پێی رازی نەبوو چونکە تێگەیشتبوو کە قەوام دەیەوێت تورکەکانی ئازەربایجان بکەونە دژایەتی کۆماری کوردستان و جیاوازی بخاتە نێوان کورد و تورکەوە. جگە لەوەش دەیزانی کە قەوامولسەلتەنە هەرخۆی بڕیارەکە تێکدەداتەوە . پاش چەندرۆژ وتووێژ ئەم بڕیارانەی خوارەوە وەکوو شتێکی کاتی دران .

١، قەواموسەلتەنە بەڵێنی سەرزارەکی دا کە بە مافی خودموختاری بۆ هەردوو نەتەوەی کورد و تورک لە چوارچێوەی حکوومەتی مەرکەزیدا رازیە و بڕیاریشیدا کە ئەو کێشەیە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێراندا باس بکرێت و ببێتە بڕیارێکی یاسایی.

٢، پەیوەندی هاتووچۆ لە مابەینی هەردوولا لە سەر ئاستی بەرز بە مەبەستی دانانی رێگاچارەی گونجاو دەربارەی خودموختاری و دیاریکردنی سنووری جوغرافیایی بۆ هەردوو ناوچەکانی ئازەربایجان و کوردستان بەردەوام بێت.

٣، بڕیاردرا کە خەرج و سەرفیاتی کۆماری مهاباد و تورکەکانی تەورێز بکەوێتە سەر بوودجە (میزانییە) ی حکوومەتی مەرکەزی هەتا ئەو کاتەی کە هەردوولا دەگەنە ئەنجامێکی باش و کۆتایی بە کێشەکە دەهێندرێت.

بەم شێوەیە وتووێژ بە شکڵێکی کاتی تەواو بوو . قازی محەمەد و حاجی بابەشێخ گەڕانەوە مهاباد و هەریەکیان ئۆتومۆبیلێکی تازەشیان وەکوو دیاری پێشکەس کرا. هەر بە هاتنەوەی ئەوان دەرکەوت کە ئەم وتووێژەی لە تاران کراوە ، هەمووی فرت و فێڵە و حکوومەتی تاران دەیەوێت لە رێگای ئاشتییەوە کۆماری مهاباد لە ناو بەرێت و قازی محەمەد خۆشی لە هەموو کەسێک باشتر ئەو راستییەی دەزانی ، بەڵام چارەی نەبوو ، نەدەکرا لە قسەی رووسەکان سەرپێچی بکات و حەزیشی نەدەکرد ئاشکرا دان بەم راستیانە

دابنێت. هەر دوابە دوای هاتنەوەی قازی محەمەد لە تاران هاتووچۆی نوێنەرانی حکوومەتی ئێران بۆ مهاباد دەستی پێکرد و دەرگای برایەتی و دۆستایەتی لە ڕواڵەتدا خرایە سەر پشت. خەرج و پێویستییەکانی کۆماری مهاباد هەموو مانگ بە پێی بەندی دووی بڕیارنامەکەی وتووێژی تاران ، لە پایتەختی ئێرانەوە دەهات.

حکوومەتی رووسیا هەرچەند نوێنەرانی دایمیی خۆی لە رەزائیە و مهاباد هەرمابوون بەڵام وەکوو جاران زۆر خۆیان تێکەڵاوی ئیش و کاری کۆمار نەدەکرد. هەروەها بە نیسبەت فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانیش هەر هەمان هەڵوێستیان هەبوو. خۆیان دووره پەرێز دەگرت، تاکوو تێبگەن و بزانن داخوا قەواموسەلتەنە بە بەڵێنەکانی خۆی رەفتار دەکات یانا؟ چونکو هەروەکوو باسمانکرد ، ناوبراو بەڵێنی دابوو بە روسیا لە کاتی کۆبوونەوەی پارلمان کارێکی وابکات کە ئەو بریارنامەی نەوت بخرێتە دەنگدان و پەسند بکرێت. لە هەمان کاتیشدا ئیجازەی حیزبی توودەی ئێرانیاندا کە بە رەسمی کاری سیاسی خۆی بکات و سێ ئەندامی ئەو حیزبەشی هێنایە ناو کابینە . مەبەستی قەواموسەلتەنە لەو کارانە ئەوە بوو کە حکوومەتی رووسیا بگاتە ئەو باوەڕە کە حکوومەتی ئێران لە سەر ئەو بەڵێنانەی کە دەربارەی ئیمتیازی نەوتی باکۆ داویەتی ، زۆر راست و جیدییە و بە تەواوی جێ بە جێی دەکات.

هەرچەندە رووسیا لە لایەن ئینگلیز و ئامریکاوە سەبارەت بە دەست تێوەردان لە کاروباری ئازەربایجان و کوردستان کەوتبووە ژێر رەخنە و نارەزایەتی ، هەروەها حکوومەتی ئێرانیش هەمیشە بە رەسمی لە ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان شکایەتی دەکرد و داوای دەکرد رووسیا هەرچی زووتر هێزەکانی لە ئازەربایجان بکێشێتەوە بەڵام رووسیە گوێی بۆ ئەو داوایەی ئێران شل نەدەکرد و زۆر بە ساردیەوەه وەریدەگرت. ئەو کاتە کۆنە سیاسەتمەداری ئێران قەواموسەلتەنە بەم بەڵێنیە بەتاڵ و بۆشانەی کە واخستیە بەرچاوی رووسیا ، بەتەواوی گەیاندیە ئەو باوەڕە کە هەموو کارەکان بە سوودی ئێران کۆتایی پێبێت. ئەمجارە حکوومەتی ئێران زۆر ترسی لە کۆماری مهاباد و تورکەکانی تەورێز نەما و لە مانگی تەمووزی ١٩٤٦ دا چەند نوێنەرێکی حکوومەتی تاران بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ فیروز هاتنە مهاباد و راستەوخۆ بە قازی محەمەدیان راگەیاند چەک دانەنێن ، حکوومەتی ئێران ئامادە نیە خودموختاری بە تورک و کورد بدات. قازی محەمەدیش لە وەرامدا گوتی گەلی کورد کاتێ ئەوچەکەی هەڵگرتووە ، کەس هانی نەداوە بۆ چەک هەڵگرتن بەڵکوو هەستی نەتەوایەتی خۆی پاڵی پێوەناوە و بە مەبەستی رزگاری نیشتمانەکەی دەستی داوەتە چەک و بۆیە ناتوانم داوای چەک فڕێدانی لێبکەم. نوێنەرانی ئێران گەڕانەوە تاران و بڕیاریش درا پەیوەندیی لە مابەینی کۆمار و تاراندا بەردەوام بێت. زۆربەی زۆری خەڵک تێگەیشتبوون کە دوژمن نیازی زۆر خراپە و هەردەم چاوەڕوانی هەل دەکات بۆ ئەوەی چەپۆکی توندی خۆی بە سەر ئەو کۆمارە کۆرپەیەدا بکێشێت. ئەوەی تارادەیەک خەڵکی ئومێدەوار کردبوو ، قسەکانی قازی محەمەد بوون کە هەمیشە دەیگوت ئێمە ودموختاریمان مسوگەر کردووە و حکوومەتی تاران بەڵێنی تەواوی بە ئێمە داوە و تازە ئەگەر خۆمان بەوە رازی بین ئەوان لە بەڵێن و بریاری خۆیان پەشیوان نابنەوە. ئەگەر هاتوو پەشیوانیش بونەوە ، دۆستی مەزنمان حکوومەتی رووسیا هەر پشتیوانی ئێمەیە و وا بە ئاسانی لایەنی کورد بەرنادا.


قای محەمەد هەر تەئکیدی لە سەر ئەوە دەکرد کە هیچ شەڕوئاژاوە لە ناوچەکانی کوردستاندا لە مابەینی هێزی چەکداری کۆمار و سوپای ئێراندا دروست نەبێت بۆ ئەوەی بۆ تێکدانی وتووێژ نە بێتە بیانو بە

دەست حکوومەتی ئێرانەوە. لەو ماوەیەشدا سەدری قازی برای قازی محەمەد هەر لە هاتووچۆدابوو . ناوەناوە پەیامەکانی قەوامولسەلتەنەی دەربارەی راستی و نییەت پاکی حکوومەت بەرامبەر بە کێشەی کوردی ئێران بۆ قازی محەمەد دەهێنا . سەدری قازی وەکوو پێشتر باسمانکرد لە پارلمانی ئێراندا نوێنەری مهاباد بوو. ناوبراو زۆر حەزیدەکرد کێشەی کورد لە رێگای ئاشتییەوە جێ بە جێ بکرێت و بەو پەڕی دڵپاکیەوە خەریکی نێوبژیوانی بوو.

زنجیرە وتار: کۆماری کوردستان- دووی ڕێبەندان (١٨)
ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار

---

## هەڵوێستی سەرۆک عەشیرەتەکان




ئەو سەرۆک عەشیرەتانەی کوردستانی ئێران کە هەر لە یەکەم ڕۆژەوە هاتبوونە ناو ریزی حیزب و لەگەڵ کۆماری مهابادا هاوکارییاندەکرد ، کاتێ دیتیان و بۆیان روون بۆوە حکوومەتی رووسیا پشتی کردۆتە کێشەی کورد و خەریکی رازیکردنی حکوومەتی تارانە ، تا رادەیەک کەوتنە حاڵەتی نائومێدی و هیوایان بە کۆماری مهاباد زۆر کەم بۆوە. زۆربەیان بە شێوەی نهێنی لەگەڵ حکوومەتی تاراندا کەوتنە پەیوەندی کردن. عەولای بایزاغای سەرۆک عەشیرەتی مەنگوڕ و عەزیزی قەرەنیاغای مامەش کە ئەو کاتە قەرەنیاغا خۆی کۆچی دوایی کردبوو هەروەها قاسمی حاجی بایزاغای دێموکری و حەمەڕەشیدخانی بانە کە ئەو بەڵای خۆیەوە روتبەی ژنراڵیشی پێدرابوو، ئەمانە هەموویان لە ژێرەوە لەگەڵ حکوومەتی تاران کەوتنە پەیوەندی کردن. عومەرخانی شکاکیش لە ناوچەی رەزائیە کە زۆر دەسەڵاتدار و خاوەن نفووز بوو ، بە جیاواز پەیوەندی لەگەڵ کونسوولی ئەمریکا لە تەورێز کرد و پێیکوتبوون کە بەڵکوو ئەمریکا دەستی یارمەتی بۆ کورد درێژ بکات. لە سەر ئەو پەیوەندییەی عومەرخان نوێنەرێکی ئەمریکایی هاتە مهاباد و چەند دانیشتنێکی لەگەڵ قازی محەمەد کرد و پێی گوتبوو کە باشترین رێگا بۆ ئێوە ئەوەیە کە لەگەڵ حکوومەتی تاران رێک بکەون و بە قسەی کەس تەفرە نەخۆن. هەر لەو کاتەدا کە عەشایرەکان کەوتنە دوودڵی و دەستیانکرد بە پەیوەندی کردن ، ئەفسەرێکی تایبەتی بە نێوی سەرتیپ هومایون بە مەبەستی لاواندنەوەوراکێشانی سەرۆک عەشایرەکان لە تارانەوە ناردرایە کوردستان، چونکە حکوومەتی تاران ئەو راستییەی باش دەزانی کە بڕبڕەی پشتی کۆماری مهاباد هەر ئەو عەشیرانەن و ئەگەر ئەوانە پشتی کۆماری کوردستان چۆڵ بکەن ، جگە لە بارزانییەکان چەکداری وا بە هێز نامێنێ کە پارێزگاری لە کۆماری کوردستان بکات. ئیتر بەو نیازەوە سەرتیپی ناوبراو هاتە کوردستان و لە شاری سەقز نیشتەجێ بوو. پارە و پووڵێکی باشی بڵاوکردەوە و بە ماوەیەکی زۆر کەم کۆمەڵێک دۆست و لایەنگیری پەیدا کردن و ئەو دوو سەرۆک عەشیرەتانەی باسمان کردن عەولای بایزاغای مەنگوڕ و عەزیزی قەرەنیاغای مامەش خۆیان ئاشکراکرد و لە دژایەتی کۆماری کوردستان کەوتنە بانگەشە و قسەی خراپ کردن. کۆماریش چەکداری کۆ کردەوە کە لێیان بدات . ئەوان بەرەو خاکی عێراق رایانکرد و پەنایان بۆ عەشیرەتی پشدەر هێنا. ئەوکاتە عەشیرەتی پشدەر لە ناوچەی خۆیدا دەسەلاتی زۆربوو، حکوومەتی عێراقیش زۆر لاواز ببوو بەرگرییان لە ئێرانی و غەیرە ئێرانی

نەدەکرد بێتە ناو خاکی عێراقەوە. لە لایەکی تریشەوە حەمەڕەشیدخانی بانە کە خۆی ژنراڵ بوو ، بەشێک بوو لە لەشکری کوردستان ، لە سەر ڕێگای خۆیدا حەمەئاغای سەرای تالانکرد و گەڕایەوە ناوچەی خۆی ، گوندەکانی وێنە و دارۆخان لە پێنجوێن. حەمەداغای سەرا پیاوێکی زۆر دەوڵەمەند و سەربە حکوومەتی ئێران بوو. مەبەستی حەمەڕەشیدخان لەو تالانکردنەدا ئەوە نەبوو کە حەمەداغا سەر بە حکوومەتی ئێرانە ، بۆیە تالانی دەکات. بەڵکوو هەر ئەوەبوو کە حەمەڕەشیدخان زۆر حەزی لە پارە و ماڵ و پاتاڵ دەکرد. ویستی کە لەو ڕۆیشتنەدا دەسکەوتێکی باش بۆخۆی وەربگرێت. جگە لەوتالانەش زۆر چەک و فیشەک و کەلوپەلی کۆماری مهابادی لەگەڵ خۆیدا برد. ڕۆیشتنی حەمەڕەشیدخان هیچ پێوەندیی بە سیاسەتی ئێرانەوە نەبوو چونکە ناوبراو هەمیشە دژی حکوومەتی ئێران بوو. ئێرانیەکان بە دوژمنی راستەقینەی خۆیان دەزانی. ئینگلیزییەکان خۆیان بە جیاواز پەیوەندییان پێوە کرد و بۆ سوودی سیاسی خۆیان تەفرەیاندا لە کۆماری مهابادیان دوورخستەوە.

هەرچەند ئەو عەشیرەتانەی باسمانکردن دژی کۆمار هەستان و زۆری تریش لە ژێرەوە خەریکی پەیوەندی لەگەڵ حکوومەتی ئێران بوون بەڵام لەگەڵ ئەوەشا خەڵکێکی زۆر لە عەشایر وغەیرە عەشایر مابوون کە لایەنگرییان لە کۆماری کوردستان لە مهاباد دەکردو لە سەر قسە و بەڵێنی خۆیان بوون. هەر لەوماوەیەشدا سەرکۆمار قازی محەمەد خۆی بە راگەیاندن و هوشیارکردنەوەی خەڵکی کوردستانەوە خەریک کردبوو . تێی دەگەیاندن دۆستە مەزنەکەی ئێمە و هاوپەیمانەکانمان هەر لە گەڵماندان و هەرگیز پشتی ئێمە بەرنادەن و خودموختاریش بۆ کوردی ئێران مسوگەرە. قازی محەمەد دەیزانی خەڵک نائومێدبوون و دەیویست بەو راگەیاندنانە ورەی خەڵک بەرزبکاتەوە. تارادەیەکیش خۆی هەر لەو باوەڕەدا بوو کە حکوومەتی رووسیا لەگەڵ قەوامولسەلتەنەدا ناگاتە هیچ ئەنجامێک و ناچار دەبێت جارێکی تر چاو بەسەر هەڵوێستی بە هەڵەچووی خۆیدا بخشێنێتەوە و بە تەواوی بە لای کۆماری مهاباد دا بگەڕێتەوە.

**هەڵوێستی بارزانیەکان لە رووی سیاسی و عەسکەرییەوە**

بارزانیەکان بە سەرۆکایەتی شێخ ئەحمەد براگەورەی مەلا مستەفا خاوەنی ٢ تا ٣ هەزار چەکداری فیداکار و تاقیکراوە بوون و خۆیان لە خاکی ئێراندا بە میوان سەیر دەکرد و بۆیان نەدەکرا ئەوانیش وەک عەشایرەکانی تری ئێرانی بکەونە پەیوەندیکردن دەگەڵ ئێران و تەنیا ئومێد و هیوایەکی هەیانبوو کۆماری مهاباد بوو. لە بەر ئەوە بڕیاری نیهاییان هاتبووە سەر ئەوە کە پارێزگاری تەواو لە کۆمار بکەن و هەتا دوا هەناسەیان پشتی بەرنەدەن . قازی محەمەدیش خۆی ئەو راستییەی دەزانی و تاکە ئومێدی بە بارزانیەکان بوو. کاتێ مەلا مستەفا وەزعە ئاڵۆز و داپۆشراوە سیاسییەکەی کوردستانی ئێرانی هاتە بەرچاو ، چونکە زۆر باوەڕ و متمانەی بە حیزبی دیموکڕاتی کوردستان نەمابوو کە وەک حیزبێکی پێشڕەوی سیاسی دەوری شۆڕشگێڕی خۆی ببینێت ، زۆر بە پێویستی زانی کە ئەویش هەوڵی ئەوە بدات حیزبێکی سیاسی کوردی لە کوردستانی عێراق بە مەبەستی دوارۆژ دروست بکات. بەو مەبەستە هەمزە عەبدوڵڵا گەنجێکی حقوقی کە ئەویش لە مهاباد بوو و بە ناوی بەشداربوون لە بزوتنەوەی کوردی ئێران لە عێراقەوە هاتبوو ، مەلا مستەفا داوای لێکرد بچێتەوە عێراق و بۆ پێکهێنانی حیزبێکی سیاسی کوردی لە کوردستانی عێراق هەوڵ بدات. بارزانی چەند نامەیەکی بۆ پیاوە ناسراوە نیشتمان پەروەرەکانی کوردستان پێدا نارد بۆ ئەوەی هاوکاری تەواو لەگەڵ هەمزە عەبدوڵڵا بکەن . ناوبراو هاتەوە کوردستانی عێراق و بە ناوی مەلا مستەفاوە

کەوتە هاتوچۆ بۆ ناوچەکانی کوردستان. زۆر لە پیاوانی سیاسی و نیشتمان پەروەرانی کوردی چاو پێکەوت و توانیان لە ١٦ ی ئابی ساڵی ١٩٤٦ دا حیزبێکی سیاسی بە ناوی (پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق) پێک بهێنن و ئەمدامانی لێژنەی مەرکەزی دیاری بکەن و بازێک لەو ئەندامانە هەر لەوێوە مەلا مستەفا دیاری کردبوون ، بخرێنە ناو کومیتەی ناوەندییەوە. هەمزە عەبدوڵلا لیستەی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی بۆ مەلا مستەفا هێنایەوە مهاباد و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش ئەو کارەی زۆر پێباش بوو. پێکهێنانی ئەو حیزبە تازەیان لە کوردستانی عێراقدا بە هیوایەکی دوارۆژی خۆیان دەزانی. ئیمکاناتی پارتی لە کوردستانی عێراقدا لە هەموو روویەکی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە زۆر کز و لاواز بوو. نەیدەتوانی وەک پێویست لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا جێگای خۆی بکاتەوە و بۆ ماوەی چەندساڵ خەباتی نهێنی دەکرد و نەیدەتوانی ژمارەی ئەندامانی زیاد بکات.

**دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کۆماری مهاباد و حکوومەتی تاران**

حکوومەتی تاران لە ماوەی راوەستانی شەڕو دەستپێکردنی وتووێژ زۆر هەنگاوی سیاسی و عەسکەری هاویشتن و چەند کارێکی وای کردن کە ببێتە هۆی بە هێزبوونی خۆی و لاوازبوونی کۆماری مهاباد کە بریتی بوون لە:

١، پەیوەندیگرتن لەگەڵ زۆربەی عەشایرەکانی ئێران و راکێشانیان بۆلای خۆی.

٢، ئامادەکردنی سوپایەکی گەورە بۆ لێدان هەردوو کۆمارەکانی کوردوئازەربایجان لە مهاباد و تەورێز.

٣، رازیکردنی حکومەتی رووسیا بە هەموو فڕوفێڵێک کە واز لە ناوچەکانی ئازەربایجان بهێنێت و رێگا بە سوپای ئێران نەگرێت ، ئەگەر ویستی بێتە پێشەوە بۆ داگیرکردنەوەی کوردستان و ئازەربایجان.

٤، چەسپاندنی قسەی خۆی لە ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی ماوە نەدەن رووسیا بە هیچ جۆرێک دەست بخاتە نێو ئیش و کاری ئێرانەوە.

حکوومەتی رووسیا لە لایەک بەڵێنی لە قەوامولسولتەنە سەرۆک وەزیرانی ئێران وەرگرتبوو کە لە دوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شووڕا بڕیارەکەی نەوتی بۆ مۆر بکات و لە لایەکی تریشەوە گوشاری خستبووە سەر ئینگلیز و ئەمریکا بۆ ترساندنی رووسیا کە ئەگەر لە ئێران نەچێتە دەرەوە ، شەڕی جیهانیی سێیەم هەڵدایسێ. ئەوە بوو روسیا هاتە سەر ئەو بڕیارە کە خاکی ئێران بە تەواوی چۆڵ بکات . ئەنجامەکەی بوو بە بڵاوکراوەیەک بە زمانی فارسی وەک خوداحافیزی کە ناوەرۆکەکەی بەو شێوەی خوارەوە بوو:

**برایانی بەڕێزی خەڵکی ئازەربایجان بە تورک و کورد و هەموو کەمایەتییەکانەوە.**

خۆتان دەزانن کە حکوومەتی رووسیای مەزن لە سەرتاسەری جیهاندا هەمیشە پاڵپشتی هەموو نەتەوەیەکی هەژارو بەشخوراو بووە. ئێمە کە هاتینە ئازەربایجان هیچ جۆرە دریغییەکمان بۆ یارمەتیدانی کۆمەڵانی خەڵکی بە شەرەفی ئازەربایجان چی لە رووی سیاسی و چی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە نەکرد. ئێستاش لە کاتێکدا کە بەرژەوەندی و سوودی گشتی حکوومەتی رووسیا و ئێران وادەخوازێت کە ئێمە خاکی ئازەربایجان چۆڵ بکەین بڕیارماندا کە هەموو نوێنەرانی سیاسی وعەسکەریی خۆمان بکێشینەوە

داووە و بگەڕێینەوە خاکی خۆمان و بە پێویستمان زانی بە هۆی ئەو بڵاوکروەیەوە ماڵئاواییتان لێ بکەین و ئومێدەوارین هەمیشە یەکگرتوو و سەرکەوتووبن.

ئەوە بوو کورتەی بڵاوکراوەکەی رووسیا . پاش ئەوەی حکوومەتی رووسیا خاکی ئازەربایجانی بە جێهێشت ، حکوومەتی تاران کەوتە خۆی و فەرمانی بە سوپای ئامادەکراودا کە بەرەو کوردستان و تەورێز بچنە پێشەوە . یەکەم جار لە ناوچەکانی سەقز و بۆکان دەستیانکرد بە جموجۆڵ و هاتنە پێشەوە و بڕیارنامەی شەڕوەستاندنیان خستە ژێرپێ. لە خەتی بانەشەوە بەرەو سەردەشت هاتن . لە گوندی بناویلە کە دەکەوێتە مابەینی بانە و سەردەشت بە سەرکردایەتی حەمەی مەولوود ، سەرلقێکی سەربازیی کۆماری مهاباد کە لەو رێگایەدا واجبی پێسپێردرابوو ، پێش بە سوپای ئێران گیرا و بە توندی لە سوپای ئێرانیاندا و زیانێکی زۆریان پێگەیاند و نەیانهێشت بگاتە سەردەشت. هەروەها بارزانیەکانیش لە سەر رێگای سەقز و بۆکان لەگەڵ سوپای ئێراندا کەوتنە شەڕ. ئاگری شەڕ لە هەموو لایەک بەرزبۆوە و بە تەواوی دەرگای وتوویژ داخرا. ئینجا من وەکوو لە پێشەوە باسمکرد هەر لە ماڵەوە خەریکی ئیش و کار بووم و هیچ ئاگام لەو رووداوانە و گۆڕانکارییەکان نەبوو. تا لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٦دا نووسراوێکی مەحموداغای هێرۆم بۆ هات و ئاگاداری کردم کە شەڕ لە بەرەی سەردەشت دەستی پێکردۆتەوە و بەکر عەبدولکەریم مەشهوور بە رەئیس بەکر لە مهابادەوە بۆ فەرماندەی بەرەی سەردەشت ناردراوە . منیش هەر هەمانکات هەستام بۆ ئەوەی بە تەواوی لە چۆنیەتی ئەو هەواڵە تێبگەم ، نووسراوێکم بۆ رەئیس بەکر نارد. ئەویش هەرهەمان رۆژ وەرامی نامەکەی دایەوە و داوای لێکردبووم زۆر بە پەلە بگەمەوە بەرەی سەردەشت. ئەویش دەیزانی سەر بە کۆماری مهابادم و پێشتر لەو بەرەیە ئیشم کردووە. ئیتر هەستام و لەگەڵ چەند خزمێکی خۆم وەکوو مستەفای مارفاغا و بابەکری سۆفی هەباس و چەند چەکدارێک بە هەموو کەل و پەل و پێداویستی وەکوو پێخەف و خواردەمەنیەوە کەوتینە رێگا و بۆ رۆژی دووەم گەیشتینە گوندی میر شێخ حەیدەر کە دەکەوێتە رۆژاوای سەردەشت و بە پێوانەی چوار کیلو مەتر لە سوپای ئێرانەوە دوور بوو. بەکراغا هەر لە نووسراوەکەی خۆیدا ئەو جێگایەی بۆ دیاریکردین چونکە شوێنێکی ئیستراتژی بوو. هەر بە گەیشتنمان خەڵکی تریش لە چەکدارانی ئەو ناوچەیە زۆر پێوەندیان پێوە کردین و ژمارەی چەکدارانمان زیاتر بوو. ئێمە بارەگای خۆمان لە گوندی میرشێخ حەیدەرداناو خەتی بەرەی پێشەوەشمان لە گردی غەوزە بەرامبەری سوپای ئێران دامەزراندو عەشایری مەرەسەنەش بە چەکداری خۆیانەوە بۆ فراوانکردنی بەرەکە زۆر هاوکارییان لەگەڵا کردین و لە دواییدا ئاگاداری بەکراغامان کرد کە ئازووقە و جبەخانەی تەواومان بۆ بنێرێت. بەکراغاخۆی لە بارەگای دوواوە لە گوندی هەمرانی ناوچەی رەبەت بوو. شەڕ لە هەموو بەرەکانی سەردەشت رۆژبەرۆژ دەهات و گەرمتر دەبوو. لە چوارلاوە ئابلۆوقە لە سوپای دوژمن تەنگ دەکرایەوە . هێزەکانی ئێران بە تۆپ و دەبابە پارێزگاری خۆیان دەکرد و توانای دەرچوونیان لە سەربازگە نەبوو. ئێمە کەرەسەی بەرگری کردنمان لە دەباباتی دوژمن تەنیا ئەو شووشە تیزابانەبوون کە پێشتر باسم کرد کە لە رووسیاوە بۆ مهاباد نێردرابوون و لەمە زیاتر شتێکمان نەبوو کە هێرش بەرینە سەر دەبابەکان و لە دوورەوە بیانشکێنین. بەڵام ئەوەندە چەکەش هەر باش بوو. دەبابەکانی دوژمن زۆر لێی دەترسان و نەیاندەتوانی بێنە پێشەوە. دوای چەند شەو و رۆژ شەڕولێکدان ، بەکراغا خۆشی هاتبوە بەرەکەمان و لە ئیش و کاری بەرە و رێکخستنمان زۆر رازی بوو. بەرەی ئێمە کلیلی دەرگای سەرکەوتن بوو. هەموو گڕ و گەرمای ئاگری شەڕ کەوتبووە سەر ئەو بەرەیە. لە سەر داوای ئێمە حەمەدی مەلوودیش لە ناوچەی رەبەتەوە بە خۆی و لقێکی سەربازییەوە گوازرایەوە لای ئێمە.

ئەوەبوو کۆماری مهاباد زۆر پەلەی دەکرد لە داگیرکردنی ئەو سپایەی کە لە سەردەشت ئابلّووقە درابوو . هەمیشە بە نامە و راسپاردە دەیاننارده سەر بەکراغا کە لە گرتنی سەردەشت و داگیرکردنی ئەو سوپایە پەلە بکات. بۆ ئەو مەبەستەش زێرۆبەگیان بە خۆی و لەشکرێکی زۆرەوە لە جیاتی بەکراغا بۆ فەرماندەی ئەو بەرەیە نارد. هۆیەکەشی ئەوە بوو وایاندەزانی زێرۆبەگ زیاتر شارەزایی لەو بەرەیەدا هەیە و خەڵکی ناوچەکەش باشتر دەیناسن. هەروەها مەلا مستەفاشیان بە هێزێکی زۆری بارزانیەوە نارده بەرەی سەقز . هەر ئەو دوو بەرەیەش بوون کە ئەو کاتە لە کوردستاندا زۆر سەرەکی و ئیستیراتیژی بوون. ئیتر کاتێ دەنگی هاتنی زێرۆبەگ گەیشتە ناوچەی سەردەشت ، خەڵک هاتنە سەر ئەو باوەڕە کە سوپای دوژمن لەو بەرەیە لە دوو رۆژی تر زیاتر خۆی ناگرێ و داگیر دەکرێت. ناوبراو چەکدارێکی زۆری لە عەشایری هەرکی و شکاک لەگەڵدابوو. خۆشی بە فەرماندەیەکی زۆر شەڕکەر و لێزان دەناسرا. شەڕولێکدان کەوتە ئەوپەڕی گەرمی و هەموو کاتێک چاوەڕوانی خۆ بەدەستەوەدانی ئەو سوپایە دەکرا. وای لێهاتبوو کە زۆربەی زۆری ربایەکانی دەوروبەری سەربازگەی تیپ چۆڵکرابوون وکشابوونەوە ناو سەربازگەی ناو شار . ئێمە چەند ئیستر و کەلوپەلمان لە پاسگایەکی نزیک خۆمان دەستکەوتبوو. بەڵام کێ دەزانێ داخوا چەرخی رۆژگار چۆن دەسوورێت و لە سوودی کێ کاردەکات و دەوری خولانەوەی خۆی بە نەمانی کام دەستە و تاقم تەواو دەکات. ئەوە بوو ئێمەی کوڵۆڵ هیچ ئاگاداری دەنگ و باسی دونیا نەبووین ، نەماندەزانی داخوا وەزعی رووس و ئێران چی بەسەر هاتووە ، هەروەها نەماندەزانی ئەو سوپایەی ئێران کە بەرەو ئازەربایجان و تەورێز دەرچووبوو ، گەیشتوتە کوێ؟ ئەو کاتە لە هەموو ناوچەی سەردەشتدا تاکە رادیویەک نەبوو کە مرۆڤ دەنگ و باسی جیهانی پێوەربگرێت. پۆستی مهابادیش بە پازده رۆژ جارێک دەهات و دەگەیشتە بەرەی ئێمە.

ئینجا مەحموداغای هێرۆ کە خۆشی چل تا پەنجا چەکداری لە بەرەی ئێمەدا هەبوو ، نووسراوێکی تایبەتی بۆ ناردم تێیادا ئاگاداری کردم کە سوپای ئێران بە پێی رادیوتاران گەیشتوونەتە تەورێز و جەعفەر پێشەوەری و لێپرسراوانی فرقەی دیموکراتی تەورێز رایانکردووە بۆ رووسیا. کاتێ ئەو هەواڵەم لای مەحموداغاوە بۆ هات ، وامزانی کە ئەوە بانگەشەی حکوومەتی ئێرانە و بۆ بەرزکردنەوەی ورەی سوپای خۆیان بە کاری دەهێنن و لە رادیو بڵاوی دەکەنەوە، چونکە هیچ بە بیری مروف دا نەدەهات کە حکوومەتی تەورێز بەم هەموو چەک و تەقەمەنیە پێشکەوتوویەوە کە تۆپ و بازوکاشیان بە شێوەیەکی تایبەتی و جیاواز لە کۆماری مهاباد، لە رووسیا وەرگرتبوو ، چۆن وا بە ئاسانی دەرووخێت و سوپای ئێران دەگاتە تەورێز ؟ ئەوە بوو منیش هەرهەمانکات ئەو هەواڵەم بەپەلە بۆ زێرۆبەگ نارد. ئەویش تازە لە مهابادەوە بە سواری گەیشتبۆوە و ئاگاداری هیچ لەم رووداوانە نەبوو.

سەعات ١٢ ی نیوەشەو خەوتم و لە سەعات یەکی پاش نیوەشەودا یەکێک بە دەنگێکی بزرکاو بانگی کردم . منیش هەڵسام و گوتم چیە؟ دیتم سەید حەسەن خەڵکی مهابادە کە ناسیاوی خۆمان بوو . گوتی قوڕ کراوە بە سەرماندا و پشتی هەموومان شکا . کۆماری کوردستان رووخا. ناوبراو جانتاکەی خۆی راکێشا و چەند بەیانێکی لەو بەیانانەی کە قازی محەمەد مۆری کردبوو. هێنایە دەرەوە و دایە دەستم . بەیاننامەی قازی محەمەد بریتی بوو لەو چەند دێڕانەی خوارەوە.

برایانی بەرێز....

وێڕای ڕێز و سڵاو، ئاگادارتان دەکەم کە سوپای ئێران گەیشتە تەورێز و حکوومەتی جەعفەر پێشەوەری بە بێ ئەوەی هیچ بەرگری لە خۆی بکات رووخا. بۆیە ئێمە لە پاش هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەیەکی زۆر لە هەموو روویەکی سیاسی و عەسکەرییەوە ، بڕیارماندا بەرەکانی شەڕمان چۆڵ بکەین و بۆ بەخێر هێنانیان بەرەوپیری سوپای ئێران بچین. تکام وایە کە ئەوانەی عێراقین بگەڕێنەوە عێراق و ئەوانەی ئێرانیش لە نزیکترین شوێنی سوپای ئێران خۆیان بە دەستەوە بدەن.


براتان محەممەد قازی

کۆتایی

وەرگیراو لە کتێبی (یادداشتەکانم لە کۆماری کوردستان) عەبدوڵڵا ئەحمەد رەسووڵ پشدەری

زنجیرە وتار: کۆماری کوردستان- دووی ڕێبەندان (١٩)
ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار

---




**فەزای سیاسیی زانستگای تاران لە دەیەی بیستدا**

تا ساڵی هەزاروسێسەدو بیست و چواری هەتاوی، هەڵسووڕانی سینفی/ سیاسیی خوێندکاران کەم و شپرزە بوو. ئێستا جووڵانەوەی خوێندکاری وەک جووڵانەوەیەکی یەکگرتوو و بەربڵاو بە دروشم و داخوازی گشتییەوە، جێی خۆی نەگرتبوو. ڕاستە دوای شەهریوەری بیست فەزای سیاسیی وڵات کرابۆوە بەڵام دوای بیست ساڵ حکوومەتی موتڵەقەی ڕەزاشا دووساڵێکی خایاند تا کۆمەڵگای سیاسی ئێران بێتەوە دۆخێکی لەبار. لە لایەکی دیکەشەوە تەبلیغات و نفووزی فەرهەنگیی ئاڵمانی هیتلێری کە بە تایبەت کۆمەڵی فەرهەنگیی و میللی ئێرانی ئالوودە کردبوو پێویستی بە زەمان هەبوو تا موتوڕی سیاسی وڵات بخاتە سەر گەڕێکی تازە و توێژەکانی جیاوازی کۆمەڵگا و یەک لەوان خوێندکارەکان ئاکتیو بکا. بۆیە کزی و نەبوونی جووڵانەوەیەکی خوێندکاری تا ساڵی هەزاروسێسەدو بیست و چوار، بە هۆی ئەو گرفتانەی سەرەوە بوو. بەو حاڵەش جێگای سەرنجە کە تا ساڵی هەزاروسێسەدوبیست و چوار هەر جووڵانەوەیەکی خوێندکاری کە تا ئەو کات دەیبینین بە دەستپێشخەریی توودەییەکان بوو. ئەو جووڵانەوانە کارکردی گرینگی لە سەر کۆمەڵی خوێندکاری هەبوو. بۆ وێنە یەکیەتی خوێندکارانی دانیشکەدەی پزیشکی بە هیممەتی کەسانێک وەک نوسرەتوڵڵای جیهانشاهلو سەروسامان درا. ئەو لە زیندانیە سیاسیەکانی گورووهی دوکتور ئەڕانی ناسراو بە پەنجاوسێ کەس بوو کە لە شەهریوەری هەزاروسێسەدوبیست لە دانیشکەدەی پزیشکی خەریکی خوێندن بوو. لە دانیشکەدەی ئەدەبیاتیش جەلال ئالئەحمەد هەڵسووڕێنەری ئەسڵی بوو و لە دانیشکەدەی عولووم ڕەحمەتوڵڵا جەزنی و لە داانیشکەدەی فەننی ئال موحەمەد، ئەوانە هەموویان لە کادرە دیار و بە ناوبانگەکانی حیزبی توودە بوون. ئەوانە گەرای یەکیەتی دانیشکەدەکانیان لە ساڵەکانی هەزاروسێسەدو بیست و سێ و بیستوچواردا دانا. ماجەرای زلەلێدانی سیمینی بیهبەهانی مەلەکەی شیعری هاوچەرخ لە دوکتور جیهانشای ساڵح ڕەئیسی دانیشکەدەی پزیشکی کە دەنگ و باسێکی زۆری لێکەوتەوە مەربووت بەوساڵانەیە. ئەو خانمە لێهاتووە لەو ساڵانەدا ئەمدامی سازمانی جەوانانی حیزبی توودەی ئێران بوو.

لە ساڵی خوێندنی هەزاروسێسەدوبیست و چوار بیستو پێنجدا فەزای وڵات سیاسی تر ببوو . لە تاران و ئەو ناوچانەی ڕووسیە داگیری کردبوو تێکۆشانی حیزبی توودەی ئێران زیاتر ببوو. حاڵ و هەوای شارەکان

بەرەو چەپ بوون ڕۆیشتبوو. بەشێک لە قوتابیانی ساڵی ئاخری خوێندن کە ئامادەی چوونە زانستگابوون لە ژێر کارکردی ئەو حاڵ و هەوایەدا بوون.

کاتی وەرگیران لە دانیشگا خوێندکاران لە چونیەتی حاڵ و ئەحواڵی یەکتر بێ خەبەر بوون چونکە هەرکەسەی لە جێگایەکەوە و لە شارێکەوە هاتبوون. لەگەڵ یەکتری بێگانە و نائاشنا بوون. دەسپێکی ساڵی خوێندن لە مانگی میهری هەزاروسێسەدوبیستوچوار هاوکات بوو دەگەڵ تەشکیلی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان و خۆشیەکی لە ئاسمانی سیاسی وڵاتدا دروست کردبوو. بۆیە فەزای حاکم بە سەر کلاسەکاندا سیاسی بوو بە بێ ئەوەی کەسێک ئەندامی حیزب و گورووپێک بێ. بێگومان بەشێک لەو گەنجانەی لە مازەندەران، گێلان، ئیسفەهان، کرماشان و باقی شوێنەکانی دیکەی وڵات بۆ خوێندن هاتبوونە تەنیا زانستگای وڵات لە تاران، کەم و زۆر بەستێنی فیکریی وەک یەکیان هەبوو.

دوازدەی مانگی شەهریوەری ساڵی هەزاروسێسەدوبیستوچوار فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان مەوجوودییەتی خۆی ڕاگەیاند. لە مانگی میهرەوە کە دانیشکەدە کراوە بەتایبەت مانگی ئابان و ئازەر هەواڵەکانی ئازەربایجان کەوتبووە سەر زمانان . لە کەلاسی ئێمەدا ئازەبایجانی کەم نەبوون . بەشێکیان لە بنەماڵەی دەوڵەمەند و خاوەن مڵک بوون کە بەرامبەر بە دەسەڵاتی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان زۆر حەساس بوون و قسەیان پێدەکوت بەڵام ئێمە نەماندەبیست و بە حیسابی توورەیی چینایەتی وکەوتنە مەترسی بەرەجەوەندییەکانیان مان دادەنا. منیش وەک زۆرکەسی دیکە شەیدای ئەو تەبلیغاتە بووم کە ئیدیعای دەکرد تەجرەبەی خەیابانی و سەتارخانە کە لە ئازەربایجان دووپات دەبێتەوە. ئەو بانگەشەیە لەبەردڵان بوو، بۆیە بە دڵگەرمیەوە بڵاوم دەکردەوە و بە مەنتیقی سادە و کاڵ و کرچی خۆم لە ڕەسالەتی تازەی ئازەربایجان و پەرچەمداریی ئازادیی سەراسەری ئێران دەدوام و ئەوی دەمکوت نەمدەکوتەوە. هەموو ڕۆژێ لە سەر تەختەی ڕەشی کلاس دروشمم دەنووسی و لەگەڵ جیابیران باسی توندوتیژم دەکرد.

لە سەر حەساسییەتی من بەرامبەر بەو شتانەی لە ئازەربایجان دەگوزەرا ، تا ڕادەیەک براگەورەکەشم کە لە منداڵیەوە لە سەر من نفووزی هەبوو ، کارکردی هەبوو. ئەویش لە دەستپێکی تێکۆشانی فیرقەدا ساویلکانە پێیوابوو کە تەجرەبەی شۆڕشی مەشرووتە دووپات دەبێتەوە. زۆرجار ئەوەم لێ بیستبوو. بۆیە کە فرقە هاتە سەر دەسەڵات، تەورێزی بەجێ نەهێشت و چەند مانگێک هاوکاری کردن و شوغڵی پێشووی خۆی کە سەرموهەندیسی ئیدارەی کوللی ڕێگا و ساختمانی ئازەربایجان بوو، درێژە پێدا. گێرە و کێشەی من لەگەڵ ئازەربایجانیە مورتەجیعەکان لە کاتی حەسانەوە و کاتی ئازاددا جێگای سەرنج بوو. لە کوریدۆری گەورەی دانیشکەدەی فەننی هاوکلاسەکان و جاری واشبوو لە کلاسەکانی باڵاترەوە لە دەوری ئێمە کۆ دەبوونەوە و جاروباریش قسەیەکیان فڕێدەدا و دەخالەتێکیان دەکرد. ئیدی قسەو باس دەستی پێدەکرد و گەرمتر دەبوو. پێموایە سەفبەندی لە نێو خوێندکاراندا لە ڕەوتی ئەو باسانەدابوو کە شکڵی گرت و لە کاتی هەڵبژاردنی ئەندامانی شووڕای دانیشکەدە خۆی نیشاندا.

ساڵی خوێندنی هەزاروسێسەدوبیستوچوار، بیستوپێنج، ڕێکخستنی شووڕای دانیشکەدە لە بەشێک لە دانیشکەدەکاندا ڕەسمییەتی پەیدا کرد. هەڵبژاردنەکان لە ژێر نەزارەتی یەک لە ئوستادەکاندا ئەنجامدرا. لە هەڵبژاردنی نوێنەری دانیشکەدەی فەننی من و سەروان ئەحمەدیوسفی باڵاترین دەنگمان هێناوە. لە ڕوانگەی خوێندکارانەوە من هەڵبژاردەی چەپەکان و سەروان یوسفی هەڵبژاردەی مورتەجعین بوو.

(وشەیەکی هەڵە و نابە جێ و نادروست کە بەداخەوە ئەو رۆژانە بە بێ هەست بە بەرپرسیارەتی بە کارمان دێنا) . سەروان ئەحمەدی یوسفی دە،دوازدە ساڵێک لە من بە تەمەن تر بوو. پیاوێکی جێ کەوتوو، ئارام و مەتین بوو. من ئەوان رۆژان راست بە پێچەوانەی ئەو بووم. ئاورم لێدەباری. گەنجە چەپەکان کە پێشتر یەکترمان نەدەناسی لە دەوری من کۆبوونەوە . هەڵبژاردنەکان نیشانیدا کە زیاتر لە نیوەی خوێندکاران مەیلی سیاسی و زەینیی چەپیان هەیە.

پێموایە جموجۆڵ و خۆشیی هەڵبژاردن تا رادەیەکی زۆر، لە راکێشانی هێندێک لە خوێندکارەکان بۆ لای حیزبی توودە کارکردی هەبوو. لە سەرەتای ساڵی هەوەڵ تەنانەت یەک نەفەریش ئە ندامی حیزب نەبوو بەڵام لە ئاخری ساڵدا ببوونە بیست و چەند کەس. ئەوانە بوون کە چوارچێوەی رێکخستنی دواتری حیزبیان لە دانیشکەدەی فەننی پێکهێنا و لە تێکۆشانی خوێندکارانی زانستگای تاران رۆڵێکی گرینگیان هەبوو. بەشێک لەوانە وەک فەرەجوڵڵای میرزایی (جوانشیر)، حیشمەتوڵڵای مونسیف، دواتر گەیشتنە پلەکانی باڵای تەشکیلات. هێندێکیشیان وەک نادری زەنجانی و گولپایەگانی، چوونە سازمانی نیزامیی حیزبەوە. لەو ساڵەدا رووداوی دیکەش لە زانستگادا روویدا کە لە هیدایەتی خوێندکاران بەرەو حیزبی توودەدا کارکردیان هەبوو. وەک مانگرتنی گشتیی خوێندکاران کە لە دەستپێکی دروستبوونی زانستگای تاران ، لە زستانی هەمانساڵدا روویدا. بۆوەی خوێنەر بەرمە نێو فەزای ئەو کاتەوە ئیشارەیەکی کورتی پێدەکەم.

مانگرتن لە سەر مەتڵەبێکی بچووک لە دانیشسەرای عالی و دانیشکەدەی عولوومەوە دەستی پێکرد بەڵام بە پەلە هێندێک داخوازی سینفی و سیاسی و خوێندکاری هاتە گۆڕێو بە دەستپێشخەری توودەییەکان هەموو زانستگای تەنیەوە. خوێندکارانی دانیشکەدەی فەننی لە پێش هەمواندا و دواتر خوێندکارانی پزیشکی و حوقووق و..... لەگەڵ کەوتن. دەستپێکەر و هەڵسووڕێنەری ئەو کارە رەفیقە توودەییەکان بوون. هەموو رۆژێ لە ساڵۆنی نەهارخواردنی باشگای زانستگا وتاردان هەبوو. ئێستاش پاش گوزەشتی حەفتاساڵ (مانگی دەی ساڵی هەزاروسێسەدوبیستو چوار) دەنگی بەرزی جەلالی ئالئەحمەد لە گوێمدا دەبیستمەوە کە بەو وتانە دەستی پێکرد : دروود بۆ ژان اوپلتال کە خەبات لە دژی فاشیسمی لە پێش ئێمەدا دەست پێکرد. وتاربێژی راساوی دیکە رەحمەتوڵڵای جەزەنی ئێ دانیشکەدەی عولووم بوو. ئەو مانگرتنە کە ببووە حەرەکەتێکی سیاسی گشتی ، دوای سێ حەوتوو بە سەرکەوتنەوە کۆتایی پێهات. شووڕای زانستگا داخوازەکانی خوێندکارەکانی قوبووڵ کرد. جێژن و شادیی بێ سنوورمان کرد. لەو کاتەوە هێژموونی جووڵانەوەی خوێندکاری کەوتە دەست توودەییەکان و تا کارەساتی بیستوهەشتی موردادی هەزاروسێسەدوسیودوو بە کزی یا بە هێزیی درێژەی هەبوو.

**هەڵوێستم بەرامبەر بە ماجەرای فیرقەی دیموکڕاتی ئازەربایجان.**

ئەمن پێموابوو ئەوەی لە ئازەربایجان دەگوزەرێ دووپاتبوونەوەی دەورانی مەشرووتەیە. پێموابوو رەسالەتی ئەو جووڵانەوەیە بڵاوکردنەوەی ئازادی بە سەراسەری ئێراندایە. بەڵام رووداوەکانی حکوومەتی یەکساڵەی فرقە ، کۆتایی دڵتەزێنی و ئەو باس و کێشەیەی بێ پسانەوە دەگەڵ براکەم بووم، ئەمنی تووشی بیرکردنەوە دەکرد. براکەم کاتی هاتنە سەرکاری فرقەی دیموکڕات سەرموهەندیسی ئیدارەی کوللی خەتی ئاسنی ئازەربایجان بوو. خۆی بە چەپ دەزانی بەڵام هەرگیز کەسێکی سیاسی و حیزبی نەبوو. وێستگەی سیاسی ئەو لە خۆشەویستییەکی یەگجار زۆر بۆ دوکتور ئەڕانی کە لە شاگردەکانی ئەو بوو تێنەدەپەڕی. مەیل بە

بیروباوەڕی ئەو، هەروەها دژایەتی بەرامبەر رەزاشا، ئەوپەڕی ئارەزو و تێکۆشانی بوو. بەو بەستێنی فکرییەوە لە حەدی یەک تیکنوکڕات دا دەگەڵ فرقە کاری دەکرد بە بێ ئەوەی ئەندامیان بێ. لەرەوتی کارکردندا لەگەڵ کەبیری کە وەزیری رێگاوبانی فرقە بوو تووشی ناکۆکی بوو. کەبیری کەسێکی بێسەواد و وافووری و لە فکری بەندوبەستەکانی خۆی دابوو. ئاوی لەگەڵ براکەم کە تیکنوکڕات و کارناس بوو بە یەک جۆباردا نەدەڕۆیشیت. بێجگە لەوەش لەو ماوە کورتەی کە کاری دەگەڵ کردن لە فەساد و مونزوورەکانی ئەوان گەیشتبوو و لێی حاڵی ببوو کە دەست نێژی بێگانەن. بۆیە لە کارەکەی خۆی دەستی کێشاوە و خانە نشین بوو. دوایە بە جل و بەرگی دیکە و گۆڕینی سەروسیما بۆ تاران هەڵات. لەو کاتەوە ئیدی براکەم بوو بە کەسێکی دیکە . لەماڵێ هەمیشە و دایم دەگەڵ من لە کێشەدابوو. ئەوەی بە چاوی خۆی دیبووی یا لە کەسوکاری بیستبوو بۆی دەگێڕامەوە و دایم دەیکوت ئەوانە ئێرانی نین و رووسەکان چاندوویانن.

هەرچەند من لە رووی بێئاگاییەوە کێشەم دەکرد دیسانیش قسەکانی براگەورەکەم کە لە منداڵیەوە لە سەرمن کارکردی هەبوو ، شوێن پێی خۆی دادەنا. لە سەداقەتیشیدا هیچ دوودڵیەکم نەبوو. دوای هەڵاتنی موفتەزەحانەی سەرانی فرقە و ئاشکرابوونی بێ پایە بوونی دەزگاکەیان، ئەویش بەو هەموو دروشمەی(مەرگ هەیە و گەڕانەوە نییە)، بوو بە بەستێنی تیروتانەی رۆژنامەکان و کەوتبووە سەرزمانی دۆست و ئاشنا و براکەم. زمانی من لە بەرامبەر ئەواندا لە کورتی دابوو. لە نێو حیزبیشدا باس و رەخنە لە بارۆدۆخی حیزب و ماجەڕای فرقەی دیموکڕات و پشتیوانی حیزب لەوان، بە توندی لە گۆڕێدابوو. بە داخەوە فەزای حەوزە زۆرداخراو و هیدایەت کراو بوو. خەبەرێک لە ئازادئەندێشی و بەرەوپێشچوونی فیکر نەبوو. نوورەدین کیانووری ئەندامی حەوزە و وتەبێژی ئێمە بوو. لە نەزەر زانستی سیاسی و تێئوریک توانایيەکی زۆرتر لەئێمەی نەبوو. بەڵام زانستی عومووميی لە سەرێ بوو ، لە ئامادەکردن و پوختکردنەوەی مەتڵەبدا دەستێکی باڵای هەبوو.

ئەمن لەگەڵ محەمەد عەلی خونجی لە چەند ساڵ لەوە پێشەوە ئاشناییم هەبوو. ناوبراو لە ناسراوانی گورووهی خەلیلی مەلیکی بوو. هەر لە کلاسی چوارەم و پێنجەمی دەبیرستانەوە ئینشای زۆر جوان و پڕ ناوەرۆکی دەنووسی. زۆر کتێب خوێن بوو. ئیرادەکانی لە سەر بێکیفایەتی رێبەریی حیزب و کەموکوورییەکانی حیزب بە شێوەیەکی زۆر جوان دەردەبڕی و بۆ من زۆرتازە بوون. دیدار دەگەڵ ئیحسان نەڕاقی و قسەکردن لەگەڵی نەزەراتەکەی خونجی تەکمیل دەکرد. هەردووکیان جوزوی کەسانی ئیرادگر لە حیزب بوون. نەڕاقی لە سەردەمی لاویەوە ئەهلی باس و قسەکردن بوو. دوایە بۆ خوێندن چووە ئورووپا.


شەپۆلی بە تەوژمی تەبلیغاتی حیزب بۆ راکێشانی سەرنجی ئەندامان و قایم کردنی سەفی هاوکاری و هاوخەباتی بە توندی درێژەی هەبوو. خەبات بۆ بەقای حیزب و پێش گرتن بە هێرشی کۆنە پەرستی کە واقعییەتی هەبوو ئەمنیشی گەرم داهێنابوو. تێکۆشانی حیزبیم توندتر بوو. تا پازدەی بەهمەنی هەزاروسێسەدو بیستەحەوت کە تێکۆشانی حیزب غەیرە قانوونی کرا، ئەمن هەروا لەم حیزبدا چالاک بووم.

زنجیرە وتار: کۆماری کوردستان- دووی ڕێبەندان (٢٠)
ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار

---

بەشداربوونم لە کۆماری مهاباد

بە سەربەرزییەوە پێمان نایە کوردستانی ئازاد لە دیوی ئێران. وەک بەڵێنم بە خۆم دابوو ببم بە سەربازێکی خۆبەختکەری سوپای ئازادیبەخشی کوردستان. ئەوا راوەستاوم. لە ناوەڕاستی مانگی چواری هەزارونۆسەدوچل و شەش پێمان نایە زەوی ئازادکراو لە کوردستانی ئەودیوی(ئێران) لە خانێ. لە بارەگای سەربازەکانی سوپای ئازادکراو لە کوردستان خۆمان ناساند بە لێپرسراوی سەرسنوور، ئەفسەرێکی سوپای ئازادیبەخشی کوردستان (سەیدمحەمەد) . ئەوەی جێگای لێدوانە ناوبراو پێشوازییەکی زۆر گەرمیان لێکردین.




ئەوەی دەمەوێ رایبگەیەنم ئەوەیە خۆشترین کاتی شادی و خۆشیم ئەودەمە بوو لەو کاتەی گەیشتینە (پیرانشەهر) و رۆیشتینە ژێر ئاڵای هەڵدراوی کوردستان لە سەر بارەگای سەربازەکان دەشەکایەوە. بێگومان لە سەرەتاوە لە خۆشیاندا نەمتوانی بدوێم ، لە دواییدا توانیم ئەوەندە بڵێم وا ئەو ئاواتەی هەمبوو ، ئەوە بوو ئاڵای کوردستان بە چاوی خۆم ببینم هەڵدرابێت. ئەوە ئەو ئاواتەشم بەدیهات. هیوادارم ئاواتی گشت ئاواتخوازەکانی کورد بێتە دی. هەر لەوێ بەڵێنیم تازە کردەوە ببم بە سەربازێکی خۆبەخت کەری کوردستان بۆ پارێزگاری کۆماری دامەزراو لە مهاباد.

لە بنکەی سەربازەکان ماینەوە تا دوای نیوەڕۆ. ئەمەندەی لایان بووین کاتێکی خۆشمان بردەسەر. لەگەڵیان نیشانە(ئامانجانە) داندرا . لە ئەنجامدا بە دیارکەوت چەک هەڵگرەکانی ئێمە توانای ئامانج شکاندنیان بە هێز بوو. زۆر جێگای رەزامەندیمان بوو. لەوکاتەی بە نیاز بوو بەرێ بکەوین ئەفسەری بنکەی سەرسنوور دواو گوتی: چەند رۆژە ئێمە ئاگادار کراوین کە ئێوە لە رێگان و چاوەڕوانتان بووین. ئەبێ بنێرین ماشێن بێ بتانبا بۆ نەغەدە. باوکم وڵامی دایەوە و زۆر سپاسی کردن بۆ ئەو پێشوازییەی کە لێمانکراوە. دەربارەی ماشێنیش کوتی : ئێمە شەو دەڕۆینە جەڵدیان لای کاک عەولاغا، بۆ بەیانیش دەڕۆینە نەغەدە . ئەوە بوو ماڵئاواییمان لە سەربازەکان کرد و لە پیرانشار دەرچووین. رێگای دۆڵی پیرانمان گرت بە پیادە. رێگاکە تەواو دوور بوو سەرەڕای ئەوەی دووریش بوو نەمانزانی بۆ ئەوەندە زوو گەیشتینە جەڵدیان. ئەبێ بڵێم خۆشی ئازادی ، وەرزی بەهار و رازاوەیی دەوروبەری رێگا بە گیا و گوڵزاری جۆراوجۆر و شۆڕە شۆڕی ئاوی کەند و شیوەکان دووریی رێگایان لە بیر بردینەوە . دیمەنێکی بەهەشتی دەکەوتە بەرچاو، ئەوە، ئەوە دەگەیەنێ کە وا ئازادی ئاواتی هەموو

نیشتمانپەروەرێکی کوردە. ئێمەش لە کوردستانێکی ئازاد دەڕۆیشتین و ئەو ڕێگا درێژە لە پێش چاومان کورت ببۆوە. ڕێگای دۆڵی پیران تەواو بوو گەیشتینە نزیک جەڵدیان. لە خوارووی گونددیار بوو کۆمەڵێک مرۆڤ وەستابوون. کاتێک لێیان نزیک کەوتینەوە عەولاغا لەگەڵ هەندێک پیاو هاتبوونە پێشوازیمان. کاتێ گەیشتینە دیوانی ئاغا سلێمان بەگ و عەولاغا ڕۆیشتنە ژووری تایبەت بە ئاغا ، ئێمەش گشتمان لە ژوورێک دانیشتین کە پێی دەوترێت پاشخانە. ئەوەی دیاربوو دیواخانەکە دووبەش بوو. لایەک تایبەت بوو بە ئاغا لایەکەی تریش ئەوەی پێیدەوترا پاشخانە بۆ میوان بوو. ئێمە لە پاشخانە پاڵمان دایەوە. زۆردرەنگ خواردن هات. کاتێ خواردن بۆ ئاغا چوو یەکێک لە خزمەتکارەکانی ئاغا هات و پرسی کێیە کوڕی سلێمان ئاغا با بڕواتە لای باوکی بۆ نانخواردن. ئیسماعیل گوتی: کوڕی ئاغامان لەگەڵ نییە من بڕۆم؟ پیاوەکە سەرسام بوو ، گەڕاوە پێیانی گوت کۆڕی ئاغایان لەگەڵ نییە. ئێمە سێ برا کوڕی سلەمان بەگ لەگەڵ بووین. من و عێزەت و شەوقی، نەمانویست لەوچەکدارانەی لەگەڵمان بوون جیا ببینەوە. ئەو شەوەمان زۆر بە خۆشی بردەسەر. بەیانی زوو دەگەڵ ئیسماعیل ڕۆیشتینە سەر کانیاوی گوندی، بینیمان کۆمەڵێک لاوی گوند بەرەو شنۆ دەڕۆیشتن . تا ئاوابوون سەیرم کردن. لە دوای چێشت خواردن لە جەڵدیان دەرچووین بەرەو نەغەدە کەوتینە ڕێ . ڕێ ڕۆیشتنێکی لە ئەندازە بەدەر خۆش و دڵگیربوو. ئەو کاتە تەواو هەستم بە ئازادی و هەناسەکێشانی بەختەوەری دەکرد. هەست دەکرا گۆڕانێک لە ژیانی مرۆڤ بەدیهاتووە. بە دۆڵی قارنێدا ڕۆیشتینە خوار و لە گوندی قارنێ کەمێک وەسیاین ، لە دوییدا ڕۆیشتین لە گەرووەکە وەسەرکەوتین . لەوێ دووسوار کە دوو چەکداریان لەگەڵ بوو یەکێک لە سوارەکان ئێمەی ڕاگرت و پرسی :

ئێوە لە کوێ هاتوون؟ لە وڵامدا گوتمان : لە کوردستانی عێراق هاتووین ئینجا پیاوەکە کوتی: ئێوە چەکدارەکانی سلێمان بەگی دەرگەڵەن؟ کوتمان: بەڵێ . ئەوسوارانە یەکیان لەگەڵ ئێمە دەدوا ، ئەوی تر دوورکەوتبۆوە لە دوورەوە سەیری ئێمەی دەکرد. ڕانک و چۆغەیەکی سپی لەبەردابوو. باوکم هات و تێپەڕی ، ئێمەش ئەوانمان بە جێ هێشت. پاش ماوەیەک زانیمان ئەو دوو سوارەی گەیشتنە ئێمە یەکێک سلێمان خانی کوڕی مام وسێنی سێلوێ بوو ئەوی تریش مروفێکی ئینگلیس بوو لەگەڵ سلێمان خان بە ناوچەکەدا گەڕاوە و کەس نەیناسیوە. کاتێک گەیشتینە نەغەدە لەوێ ڕۆیشتینە بەردەرگای کومیتەی حزبی دێمۆکڕاتی کوردستان . کۆمەڵە کەسێک وەستابوون . بەشی زۆریان لە کارمەندانی شار بوون لەگەڵ بەرپرسی نەغەدە سەیدئەحمەدی سەیدتەها(١) چاوەڕوانی گەیشتنی ئێمەبوون. لەگەڵ گەیشتنی ئێمە سەیدئەحمەد بە ناوی خەڵکی شار وکارمەند و ئەنجومەنی نەغەدە بە خێرهاتنی کردین و هێندێک لە بارەی سلێمان بەگ دواو نیشانیدا سلێمان بەگ کێیە. لە دواییدا باوکم زۆر سپاسی کردن و خۆشحاڵی خۆی نیشاندا بۆ ئەو پێشوازییە گەرمەی لێمانکراوە. ئەوەی جێگای ڕەزامەندی هەموولایەک بوو یەکێک کە ناوی کەریمی حیسامی بوو قسەی کرد و گوتی: زۆرپێویستە هەوڵ بدرێ پێوەندی فراوان و بە تین هەبێت لەگەڵ کوردە نیشتمان پەروەرەکانی سەراسەری کوردستان بە گشتی بۆ بەشداربوونیان لە پاراستنی ئەو دەستکەوتە مەزنەی کورد بە دەستی هێناوە ئەویش کە کۆماری کوردستانە لە مهاباد. بۆ سپاسی ئەو پێشوازیە گەرمە و ئەو قسە بە نرخانەی مامۆستا کەریمی حیسامی منیش کەوتمە قسەکردن و ڕێزم لە هەستی پێشوازیکەران و مامۆستا کەریمی حیسامی گرت بۆ ئەو هەستە بەرزە و سۆزەپاکەی نیشانیدابەرامبەر بە ئێمە. منیش نیشانمدا کە وا هاتووین لە پێناو ئەوکۆمارەی کوردە گیان بەخت بکەین و دڵسۆزی ئەو

کۆمارە بین. لە سەر داوای سەید ئەحمەد بەرپرسی ناوچەی نەغەدە ، ئێمە لەوێ ماینەوە و شوێنی جێ نشینییان بۆ دیاری کردین لە ناو شار . لە دوای چەند رۆژێک بڕیارێکی کۆماری هات و دەڵێت:

لە سەر داوای سەدری نەغەدە سەید ئەحمەد بە پێویست دەزاندرێت چەکدارەکانی سڵێمان بەگ لە نەغەدە بمێننەوە بۆ پارێزگاریی ئاسایشی ناوچەی نەغەدە ، سڵێمان بەگ بەرپرسی سەربازی بێت لە ناوچە و زوراریش بە پلەی ئەفسەری یەک ئەستێرە بۆ چاوەدێریی ئاسایشی شار دەست بە کار بێت. بە گوێرەی ئەو بڕیارە کەوتینە کارکردن . چەکدارەکان وەک سەرباز مەشقیان دەکرد. لە دوای ماوەیەک رۆژی بازاڕ بوو ، خەڵک دەڕۆیشتنە بازاڕی (محمدیار) . لە سەر پردی گادەر پیاوێک کە خەڵکی گوندەکانی لای گردۆڵکەکانی حەیدەراباد بوو بە دیوی لای نەغەدە بە لای سەیدئەحمەددا تێدەپەڕێ و سڵاوی لێناکات. سەیدئەحمەدیش دەنێرێ بیگرن. پاسەوانەکانی سەید ئەحمەد بە دوای دەکەون بیگرن ئەویش دەگەڕێتەوە تەقەیان لێدەکات، دەڕوات. شەو سەید ئەحمەد ناردی بە دوامدا داوای لێکردم بڕۆم ئەو پیاوە بگرم ، ئەگەر خۆشی نەدا بە دەست بیکووژم.

بەیانی زوو رۆیشتین . کاتێک گەیشتینە گوند دیاربوو خەڵکەکە دەترسان کە ئێمەیان دیت دە پازدە چەکداری کوردی عێراق گەیشتنە ناو گوند. رۆیشتینە دیوەخانی سمایلاغا. ناوبراو خۆی لە ماڵ نەبوو لەگەڵ چەکدارەکانی رۆیشتبووە مهاباد ، دیاربوو لە هێزی بەرگری بوو. دایکی هاتە دیوان بەخێرهاتنێکی زۆر گەرمی لێکردین و خزمەتێکی زۆر زیادلە پێویستی کردین. ئەوکەسەی ئێمە بە دوایدا دەچووین برای سمایلاغا بوو، ئەویش چووبووە مهاباد. لە سەر داوای فەرماندەی هێزی بەرگری میللی سێ شەو لەوێ ماینەوە . کاتێک سمایلاغا گەڕایەوە فەرمانی کۆماری پێبوو کە دەست لە برای ئەو نەدرێ بە بێ ئاگاداریی فەرماندەی لەشکری مهاباد. کاتێک ئەوەمان بیست و بڕیارەکەم بینی گەڕاینەوە لای سەیدئەحمەد. ناوبراو زۆر توورە بوو کوتی: چۆن گەڕاونەتەوە و هیچتان لەگەڵ ماڵی سمایلاغا نەکردووە ؟ هەر ئەوکات بە نیاز بوو بمان نێرێت بچین ئەزیەتیان بدەین بەڵام دیتی ئێمە ئەوە ناکەین. ئەوەی ئەو دەیویست کە بۆ زەبر و تێهەڵدانی خەڵکمان بە کار بێنێت بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی . سەید ئەحمەد هەر لەوکاتەوە بۆی بە دیارکەوت ئێمە نابینە جەندەرمەی ژێر فەرمانی ئەو ، ناوبراو هەڵوێستی گۆڕاو پەشیمان بۆوە لە مانەوەی ئێمە لە نەغەدە . ئەوکەسە بە هەڵەداچووبوو . وای دانابوو ئەوەی بیەوێ بۆی دەکەین ،بە پێچەوانە دەرچوو . پاک رەوشتی و دڵسۆزیمان بۆ خەڵک ئاشکرابوو.

هەر چەندە ئێمە ماوەیەکی کورت لە نەغەدە ماینەوە بەڵام بە شێوەیەکی ئاشکرا باوەڕی جەماوەری شار دیارکەوت چۆن روویان لە ئێمە کردبوو . ئەو رووکردنەی خەڵکی شار سەیدئەحمەدی ئاڵۆز کردبوو. دەیبینی رەوشتی ئێمە لەگەڵ خەڵک رەوشتێکی چاکە و خزمەتکردنێکی دیمۆکراتیە . خەڵکەکە بە تەواوی هەستیان بەوە کردبوو کە ئێمە پاسەوانی ئەوان و دڵسۆزی کۆماری کوردین، بەڵگەش ئەوەبوو رێگامان نەدەدا پیاوانی ناپاک و دەستدرێژکەر کاری ناڕەوا و پڕوپووچ بکەن. رەوشتی ئێمە لە ناو خەڵکی کوردوقەرەپەپاغ بوبوە جێگای رێز گرتنێکی بەتین.ئەو پێوەندیەمان بە جەماوەر زۆر شتی بۆ ئاشکراکردین و شتمان لێزانین. ئەو پێوەندییەی نێوان ئێمە و خەڵک سەید ئەحمەدی زۆر پەست کردبوو بە تایبەتی ئەو خەڵکەی لە دیوی عێراق دەهاتن،چونکە زۆربەی زۆریان دەهاتنە لای ئێمە. ئەوەی جێگای پەرۆشی بوو کردەوەکانی سەیدئەحمەد لە ناوی ئەو نەدەوەشایەوە، ئەوە بوو باوکم داوای کرد بمانگوازنەوە بۆ بەرەکانی رووبەرووی دوژمن لە بەر ئەوەی هەڵوێستی سەید ئەحمەد ئەوە نییە ئەوەی خواستی ئێمە بوو.

له دواییدا ناچار بوو بە بێ ڕەزامەندیی دەوڵەت ڕۆیشتە مهاباد و نەگەڕایەوە نەغەدە . لە پاش ماوەیەک ناردی ئێمەش بڕۆینە مهاباد بەڵام فەرمانی وەزیری ناوخۆ هاتبوو نەغەدە بە جێ نەهێڵین و لەوێ بمێنینەوە تاکوو ئەوان ئاگادارمان دەکەنەوە. ئەو نەچوونەی ئێمە بۆ مهاباد باوکمی پەستکرد.

لە هاوینی ١٩٤٦ ڕۆژێک لە کۆمیتەی حیزبی دیموکڕات لە نەغەدە ئاگادار کراینەوە بەیانی کاتژمێر نۆ لە هۆڵی قوتابخانەی کچان ئامادە بین بۆ بەشداربوون لە ئاهەنگی قوتابیەکان . لە سەر داوای ناردراو بەیانی لە کاتی دیاریکراو ڕۆیشتمە قوتابخانەکە ، لە کاتی دەستنیشانکراو ئاهەنگەکە دەستی پێکرد. لە سەرەتادا بەڕێوەبەری قوتابخانەکە کورتە وتارێکی خوێندەوە و بەخێر هاتنی بەشداربوانی کرد و بەرنامەی ئاهەنگی خستە ڕوو. بە دوای ئەمە هێندێک کەموکووڕی دیارکردن ئەوەی لە ماوەی خوێندندا هاتۆتە پێش. لە دواییدا بەڕێوەبەری قوتابخانەی کچان لە قسەکانیدا زۆر بە گەرمی دەیکوت : دەبێ سالی داهاتوو هەموو کەموکوورییەکان چارەسەر بکرێن بە هاوکاریی هەموو لایەک. ئینجا چەند سروودێک لە لایەن قوتابیانی قوتابخانەکە پێشکەش کران. سروودەکان و شێوەی وتنیان ئەوەندە بە سۆز بوو ئەوەی گوێی لێبوایە کوڵی خۆشیی دەکەوتە دڵەوە .

لە دوای کۆتایی هاتنی ئاهەنگ ڕۆیشتمەوە و کەوتمە بیر کردنەوە دەربارەی ئەو مامۆستایەی کچ . لەو دەمەدا (عەلی رووکەران ) کە خەڵکی نەغەدە بوو هاتووچۆی ئێمەی دەکرد، پەیدا بوو . ناوبراو پۆستەچی بوو. بە هەلم زانی لەو پیاوە بپرسم بەو شێوەیە : عەلی گیان کارێکم هەیە تەنیا دەبێ لە نێوان خۆم و خۆتدا بێ . پێم بڵێ ئەو مامۆستا کچەی بەڕێوەبەری قوتابخانەی کچانە ، کچی کێیە؟ عەلی گوتی: کچی وەستارەحمانی بەرگدرووە . ئەسڵەن سابڵاغین بەڵام لە مێژە لەنەغەدەن ، ماڵێکی زۆرباشن. گوتم مێردی کردووە یان نا ؟ خۆ بە دەستگیران نییە، گوتی نەخێر مێردی نەکردووە و بە دەستگیرانیش نییە. بە تەمەن بچووکە و تازە خوێندنی تەواو کردووە. زۆر کەس داوای کردووە رازی نەبووە مێرد بکا. سەیرێکی منی کرد و کوتی: دەڵێی دڵت بۆ ئەو کچە ڕۆیشتووە؟ هەر بۆخۆشی گوتی : نامەیەک بنووسە بۆی دەبەم داوای وڵامیشی لێدەکەم. ئەوەی شایانی باسە بەڵێنەکەی عەلی دڵخۆشی کردم . دەستمدایە پێنووس و نامەیەکی ڕازاوەم بۆ نووسی. ئێوسرێ عەلی هات نامەکەم دایێ بۆی ببات . لەو کاتەوە دووڕۆژ چاوەڕوانی وڵامەکە بووم ، کە وڵامی نامەکەم بۆ هاتەوە بە شێوەیەکی زۆر جوان و پەسند بوو. نووسیبووی:

بەرێز زورار نامەکەت گەیشتە دەستم. ئەوەی تێیدا نووسرابوو باش لێی تێگەیشتم. لە نامەکەت بەدیار دەکەوێ بۆ ژنهێنان ئەوەندە ڕێیەتان بڕیوە و خۆتان ماندوو کردووە نەک بۆ خزمەتی کۆماری کوردستان. تکایە بە وڵامی نامەم دڵتەنگ و نیگەران مەبە هێشتا زووە بۆ ژنهێنان. ئەم وڵامە ڕێگای لێ بڕیم ئەگەرچی هەردەم دەهاتە بەرچاوم. بۆ ئەوەی لە یادم بچێ زۆرجاران دوای نیوەڕۆ دەرۆیشتمە سەر گۆماوی حەسەن لیان کە دەکەوێتە دەشتی سندووس بۆ ڕاو کردنی باڵندەئاوییەکان. بە ڕێکەوت ڕۆژێک چووینە بناری گردەکان بۆ ڕاوی(جروک) . ئێواری درەنگ لە نزیک پردی گادەر لە دوورەوە ژنێک و منداڵێک دیاربوون دەڕۆیشتنەوە بەرەو شار. ڕۆژیش تاریک داکەوتبوو. پێش ئەوەی بیانگەینێ بە شۆفیرەکەم گوت : ئەوانە هەڵگرە ڕۆژ درەنگە. هەڵمانگرتن و نەمانزانی کێن. دوای چەند ڕۆژێک سەیدئەحمەد بە من دەڵێ:

زورار بۆ تۆ باش نییە تۆ ئەفسەرێکی کار گێڕی ئاسایشی و ناسراوی. ژنی خراپ لەگەل خۆتان دەبەن بە سەرخۆشی مەلەی لەگەڵ دەکەن. سەید ئەحمەد بە تەواوی قسەکانی تەواو نەکرد پێمگوت: جەناب

ئەوە هەڵبەستی خۆتە و باش دەزانی من عەرەق خۆر نیم. من نیم هەموو رۆژ لە ورمێ بە سەرخۆشی دەگەڕێمەوە و دایکم پێم بڵێ بریا کوڕی ئەو باوکە نەبایت .(۲) رازی نابم جارێکی تریش ئەو جۆرە قسانە بە من بڵێیت. ئەوەی بە دیارکەوت کارەکانی سەیدئەحمەد دوورن لە خزمەتی کۆمەڵ بەڵکوو هەوڵدانی ئەو پیاوە پاڵدانی خەڵک بوو بۆ دوورکەوتنەوەی جەماوەر لە دەسەڵاتی کۆماری کوردستان . بۆیە کارو کرداری سەید ئەحمەد جێگای گۆمان بوون.

وەرگیراو لە کتێبی: بیرەوەرییەکانم لە ساڵانی ۱۹٤۳ /۱۹۷۷ نووسینی زرارسڵێمان بەگ دەرگەڵەیی

پەڕاویز:

۱: سەید ئەحمەد (گەیلانیزادە) لە زەمانی حکوومەتی قازی محەمەددا بەرپرسی نەغەدە بوو. ناوبراو کۆری سەید تەهای شەمزینان بوو. سەید تەها نەوەی شێخ عوبەیدوللای گەورەیە. سەید تەها فەرماندەی هێزەکانی سمایلاغا لەگرتنی سەقز و شەڕی خاڵۆ قوربان و زۆر لە عەمەلیاتەکانی دیکەی هێزەکانی سمایلاغای سمکۆدابوو. بەشێک لە پەیام و پەیوەندەکانی سمایلاغا لە رێگای سەیدتەهای شەمزینانەوە بە دەست کاربەدەستانی ئینگلیس گەیشتوون. ناوبراو لە لایەن ئینگلیسەوە ماوەیەک کرا بە حاکمی رەواندز.

سەید ئەحمەد ناسراو بە (شێخ جەیتۆ) بەرپرسی نەغەدە لە زەمانی حکوومەتی قازی محەمەددا کۆڕی ئەو سەیدتەهایە بوو. لە زەمانی حکوومەتی پێشووی عێراقدا ماوەیەکی کورت پارێزگاری هەولێر بوو

۲: دایکی سەید ئەحمەد(شێخ جەیتۆ) ، گوڵێزار خانم کچی جەعفەراغای شکاک و برازای سمایلاغای سمکۆیە. دوای شەهید کرانی جەعفەراغا لە تەورێز، تەنیا ئەوکچەی لە پاش بە جێما. سمایلاغا سەرپەرستیی ئەو کچەی کرد و گەورەی کرد و کاتێک جحێڵ بوو سەید تەهای شەمزینان خوازبێنی کرد و سمایلاغا لەگەڵ ئەو خوازبێنیە موافەقەتی کرد . گوڵێزار خانم خۆشەویستی سمایلاغا بوو . حیمایەتی بێ ئەولاوئەولای سمایلاغای هەبوو. لە کاتی بە بووکچوونیدا سمایلاغا لە پێش ئەسپی بووک تەقڵە و جلیتی کردووە و لە وتارێکدا کە لەو مەرسیمەدا کوتوویەتی باسی کەسایەتی و جێ ورێی گولێزارخانمی کردووە وداوای لەجەماعەتی شێخەکان کردووە ئەو جێ و رێیەی پارێزراوبێ. قوبووڵناکا هیچ نارەزایەتییەک بۆ گوڵێزار خانم بێتە پێشی. هێندێک کەس وتارەکەی سمایلاغا بۆ پشتیوانی لەو خانمە بە برێک هەڕەشە هەڵدەسەنگێنن.

گوڵێزار خانم کەسایەتییەکی کوردپەروەر و خانمێکی بەناوودەنگ و خاوەنی شەوکەت و شکۆی تایبەتی بووە. لە زەمانی کۆماری کوردستاندا ماڵی لە گەرمێنەوە هاتبووە ناوچەی مرگەوەڕ و پشتیوانی لەو کۆمارە دەکرد . مەرحوومی مەلا مستەفای بارزانی لە هاتووچۆکانی بۆ ناوچەی مرگەوەڕ ئەغڵەب میوانی ماڵی ئەو خانمە دەبوو. رێزی لێدەنا.

پەڕاوێزەکان: تایر عەلیار

لە نەغەدە ڕۆیشتم بۆ سابلاغ

ئەوەی دیاربوو ڕۆژبەڕۆژ کاروکردەوەکانی سەید ئەحمەد روو لە ناپەسەندی بوو . شەوان خەڵکی دارکاری دەکرد و ئەزیەتی دەدان. ریشوەشی وەردەگرت. لە سایەی دیموکراتیەت رااوورووتیش باسی ناکرێ. ئەو هەڵوێستەی ناوبراو وای لێکردم لە نەغەدە نەمێنم . ناچار ڕۆیشتمە مهاباد بۆ ئەوەی بتوانم چارەیەک بدۆزمەوە و لەو بەدکارییە دوور بکەومەوە. کاتێک گەیشتمە سابڵاغ لە شوێنی باوکم پرسی ، گوتیان لە بارەگای هێزی بارزانییەکان بپرسە. کاتێک دۆزیمەوە لە شوێنی خۆی نەبوو. ناچار چوومە ئەو چایخانەی ئەوانی لێ دادەنیشتن. هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە هەڵوێستی باوکم بەو شێوەیە بێت بەم جۆرە لە چایخانەکە بجووڵێتەوە هەوڵی ئەوە بدات لە پێش خەڵک لێم بدات . بێگومان ئەو هەوڵەی ئەو وای لێکردم بە ناچاری پێی بڵێم بڕۆ دانیشە ڕێزی خۆت مەشکێنە با هەر ئەوەندە بێت بەسە. هەر ئەو کاتە ڕۆیشتمە سەربازخانە. (مستەفا خۆشناو ) لەوێ بوو. ئەو منی نەدەناسی. خۆشبەختانە( رەئیس عێزەت) لەوێ بوو. سەربردەکەی سەید ئەحمەدم پێڕاگەیاندن. گوتیان لێرە بمێنەوە بەشداری بکە لە دەورەی سپا ئەوماوەیە. ئەوە بوو زیاتر لە مانگ و نیوێک لەوێ مامەوە بەڵام تا بڵێی پەست و نیگەران و دڵشکاو بووم. بەو دڵتەنگی و ئاڵۆزییەم ڕۆژی دووەم ڕۆیشتمە بارەگای هێزی گشتی بارزانییەکان. سەر لە بەیانی دیاربوو خەڵکێکی زۆر لە بارزانییەکان لە هۆڵێکی گەورە دانیشتبوون و چاوەڕێی هاتنی مەلا مستەفایان دەکرد. لە ناو ئەو خەڵکەدا (مامەندشێروانی ) یش دانیشتبوو. ناوبراو زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنی لێکردم و پرسی ئەوە چی بوو باوکت دوێنێ بۆچی بەو شێوەیە لەگەڵت تێکچووو؟ بە وردی بەسەرهاتەکەم بۆ گێڕایەوە کە چۆن هەموو ڕۆژێ دەینارد وەرن بۆ مهاباد وایدەزانی ئێمە هەر لە دەرگەڵەین و خۆی فەرمانڕەوایە بیری ئەوەی نەدەکردەوە کە ئێمە لە ژێر فەرمانی دەوڵەت داین. چۆن بە بێ پرسی ئەوان شوێنی کار بە جێ بهێڵین. دوێنێ هاتووم ڕۆیشتمە لای لە چایخانە خۆی دەپچڕییەوە دەیکوت لێم گەڕێن با بیکووژم. ئاخر لەسەرچی دەمکووژێ؟ منیش ناچار پێم گوت بڕۆ دانیشە ڕێزی خۆت مەشکێنە با هەر ئەوەندە بێت بەسە. مامەند گوتی:

قەیدی ناکات باوکتە نابێ لێی بگریت. ئێمە لەو باسەدابووین ئەوانەی دانیشتبوون تێگڕا هەستانە سەرپێ و گوتیان مەلامستەفا هات. ئەوەندەم دیت یەکێک لە پاسەوانەکانی وەژوور کەوت کە پیاوێکی چوست و چالاک و باڵابەرز بوو. سڵاوی کرد و لە دوای ئەویش مەلا مستەفا هاتە ژوورەوە و سڵاوی کرد. پێش ئەوەی دابنیشین مامەند پێی گوت ئەزبەنی ئەوە زوراره. منیش ڕۆیشتمە پێشێ و دەستی خستە ناو دەستم بە زەردەخەنە رووی کردە مامەند گوتی (تۆخودێ مامەند ئەوەی زراری نەدیبێت و بیبینێت باوەڕ دەکا ئەو زرارەیە ئەوەی ئەوندە چەکەی هێناوە ، خۆزۆریش بچووکە) دەستی بەردام و چووم لە شوێنی خۆم دانیشتم. مامەند گەڕایەوە و گوتی دوێنێ سلێمان بەگ عادزی کردووە و زۆر نیگەران و ئاڵۆزە . مەلا مستەفا بانگی (فەقێ حەسەنی میرۆ) ی کرد. ناوبراو باوەڕ پێکراوی خۆی بوو پێی گوت:

بە سلێمان بەگ بڵێ رازی نابم زراری عادز بکا . با لێرە میرایەتی بە کار نەهێنێ. مەلا مستەفا خەریک بوو لەگەڵ دانیشتووانی ناو هۆڵەکە دەدوا. فەقێ حەسەن هات لە تەنیشت من دانیشت سەربردەکەم بۆ باس کرد . ناوبراو گوتی ئەوە بەمن گەیشت هیچ غەمت نەبێت هەر کارێکت هەبوو بە من بڵێ دڵنیابە جێ بە جێ دەبێت. مەلا مستەفا دەرکەوت و مامەند گوتی خۆت بزرمەکە دەچینەوە ماڵی ئێمە . ئەوە بوو لەگەڵ ناوبراو ڕۆیشتینە ناوشار دوایی چووینەوە ماڵی ئەوان . ئەویش تازە لە سەقز هاتبۆوە. شەو

کۆمەڵێک بارزانی هاتنە لای . لە کاتی قسەکردن شەڕی (گۆڕەتووم) بۆ گێڕانەوە یەکێک لەوان کە ناوی محێ بوو گوتی راستە من بووم بەسەر ئوتومبیل کەوتم دوو مەیتی لە ناودا بوون . ئاگرم تێبەردا بەڵام ئاگری نەگرت و جەماعەتمان رۆیشتن و منیش بە جێم هێشت.

مامەند و گەڕانەوەی مەلا مستەفا بۆ بارزان ساڵی ١٩٤٣

ئەو شەوە مامەند بۆی گێڕاینەوە لەو کاتەی مەلا مستەفا لە سلێمانی رایکردبوو لە نزیک نەغەدە چووبووە ماڵیان. مامەند گوتی ئێوارەیەک درەنگ بوو هاتمەوە ماڵ مرۆڤێک میوانمانە . منیش بەخێرهاتنم لێکرد و چووم تفەنگم دابنێم پیرۆزی خێزانم بە پەلە هات و گوتی : کو مامەند ئەتۆ ئەو مرۆڤە ناس نەکر؟ منیس گوتم نەوەڵلا پیرۆز. ئەوجار گوتی ماڵ میراتۆ ئەوە مەلا مستەفایە کو نەناسی. بە پەلە گەڕامەوە لای و بە گەرمی بەخێرهاتنم لێکرد و داوای لێبووردنم لێکرد. زۆر هیلاک بوو چەند رۆژ بە پێیان رۆیشتبوو پێی ببوون بە پورگ. پیرۆز خەنەی بۆ گرتەوە لە پێیانی نا. دووشەو لە ماڵمان مایەوە تاوەکوو توانی بڕوا . کاتێک ئامادەبووین بڕۆین چوار پێنج چرکداری لەگەڵ رۆیشتن بەرەو عێراق. شەوێک لە لای کاک مامەندی کولیج ماینەوە . تەنیا ئەو دەیزانی ئەوە مەلا مستەفایە. لەوێ رۆیشتین بە ناو هۆزی برادۆستدا تێپەڕین بۆ ناوچەی بارزان لەوێش گەڕاین هێندێک چەکدارمان گەیشتێ. چەک کەم بوو . حکوومەت هێزێکی پۆلیسی گەرۆکی بەرێکردبوو بۆ گرتنی مەلا مستەفا لە خوێریزۆک تووشیان بووین لێمان دان و ئەوەی نەکوژرا گیرا . لەوێ باش بوو کۆمەڵە چەکێکی باشمان دەست کەوت.

ئەو شەوە لە ماڵی مامەند مامەوە. بەیانی زوو رۆیشتمەوە سەربازخانە. شەو چوومە لای مستەفا خۆشناو ، ناوبراو زۆر قسەی کردن . روونکردنەوەی هەبوو دەربارەی خزمەتی کورد و کۆماری کوردستان . کۆمەڵێک ئامۆژگاری پێراگەیاندم کە سوودبەخش بوو. منیش دەربارەی کارەکانی نەغەدە راپۆرتێکم دابووە وەزارەتی ناوخۆ . لە راپۆرتەکە نووسرابوو کە وامن لەوە زیاتر توانام نییە لەگەڵ سەید ئەحمەد کار بکەم لەبەر ئەوەی کردارەکانی ئەو لێپرساوە دوورن لە خزمەتی گەل و کۆماری دیموکراتی کوردستان. کۆمەڵێک بەڵگەش خرابوونە روو. بۆ بەیانی نامەیەکی مستەفا خۆشناوم بۆ یەکێک بە ناوی (سعیدزادە) برد لە کومیتەی ناوەندیی حزبی دیموکراتی کوردستان . ناوبراو بانگی کردم گوتی لە سەر راسپاردەی مستەفا خۆشناو تۆ برۆ لە دەورەی ئەفسەری بەشداری بکە مەگەڕێوە بۆ نەغەدە . ئێمە بۆیان دەنووسین زرار ناگەڕێتەوە . کاتێک گەڕامەوە لای مستەفا خۆشناو رەئیس (عێزەتیش) لای ئەو بوو . عێزەت گوتی چەکدارەکانمان هەندێک ناردوون بۆ بەرەی سەقز بۆ ناو لەشکر هەندێکیشمان ناردوونەتە تەورێز بۆ دەورەی تۆپ . باوکت دەڕواتە قادراوا لە نزیک سەقز، منیش لە دەورە مامەوە لە سەربازخانەی ساباڵاغ بەڵام لە دوای چەند رۆژ نەخۆش کەوتم و لە مەشق دواکەوتم.

لە کۆتایی مانگی (١٠/ ١٩٤٦ ) هەندێ دەنگ و باس پەیدا بوون کە ئێران بە نیازە هێرش بێنێت بۆ سەر هەردوو کۆماری ئازربایجان و کوردستان . بێگومان ئەوە لە هەموو کاتێک چاوەڕوان دەکرا بەتایبەتی لە دوای ئاخاوتنی بالوێزی ئەمریکا لە تاران کە وای نیشانداوە دەبێ ئێران ببێتەوە یەکپارچە بە مانای، نابێ ئەو دوو کۆمارەی لە ئێران جیا بوونەتەوە بمێنن لە بەر ئەوەی ئەو دوو کۆمارە کۆسپێکی گەورەن لە پێش بەرژەوەندیی ئەوان. لە بەر ئەوە رازی نەبوون ئازربایجان و کوردستان سەربەخۆ بن مادام لە ژێر فەرمانی ئەوندانین. دوابە دوای باڵوێزی ئەمریکا وەزیری جەنگی ئێرانیش دەستی کرد بە هەڕەشە کردن و خۆ

هەڵکێشان. دیار بوو پاڵپشتی قایم بوو. بێگومان بە کشانەوەی سپای سوفیەت لە ئازربایجان و کوردستان ئێران هەلێکی گونجاوی بۆ هەڵکەوت بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە سەر ئەو دوو کۆمارە و داگیریان بکاتەوە. ئەوەبوو لە ڕێکەوتی (٢٣/ ١١/ ١٩٤٦ ) بە پشتیوانیی دەوڵەتەکانی ڕۆژاوا و ئەمریکاو بریتانیا سوپای ئێران بە بێ شەڕ گەیشتە زەنجان ناو خەڵکی ئازربایجان. بە گەیشتنی ئەو دەنگە لە کوردستان پشێوی پەیدا بوو. جەماوەر هاندرا بڕۆنە بەرەکانی ڕووبەڕووی دەستدرێژکاران. بۆ ئەو مەبەستە بانگەوازێک راگەیەندرا. هەر بە دوای ئەو بانگەوازەدا خەڵکێکی زۆر دارژانە شوێنە دیاریکراوەکان بۆ ئەوەی بەرێ بکرێنە بەرەکانی شەڕ. لە نەغەدە و گوندەکانی دەوروبەر خەڵکێکی زۆر کۆببوونەوە و پێویستییان بە بەڕێکردن بوو بۆ میاندواو. بۆ ئەو مەبەستە رۆیشتمە مهاباد لەوێ داوای ئوتوموبیلم لێکردن بۆ ئەوەی خۆ بەختکەران بەرێ بکەینە بەرەکانی ڕووبەڕووی شەڕخوازەکان. هەندێک لەو جەماوەرە بە پیادە رۆیشتنە مهاباد . دوو ئوتوموبیلم بردن بۆ نەغەدە ، دیاربوو (سەید ئەحمەدیش) رۆیشتبووە مهاباد بۆ ئەوەی ئوتوموبیل دابین بکات بۆ رەوانە کردنی ئەو خەڵکە زۆرە بۆ بەرەکانی شەڕ . سەید ئەحمەد دوو ئوتوموبیلی بارهەڵگری کارگەی شەکری میاندواوی وەرگرتبوون گوایا لە نەغەدە ئەو خەڵکەی چاوەڕێیە بەڕێیان بکات کەچی ئەڕوات ماڵەکەی خۆیان لێ بارئەکات بە ناوی ئەوەی گوایا دەڕواتە ورمێ هەتا ئامادە دەبن بۆ رۆیشتن، ئەو کاتە بە شۆفیرەکان دەڵێت: لێخوڕن بۆ خانێ لەوێش بۆ عێراق. کاتێک ئاگادارکراینەوە بە پەلە بە دوایدا رۆیشتین بۆ گرتنی بەڵام کارلەکار ترازابوو . هەرچەندە بە دواشیدا رۆیشتین هەتا خانێ و سەرسنوور بە پەرۆشەوە دەرباز ببوو. ئەوەی جێگای پەرۆشە ئەوەیە حاکمی باوەڕپێکراوی کوردایەتی و سویندخۆری حزبی دیموکرات هێشتا باس نەبوو سوپای داگیرکەر بگاتە کوردستان ئەو کوردەی لە ژێربەرگی کوردایەتیدا خۆی شاردبۆوە لە ژێرەوەش پیاوی بێگانە بوو لەگەڵ رۆیشتنی، زۆرکەل و پەلی کۆمار و چەکی کوردستانی بردن و رۆیشت . ئەو یەک بوو لە باوەڕپێکراوان کە ڕوویکردە ئەو بەدکارییە بەرامبەر نەتەوەکەی و کۆمارە ساواکەی کورد کە خۆی سوێندی بۆ خواردبوو خەیانەتی لەگەڵ نەکات و بیپارێزێت. دیارە بە لای ئەو پاراستنی کورد و حزبی دیموکراتی کوردستان بەم شێوەیە بووە. وەک ئاشکراشە ناوبراو کوڕی بنەماڵەیەکی کوردپەروەرن. بەڕاستی تا سوپای کۆمار تەورێزیشی داگیرکردبوو هەڵوێستی بەرپرسانی کۆمار ئەوە بوو کە بەرگری بکەن بەڵام لە پڕێکا هەڵوێستیان گۆڕا و بڕیاریاندا شەڕ نەکەن. کاتێک زاندرا سەرکردەکانی کۆمار شەڕ ناکەن ماڵە بارزانییەکان لە دەوروبەری میاندواو کشانەوە بەرەو ناوچەکانی نەغەدە و شنۆ و مامەش و پیران بۆ نزیکبوونەوە لە سنوور.

تێکچوونی کۆماری کوردستان.

کاتێک زاندرا کوردستانیش شەڕناکات ئاڵۆزی پەیدا بوو. ئەو ماڵە بارزانیانەی لە مهاباد و دەوروبەریشی بوون باریانکردو رۆیشتنە شنۆ و گوندەکانی دەوروبەری نەغەدەو شنۆ و زەرزا . لەگەڵ گرتنی تەورێز سەربازەکانی ئازربایجان ئەونەی لە کوردستان لەگەڵ لەشکری کورد لە بەرەی ناوچەی سەقز بوون گەڕانەوە و خۆیان دایە دەستی سوپای شای ئێران . لە دوای رۆیشتنی ئازربایجانییەکان لەشکری بارزانییەکانیش ناچاربوون بەرەو میاندواو بگەڕێنەوە و لە گەڕانەوەیاندا لە ڕێگا نۆکەرانی شاپەرست ویستبوویان ڕێگایان لێبگرن و چەکیان کەن . پیاوانە لێیان هاتبوونە دەست و بەرەنگاریان بوون . خۆشیان نەیانزانی بۆ کام لا رابکەن. ئەوان وایاندەزانی وەک سەربازەکانی ئازربایجانی پێشمەرگەکانی کوردیش چەک دەکەن کەچی تووشی هیلاکەتێک بوون مەگەر تەنها خۆیان بزانن چیان بەسەرهات.

ئەو لەشکرەی بارزانییەکان کە لە سەقز گەڕایەوە بە سەر پەرشتیی حەمەدئاغای مێرگە سۆری و سلێمان بەگی دەرگەلەیی بەرەو سابڵاغ دەهاتن کە تۆپەکانیشیان لەگەڵ خۆیان هێنابوون لەوێوە تا نەغەدە بە راکێشان بە هۆی گاوگامێش بە هیلاکی و ماندووبوونێکی زۆرەوە ئەو تۆپانەیان گەیاندەوە نەغەدە لەوێشەوە بۆ شنۆ. لەو کاتە ناساز و نارێکەوە ماڵ و منداڵی بارزانییەکان بەو سەرما و ساردییە بە پێیان دەڕۆیشتنە رێ و دەگەڕانەوە ناوچەکانی نزیک سنووری عێراق بۆ ناو مامەش و پیران و زەرزا و دەوروبەری نەغەدە و شنۆ.

لەو بەرەتەنگی و ئاڵۆزییەدا ئێمە کۆمەڵێک چەکدار لە سابڵاغ دەرکەوتین ئێوارە بەرەومیاندواو دەڕۆیشتین بۆ یارمەتی هێزەکانمان لە بەرەکانی رووبەڕوو لە سەقز . شەو داهات لە خوار گوندی قونقەڵا ماشێنەکەمان لە کار کەوت . لەوێ بە پێیان کەوتینە رێ کاتێک گەیشتینە ئەوێ سەرەتای لەشکر دەهاتنەوە . گوتیان حەمەدئاغا نزیکە وادێت لە دوای ئێمەیە . لە دوای کەمێک بە یەک گەیشتین . حەمەدئاغا گوتی : بگەڕێوە باوکت وا لەدواوەیە لەگەڵ تۆپەکان دێت.منی لەگەڵ خۆی گێڕایەوە رۆیشتینە سابڵاغ . کاتێک گەیشتینە ناو شار شەو درەنگ بوو دیاربوو سابڵاغێکی ئاڵۆز و شێواو کە پێش چەند کاتژمێرێک وانەبوو، هیچ تەنگاوەیەک بەرچاو نەدەکەوت.


کۆتایی

سەورچاوە: بیرەوەرییەکانم لە ساڵانی ۱۹٤۳/ ۱۹۷۷

زرار سلێمان بەگ دەرگەلەیی

زنجیره وتار: کۆماری کوردستان- دووی ڕێبەندان (٢٢)
ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار

---




**هەوڵدان بۆ نەفت و سەفەری کافتارادزە بۆ تاران**

مانگی تیری ١٣٢٣ کونفرانسی ئەمریکا و بریتانیا سەبارەت بە نەفت لە واشنگتون بەڕێوەچوو. لەو کونفرانسەدا کە دە ڕۆژی کێشا وتووێژ لە بارەی نەفتی ئێران هاتە ئاراوە. پێش بەڕێوەچوونی ئەو کونفرانسە لە مانگی هەوەڵ و دووەمی بەهاردا(ساڵی ١٣٢٣) برایتون بە جێگریی دوکتور میلسپو، موستەشاری ئەمریکایی بۆ کاروباری دارایی ئێران دیاری کرابوو هاتە تاران. ناوبراو لە ڕاستیدا نوێنەری کومپانیی ئەمریکایی سینکلر بوو کە چاوی بڕیبووە کانگا نەفتییەکانی بلوچستان. نوێنەرانی کومپانییەکی ئەمریکایی دیکەش بە نێوی ئەمەریکان ئیسترنکۆ لە تاران خەریکی وتووێژ بوون. لە مانگەکانی هاوینی ١٣٢٣ دەوڵەتی ئێران دەگەڵ دەوڵەتی ئەمریکا و کومپانییە نەفتییەکانی ئەو وڵاتە بە نهێنی وتووێژەکانیان دەست پێکرد بەڵام ڕێکخستنە نهێنییەکانی شوورەوی بەو وتووێژانەیان دەزانی.

میگونوف نوێنەری بازرگانیی یەکیەتی سۆفیەت لەتاران کۆی زانیارییەکانی سەبارەت بەو دانوستانانەیان لە مانگی ئاخری هاوینی ساڵی ١٣٢٣ بە نهێنی بۆ میر جەعفەر باقرۆف نارد. یەکییەتی سوفیەت هەلسوکەوتەکانی ئەمریکا لە ئێرانی خستبووە ژێر چاوەدێری و ئورگانەکانی نیزامی، دیپلوماتیک و ئەمنییەتیی شوورەوی هەموو ئەوپرۆسانەی کە پەیوەندی بە مەسەلەی نەفتەوە هەبوو شوێنیان هەڵدەگرت.

لەڕاستیدا ناردنی کارگێرانی ئازربایجانی شووڕەوی بۆ ئازربایجانی ئێران بەشێک لە سیاسەتی نەفتیی موسکۆ ئەژمار دەکرا بەڵام نە ئەو کارگێڕانە و نە خەڵکی ئازربایجان کە هەستی نەتەوایەتییان وەخەبەر هاتبوو ئاگایان لە مەبەستی ڕاستەقینەی شووڕەوییەکان نەبوو. لە پایزی ساڵی ١٣٢٣ دا ڕووسەکان لە فکری وەرگرتنی ئیمتیازی نەفتی شیمالی ئێراندا بوون . سەفەری کومیسیونی ئابووریی یەکیەتی سوفیەت بە بێ ئاگاداریی مقاماتی ئێرانی بەرنامەی بۆ دارێژرابوو . پرۆژەی ڕێککەوتنی نەفتی و پرۆتۆکۆلە نهێنیەکانی لە پێشدا ئامادە کرابوون.١٩ی شەهریوەری ١٣٢٣ شاندێک بە سەرۆکایەتی کافتارادزە جێگری کومیساریای کاروباری دەرەوەی ئیتیحادی جەماهیری شووڕەوی هاتە ئێران و دەگەڵ ساعیدی مەراغەیی سەرۆکوەزیران و محەمەدرەزاشا دیدار و قسەوباسیانکرد و سەفەرێکی بۆ ناوچەکانی شیمالی ئێران کرد. ڕۆژی ٣ ی میهری ١٣٢٣ لەگەڵ یادداشتێک کە لە لایەن دەوڵەتی شووڕەوییەوە بۆ سەرۆک وەزیرانی ئێران ناردرا داوای دانی ئیمتیازی دیتنەوە و دەرهێنانی نەفتی ناوچەکانی سمنان، گورگان، مازەندەران، گیلان

و ئازربایجان هاتە گۆڕێ. هەرچەند لە هەوەڵەوە ساعید سەبارەت بەو پێشنیارە و گوزەراندنی لە مەجلیسی شوورای میللی نەزەرێکی موسبەتی نیشاندا بەڵام بە بەهانەی جۆراوجۆر لە وڵامدانەوە بە داواکارییەکەی یەکیەتی سوفیەت خۆی دەپاراست. رۆژی ۱۰ ی میهری ۱۳۲۳ ساعید پێشنیارەکەی یەکیەتی سۆفیەتیی لە کۆبوونەوەی کابینەدا خستە بەرباس و لێکۆڵینەوە. هەر چەند لەو جەلەسەیە بڕیار درا تا کۆتایی شەڕ هیچ ئیمتیازێکی نەفتی نەدرێ، ئێوارەی ئەو رۆژە ساعید کوتی بە هۆی هەلومەرجی نائاسایی کابینە نەیتوانی بڕیاربدا. لەو حاڵەدا مەجلیسی شوورای میللی لە کۆبوونەوەی غەیرە عەلەنی خۆیدا دانی هەرچەشنە ئیمتیازێکی بە قوبووڵ نەکراو لە قەڵەم دا. رۆژی ۳ ی مانگی ئابانی ۱۳۲۳ لێژنەی رووسی بە بێ هیچ دەسکەوتێک ئێرانی بە جێهێشت. لەوەبەولاوە دەوڵەتی شووڕەوی هێندێك کردەوەی دژ بە ساعید دەست پێکرد. بۆ وێنە پێشی ئەو قەتارانەی گرت کە لە ئازربایجانەوە کەلوپەلیان دەگوێستەوە تاران ، هەموو پێوەندی دیپلۆماتیکیش لە گەڵ شەخسی سەرۆکوەزیرانیش پچڕا. لە تاران و بە تایبەت لە شارەکانی شیمالی ئێران میتینگی زۆر بە بەشداری کونسوولگەرییەکان و سەرۆکی دژبانییەکانی سوپای شووڕەوی لە دژی ساعید وەڕێخرا.

تەورێز: مانگەکانی (دی/ اسفند) ساڵی ۱۳۲۳

حەسەن حەسەنۆف کە بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکێکی تایبەت بۆ رێبەریی کاروباری سیاسی هاتبووە ئێران رۆژی ۲٤ ی مانگی بەهمەنی ۱۳۲۳ لە راپۆرتێکی ٦۷ لاپەڕەییدا کە بۆ میرجەعفەر باقرۆفی نارد دەنووسێ:

ئەو مەعموورانەی لە ئازربایجانی شووڕەوییەوە هاتوونە ئێرە کاری گەورە گەورە ئەنجام دەدەن بەڵام لە کاتی بڕیاردانی پێویست چونکە لە مەبەستی ئاخری حکوومەتی شووڕەوی حاڵی نین ناتوانن کارەکان وەک پێویست بەرنە پێش. دەبێ ئەو مەعمورانە بەرۆشنی حاڵی بکرێن ئێمە بۆ رزگارکردنی خەڵکی ئازربایجان لەو زوڵم و ستەمەی کە سەدان ساڵە فارسەکان بە سەریاندابڕیون یاریدەیان دەدەین . تەواوی کارەکان دەبێ بەو رێبازەدا بڕوا. پرۆسەی ئاڵوگۆری مێژوویی ئێران وانیشان دەدا کە گەلی ئازربایجان دەبێ لە زوڵمی فارسەکان رزگاربێ. دەوڵەتی ئێران خەریکە هەڵدەوەشێ و توانای راگرتنی سەربەخۆیی وڵاتی نییە و سەرەڕای تێرور و خەفەقان هەستی نەتەوەیی و ئیدەی دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ لە نێو گەلی ئازربایجاندا زۆر بەهێزە. مەعموورەکانی ئازربایجانی شووڕەوی دەبێ ئیدەی ئازادیی گەلی ئازربایجان بێننە گۆڕێ. ئێمە ئەو کارەمان زۆر پێخۆشە چونکە ئازادیی خەڵکی ئازربایجانی جنووبی براکانی ئێمە بۆ هەمیشە لە مەترسی لە ناوچوون نەجات دەدا و بۆ گەشەکردنی تەواوی خەڵکی ئازربایجان رووبەرێکی بەربڵاو دروست دەکات. ئێمە پێمانوایە هەلومەرجی جیهانی بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکە مێژوویە زۆر لەبارە . دەبێ رزگاریی خەڵکی ئازربایجان دەگەڵ تێکشکاندنی ئالمانی هیتلێری لێک گری بدرێ. بۆ چارەسەری کێشەی ئازربایجان ناکرێ دڵمان بە دانوستاندنی دیپلوماتیک خۆش بێ . ئازادیی ئازربایجان جنووبی و دامەزرانی حکوومەتێکی بە تەواوی دیموکراتیک لەوێ و یا تێکەڵکردنی دەگەڵ ئازربایجانی شووڕەوی تەنیا لە رێگای راپەڕینی خەڵک مسۆگەر دەبێ و دەبێ هاوپەیمانان بە سەر کارێکی ئەنجامدراودا بخەین.

لەو راپۆرتەدا حەسەن حەسەنوف درێژەی دەدا و دەڵێ: لە ئازربایجانی جنووبی کەسانی ئامادە، بە ویجدانی بەخەبەر و سادق بۆ ئەنجامدانی ویستی خەڵک هەن کە هەم لە کومیتەی رێبەرایەتیی ئەیالەتیی حیزبی توودە و هەم لە یەکیەتی کرێکاری و هەم لە ئورگانەکانی دەوڵەتیدا چالاکن. جێگای باوەڕن هەرچەند

ژمارەیان کەمە. بۆیە پێویستە ئەو ئازربایجانیانەی وەک میرجەعفەر پیشەوەری مودیری رۆژنامەی ئاژیر، شوعلەوەر سەردەبیری رۆژنامە و مالیک لە تارانەوە بیانهێنینە تەورێز. بۆ کاتی پێویست دەبێ چەند مەعموور لە ئازربایجانی شوورەوییەوە بۆ رێبەری بنێردرێنە ئێرە . لەبارەی مەسەلەی کوردەکانیشەوە دەڵێ: دوای چارەسەری مەسەلەی ئازربایجان دەبێ خودموختاریش بدرێ بە کوردەکان و مەعموورەکانی ئێمە دەبێ بۆ ئەو ئامانجە هەڵسوورێن. لە کۆتایی راپۆرتەکەشدا دەڵێ:

ئازادیی ئازربایجان دەبێ بە یاریدەی حزبی توودە کە کۆمەڵانی بەربڵاوی خەڵکی کرێکار، وەرزێر، پیشەوەر و رووناکبیری لە ریزەکانی خۆیدا کۆکردۆتەوە بە ئەنجام بگا. بۆ پشتگرتنی رێبەرانی ئەو حزبە لە ئازربایجان پێشنیار دەکەم مانگانە یەکی دەهەزار تمەنیان بدرێتێ.

کەمانگەکانی ئازەر/ دەی ۱۳۲۳ لە تاران سەفیری شوورەوی ماکسیم ئۆف بە حەسەن حەسەنۆفی کوتبوو لە موسکۆوە دەستوورێکم بۆ هاتووە کە لە ئازربایجانی ئێران کۆمەڵەیەکی بورژوا دیموکراتیک دروست بکرێ . بۆ ئەو کارەش دەبێ لەسەر نوێنەرانی ئازربایجان لە مەجلیسی شوورای میللی حیساب بکرێ (حەسەنۆف دەگەڵ ئەو بیرۆکەیە نەبوو. ئەو پێیوابوو ئیدەی دروستکردنی کۆمەڵەی بورژوا دیموکراتیک لە ئازربایجان سەرنجی خەڵکی دەگەڵ نییە . ناتوانی بە دابەشکردنی زەوی وەرزێرەکان بۆ جووڵانەوەی ئازادیی ئازربایجان بێنییە مەیدان. نوێنەرانی ئازربایجانیی مەجلیسیش ناکرێ پشتیان پێبسپێری چونکە ئەوان بۆخۆیان خاوەن ملکی گەورەن و زەمینیان لە ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش هەیە بۆیە ئەوان ناتوانن کێشەی جیاکردنەوەی ئازربایجان و دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ لەوێ رێبەری بکەن) حەسەنۆف لێی زیاد دەکا : لەهەلومەرجی ئێستادا تەنیا دروشمی دڵپەسندی خەڵک ئازادکردنی ئازربایجان لە زوڵم و ستەمی فارسەکان، دروستکردنی دەوڵەتی دیموکراتیک و چارەسەرکردنی کێشەی زەوییە.

هەوەڵین رۆژەکانی ساڵی ۱۳۲۳ حەولی بەهێزکردنی تەشکیلاتی ئەیالەتیی حزبی توودە لە ئازربایجان درا و رۆژی ۲۱ ی دەیمانگی ۱۳۲۳ هەوەڵین کونفرانسی ئەیالەتیی حزبی توودە لە تەورێز گیرا. تا ئەو رێکەوتە چالاکییەکانی کومیتەی ناوەندی و کومیتەی ناوەندیی حزبی توودە رەزایەتی شوورەوییەکانی بۆ لای خۆی رانەکێشابوو. حزبی توودە لە مانگەکانی میهر/ ئابانی ساڵی ۱۳۲۰ لە سەر بناغەی حزبی کومونیستی ئێران رێکخرا. دوای هاتنی ئەرتەشی شوورەوی بۆ ئێران ئەو کومونیستە قەدیمییانەی کە لە لایەن کومینتێرنەوە بە مەعمووریەتی تایبەتی ناردرابوونەوە ئێران جووڵەجووڵێکیان کرد بەڵام شوورەوییەکان متمانەیان پێیان نەبوو زۆر لە هاورێیانیان لە شوورەوی، ستالین سەر بە نیستی کردبوون. لە نووسینی نهێنی رێبەرانی شوورەویدا ئەو کومونیستە قەدیمییانە بە جاسووسی بۆ دەوڵەتە بیانییەکان تاوانبار کرابوون. کومینتێرن لە حزبی کومونیستی ئێران نارازی بوو. بۆوێنە دەیانکوت بڕی ۲۵ هزار تمەن کە کومینتێرن بۆ خەرجەکانی کاری حزب دابووی بە رێبەرایەتی ئەو حزبە بە نێو قامکاندا رویبوو هەروەها هێندێک زانیاری بە کومینتێرن گەیشتبوو کە کەسانی سەربە ئێران نفووزیان کردۆتە نێو ئەو حزبەوە . حیزبی کومونیستی ئێران ساڵی ۱۹۳۱ ی میلادی لە لایەن کومینتێرنەوە وەلانرا و ساڵی ۱۹۳٦ ی میلادی بەرێبەرایەتی د. تەقی ئەرانی دووبارە وەگەڕ کەوتەوە . ئەوکاتەی حزبی کومونیستی ئێران لە لایەن کومینتێرنەوە وەلانرا بە کومونیستە ئێرانییەکانی نیشتەجێی موسکۆیان کوت ( ئێرە میهمانسەرا نییە. بگەرێنەوە وڵاتی خۆتان) لە کومونیستە قەدیمییەکان تەنیا عەبدوسەمەد کامبەخش و ئەردەشیر ئاوانسیان کە بە نێوی خوازراوی سەرتیپ پوور هەڵدەسوورا جێگای متمانەی ئەوان بوون . هەردووکیان کەسانی بەستراوە بە موسکۆوە بوون .

س،یمیلیانۆف کومیسێری ئەمنییەتی ئازربایجان لە ڕاپۆرتێکدا نووسیویە : ساڵی ١٩٤٤ ی میلادی ئاوانسیان بە یاریدەی ئێمە گەیشتە مەجلیس . ئەو هەڵسوکەوتەی وەک ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حزبی توودە دەیکا چەپڕەوی زۆری تێدایە و بە زەرەر تەواو دەبێ. سەرنجی سازمانی ئەمنییەتی ئازربایجان بەرەو کومونیستە قەدیمییەکان، پەیوەندی بە ئامانجەکانی داهاتووی ئەو سازمانەوە بوو. ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی حزبی توودە دەیانویست بە هێز کردنی کومیتەی ئایالەتیی ئازربایجان لە ژێر ڕێبەرایەتی ئەوندا ئەنجام بدرێ.

سەبارەت بە ئازربایجان وردەوردە جیاوازی بۆچوون کەوتە نێوان ڕێبەرانی حزبی توودە و مقاماتی شووڕەوی لە ئێران. لە ئاخری ساڵی ١٩٤٤ کە شووڕەوی دەستی بە تەقوییەتی کومیتەی ئەیالەتیی حزبی توودە کرد ڕێبەرانی ئەو حیزبە تووشی ئەو گومانە بوون کە شووڕەوی دەیەوێ ئازربایجان لە ئێران جودا بکاتەوە . لە بنەڕەتدا فکری گرتنی کونفرانسی ئەیالەتیی حزبی توودە ئی شووڕەوییەکان بوو. ئەو کونفرانسە لە ژێر نەزارەتی ماتوییف سەر کونسولی شووڕەوی لە تەورێز گیرا . سەرکونسوول ڕاپۆرتێکی هەمەلایەنەی لەسەر ئەوکونفرانسە ئامادە کرد و بۆ کومیسارایای کاروباری دەرەوەی شووڕەوی و میر جەعفەرباقرۆفی نارد.

سادق پادگان وەک سەدری کومیتەی ئەیالەتی هەڵبژێردرابوو. لە مانگی تیر/ موردادی ١٣٢٣ لە ڕاپۆرتەکەیدا ئەوەی گونجاندبوو کە کومیتەی ناوەندیی حزبی توودە لە کومیتەی ئایالەتی نارازییە . لە ڕاپۆرتی حەسەن حەسەنۆفیشدا لە ژێر سەردێڕی (لەبارەی ئازربایجانی جنووبییەوە) هاتبوو : لە کومیتەی ناوەندیی حزبی توودەدا کەسانێکی نفووزدراوی سەر بە ئینگلیس هەن کە سۆزێکیان بۆ ئاڵوگۆڕی بنەڕەتیی لە ئازربایجانی جنووبیدا نییە و دەگەڵ هەرشێوەیەک لە بەیانی تایبەتمەندیی نەتەوەیی خەڵکی ئازەربایجان دژایەتی دەکەن.

نوێخوازییەکانی کونفرانسی ئەیالەتیی حزبی توودە دەستپێکی تەشکیلی فرقەی دیموکرات لە مانگەکانی مورداد/ میهری ساڵی ١٣٢٣ دا بوون.

میر جەعفەر باقرۆف لە تێلگرافێکدا سەبارەت بە ئاکتیو بوونی (عناصرارتجاعی) لە تەورێز بۆ ستالین دەنووسێ: ی فەروەردینی ١٣٢٤ دوو ئێرانی لەگەڵ دوو نەفەر پۆلیس کارمەندی نیزامیی ئێمە(موهەندیس یاکوشنکۆف) یان لە تەورێز کوتاوە و لێیانداوە . ڕۆژی ١٩ ی فەروەردینیش جەماعەتێک لە ئوباش لەگەڵ خاوەنی قاوەخانەیەک لە منداڵی کارمەندانی ئێمەیانداوە. یەک لەو کەسانەی لێیدراوە کوڕی سەرکونسوولی ئێمە لە تەورێز ماتوییفە. حەوت کەس دەستدرێژیان بۆ کچی کاپیتان نویکوف کردووە. ئەو کارە بێزراوانەی (عناصرارتجاعی) بە بێ پشتیوانیی ڕێکخستنە ئەمنییەتییەکانی ئێران کاری کردن نییە. وادیارە هێندێک لە کارمەندانی کونسولگەریی ئێمە لە هاوکاریی پولیس و (عناصرارتجاعی) بە تەواوی حاڵی نین.

سەرچاوە : کتێبی (فراز و فرود فرقه دمکرات آذربایجان) نووسینی جمیل حسنلی وەرگێڕانی بۆ سەر فارسی منصور همامی


لە فارسییەوە کراوە بە کوردی

زنجیرە وتار: کۆماری کوردستان- دووی ڕێبەندان (٢٣)
ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار

---

## هاوینی ساڵی ١٩٤٥ / بڕیار دانەکانی موسکۆ سەبارەت بە ئازربایجان

مانگی ژوئێنی ١٩٤٥ ڕەوتی کارەکان لە ئازربایجان توندتر بۆوە. داواکارییەکانی یەک بەدوای یەکی میرجەعفەرباقرۆف لە موسکۆ بە ئاکام گەیشتن و ١٣٢٤/٣/٢٠ ستالین قەراری مەحرەمانەی سەبارەت بە بەرپاکردنی دامەزراوە سەنعەتییەکانی شووڕەوی لە شیمالی ئێران سادر کرد. لەو قەرارەدا باسی دامەزراندنی شوعبەکانی دامەزراوە سەنعەتییەکانی ئازەربایجانی شووڕەوی لە شاری تەورێزو باقی شارەکانی دیکەی شیمالی ئێران هاتبووە گۆڕێ. ئەو کارخانە سەنعەتییانە بریتی بوون لە کارخانەکانی قەند، کەوش بە زەرفییەتی ١٠٠٠٠٠ جووت لە ساڵدا نەساجی، گۆرەوی دروستکردن لە تەورێز و کارخانەی ئاوریشم ڕستن لە ڕەشت. بۆ دروستکردن و وەڕێخستنی ئەو کارخانانە دەبا کادری فەننی لە ئازەربایجانی شووڕەوییەوە بنێردرێنە ئێران. ناردنی تەجهیزاتی ئەو کارخانانە دەبا تا ٩ی مانگی میهری ١٣٢٤ تەواو کرابایە. بەڕێوەبردنی ئەو بەرنامەیە بە تەیموور قولی ئۆف سەدری شووڕای کومسیۆنەکانی خەڵکی ئازەربایجان ئەسپێردرابوو. ئەو بڕیارەی ستالین لە پێکەوە بەستنی بەوزوانەی ئازەربایجان لەگەڵ ئازربایجانی شووڕەوی دەدوا. هەروەها بە کومیسارپای کاروباری دەرەوەی یەکیەتی سوڤیەت و کۆمیتەی ناوەندیی حزبی کومونیستی ئازەربایجان مەعموورییەت درا بۆ حەللی کێشەی ئازەربایجان گەلاڵە پێویستەکان ئامادە بکا.




١١ی خوردادی ١٣٢٤ کۆمیتەی ناوەندیی حزبی کومونیستی یەکیەتی سۆڤیەت لایحەی وەڕێخستنی جووڵانەوەی جوداییخوازانە لە ئازربایجان و باقی شارەکانی شیمالی ئێرانی بۆ ڕادەربڕین بۆ مولوتوف، باقروف و کافتارادزە نارد. ٢١ی مانگی ژوئێنی ١٩٤٥ ستالین سەنەدێکی بە تەواوی نهێنی بۆ کاری زەمینشناسی و دۆزینەوەی ناوچە نەفتییەکانی شیمالی ئێران ئیمزاکرد. لە مانگی شەهریوەر/ میهری ١٣٢٤ گرووپەکانی نەفتیی شووڕەوی لە گێلان، مازەندەران، گورگان و ئازربایجان کاری هیدروژئولوژیيان دەستپێکرد. کاری دۆزینەوەکان بوونی زەخیرەی نەفت وگاز لە دەشتی گورگان. مازەندەران و ڕەشتی تەئید کرد بەڵام لە ئازربایجان ئاکامەکە مەنفی بوو. ڕەنگە یەک لە هۆیەکانی پەلەی ڕووسەکان لە شیمالی ئێران ئەوەبوو کە ئینگلیسییەکان عەمەلییاتی نەخشەبەرداری لە ناوچەکانی شیمال و شیمالی شەرقی تارانیان دەست پێکردبوو . سازمانی ئەمنیەتی شووڕەوی ئاگایان لەو جمووجۆڵە بوو و پێیان وابوو ئەو حەولانە بۆ هەموو ناوچەکانی شیمالی ئێران پەرە دەگرێ. بە هەر حاڵ وادیارە ئیمزاکردنی ئەو بڕیارە لە لایەن ستالینەوە مەسەلەی نەفتی لە سیاسەتی شووڕەوی بۆ ئازربایجان و ئێران خستە سەرووی مەسالە سیاسییەکانی دیکە . لە سەرەتاکانی مانگی تیر/ موردادی ساڵی ١٣٢٤ میر جەعفەر باقرۆف بۆ موسکو بانگ کرا و لە ڕۆژی شەشەمی ئەو مانگەدا دەفتەری سیاسی کومیتەی ناوەندیی حزبی کومونیستی ئیتحادی جەماهیری

شوورەوی قەرارێکی نهێنی بە نێوی (تدابیر لازم در مورد سازماندهی جنبشهای جدایی خواهانه در آذربایجان جنوبی و سایر شهرهای شمال ایران) سادر کرد. بۆ ڕێبەریی ئەو جووڵانەوە سەربەخۆیی خوازە لە ئازربایجانی جنووبی ڕێکخستنی فرقەی دیموکراتی ئازربایجان پێش بینی کرابوو. بە دروستکردنی فیرقەی دیموکرات دەبا کومیتەی ئەیالەتیی حزبی توودەی ئێران لە بنەڕەتڕا بگوڕێ و لە تەواوی ئەو تۆێژانەی نێو خەڵک کە لایەنگری جیابوونەوەی ئازربایجانن بێنە ناو فرقەوە . لە بەندی سێهەمی بریاری دەفتەری سیاسی، لە کوردستانیش جووڵانەوەی سەربەخۆیی خوازی و بەرقەراریی خودموختاری پێش بینی کرابوو.

بۆ ڕێبەریی جووڵانەوەی سەربەخۆیی خوازی ئازربایجان دەبا فەورەن گرووپێکی بەرپرس لە تەورێز دروست بکرێ کە لەگەڵ سەرکونسوولی شوورەی لە پێوەندیدابێ . ڕێبەریی ئەو گرووپە بە عۆدەی میر جەعفەر باقرۆف و م، یەعقوبوف سپێردرا. لە بەندی پێنجەمی ئەو قەرارەی دەفتەری سیاسی حزبی کومونیستی شوورەی دا هاتبوو کە لە ئازربایجان ئامادەکاریی بۆ هەڵبژاردنەکانی دەورەی پازدەهەمی مەجلیسی شووڕای میللی بکرێ . هەڵبژاردنی نوێنەرانی سەربەخۆییخوازی دەبا لەژێر چەتری ئەو دروشمانەدابا.

١، بەشێک لە زەمینی دەوڵەتی و زەمینی خاوەن مڵکە گەورەکان بدرێ بە وەرزێران و قەرزی درێژخایەنیان بدەنێ.

٢، چارەسەرکردنی موشکلی بێکاری لە ڕێگای پەرەپێدانی دامەزراوە دەوڵەتییەکان و دروستکردنی رایەڵەی پێوەندی و باقی تێکۆشانە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە.

٣، ئاوەدانکردنی شارەکان و تەئمینی ئاو بو دانیشتوانی.

٤، چاککردنی باری لەشساغی.

٥، دانانی زیاتر لە ٥٠ لە سەدی داهاتەکانی دەوڵەتیی لە ئازربایجان بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی محەللی.

٦، بەرابەریی کەمینەکانی نەتەوەیی ئازربایجانییەکان، کوردەکان، ئەرمەنییەکان و ئاسۆڕییەکان بۆ دروستکردنی مەدرەسە ، چاپکردنی کتێب، ڕۆژنامەکان و گفتوگۆ بە زمانی دایک لە ئیدارات و دادگاکان و پێکهێنانی هێزی نەتەوەیی لە شارەبانی، ژاندارمێری ودروستکردنی ئەنجومەنەکانی ئەیالەتی و ویلایەتی بە شێوەی خودموختاری.

٧، ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە پەیوەندییەکانی ئێران و شوورەویدا.

لە قەراری دەفتەری سیاسیی حزبی کومونیستی یەکییەتی سۆفیەتیدا پێش بینی کرابوو گرووپی چەکدار لە جیاوازیخوازانی ئازربایجان و لایەنگرانی شوورەوی دروست بکرێ و چەکی غەیری دروستکراوی شوورەوییان پێ بێ. بەرپرسایەتی ئەو بەشە لە قەراری کە درابوو کەوتە سەرشانی باقرۆف و بولگانین. بۆ دابینکردنی خەرجەکانی هەڵبژاردن بڕی یەک میلیون روبل لە بەردەستی کومیتەی ناوەندیی حزبی کومونیستی ئازربایجان نرا. لە مانگی تیر/ موردادی ١٣٢٤ بە دەستوری باقرۆف (عبدالصمد کامبخش ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حزبی توده و نوێنەری مەجلیسی شووڕای میللی، سادق پادگان بەرپرسی کومیتەی ئەیالەتیی حزبی توده لە ئازربایجان ، شەبستەری و میرجەعفەر پیشەوەری مودیری ڕۆژنامەی

(آژیر) به نهێنی هێنرانه باکۆ و بڕیاردرا پیشەوەری به شێوەی کاتی ڕێبەریی فرقەی دیموکڕاتی ئازربایجان وەستۆ بگرێ.

باقرۆف له نامەیەکدا بۆ ستالین لەو بەرپرسایەتییه ئاگاداریکرد و له راپۆرتێکدا که بۆ بریا، مۆلۆتۆف و مالنکۆفی نارد نووسی: پیشەوەری له ئازربایجانی ئێران له دایک بووه . ئەندامی پێشووی حزبی کومونیستی ئێران بووه . له ئازربایجانی شوورەوی بەرپرسایەتی له حزب و شووراکاندا هەبووه. ساڵی ١٣٠٥ /١٣٠٦ له لایەن کومینترنەوه ناردراوەته ئێران . ده ساڵ له زیندانی رەزاشادا بووه و به هاتنی ئەرتەشی سوور له زیندان ئازاد بووه . دوو برای له یەکییەتی سوفیەت دەژین . یەکیان ئەفسەری دوکتور له ئەرتەشی سووردایه.

دەستوور به کاربەدەستانی بەرپرس له ئازاربایجان درا بۆ تێکەڵکردن و تواندنەوەی حزبی توده له فرقەدا چرکەساتێکیش له دەست مەدەن. له تێلگرامێکی رەمزیی که بۆ مەعموورێکی ئیتلاعاتی به نێوی خوازراوی (چوپان) ناردرا کوترابوو هەر جووڵەیەکی ئوستانداری ئازربایجان له دژی ئەو بەرنامانه بیکا دەبێ سڕ بکرێ هەروەها کوترابوو رووحانیه پێشکەوتووەکان ، خاوەن مڵکەکان، بازرگانەکان و رووناکبیرەکان بۆ لای خۆتان رابکێشن و تا دەستووری تازه هیچ ناردراوێکی کومیتەی ناوەندیی حزبی توده وەرمەگرن و حەول بدەن دوای راگەیاندنی ئەو تەرحەی ئێمه کومیتەی ناوەندیی حزبی توده له دروستکردنی فرقه پشتیوانی بکا. بەو مەعمووره ئیتلاعاتییه دەستوور درابوو ناوەرۆکی ئەو تێلگرافه به ئاگاداریی (یعقوب اوف، یمیلیانوف، ماتوییف، آتاکشیوف و ژنرال روسۆف ) ئەندامی شووڕای نیزامیی سپای چوارەم بگەیەنێ.

حیزبی توده به توندی دژایەتی خۆی بەرامبەر به دروستکردنی فرقه راگەیاند. به هەموو ئامڕازێک پێشی بەرێوەچوونی ئەو نەخشەیەی دەگرت و هەرچەند له دیداری باکۆدا بڕیار درابوو که پیشەوەری، شەبستەری و پادگان به هۆی ئەمنیيەتییەوه له تەورێز نەچنه دەرێ ، پادگان بۆ حەولدان بۆ قانع کردنی حزبی توده چووه تاران. نەبوونی پێشرەفتی بەپەلەی کارەکان له ئازربایجان و کێشەی حزبی توده کاسەی سەبری باقرۆفی لێورێژ کرد. بۆ یمیلیانوف، حەسەنوف و میرزا ئیبراهیموفی نووسی : وادیاره (یعقوب اوف، آتاکشیف و قلی اوف) به گرینگی نازانن که هەر سەعاتێک بایەخی هەیه . دەبێ به پەله بجووڵێنەوه . هیچ شک نییه که حزبی توده له دژی تەگبیرو رای ئێمەیه . دیانەوێ خەڵکمان لێ دوورخەنەوه. بۆیه لەو رەفیقانەی نێوم هێناون داوا دەکەم :

١ ، فەوری سادق پادگان سەحیح و سالم له تارانەوه بگەرێننەوه تەورێز.

٢ ، هەرچی زووتر کەسانێک له تەورێزەوه بۆ وتووێژ بنێرنه شارەکانی ئەرەدەبیل، خۆی، ماکۆ، ئەرومیه، مەراغه ، بەندەر پەهلەوی، رەشت و ئەگەر ئیمکان هەیه باقی شارەکانی دیکەش .

٣، له هەموو رێبەرانی جووڵانەوەکه پارێزگاری بکرێ.

٤، دەبێ بۆ دروستکردنی فرقەی دیموکڕات و تەنزیمی ئەسنادی لازم پەله بکەن.

٦ ، بڵاوکردنەوەی جەراید فەورییەتی هەیه.

له ئاخروئوخری مانگی موردادی ١٣٢٤ کاری بەرایی بۆ راگەیاندنی تەشکیلی فرقه کۆتایی هات. ئەو کەسانەی قەرار وابوو ئیعلامییەی بۆرۆی تەشکیلاتی فرقه به سەدارەتی پیشەوەری ئیمزابکەن دیاری

کرابوون. پێش نووسی ئەو ئیعلامیەیە بە تەسویبی مقاماتی رێبەریی باکۆ گەیشت و نوسخەیەکیان بۆ موسکۆ نارد.

س، یمیلیانوف لە گوزارشێک لە بارەی رەوتی پێشڕەفتی کارەکان لە ئازربایجان دەنووسێ : بەعزێک لە رێبەرانی حزبی تودە بۆ گەیشتن بە قازانجە شەخسیەکانی خۆیان حەول دەدەن. آرداشس آوانسیان و ئەمیرخیزی لە دارشتنی تەرحی هێندێك کردەوەی خراپکارانە و تالآندا دەستیان هەیە . ئەوان بانگەواز بۆ راپەڕینی چەکدارانە دەکەن. هەرچەند ئەو بانگەوازە لە زاهیردا لە دژی رژیمی دواکەوتووی تارانە بەڵام لە راستیدا هەڵوێستێکە دژی تەشکیلی فرقەی سەربەخۆ لە ئازربایجان. ئەوان دژی خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەیی لە ئازربایجانن.

بەیانیی رۆژی ١٢ی شەهریوەری ١٣٢٤ کاتێک خەڵکی شارەکانی ئازربایجان لە خەو هەستان چاویان بەو ئێعلامیانە کەوت کە بە زمانی تورکی نووسرابوون و بە دیوارانیانەوە چەسپاندبوو.و خەبەری تەشکیلی فرقەی دیموکراتی ئازەربایجانیان دەدا و ئامانجەکانی فرقەیان روون دەکردەوە. نزیک هوشتا کەس لە توجار، خاوەن مڵک، تێکۆشەرانی سیاسی ، رووناکبیران، کرێکاران، وەرزێران و رووحانییەکان ئیمزایانکردبوو. دوای راگەیاندنی مەوجوودیەتی فرقە ئینگلیسییەکان لە نێو عەشایری جنووبدا هێندێک بەرنامەیان لە نەزەر گرتبوو. لە گوزارشێکدا کە مەعموورانی ئەمنیەتی شووڕەوی بۆ ستالینیان ناردووە نووسیویانە: جووڵانەوەی جیاوازیخوازانەی ئازربایجان بێجگە لە ئینگلیسییەکان و ئەمریکاییەکان ، تورکەکانیشی دڵگیر و نیگەران کردووە . کونسوولگەریی ئەو وڵاتە لە ورمێ و تەورێز نووسیویانە مەبەستی سەرەکی لە جووڵانەوە لە شیمالی ئێران لکاندنی ئازربایجانی ئێران بە یەکییەتی سوفیەتەوەیە.

هەر چەند لە قەراری رێکەوتی ١٥ ی تیری کومیتەی ناوەندیی ئیتحادی جەماهیری شووڕەوی لە بارەی رێکخستنی جووڵانەوەی جیاوازیخوازانە لە گێڵان و مازەندەران و خوراسانیش دەستووردرابوو ، میر جەعفەر باقروف لە نامەی رێکەوتی ٢٨ ی سپتامبری خۆیدا بۆ ستالین دەنووسێ :

هەرچەند کە تەواوی سەرنج و هێزی خۆمان بۆ کاروباری دیتنەوەی نەفت لە ویلایاتی شیمالی ئێران و بەرەو پێشبردنی مەسەلەی ئازربایجان و کوردستان بەکارهێناوە، نەمانتوانیوە لە گێڵان و مازەندەران و خوراسان کارەکانی جووڵانەوەی جیاوازیخوازانە دەست پێبکەین. بۆ وتووێژ لە بارەی پێشڕەفتی کارەکان لە ئازربایجان لە ئاخری مانگی سپتامبری ١٩٤٥ میرجەعفەر باقروف بۆ موسکۆ بانگ کرا.و لە جەلەسەیەک بە بەشداریی مولوتوف، بریا و مالنکوف ئاخرین مەتنی بەرنامە و نیزامنامەی فرقەی دیموکرات خرایە بەرباس و لێوردبوونەوە و هێندێک ئاڵوگۆڕی تێدا کرا. گوزاریشی باقرۆف لە بارەی پەلەکردن لە کارەکان لە ئازربایجان پەسند کرا. لە سەر بڕیاری کومیتەی ناوەندیی حزبی کومونیستی شووڕەوی، رێکەوتی ١٨ ی ئوکتوبری ١٩٤٥ لە نیوەی هەوەڵی مانگی نوامبر ٨٠ مەعمووری ئەمنیەتیی شووڕەوی کە دەورەی راهێنانی تایبەتییان دیتبوو ناردرانە ئازربایجان و هێندێک کردەوەی تێرۆریستییان ئەنجام دا . لە میانە ئەنساری مالیکی، ناسراو لە زەنجان یەک لە نزیکانی زولفەقاری بە نێوی رەهنما هەروەها ئەحمەداغا ئێڵاهیاری خاوەنی ئاوایی نقدوز بە دەستی ئەندامانی ئەو گروپە تێرۆریستییە کوژران.

سەرچاوە: کتێبی فراز و فرود  فرقه دمکرات آذربایجان.


نووسینی : جمیل حسنلی     وەرگێڕانی منصور همامی

له فارسییەوە کراوە بە کوردی

زنجیره وتار: کۆماری کوردستان- دووی ڕێبەندان (٢٤)
ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار

---

هاوینی ساڵی ١٩٤٥ / بڕیار دانەکانی موسکۆ سەبارەت بە ئازربایجان




مانگی ژوئێنی ١٩٤٥ ڕەوتی کارەکان لە ئازربایجان توندتر بۆوە. داواکارییەکانی یەک بەدوای یەکی میرجەعفەرباقرۆف لە موسکۆ بە ئاکام گەیشتن و ١٣٢٤/٣/٢٠ ستالین قەراری مەحرەمانەی سەبارەت بە بەرپاکردنی دامەزراوە سەنعەتییەکانی شوورەوی لە شیمالی ئێران سادر کرد. لەو قەرارەدا باسی دامەزراندنی شوعبەکانی دامەزراوە سەنعەتییەکانی ئازەربایجانی شوورەوی لە شاری تەورێزو باقی شارەکانی دیکەی شیمالی ئێران هاتبووە گۆڕێ. ئەو کارخانە سەنعەتییانە بریتی بوون لە کارخانەکانی قەند، کەوش بە زەرفییەتی ١٠٠٠٠٠ جووت لە ساڵدا نەساجی، گۆرەوی دروستکردن لە تەورێز و کارخانەی ئاوریشم رستن لە رەشت. بۆ دروستکردن و وەرێخستنی ئەو کارخانانە دەبا کادری فەننی لە ئازەربایجانی شوورەوییەوە بنێردرێنە ئێران. ناردنی تەجهیزاتی ئەو کارخانانە دەبا تا ٩ی مانگی میهری ١٣٢٤ تەواو کرابایە. بەڕێوەبردنی ئەو بەرنامەیە بە تەیموور قولی ئۆف سەدری شوورای کومسیۆنەکانی خەڵکی ئازەربایجان ئەسپێردرابوو. ئەو بڕیارەی ستالین لە پێکەوە بەستنی بەوزوانەی ئازەربایجان لەگەڵ ئازربایجانی شوورەوی دەدوا. هەروەها بە کومیسارییای کاروباری دەرەوەی یەکیەتی سوڤیەت و کۆمیتەی ناوەندیی حزبی کومونیستی ئازەربایجان مەعمووریەت درا بۆ حەللی کێشەی ئازەربایجان گەڵاڵە پێویستەکان ئامادە بکا.

١١ی خوردادی ١٣٢٤ کۆمیتەی ناوەندیی حزبی کومونیستی یەکیەتی سۆڤیەت لایحەی وەرێخستنی جووڵانەوەی جودایخوازانە لە ئازربایجان و باقی شارەکانی شیمالی ئێرانی بۆ رادەربڕین بۆ مولوتوف، باقروف و کافتارادزە نارد. ٢١ی مانگی ژوئێنی ١٩٤٥ ستالین سەنەدێکی بە تەواوی نهێنی بۆ کاری زەمینشناسی و دۆزینەوەی ناوچە نەفتییەکانی شیمالی ئێران ئیمزاکرد. لە مانگی شەهریوەر/ میهری ١٣٢٤ گرووپەکانی نەفتیی شوورەوی لە گێلان، مازەندەران، گورگان و ئازربایجان کاری هیدروژئولوژییان دەستپێکرد. کاری دۆزینەوەکان بوونی زەخیرەی نەفت وگاز لە دەشتی گورگان. مازەندەران و رەشتی تەئید کرد بەڵام لە ئازربایجان ئاکامەکە مەنفی بوو. رەنگە یەک لە هۆیەکانی پەلەی رووسەکان لە شیمالی ئێران ئەوەبوو کە ئینگلیسییەکان عەمەلییاتی نەخشەبەرداری لە ناوچەکانی شیمال و شیمالی شەرقی تارانیان دەست پێکردبوو . سازمانی ئەمنیەتی شوورەوی ئاگایان لەو جمووجۆڵە بوو و پێیان وابوو ئەو حەولانە بۆ هەموو ناوچەکانی شیمالی ئێران پەرە دەگرێ. بە هەر حاڵ وادیارە ئیمزاکردنی ئەو بڕیارە لە لایەن ستالینەوە مەسەلەی نەفتی لە سیاسەتی شوورەوی بۆ ئازربایجان و ئێران خستە سەرووی مەسالە سیاسییەکانی دیکە . لە سەرەتاکانی مانگی تیر/ موردادی ساڵی ١٣٢٤ میر جەعفەر باقرۆف بۆ موسکو بانگ کرا و لە

ڕۆژی شەشەمی ئەو مانگەدا دەفتەری سیاسی کومیتەی ناوەندیی حزبی کومونیستی ئیتحادی جەماهیری شووڕەوی قەرارێکی نهێنی بە نێوی (تدابیر لازم در مورد سازماندهی جنبشهای جدایی خواهانه در آذربایجان جنوبی و سایر شهرهای شمال ایران) سادر کرد. بۆ ڕێبەریی ئەو جووڵانەوە سەربەخۆیی خوازە لە ئازربایجانی جنووبی ڕێکخستنی فرقەی دیموکراتی ئازربایجان پێش بینی کرابوو. بە دروستکردنی فیرقەی دیموکرات دەبا کومیتەی ئەیالەتیی حزبی توودەی ئێران لە بنەڕەترا بگوڕێ و لە تەواوی ئەو توێژانەی نێو خەڵک کە لایەنگری جیابوونەوەی ئازربایجانن بێنە ناو فرقەوە . لە بەندی سێهەمی بریاری دەفتەری سیاسی، لە کوردستانیش جووڵانەوەی سەربەخۆیی خوازی و بەرقەراریی خودموختاری پێش بینی کرابوو.

بۆ ڕێبەریی جووڵانەوەی سەربەخۆیی خوازی ئازربایجان دەبا فەورەن گرووپێکی بەرپرس لە تەورێز دروست بکرێ کە لەگەڵ سەرکونسوولی شووڕەوی لە پێوەندیدابێ . ڕێبەریی ئەو گرووپە بە عۆدەی میر جەعفەر باقرۆف و م، یەعقوبوف سپێردرا. لە بەندی پێنجەمی ئەو قەرارەی دەفتەری سیاسی حزبی کومونیستی شووڕەوی دا هاتبوو کە لە ئازربایجان ئامادەکاریی بۆ هەڵبژاردنەکانی دەورەی پازدەهەمی مەجلیسی شووڕای میللی بکرێ . هەڵبژاردنی نوێنەرانی سەربەخۆییخوازی دەبا لەژێر چەتری ئەو دروشمانەدابا.

١، بەشێک لە زەمینی دەوڵەتی و زەمینی خاوەن مڵکە گەورەکان بدرێ بە وەرزێران و قەرزی درێژخایەنیان بدەنێ.

٢، چارەسەرکردنی موشکلی بێکاری لە ڕێگای پەرەپێدانی دامەزراوە دەوڵەتییەکان و دروستکردنی رایەڵەی پێوەندی و باقی تێکۆشانە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە.

٣، ئاوەدانکردنی شارەکان و تەئمینی ئاو بو دانیشتوانی.

٤، چاککردنی باری لەشساغی.

٥، دانانی زیاتر لە ٥٠ لە سەدی داهاتەکانی دەوڵەتیی لە ئازربایجان بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی محەللی.

٦، بەرابەریی کەمینەکانی نەتەوەیی ئازربایجانییەکان، کوردەکان، ئەرمەنییەکان و ئاسۆرییەکان بۆ دروستکردنی مەدرەسە ، چاپکردنی کتێب، ڕۆژنامەکان و گفتوگۆ بە زمانی دایک لە ئیدارات و دادگاکان و پێکهێنانی هێزی نەتەوەیی لە شارەبانی، ژاندارمێری ودروستکردنی ئەنجومەنەکانی ئەیالەتی و ویلایەتی بە شێوەی خودموختاری.

٧، ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە پەیوەندییەکانی ئێران و شووڕەویدا.

لە قەراری دەفتەری سیاسیی حزبی کومونیستی یەکییەتی سۆفیەتیدا پێش بینی کرابوو گرووپی چەکدار لە جیاوازیخوازانی ئازربایجان و لایەنگرانی شووڕەوی دروست بکرێ و چەکی غەیری دروستکراوی شووڕەوییان پێ بێ. بەرپرسایەتی ئەو بەشە لە قەراری کە درابوو کەوتە سەرشانی باقرۆف و بولگانین. بۆ دابینکردنی خەرجەکانی هەڵبژاردن بڕی یەک میلیون ڕوبل لە بەردەستی کومیتەی ناوەندیی حزبی کومونیستی ئازربایجان نرا. لە مانگی تیر/ موردادی ١٣٢٤ بە دەستوری باقرۆف (عبدالصمد کامبخش ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حزبی توده و نوێنەری مەجلیسی شووڕای میللی، سادقی پادگان بەرپرسی کومیتەی ئەیالەتیی حزبی توده لە ئازربایجان ، شەبستەری و میرجەعفەر پیشەوەری مودیری ڕۆژنامەی

(آژیر) بە نهێنی هێنرانە باکۆ و بڕیاردرا پیشەوەری بە شێوەی کاتی ڕێبەری فرقەی دیموکراتی ئازربایجان وەستۆ بگرێ.

باقرۆف لە نامەیەکدا بۆ ستالین لەو بەرپرسایەتییە ئاگاداریکرد و لە راپۆرتێکدا کە بۆ بریا، مۆلۆتۆف و مالنکۆفی نارد نووسی: پیشەوەری لە ئازربایجانی ئێران لە دایک بووە . ئەندامی پێشووی حزبی کومونیستی ئێران بووە . لە ئازربایجانی شوورەوی بەرپرسایەتی لە حزب و شووراکاندا هەبووە. ساڵی ۱۳۰۵ /۱۳۰٦ لە لایەن کومینترنەوە ناردراوەتە ئێران . دە ساڵ لە زیندانی رەزاشادا بووە و بە هاتنی ئەرتەشی سوور لە زیندان ئازاد بووە . دوو برای لە یەکییەتی سوفیەت دەژین . یەکیان ئەفسەری دوکتور لە ئەرتەشی سووردایە.

دەستوور بە کاربەدەستانی بەرپرس لە ئازاربایجان درا بۆ تێکەڵکردن و تواندنەوەی حزبی تودە لە فرقەدا چرکەساتێکیش لە دەست مەدەن. لە تێلگرامێکی رەمزیی کە بۆ مەعمووریکی ئیتلاعاتی بە نێوی خوازراوی (چوپان) ناردرا کوترابوو هەر جووڵەیەکی ئوستانداری ئازربایجان لە دژی ئەو بەرنامانە بیکا دەبێ سڕ بکرێ هەروەها کوترابوو رووحانیە پێشکەوتووەکان ، خاوەن مڵکەکان، بازرگانەکان و رووناکبیرەکان بۆ لای خۆتان رابکێشن و تا دەستووری تازە هیچ ناردراوێکی کومیتەی ناوەندیی حزبی تودە وەرمەگرن و حەول بدەن دوای راگەیاندنی ئەو تەرحەی ئێمە کومیتەی ناوەندیی حزبی تودە لە دروستکردنی فرقە پشتیوانی بکا. بەو مەعموورە ئیتلاعاتییە دەستوور درابوو ناوەرۆکی ئەو تێلگرافە بە ئاگاداریی (یعقوب اوف، یمیلیانوف، ماتوییف، آتاکشیوف و ژنراڵ روسۆف ) ئەندامی شوورای نیزامیی سپای چوارەم بگەیەنێ.

حیزبی تودە بە توندی دژایەتی خۆی بەرامبەر بە دروستکردنی فرقە راگەیاند. بە هەموو ئامرازێک پێشی بەرێوەچوونی ئەو نەخشەیەی دەگرت و هەرچەند لە دیداری باکۆدا بڕیار درابوو کە پیشەوەری، شەبستەری و پادگان بە هۆی ئەمنییەتییەوە لە تەورێز نەچنە دەرێ ، پادگان بۆ حەولدان بۆ قانع کردنی حزبی تودە چووە تاران. نەبوونی پێشرەفتی بەپەلەی کارەکان لە ئازربایجان و کێشەی حزبی تودە کاسەی سەبری باقرۆفی لێورێژ کرد. بۆ یمیلیانوف، حەسەنوف و میرزا ئیبراهیموفی نووسی : وادیارە (یعقوب اوف، آتاکشیف و قلی اوف) بە گرینگی نازانن کە هەر سەعاتێک بایەخی هەیە . دەبێ بە پەلە بجووڵێنەوە . هیچ شک نییە کە حزبی تودە لە دژی تەگبیرو رای ئێمەیە . دیانەوێ خەڵکمان لێ دوورخەنەوە. بۆیە لەو رەفیقانەی نێوم هێناون داوا دەکەم :

١، فەوری سادق پادگان سەحیح و سالم لە تارانەوە بگەرێننەوە تەورێز.

٢، هەرچی زووتر کەسانێک لە تەورێزەوە بۆ وتووێژ بنێرنە شارەکانی ئەرەدەبیل، خۆی، ماکۆ، ئەرومیە، مەراغە ، بەندەر پەهلەوی، رەشت و ئەگەر ئیمکان هەیە باقی شارەکانی دیکەش .

٣، لە هەموو رێبەرانی جووڵانەوەکە پارێزگاری بکرێ.

٤، دەبێ بۆ دروستکردنی فرقەی دیموکرات و تەنزیمی ئەسنادی لازم پەلە بکەن.

٦، بڵاوکردنەوەی جەراید فەورییەتی هەیە.

لە ئاخروئوخری مانگی موردادی ۱۳۲٤ کاری بەرایی بۆ راگەیاندنی تەشکیلی فرقە کۆتایی هات. ئەو کەسانەی قەرار وابوو ئیعلامییەی بۆرۆی تەشکیلاتی فرقە بە سەدارەتی پیشەوەری ئیمزابکەن دیاری

کرابوون. پێش نووسی ئەو ئیعلامیەیە بە تەسویبی مقاماتی رێبەریی باکۆ گەیشت و نوسخەیەکیان بۆ موسکۆ نارد.

س، یمیلیانوف لە گوزارشێک لە بارەی رەوتی پێشرەفتی کارەکان لە ئازربایجان دەنووسێ : بەعزێک لە رێبەرانی حزبی تودە بۆ گەیشتن بە قازانجە شەخسیەکانی خۆیان حەول دەدەن. آرداشس آوانسیان و ئەمیرخیزی لە دارشتنی تەرحی هێندێك کردەوەی خراپکارانە و تاڵاندا دەستیان هەیە . ئەوان بانگەواز بۆ راپەڕینی چەکدارانە دەکەن. هەرچەند ئەو بانگەوازە لە زاهیردا لە دژی رژیمی دواکەوتووی تارانە بەڵام لە راستیدا هەڵوێستێکە دژی تەشکیلی فرقەی سەربەخۆ لە ئازربایجان. ئەوان دژی خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەیی لە ئازربایجانن.

بەیانیی رۆژی ١٢ی شەهریوەری ١٣٢٤ کاتێک خەڵکی شارەکانی ئازربایجان لە خەو هەستان چاویان بەو ئێعلامیانە کەوت کە بە زمانی تورکی نووسرابوون و بە دیوارانیانەوە چەسپاندبوو.و خەبەری تەشکیلی فرقەی دیموکراتی ئازەربایجانیان دەدا و ئامانجەکانی فرقەیان روون دەکردەوە. نزیک هوشتا کەس لە توجار، خاوەن ملک، تێکۆشەرانی سیاسی ، رووناکبیران، کرێکاران، وەرزێران و رووحانییەکان ئیمزایانکردبوو. دوای راگەیاندنی مەوجوودیەتی فرقە ئینگلیسییەکان لە نێو عەشایری جنووبدا هێندێک بەرنامەیان لە نەزەر گرتبوو. لە گوزارشێکدا کە مەعمووڕانی ئەمنیەتیی شوورەوی بۆ ستالینیان ناردووە نووسیویانە: جووڵانەوەی جیاوازیخوازانەی ئازربایجان بێجگە لە ئینگلیسییەکان و ئەمریکاییەکان ، تورکەکانیشی دڵگیر و نیگەران کردووە . کونسوولگەریی ئەو وڵاتە لە ورمێ و تەورێز نووسیویانە مەبەستی سەرەکی لە جووڵانەوە لە شیمالی ئێران لکاندنی ئازربایجانی ئێران بە یەکییەتی سوفیەتەوەیە.


هەر چەند لە قەراری رێکەوتی ١٥ ی تیری کومیتەی ناوەندیی ئیتحادی جەماهیری شوورەوی لە بارەی رێکخستنی جووڵانەوەی جیاوازیخوازانە لە گێلان و مازەندەران و خوراسانیش دەستووردرابوو ، میر جەعفەر باقروف لە نامەی رێکەوتی ٢٨ ی سپتامبری خۆیدا بۆ ستالین دەنووسێ :

هەرچەند کە تەواوی سەرنج و هێزی خۆمان بۆ کاروباری دیتنەوەی نەفت لە ویلایاتی شیمالی ئێران و بەرەو پێشبردنی مەسەلەی ئازربایجان و کوردستان بەکارهێناوە، نەمانتوانیوە لە گێلان و مازەندەران و خوراسان کارەکانی جووڵانەوەی جیاوازیخوازانە دەست پێبکەین. بۆ وتووێژ لە بارەی پێشرەفتی کارەکان لە ئازربایجان لە ئاخری مانگی سپتامبری ١٩٤٥ میرجەعفەر باقروف بۆ موسکۆ بانگ کرا.و لە جەلەسەیەک بە بەشداریی مولوتوف، بریا و مالنکوف ئاخرین مەتنی بەرنامە و نیزامنامەی فرقەی دیموکرات خرایە بەرباس و لێوردبوونەوە و هێندێک ئاڵوگۆڕی تێدا کرا. گوزاریشی باقرۆف لە بارەی پەلەکردن لە کارەکان لە ئازربایجان پەسند کرا. لە سەر بڕیاری کومیتەی ناوەندیی حزبی کومونیستی شوورەوی، رێکەوتی ١٨ ی ئوکتوبری ١٩٤٥ لە نیوەی هەوەڵی مانگی نوامبر ٨٠ مەعمووری ئەمنیەتیی شوورەوی کە دەورەی راهێنانی تایبەتییان دیتبوو ناردرانە ئازربایجان و هێندێک کردەوەی تێرۆریستییان ئەنجام دا . لە میانە ئەنساری مالیکی، ناسراو لە زەنجان یەک لە نزیکانی زولفەقاری بە نێوی رەهنما هەروەها ئەحمەداغا ئێڵاهیاری خاوەنی ئاوایی نقدوز بە دەستی ئەندامانی ئەو گروپە تێرۆریستییە کوژران.

سەرچاوە: کتێبی فراز و فرود  فرقه دمکرات آذربایجان.

نووسینی : جمیل حسنلی      وەرگێڕانی منصور همامی

له فارسییەوە کراوە بە کوردی




## زانکۆی ئەڕتەش

کۆماری کوردستان بۆ بەهێزکردنی ئەرتەشی خۆی دوو دەستە دانشجووی نارده تەورێز و باکۆیە. ئەمن بۆ تەورێز و کاکە رەحمانیشم بۆ باکۆیە بەرێکراین. دەستەی ئێمە کە ٣٣ کەس بووین هەموو کورد بووین. ئەو دانشکەدەیە لە فرۆکەخانەی تەورێز داندرابوو. دانشکەدەی نیزام بڕیاری دابوو کە لە ماوەی ٦ مانگدا ئێمە بە تەواوی فێری هەموو پسپۆرییەکانی نیزامی بکەن. هەریەکە تەختە خەوێکیان بۆ دیاریکردین کە دۆشەگەکەی زۆرباش و مەلافەی خاوێنی پێدادرابوو و پەتوکانی ٣ قامک ئەستوور بوون . دیارە ئەو شتانە تایبەت بە ئێمە بوون و جێگاوبانی تەورێزییەکان زۆر خراپ بوو . دۆشەگی ئەوان یان گەڵا هەرزنی تێدابوو یان کا.

ئەو شوێنەی ئێمە زیاتر لە ٣٠ ژن هەر چێشتیان ئامادە دەکرد یان شیو و کوڵیان بۆ دەکردین. خواردنی ئێمە تایبەتی بوو. لە سەر میز بۆیان دەچنین و وەک ئەوانی دیکە نەبوو کە سەفیان دەگرت و بۆخۆیان وەریاندەگرت. غەزای ئێمە نەدەدرا بە سەربازان و مەنجەڵی ئەوان بە جویێ بوو . ئەگەر پڵاووگۆشتیان دابا بە ئێمە ێ ئەوان شوولە بوو. دیارە ئەمن بەوە زۆر نارەحەت بووم و هەر ئەوکات بۆم دەرکەوت کومونیستیش بەرابەریی تێدا نییە. لە دەوری ئەو پادگانەی ئێمەدا دەبوایە دایم دوو ئەسپ سوار کە شیریان بە قەدییەوە بوو بسووڕێنەوە و کێشک بکێشن. لەولاتریشەوە مقەڕێکی گەورەی تۆپخانەی رووسانی لێبوو. ئێمە سەرجەم ٣ مانگ لەوێبووین. عورووس و تورکی قەفقازی دەرسیان پێدەگوتین. دوکتورێکی رەشی ناقوڵای ناحەزی لێبوو تورکی قەفقاز بوو تورکی تەورێزیش لێی حاڵی نەدەبوون. دەرسی بەرینپێچیی فێری ئێمە دەکرد. دەیگوت ئەوەڵین کارێکی کە دەبێ ئێوە فێری بن برینپێچییە، بۆئەوەی بتوانن برینداران لە مەرگ نەجات بدەن و بیگەیەننە شوێنی خۆی. رۆژێک دەرسی دەگوت و هەر دەیکوت سیچرمێش ئێرە، دیچرمێش ئێرە . ئێمەش نەماندەزانی ئەوە مانای چییە. بە دەنگی بەرز هەموومان وێگرا دەمانکوتەوە(سیچرمێش ئیرە، دیچرمێش ئێرە) و ببوو بە گۆرانییەکی تەواو. ئەویش پێیوابوو ئێمە زۆرچاک حاڵی بووین. هەر پێدەکەنی ئیدی نەیدەزانی کە ئێمە یەک کەلیمەش حاڵی نەبووین تا رۆژێک داوایەکمان نووسی کە ئێمە کوردین و ترکی نازانین. لەسەر ئەو داوایە دەرسەکەیان بۆ گۆڕین و کردیانە فارسی. گرووهبانێکی ئەرتەشی شای دوایی پێیکوتین کە سیچرمێش برینی سەرنێزەیە و دیچر مێش برینی گوللەیە و ئەو کێشەیەی بۆ حەل کردین. ئەفسەرانی ئەو دەورەیەی ئێمە زۆربەیان فارس بوون و لە تارانێ را هاتبوون . ئەوانە زۆرتر دەهاتنە لای ئێمە و تورکەکانیان بە کەر دەزانی و خۆشیان نەدەویستن. لە نێو ئەوانەدا ئەفسەرێک بوو بە نێوی سولتان بیگدلی کە زۆرمان خوشدەویست.

ئەو شوێنەی ئێمە ٣ تەیارەی فانتێری لێبوو. رۆژێکیش ئەفسەرێکی ئێرانی بە نێوی سوڵتان رەزا لە فەوجی یەکی ژمارە ٢٦ ی تارانێ تەیارەیەکی رەشی رفاند و هێنایە ئەو شوێنە . دیارە فرۆکەوانەکانی ئەو تە یارانەش حەقیان نەبوو لە کێوی سورخابی زیاتر تێپەڕن چونکە پێیانوابوو هەڵدێنەوە بۆ تارانێ. رۆژێک سوڵتان رەزا گۆرانی بێژێکی تەورێزیی هێنابوو بۆ ئەوەی لە سەر شاری بیگێڕێ . کە تەیارەکە هەستا لە نەکاو لە ژێر کونترولی بورجی چاوەدێریدا نەما و لە سەر تەورێزێ ون بوو . فەرماندەیەکی هێزی ئاسمانی کە ئەرمەنییەکی چاوشین بوو بە ماشێنێک کە مسەلسەلی لەسەردابەسترابوو خۆی گەیاندە

تەیارەیەکی هانتێر و لە حاستە خۆی بەپەلە بڵیند بوو . دوایە بە فەوری نیشتەوە و هاتە لای ئێمە و کوتی کوردەکان سواری دوو ماشێنان بن و بچنە لای مەیدانی سەعات لە تەورێزێ و لەوێ تەیارەکە کەوتووە و بیهێننەوە . ئەگەر چووین کەلاکەکەیان تازە لابردبوو مێشکی بە عەرزییەوە نووسابوو. ئێمە لەتوپەتی تەیارەکەمان کۆکردەوە و هێنامانەوە . زیاتر لە حەوتوویەکی ئێمە هەردەچووین چاومان لە نێو زگی تەیارەکەی دەکرد. رۆژێک ئێمەیان بردە نێوشاری لەوێ هەر شوێنەونکەیان پێدەکردین دیاربوو نەیاندەویست خەڵک بزانن کە ئێمە بۆ چ ماڵێکی دەبەن . لە ئاخریدا بردیانینە خانووبەرەیەکی زۆرکۆنی گەورە کە حەوزخانە و ژێرخانی زۆر گەورەی تێدابوو. لە ژێرخانەکاندا هەرجۆرە تفەنگێکی رووسی قەدیم وەک سێ تیر و پێنج تیر یان هەرچەشنە تاپڕ و ساچمەزەن و رەشۆکی و سەرپڕت ویستبا لێ بوو . لە دیوێکی دیکە هەر تفەنگی تازە داندرابوو. لە نێو ئەواندا سی دانە تیربار کە لە پازدە سندووقاندا بەستەبەندی کرابوون بە فیشەکێکی زۆرەوە پێیان هەڵگرتین و هێنامانەوە و بە بێنزین هەموویان پێ خاوێن کردینەوە . دوایە لەسەر سکۆیان دانان و تەقەیان لە پۆلایەکی ئەستوور دەکرد بۆ ئەوەی بزانن بڕشتیان چۆنە و چۆن کاردەکەن. ئەوجار تیربارێکیان دا بە ئێمە وگوتیان هەر تەیارەیەکی ئێرانی کەلە سورخاێ را وەدەرکەوت تەقەی لێبکەن. دیارە تە یارەی شاهەنشاهی جارجار هێرشیان دەکرد و ئێمەش خوداخودامان بوو کە لە شوێنێکی وەدەرکەون و تەقەیان لێبکەین. بەڵام هەر نەماندیتن. ئەوان هەر لە دووررا تەقەیەکیان دەکرد و رایان دەگەیاند کە تەورێزیان بۆمباران کردووە بەڵام قەت نەیانوێرا خۆ نیشانی تەورێزێ بدەن.

لەو ماوەیەدا تفەنگی برنەویان دا بە ئێمە کە لە سەر قونداغەکەی نێوی خۆمان هەڵقەندبوو، هەروەها بە هەر ١٠ کەسان تیربارێک و یەک تێر فیشەکیان دایێ . دیارە فەرماندەری دەستەکان ئافتاماتیان پێبوو. لەو سەروبەندەدا گروهبانێک بە نێوی گروهبان قازی کە لە ئەرتەشی شاهەنشاهی رایکردبوو و لەوێ کردبوویانە سەرهەنگ لە شەڕی قافلانکۆیەدا کوژرا. ئێمەیان نارد تەرمەکەمان هێناوە و لە قەبرستانی سەید هەمزە دوای نوتقێکی ناشتیان. پاش ماوەیەکی دیکە یەک دوو ئەفسەری رووسان هاتن و دەستوریاندا کە دەبێ ئەو فرۆکەخانە کۆنەی کە لە نزیک ئەو شوێنەی ئێمە هەڵکەوتبوو و مەیدانەکەی بە خشتی لەسەر پەنجە سازکرابوو و زۆر گەورە بوو چاک بکرێتەوە و ئەو گژو گیایەی کە تێیدابوو دەەبوو خاوێنی بکەینەوە و فرێی بدەین. ئەوان دەویانکوت قەرارە ١٠٠ تەیارەی رووس بێتە ئێرە و دەبێ جێیان بۆ بکرێتەوە. ئەو جار شەوێکی ٧٠٠ کەسیان بردین و لە دەوری پادگانێ بە قووڵایی٢/٥ و بە پانایی ١ میتر خەندەکیان پێ هەڵقەندین. دوایەش هەر بەو شەوەی تەمرینی ئەوەیان پێکردین کە بە دوو دەقیقە خۆ لەو خەندەکە باوێین . ئەوە مەشقی شەوانەمان بوو. لە بەر بۆمبارانێ وایاندەکرد. شەوێک خەندەکمان هەڵدەقەند مانگ گیرا و تاریک بوو . گروهبانێکمان هەبوو گوتی کوڕینە دەزانن بۆ مانگ گیراوە ؟ ئێمە گوتمان مانگە و دەگیرێ . گوتی ئەوە نەحسە ئێران وای لێدێ کە خوێن سەران بەرێ. ئەوجار وەزعی پادگان بە تەواوی گۆردرا و نەیاندەهێشت هاتووچۆی شاری تەورێز بکەین و زۆر توندیان گرتبوو  و تەنانەت چەند سەربازیش نەیاندەوێرا لێک کۆ ببنەوە، ئەوەندە خەفەقان بوو . ئەگەر کیلۆمیترێکیش قەرەیەخەیەک بە لای مەیدانی فرۆکە خانەیدا بەرەو تەورێز تێپەڕیبا دەیانگێڕاوە.

ئەوکات زۆرجار تەیارەیەکی زەلامی موسافری لە نێوان تەورێز و تاراندا هاتووچۆی دەکرد . رۆژێک تورکێک پێی گوتین کە پێشەوا لە فرۆکە خانەیە ، ئەمەش بە غار خۆمان گەیاندە فرۆکەخانە . پێشەوا لە وێبوو پیشەوەری و سەدری قازیی لەگەڵ بوو. پێشەوا کە زانی ئێمە لەوێین کۆی کردینەوە و قسەی بۆ کردین و گوتی: ئازا و بە غیرەت بن. لێرە خۆتان بە فەقیر مەزانن . ئێوە کەم نین . ئێوە نموونەی میللەتێکن و کورد هەمووی چاوی لە ئێوەیە. ئەمن پێشتر پیشەوەریم دیتبوو ، ردێنی ماش و برینجی ببوو. لەو سەفەرەدا دیاربوو پێشەوا بۆ سەردانی پیشەوەری و بۆ بەرێکردنی سەدری قازی بۆ تارانێ هاتبوو. دوای ئەوەی سەدری قازی سواری تەیارەی بوو پێشەوا و پیشەوەری گەڕانەوە بۆ تەورێزێ و لەوێشڕا پێشەوا بە سواری ماشێنێکی تازە کە عرووسان دابوویانێ گەڕاوە بۆ مهاباد. بێجگە لەوجارەش جارێکی دیکەش لە فرۆکەخانەی تەورێز چاومان بە پێشەوا کەوت بەڵام ئەوجار لە تارانێ لە لای قەوام سەرۆک وەزیران را گەڕابۆوە. هەروەها دواتریش لە کاتی تێکچوونی کۆماردا ئەفسەرێک بە منی گوت : پێشەوا بە دزی هاتۆتە تەورێزێ و ٤ سەعات لەگەڵ پێشەوەری دانیشتنیان هەبووە و کەس ئاگاداری کۆبوونەوەکەیان نەبووە و روون نییە چ گوتراوە.

لەگەڵ خراپتربوونی وەزعەکە رۆژێک بە بیانووی ئەوەی کە براکوردەکان لە بەرەی سەقز هیچیان نییە و دەیانەوێ هێرش بکەنە سەر شاری سەقز و تا کرماشان بیگرن ، یەکی یەک پەتوویان لێ ئەستاندین. ئەوە ئەتۆ مەزانە کە رووسەکان دەیانویست وردەوردە بێ ئەوەی کۆماری ئازەربایجان پێ بزانێ چەکوچۆڵ و شتە باشەکانیان لێ بستێننەوە.

ئێوارێیەکی ئێمەیان بردە تەورێز و لە لای مەیدانی سەعات چێگیربووین . ئەفسەرەکان پێیان گوتین کە شار بۆمباراب دەکرێ و ئێوە دەبێ نەهێڵن قەرەپشی وڵاتی تاڵان بکەنو ئەگەر ماڵێک وەبەر بۆمب کەوت دەبێ برینداەکان زوو بۆ نەخۆشخانەی راگوێزن و بۆخۆشیان چوون لە ساڵۆنی گەورەی فەرمانداریدا کۆنوونەوەیان هەبوو. دووسەعاتیان پێچوو. هەر نەهاتنەوە و ئێمەش لە بن دیواران دانیشتبووین و سارد ببووینەوە . دوایە ئەفسەرێک و گوروهبانێک هاتن و هە ڵیانستاندین و دەستووریان پێداین بگەرێینەوە. نەزم نەمابوو. جاران بەندی قەیتانی کەوشت کراباوە حەقت نەبوو لە سەف بێیە دەرێ و توندی بکەیەوە . ئێستا شڕووڕ بەورێ و لارێیانەدا دەرۆیشتین و تفەنگیشمان پێنەبوو. تەنیا گوروهبانەکە ئافتاماتێکی پێبوو . لە قەراغ شاری تووشی ١٢ ماشێنان بووین ، گوتیان ئەوە بنەماڵەی پێشەوەری و ژنراڵەکانن کە بەرەو عوروسیات هەڵدێن. ئەوجار ماشێنی پیشەوەری کە یەکی رەشی تازەبوو هاتوو بە توندی تێ پەڕی. وەخت بوو وەسەرمان پەڕێ. بە دوای ئەوەیدا ماشێنێکی دیکە هات ، ئەفسەرێکی بە بنەماڵەوە تێدابوو، رایگرت و ئەفسەرەکە گوتی : ئەوە بۆ وا بێ ئینزیباتن و بۆ وادەکەن ؟ گروهبانەکە کە ئافتاماتی پێبووتێڕاخوڕی و جنێوی پێدا و گوتی: ئەوە هەڵدێن و ئێمە بەرەڵلادەکەن و تەسلیمی ئەرتەشمان دەکەنەوە تا بمانکووژن؟ هەی بێ شەرە فینە.

وردەوردە حەشیمەت لە کۆڵان و شەقامانداکۆ ببوونەوە و راگەیە ندراوی پێشەوەری لە سەر شەڕ نەکردن بڵاو ببۆوە. جاران کە بە شەقاماندا دەرۆیشتین کەس نەیدەوێرا چاومان لێبکا ، ئێستا وەخت بوو سواری سەرمان بن. تا هەر چۆنێک بوو گەیشتینەوە پادگانێ . ئەمن زۆر ماندوو ببووم و لە سەر روو لە دیوەکەی خۆم، لە سەر تەختەکە درێژ ببووم . برایمی بابانزادە کە خەڵکی مهاباد بوو و پیاوێکی قوڵە خرەی تێک سرماو زۆر زیرەک و وریابوو هاتە ژوورێ و کوتی کوڕە ئەوە ئەتۆ بۆ نوستووی. راستەوە بە. نازانی تێکچووە، دەمانکووژن.

کوڕە ئەوەی مەڵێ زمانت دەبڕن.

کوڕە هەستە تێکچووە . دەرپەڕە. لە ئێمە زیاتر کەس نەماوە.  دەبێ هەڵێین.

ئاخر بۆ کوێ هەڵێین ئێرە سۆڤیانە نزیک تەورێزە. هیچ کوێ پێنازانین.

نازانم هەستە.

هاتینە دەرێ . لەولاتر تۆپخانەی عروسان باری دەکرد و بۆ پارێزگاری لە خۆ و بە پێی قاعیدە ی ئەرتەش لە خۆڕا دەوروبەری خۆی دەکوتا . چووینە بەر دەرکی باشگای ئەفسەران. سێ چوار قولدورمولدوری لێمابوو. ستوان سێیەک و گروهبانێک موسەلسەلیان دانابوو و هەڵیان دەتوقاندو دەیانگوڕاند. نەخۆش و پەرستاری نەخۆشخانەکەش وەک مردوو لێیان هاڵابوون و رەنگیان بە رووەوە نەمابوو. لەبەر خۆمەوە گوتم نا تێکچووە. چاو جاران ئینزیبات چۆن بوو و شەپکە چەند توند بوو.ئێستا ئەو کەسافەتانە دەڵێن وادەکەین و وابچێ. دیارە هەر لەو ماوە کورتەی دا ئەسلەحەکان دزرابوون ئێمەش کەرەسەکانمان لە عەمبارێ دابوو. دەرکەش قفڵ درابوو. هاچەریش بە ئەفسەرێک بوو. ئەویش هە ڵاتبوو. بە ناچار دەرکەمان بە قوڵینگی شکاند هەر کە دەرکە کراوە بوو بە پاڵە پەستۆ و هیچمان مۆڵەتمان بە هیچمان نەدەدا کە بە شێنەیی هەر کەسە ساک و کەرەسەی خۆی دەربێنێ.  پاڵە پەستۆیەک بوو مەگەر خودا بزانێ. یەک یەکی دەکێشا یەک دەکەوت یەک هەڵدەستاوە یەک دەدەرکەی گیرابوو . ئەوەی دەڵێن لە حیجازێ خەڵک دەبەر پێیاندا دەست و لاقی دەشکێ شتێکی سەیر نییە. سەیر ئەوەیە ئەو ٤٠/٥٠ کەسە وەختە بوو دەبن پێیاندا دەست و لاقمان بشکێ. ئەمن هەر هاوارم دەکرد کوڕە وامەکەن ، کوڕە هەتا ئێستا هەموو شتەکانمان دەردێنا بەڵام هیچ فایدەی نەبوو. ئێمە نەماندەزانی چ بکەین و بۆ کوێ بچین ؟ دەی با بەرەو تەورێز بڕۆین. سەربازێکی فەقیر لەوێ بوو کێشکی دەکێشا . پێمانگوت کاکە بڕۆ تێکچووە. بەو چۆڵ و سەحرایەدا بەرەو تەورێز کە نزیک سەعاتونیوێک دوور بوو وەرێکەوتین. لەو ماوەیەشدا تەقەش دەستی پێکرد. پەرستارەکان و هێندێک خەڵکی دیکەی تەورێزیش کە زۆربەیان ئافرەت بوون لەگەڵ ئێمە کەوتن و سەرجەم بووینە ٦٠ کەس. فەتاحی

ئەسحابی و عەوڵای قازیزادە کە خەڵکی مهابادێ بوون دەگەڵمان نەکەوتن و نەهاتن بۆ تەورێزێ . ئەوان دوو تفەنگی سەربازخانەیان دەست دابوویە و بە پێیان بە کوێرە رێیاندا چووبوونەوە مهابادێ.


دوای سەعات و نیوێک گەیشتینە نێو شاری . دەبوو بە نێو بازاڕیدا بچینە موسافیرخانەی ژاڵە. لە چەند شوێن سەربازی بەدبەخت لە سەر پۆستی خۆیان هەرمابوون و لە ئێمەیان دەپرسی چ قەوماوە؟ ئێمەش پێماندەگوتن بچنەوە ماڵی خۆیان. گەیشتینە بەردەرکی موسافیرخانەی ژاڵە . گوتمان ئەگەر ئاوابچین زۆرین دەترسێن دەرکەمان لێناکەنەوە بۆیە باشترە بە فێڵ بچینە ژوورێ. بەشێک لە قاناوی بەردەرەکەیدا خۆیان شاردەوە و ئەمن و دووکەس بەگزادە چووینە بەر دەرکەی و لە دەگاکەماندا . دەرکە بە حاستەم کراوە و گوتیان کێن؟ ئێمەش گوتمان مەرەخەسیمان هەیە و شتمان لێرەیە و هاتووین وەریان گرینەوە. دەرکەیان بۆ کردینەوە و ئیدی نەمانهێشت دەرکەی داخەن. عالەم خۆیان دەژوورێ هاویشت. کابرا گوتی ئەگەر وام زانیبا دەرکەم نەدەکردەوە. گوتمان عیلاج نییە.

وەرگیراو لە کتێبی ولاتی من . بیرەوەرییەکانی حاجی عەوڵای قازی

زنجیره وتار: کۆماری کوردستان- دووی ڕێبەندان (٢٧)
ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار

---

**زانکۆی ئەرتەش (٢)**




موسافیرخانە پڕبوو لە کۆچەر(مهاجر) ی باکۆیە. زۆربەیان دووکانیان هەبوو زۆریشیان ئەرمەنی بوون بەڵام بە ترکی قسەیان دەکرد. ئەوانە زۆر لە مەترسی دابوون و دەیانکوشتن. ئێمە سەرجەم ١٣ ڕۆژ لەو موسافیرخانەیە ماینەوە تا شار وردەوردە ئارام بۆوە. لەو ماوەیەدا زۆرجار لە مەترسی زۆر گەورە دەکەوتین. چەرمەسەری زۆرمان دیت. هەر ئەو ڕەجالەیە کە ڕۆژێک ئاڵای سووریان هەڵکردبوو و دروشمی باڵشویکیان دەدا ئەوجار گۆڕان و هەربژی شاهەنشایان بوو. ئەوانە موسەلسەل بە دەست ڕۆژێ ٢/ ٣ جار دەهاتنە موسافیرخانە تا بمانکوژن. هەموو جارێ بەسەریان دەکردینەوە. مەشەدی مەحموود ڕەییسی موسافیرخانە ڕەنگی بە ڕووەوە نەدەماو زۆر نیگەرانی حاڵی ئێمە بوو. جارێکی یەکیان قامکی لەسەر پەلاپیتکەی موسەلسەلی دانابوو و دەستی دەلەرزی ئەمنیش لولەی تفەنگەکەم گرت و هەڵمهێنا و گوتم: کاکە ئەتۆ قامکت لەسەر ئەو ماشەیە لابە ئاخر دەردەچێ و دەمانکووژێ. باش بوو بە قسەی کردم و هیچی نەکوت. لەو ماوەیەدا ٨٠/٧٠ کۆچەر (مهاجر) لە کورتە شەڕ یان لە دەست کردنەوەدا کوژران دەنا شەڕێکی وانەبوو. تەنیا غوڵام یەحیا کە ئەفسەرێکی ئازابوو و دەیگوت ناچم بۆ شوورەوی و لە کێوی قافلانکو دەمێنمەوەو شەڕ دەکەم. ئەو لەوێ پردێکی ڕووخاند و دەیهەویست شەڕبکا بەڵام ڕووسان پاشەکشەیان پێکرد و بە زۆربردیان. ئەوجار کومیتەیەک پێکهاتبوو و بۆ کەوڵی هەر کۆچەرێک ٧٢ تمەن دیاری کرا. لە ڕاستیدا کۆچەرەکان هەموویان یان بە ماڵ و منداڵەوە خۆیان دە ماڵان هاویشتبوو یان هەڵاتبوون . ئەوەی باس دەکرێ سەرجەم لەو ڕەشەکوژی و ئاڵوزییەدا ١٠ تا ٢٠ هەزار کەس لە کۆچەر و خەڵکی دیکە لە تەورێز کوژران. ئەوانە تەورێزی بۆخۆیان کوشتیانن. ئەوان کومیتەیەکی قۆڵسووریان بۆ پشتیوانی لە حکومەتی شای دامەزراندبوو . زۆر ئەفسەری توودەییش کە لە تارانێ ڕا ڕایانکردبوو و هاتبوونە نێو فرقەی دێموکڕات و دەماڵاندا خۆیان شاردبۆوە کۆژران و ئیعدام کران. تەنانەت چونکە فەرماندەری گشتی لەشکری ئێران ناوەندەکەی لە مهابادێ بوو دواتر ١٦ کەس لەو ئەفسەرانەیان هێنا لە مهاباد ئیعدامیان کردن کە خەڵکی شار بە خێری خۆیان شوشتیانن و لە قەبرستانی شار ناشتیانن.

هەرچەند ئێمەش وەک کۆچەر بە حیساب دەهاتین بەڵام باش بوو نەکوژراین. لەو ماوەیەدا ڕۆژێ هەریەکە لەتە نانێکی سەنگەکمان بە ٥ قڕان لە موسافیرخانەکە دەکڕی و جارجاریش دەچووینە قاوەخانەی مەشەدی حەسەن ومەشەدی حوسێن نان و ماست و شتی وامان لێدەکڕین . ئەوانە دوو برابوون پێشتر لە قاوەخانەی زانکۆی ئەفسەری کاریان دەکرد بەڵام ئێستا پەڕۆی سووریان دەقوڵی کردبوو و خەڵکیان دەکوشت. دیارە ئەوانە زۆریان یارمەتی ئێمە کرد و لەڕاستیدا هەر ئەوانە نەیانهێشت کە ئێمە بکوژرێین.

ئەوکات تەورێز ١٠ تا ٢٠ هەزارفایتونی تێدا بوو و موسافیرکێشی بەوانە دەکرا و ماشێن زۆر کەم بوو . خەڵک بەو فایتوونانە بەرەو پێشوازی ئەرتەش دەچوون . لەشکر کە هاتەوە نێو تەورێزێ ئەوەڵ ژاندارم هاتن . ٢ دانە جیبی شڕی شکاو٢ی قورازەیان پێبوو لەگەڵ چوار تانگی شکاو و زرێپۆشێک کە بە گوریس و پەتکی لە پشتی ماشێنێکیان بەستبوو و ڕایاندەکێشا و دەیانهێنا و دەیانبرد. هێزەشەرکەرەکەش بریتی بوو لە هێندێک سەربازی پۆتین شڕی پێخواسی شڕووڕی کەساد. ئەوە هەموو نیروەکەبوو و ئەگەر قوڵسوور و بەکرێگیراوانی ناوخۆیی نەبایەن ئەرتەشی شای قەت چی بۆ نەدەکرا. لە ڕاستیدا کۆماری ئازربایجان و کوردستان لەبەر ئەو هێزە نەبوو کە خۆی تەسلیم کرد بەڵکوو ئەوە زەخت و زۆری ئەمریکا و ئینگلیس

بوو کە رووسەکانیان مەجبوور کرد ئەو ناوچەیەی بەجێ بێڵێ. و یەک پارچەیی ئێران بپارێزن. بەم شێوەیە ئەو دوو کۆمارە تێکچوون وەک هەژار دەڵێ: دۆستە بێگانەکە قزە بوو ، پشتی تێکردین و بە جێی هێشتین.

لە هەلومەرجێکی ئاوادا لە حاڵێکدا تازە شاری مهاباد گیرابۆوە رۆژێک سەدرولئیسلام لە سەر رێگای مهاباد بۆ تارانێ ، لە تەورێزێ لایدا و لە موسافیرخانەی شەبستەری چاوی بە سەرهەنگ هاشمی فەرماندەری هێزەکانی تەورێزێ دەکەوێ و پێی دەڵێ کە عیدەیەک خوێندکار و تاجر و معامەلەچی مەهابادی لە تەورێزێ ماونەوە و داوای لێکردبوو کاغەزیان بداتێ بۆئەوەی کەس پێشیان پێنەگرێ . بەم شێوەیە بۆ سبەینێ ئێمە بە دوو ماشێنان بەرەو مهاباد وەرێکەوتین و لە بەر خراپی رێگایە دوای دوو رۆژ گەیشتینەوە مهاباد . ئەگەر هاتینەوە شار گیرابوو بەڵام هێشتا پێشەوا و بەرێوەبەرانی کۆمار نەگیرابوون.

سەبارتەت بەو رووداوانەی قافڵانکۆ لە ناوچەی زەنجان دوکتور (نصرت اله جهانشاهلو افشار) موعاونی پیشەوەری سەدری هەیئەت رەئیسەی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان لە کتێبی (ماو بیگانگان) دا دەنووسێ:

غوڵام یەحیا لە قافڵانکۆ شکستێکی خەفەت باری خوارد ئەویش نەک لە بەرامبەر ئەرتەشدابەڵکوو لە بەرامبەر سوارەکانی ئاغای زولفەقاری و ئاغای ئەفشاردا کە لە پێش ئەرتەشەوە حەرەکەتیان دەکرد ، تارومار بوو. پێش گەیشتنی ئەرتەش سەرهەنگ (بۆاسحاق) بۆ بە دەستەوە گرتنی دەزگا دەوڵەتییەکان بە تایبەت ژاندارمری هاتە زەنجان بەڵام هەرکە ستوونەکانی ئەرتەش نزیکبوونەوەئەو خەڵکەی کەلە دەست غوڵام یەحیاو دارودەستەکەی وەجان هاتبوون راپەرین . لەو بگرە و بەردەیەدا کەسانێک کە وردەحیسابیان دەگەڵ ئیدیکە هەبوو ئاژاوەیان بەرپاکرد کەسانێک کوژران و جەمعێکیش بەرەو تەورێز هەڵاتن. لەونێوەدا ئاغای شێخ (خوئینی) کە پیاوێکی باسەواد و رەئیسی مەحزەرەکانی سەبتی ئەسناد بوو کوژرا. لە میاندواو ئاغای ئارام کە لە ئەرمەنییەکانی مهاجیری پێش شەری جیهانیی دووهەم بوو و فرقە کردبوویە سەرهەنگی فیدایی لەگەڵ گورووپی فیدایی خۆی هەرچەند بە نێو جوزوی ئەبواب جەمعی کەبیری بوو بەڵام لە ژێر فەرمانی هیچکەس غەیری سەرهەنگ قوڵی ئوف دا نەبوو لە فرسەت کەڵکی وەرگرت و بە نێوی ئەوەی کە هێزی ئەرتەش بە فەرماندەریی سەرهەنگ موزەفەری شەوانە لەو ناوچەیە دەست دەوەشێنێ پووڵ و هەموو ئاژەڵی خەڵکەکەیان بە تاڵان برد و لە پێش هەموو شتدا بە راوێژ لەگەڵ سەرهەنگ قوڵی ئوف بۆ ناوچەی ئیرەوان بەرێکران. ئەو تاڵانانە بە یاریدەی ئەو ئەرمەنییانەی کە بە ئیجازەی دەوڵەتی ئێران بۆ ئەرمەنستان مهاجەرەتیان کردبوو و حەقیان هەبوو داراییەکانی خۆیان لە گەڵ خۆیان بەرن لە سنوور پەڕاندیبیاننەوە. چەند کەسێک لە ئەرمەنییەکان ئەو ئاژەڵانەیان کردە ئی خۆیان و ئەوی دیکە سازمانی ئەمنییەتی ئەرمەنستان دەستی بە سەرداگرت. لەو هەمووو تاڵان و برۆیە غەیری بەد نێوی شتێکی دیکە نەسیبی ئارام و براکەی نەکرد. ئاغای کەبیریش هەرچەند بە نێو چەندین هەزار فیدایی لە ئیختیاردابوو لە کاتی تەنگانەدا دەرکەوت لە چەندسەدکەس زیاتر نەبوون و لە سەعاتێکیش زیاتر خۆیان بۆ رانەگیرا. هێزی ئەرتەش لە قافڵانکۆ تێپەری و بەرەو تەورێز پێشرەوی کرد و خەڵکی وڵاتپارێزی تەورێزیش کە لە بێگانەپەرستی و بێسەروسامانیی وڵات وەتەنگ هاتبوون راپەرین. لەو کاتەدا ئاغای قوڵی ئۆف بە دەستووری باکۆ وای بە سەڵاح زانی محەمەدی بێریا لەگەڵ دارودەستەی جاوید و شەبستەری کە هەواداری رێگاچارەی هێمنانە و دانی ئیمتیازی نەفت بە رووسەکان بوون، هەڵکێشێتە سەرێ بۆ سەدری فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و ئاغای پیشەوەری و پادگان و ئەمن بەو بەهانەی کە دژی نیازپاکیی ئاغای قەوامولسەلتەنەین بۆ باکۆ دوور بخاتەوە.

ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی فرقەی دیموکرات چووینە بەرهەیوانێکی رووبەرووی خەیابانی پەهلەوی و خەڵکێکی زۆر لە خەیابانەکەدا کۆ بوونەوە. ئاغای پیشەوەری لە باسێکی کورتدا ئاغای محەمەدی بێریای وەک رێبەری فرقە نێو برد و ئاغای بێریاش کە لە نەزانیی خۆیدا پێیوابوو گەیوەتە جێگایەکی بەرز دەستی بە قسان کرد و خەڵکی تەورێز و ئازربایجانی بۆ هێمنی و ئارامی دەعوەت کرد و مزگێنی نیازپاکیی ئاغای قەوامولسەلتەنە و قەولی هەڵبژاردنی ئازادی دوای دەسەڵات داری ئەرتەش بە سەر وەزعەکەدا دا. ئاغای پیشەوەری و من لە دەرگای شیمالیی ساختمانی فرقەوە چووینە دەرێ و بە قەراری پێشووتر چووینە سەرکونسوولگەریی شوورەوی بۆ لای ئاغای قوڵی ئوف. باش لە بیرم نییە کە ئاغای پادگانیش لەو دیدارە نامەبارەکەدا لەگەڵمان بوو یانا؟ لە ژوورێکی بچووک لە غەربی حەسارەکەدا ئاغای قوڵی ئوف ئێمەی وەرگرت. ئاغای پیشەوەری کە لە رەوشی ناپیاوانەی رووسەکان زۆر توورە بوو لە دەستپێکدا بە گژ قوڵی ئوف دا هات و کوتی :

ئێوە ئێمەتان هێنا نێوەڕاستی مەیدان و ئێستا کە قازانجتان گۆڕاوە نامەردانە بەرەڵلاتان کردووین. ئێمە لێبڕاوین بەڵام ئەو خەڵکەی بە قسەی ئێمە خۆیان ڕێکخست و فیداکاریيان کردهەمووتان بە هیلاک دان پێم بڵێ کێ وڵامدەرە؟ سەرهەنگ قوڵی ئوف کە لە جەسارەتی ئاغای پیشەوری تووڕە بوو و قسەی باش بۆ نەدەهات لە ڕستەیەک زیاتری نەکوت: (سنی گیتران سنی دییر گیت). یانی ئەو کەسەی ئەتۆی هێناوە، پێت دەڵێ بڕۆ. پاشان کوتی سەعات ٨ ی ئێواری ڕەفیق کوزل ئوف لە دەرەوەی شار لە سەر ڕێگای تەورێز، جوڵفا چاوەڕێتانە. لە سەرجێی خۆی هەستا و لە قەراغ دەرگاکە ڕاوەستا و ئەوەمانای وابوو قسەکردن تەواو بووە و دەبێ بڕۆین.(١) .

بە گوێرەی کتێبی (جەمهووریی کوردستان) نووسینی ئەسغەر شیرازی پشتیوانیی سوفیەت لە کۆماری کوردستان بە سێ قوناغدا تێدەپەڕێ. قوناغی پشتیوانی لاواز، پشتیوانیی زۆر و دەست کێشانەوە لە پشتیوانی.

پشتیوانیی لاواز: پشتیوانیی شووڕەوی لە سەرەتاوە زۆر کەم بوو. سەفیری بریتانیا لە تاران (سێر ریدر بولارد) لە تێلگرافی ٢ی سەرماوەزی ١٣٢٠ کە بۆ جێگری سەفیری دەوڵەتی بریتانیا لە قاهیرەی ناردووەدەڵێ: ئەوەی کە شووڕەوی خەریکی دنەدانی بزووتنەوەیەکی ئوتونۆمی خوازانەیە لە ئێران ڕاست نییە. ئەو لێی زیادکرد بیستوویە کە شووڕەوی لە دەوڵەتی ئێران بە دژی کوردەکان پشتیوانی دەکا. بۆ سوفیەت ئەوەی گرینگ بوو پاراستنی تێپەڕینی ئامراز و کەرەسەی نیزامی لە لێوارەی سنووری ئێران و تورکیا بوو. بە نزیکبوونەوەی کۆتایی شەڕسیاسەتی شووڕەویش لە ئاست کۆماری مهاباد گۆڕا و لە پاراستنی ئارامییەوە بەرەو هاندان و پشتیوانی بە پارێز چوو.

پشتیوانیی زیادکراو: شووڕەوی لە دوای گەڕانەوەی قازی محەمەد و هەیئەتە یاوەرەکەی لە سەفەری دووەمی باکۆ بوو کە ١٠ هەزار تفەنگی برنو و قور خانەی پێویستی  بۆ ناردن بۆ مهاباد. شووڕەوی جگە لە چەک یارمەتی پەروەردەی عەسکەری ورێکخراوەییشی دەکرد. لە مانگی مارسی ١٩٤٦ دا سەلاحەدین کازمۆف لە ئەرتەشی شووڕەوییەوە بۆ ئەو ئەرکە هاتە مهاباد .یارمەتی دیکە بریتی بوو لە وەرگرتنی خوێندکارانی کورد و ناردنی دەزگایەکی چاپخانە و وێستگەیەکی ڕادیویی بۆ مهاباد. جگە لەوانە شووڕەوی بە کڕینی توتن و هێندێک شتی دیکە لە کۆماری مهاباد و ناردنی شەکر و پارچە بۆیان یارمەتیی دەوڵەتی کوردی دەکرد. یارمەتییەکی زۆر گرینگی دیکەی کە شووڕەوی بە بزووتنەوەی کوردی کرد پێشگرتن بوو لە هاتنی ئەرتەشی حکوومەتی ناوەندی بۆ ناوچەی مهاباد.

دەستهەڵگرتن لە پشتیوانی:  پشتیوانییەکانی سوفیەت بە هەر شێوەیەک کە بوون وهەرچەندی کە بوون هەموویان بە ئیمزای ڕێککەوتنی نێوان قەوام و سادچیکوف کۆتاییان هات. سەرچاوەکان لە دوای ئەمە ئەوراستیە دادەگرنەوە ، لەوانە بەم شێوانەی خوارەوە ، پێشگرتن لە دەوڵەتی مهاباد بۆ ئەوەی دژی حکوومەتی ناوەندی هەنگاو هەڵنێنێتەوە یان ناچار کردنی بۆ وتووێژ لەگەڵ دەوڵەت و حەولدان بۆ گەیشتن بە تەوافوق . باقرۆف لە تێلگرافێکدا لە ٢٢ی خاکەلێوەی ١٣٢٥ بۆ کومیساریای کاروباری دەرەوەی شووڕەوی نووسی : هاوڕێیانی ئێمە دیسان قازی محەمەدیان ئاگادارکردەوە کە دەست بگێڕنەوە لە هەر جۆرە هەنگاوێک بە دژی هێزە ئێرانییەکان بۆ ئەوەی ئەوان دنە نەدرێن بۆ دەستپێکردنی شەڕ بە دژی کوردەکان. لە دیدارێکدا لە ٣٠ جۆزەردانی ١٣٢٥ کە لە نێوان قازی محەمەد و هاشمۆف کونسوولی سوفیەت لە ورمێ کرا هاشمۆف کوتی لە ڕوانگەی سوفیەتەوە باشتروایە کە لە نێوان کوردەکان و هێزەنیزامییەکانی ئێراندا تێکهەڵچوونی نیزامی نەقەومێ . ئەگەر ئەوە بێتە پێشێ شووڕەوی چ یارمەتییەک بە کوردەکان ناکا. ئەنگیزەی ئەو هوشدارانە مەبەستی حکوومەتی مهاباد بۆ بەرفرەوانکردنەوەی قەڵەمڕەوی خۆی و ناردنی هێزی چەکدار بەرەو سەقز و سنە لە مانگی مەی ١٩٤٦ بوو. لەو پێوەندییەدابوو کە مەئمووڕانی سوفیەت تەنانەت پێشیان بە پێشکەشکردنی ئەپێڕای دایکی نیشتمان گرت لە شنۆیە لە مانگی ژوئیەی ١٩٤٦ و درێژەدانیان مەرجدار کرد بە گۆڕینی ناوی ئێران بە ناوی نازییەکانی ئالمان لە دەوری زۆردار و ستەمکار لەو شانۆیەدا. ئامۆژگاریی شووڕەوییەکان لەو قوناغەدا دەست نەکردنەوە و مل ڕاکێشان بۆ وتووێژ لەگەڵ تاران بوو. قازی ئەودەمی نەیدەتوانی تەسەور بکا کە بە بێ پشتیوانی شووڕەوی هیچ سەرکەوتنێک بە دەست بێنێ.

پەڕاوێزەکان:

١، به گوێرەی ئەو قسەیەی دوکتور جهانشلو پیشەوەری هەڵنەهاتووە وەک هێندێک لە کوردەکان دەڵێن. بەڵکوو رووسەکان تەبعیدیانکردووە و پاشان لە شووووڕەوی بە تەسادوفێکی گوماناویی ماشێن لە ناویان برد.

وەرگێڕانی ئەو بەشەی ئاخر لە فارسییەوە بۆ کوردی: کاک حەسەن قازی

درێژەی هەیە.